پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

# شەوچەرەی فەیسبووک

# پەیامی گوشراو

## چیرۆک و ڕاوبۆچوون و پرسەکانی ڕۆژدا

زنجیرەی
١٢

د.عومەر عەلی
٢٠١٨

# شەوچەرەی فەیسبووک
# پەیامی گوشراو

## لە چیرۆك و ڕاوبۆچوون و پرسەکانی ڕۆژدا

د. عومەر عەلی
٢٠١٨

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتیب: پەیامی گوشراو
نوسەر: د.عومەر عەلی
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد
چاپخانە:
تیراژ:
نرخ:

ژمارە (          )ی ساڵی (          )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم اللە الرحمن الرحیم

## پێشەکی

عەولەمەو گۆڕانکاریە جیهانیەکان زۆرجار گۆڕانکاری سەرتاسەری بەسەر فۆڕم و پەیوەندی و کۆمەنیکەیشنەکان دەهێنێت، لە ناویاندا فەیسبووك وەك سۆشیاڵ میدیایەکی کاریگەر پانتاییەکی زۆرو فراوان و خێرایی هێنا بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەربۆیە بوو بە بەشێك لە کاتەکانی تاکی کورد بە خوێندەوارو هەتا نەخوێندەواریشەوە، چوون بەکارهێنەر گەر خوێندەواریشی نەبێت دەتوانێت لە ڕێگەی وێنەو سیمبولەکانی ناو ئەو تۆڕە تەعبیر لە بۆچوونەکانی خۆیدا بکات، هەرچەند خۆشبەختانە هۆکارێکیش بووە بۆ خوێندەواریی خەڵکیش، ناتوانرێت بشاردرێتەوە فاکتەرێکی گەورەش بووە لە جوڵان و هۆشیاری کۆمەڵگەدا، هەرچەند ناشتوانرێت نەوترێت بەشێوەیەکی خراپیش سود لەم دەزگایە ببینرێت. لێرەدا ئێمە وەك سود وەرگرتن لەم دەزگایەو وەك لەدەست نەدانی

ڕۆڵـی سـەرەکی لەبەکارهێنانیـداو وەك بـە ئەلکترۆنـی کردنـی دانیشـتنەکان ڕاوبۆچـوون و بەسـەرهات و پەیامـی خۆمـان هەبـووە، ئـەم نوسـینانە بهێنینـە پێـش چـاوی خـۆت وەك، ئـەوە وایـە لـە مەجلیسـێکی میوانـی، چایخانـە، سـەرجادەو دەمەتەقـە گشـتیەکاندا وتـراو بێـت نـەك نوسـینێکی ئەکادیمـی و بـۆ دەزگا چاپەمەنیـەکان نوسرابێـت.

نووسـینەکانی لـەم شـێوە لـە ڕابـردوو وە لـە ئێستەشـدا جگـە لـە سـودو چێـژە تایبەیەکانـی خەرمانێکـی گـەورە دەبێـت لـە فەرهەنگـی زمـان و کەلتـوری کوردیـدا.

پۆلێنـی نوسـینەکانیش زۆرجـار تێکەڵـی بەخۆیـەوە دەبینـێ، واتـە بابەتیانـە هەمـوو پێکـەوە نـی یـە، هەرچەنـد دەمانتوانـی وایـان لـێ بکەیـن و بەپێـی گونجانـی باسـەکان هەمـووی پێکـەوە بێـت، بـەڵام لـە مەجلیسەکانیشـدا ئەمە ڕوو دەدات، زۆرجـار وەك وتـراوە لـە شـاهۆ وە بـۆ پـاوە بابەتـەکان دەگۆڕدرێـت، لـە نوسـینەکاندا کـە لـە فەیسـبووك بڵاومـان کردووەتـەوە زۆری سـەردێڕی نەبـووە، تەنهـا ئەوەمـان بـۆ هەندێکـی زیـاد کـردووە وەك یارمەتـی دەری خوێنـەرو زیاتـر سـود وەرگرتـن لێـی.

ئومێـد دەکەیـن لەگـەڵ هەموو ئەمانەشـدا سـودی خـۆی هەبێـت و پەیامەکەی قیبلـە یـەك ئاراسـتەیی بێـت، ڕووگـەی خـۆی هـەردەم ڕاسـتەو ڕاسـت بـڕوات، نـەك مەجلیسـەکان بـۆ بـەکات بەسـەربردن بێـت.

## دەنگ بەکێ دەدەیت؟

دەگێڕنـەوە، کابرایـەك ملـی ڕێگـە دەگرێـت و سـەفەرێکی درێـژی دەکەوێتـە بـەر، لـە ڕێگـە ئاوێکـی پـێ دەگات و ناچـار دەبێـت بـدات لـە ئاوەکـەو بپەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە سـەفەرەکەی بـەردەوام بێـت، لـە قـەراغ ئاوەکەشـدا زۆرکـەس هـەن بـە پارەیەکـی کـەم خەڵکـی دەپەڕێننـەوە، ئەویـش لەبـەری خۆیـەوە دەڵـێ: جـا مـن بـۆ ئـەو پـارە بـدەم !مەشـکەیەکی پـێ دەبێـت فـوی تـێ دەکات و بـە پەتێـك دەیبەسـتێت و پشـتی پـێ دەبەسـتێ بـۆ پەڕینـەوە، کـە دەگاتـە ناوەڕاسـتی ئاوەکـە ئیـتر یـان دەمـی مەشـکە دەکرێتـەوە یـان کونـی تێـدا دەبێـت بەهەرحـاڵ مەشـکە دەفسـێتەوەو کابـرا دەکەوێتـە پەلـە قـاژەی خنـکان و هـاوار دەکات فریـام کـەون فریـام کـەون...

کـەس ناچێـت بـەدەم هاوارەکەیـەوەو بـە شـێوەی گاڵتـە ئامێـز پێـی دەڵێـن: کاکـە گیـان بەدەمـی خـۆت فـوت تێکـردووەو بـە دەسـتی خـۆت گرێـت داوە، واتـە ئیـتر هـاواری چ دەکەیـت خـۆت هـۆکاری لـە کارەکـەدا، جـا مەبەسـت لەم کورتـە چیرۆکـە چ بـوو؟ کاتـی هەڵبژاردنـی ئەنجومەنـی پارێـزگاکان و پەرلەمان و هـەر هەڵبژاردنێکـی تـر هەمـان ئـەو حیزبانـەی کـە ئەزموونـی چەندیـن ساڵەی ڕابـردوو بـە ئاشـکرا نیشـانی داویـن چـۆن هاوڵاتیانیـان خسـتووەتە پەلەقـاژەو گیرخواردنیـان لەناوەڕاسـتی دەریـادا، هەربۆیـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـەوا پرسـیارمان لـێ دەکـەن و ڕای ئێمەیـان بـەلاوە گرنگـە تەنهـا ئەوەندەیـان پـێ دەڵێـن بەهیـچ شـێوەیەك دەنـگ بـە یەکیەتـی و پارتـی مـەدەن و بـڕوا بـە بانگەشـەو سـیحرەکانیان مەکـەن، هـەردەم پشـت لـە سـتەمکاران بکـەن!.

جگـە لـەوەش ئـەو کەسـەی بـە دەنگـی تـۆ هـەر پۆسـتێکی دەسـت بکەوێـت لـە ڕووی شـەرعیەوە بـەژداری لـە کـردارە خراپەکانیـدا.

# ئەنجامی فێڵ

دەگێڕنـەوە کابرایـەك دەچێتـە داوای ژن و کەسـێك لەگـەڵ خـۆی دەبـات و پـارەی دەداتـێ هەرچـی ووت ئـەوە بـە زیـادەوە بیڵـێ بـۆ ئـەوەی کچەکـەو ماڵـی ژنەکـە پێـی ڕازی ببێـت.
دەکەونـە گفتـۆ گـۆ ماڵـی ژنەکـە بـە کابـرا دەڵێـن باشـە تـۆ هیـچ سـەروەتت هەیـە؟ ئەویـش دەڵـێ لـە خانـوی کرێـدام!
هاوڕێکەشـی ئـەوەی کـە لەگەڵیدایـە دەڵـێ، ئـەی تـۆ باسـی ئـەو ڤێـلا گەورەیە بـۆ ناکەیت کـە خەریکـە تـەواو ببێـت و بچینـە نـاوی، ئـەی ئـەو هەمـوو خانـوو دوکانـەی کـە بـە کرێـت داوە، خـوا ماڵـت ئـاواکا بـۆ ئەوەنـدە ناشـکوری.
ماڵـی کچەکـە پێیـان خـۆش دەبێـت و هـەم دیسـان دەڵێـن: ئـەی سـەیارەت هەیـە، کابـراش دەڵـێ سـەیارەیەکی ئاسـایم هەیـە.
هاوڕێکـەی دەڵـێ: ئـەی ئـەو هەمـوو تەنکـەرو گڵابـەو تاکسـیە بۆ بـاس ناکەیت لـە خەتـدا ئیـش دەکـەن! بـۆ ئەوەنـدە ناشـکوری هەیـە ئێسـتەش کەرێکـی دەسـت ناکەوێـت!
ماڵـی کچـەش لـە خۆشـیان هـەر نازانـن چ بڵێـن... هـەم دیسـان پرسـیار دەکـەن و دەڵێـن ئـەی هیـچ نەخۆشـینت نـی یـە؟ کابـراش دەڵـێ ئاڵەماتێکـی ئاسـایمە.
هاوڕێکەشــی دەڵــێ خــوا ماڵتــم ئاواکــرد بــۆ خــۆت و درۆت! ئــەی باســی سـەرەتانەکە بـۆ ناکەیـت! ئـەی چەنـد جـار تـۆ سـەفەری وڵاتانـت کـرد دکتـۆر هەمـووی جوابـی نەکردوویـت مەگـەر! تـۆ ئـەوە چەنـد سـاڵە دەرمانـی دونیـا نەمـا نەیکـەن بـە قورگتـا هیـچ سـودی نەبـوو!
بـە کورتـی و پوختـی بەشـەق کردیانـە دەرەوە! کابـرا بـە هاوڕێکـەی ووت باشـە

تۆ بۆ وات ووت؟ هاوڕێکەشی ووتی مەگەر تۆ نەت ووت من هەرچیم ووت بە زیادەوە بیڵێ من هەر بە قسەی خۆتم کرد.
ئەم بەسەرهاتە بۆ پەند لێوەرگرتنە، ئەوە نەتیجەی ئەوانەیە کە فێڵ و تەڵەکەو درۆ دەکەن لە کۆتایدا تێدەکەون و بەر شەقی غەزەب دەکەون.

## شەڕ بە کوکو ناکرێت

لە ناوچەی ئێمە شەڕێکی عەشایەری بوو بوو، کابرایەکی خزمەمان کە زۆر قسە خۆش بوو ئێستە لە ژیاندا نەماوە خوای گەورە عەفوی بکات، بانگیان کردبوو بۆ ئەوەی بەژداری شەڕەکە بکات، ئەوکات سەردەمی گرانیەکە بوو، وتبوویان با نانێك بخۆین دواتر دەچین بۆ شەڕ، هێلکەو ئاردیان هێنابوو بۆ خواردن، کە لە ناوچەی ئێمە پێی دەڵێن کوکو، کابرایەش هەرچی لێی خواردبوو تێر نەدەبوو، وتبووی بەخوا برا شەڕ بە کوکو ناکرێت، پێشمەرگەش هەر هاواری مەعاشیەتی و بەبێ مەعاش چۆن شەڕی پێ دەکرێت!

## ناسۆری کورد بوون

لە ئەستەنبوڵ بووم جارێك سەرقاڵی بڕینی بلیت بووم بۆ کوردستان، ئەو کابرای کە کەوتمە لایەوە بلیتەکەی لێ ببڕم پرسیاری کرد خەڵکی کوێیت؟ منیش وتم کوردستان، هەرکە گوتم کوردستان باوەشی بە توندی پێداکردم و وتی اللە ئەو وشە چەند خۆشە! ئەوە یەکەمجارە گوێم لێ بێت بەبێ لکاندنی کوردستان بە هیچ جێگەیەکی ترەوە، زۆر

ڕێـزی لێگرتـم و نەیـان هێشـت هەتـا خـۆم جامتاکـە باربکـەم و تـا ڕۆشـتم دەموچـاوی پێکەنـاوی بـوو، وە دەمبینــی بـۆ هاوڕێکانــی بـاس دەکـردو بـە پەنجـە هێـمای بـۆ دەکـردم.

## گفتوگۆیەکی هێمنانە لە نێوان قیبلەو مەسیحیەکدا

ئەمـڕۆ بـە بـازاڕی کاردیفـدا پیاسـەم دەکـرد ئافرەتێـك و پیاوێکـی پیـرو گەنجێـك بانگەوازیـان بـۆ مەسـیحیەت دەکـرد، بەلایانـدا تێپەڕیـم بانگیـان کـردم و کەوتینـە گفتوگـۆ، لەسـەر عیسـا سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت و دینــی مەسـیحیەت. پرسـیار لـە مـن و وەڵام لـەوان بـەم شـێوە:

پرسیار: عیسا کێ یە؟

وەڵام: کوڕی خوایە!

پرسیار: کەواتە خوا کوڕی هەیە؟

وەڵام: بەڵێ عیسا کوڕی خوایە!

پرسـیار: کەواتـە خـوای گـەورە حـەزی لـە کـوڕە! گـەر وایـە بـۆ هـەر یـەك دانـەی هەیـە؟

وەڵام: دانەیەك بەسە!

پرسیار: ئەی موساو ئیبراهیم و ئەو پێغەمبەرانەی تر چی خوان؟

وەڵام: ئـەوان وەکـو عیسـا نیـن! عیسـا جیـاوازە! ئەگـەر بایبـڵ بخوێنیتـەوە تێدەگەیـت لـە مەسـەلەکە!

پرسـیار: باشــە مــن بایبڵــم خوێندووەتــەوە بــەڵام جیــاوازی زۆر لــە نیــوان بایبڵەکانــدا هەیــەو هەریەکــەو بــە جۆرێکــە بــۆ؟

وەڵام: ئاخر بە گوێرەی چاپەکەیە! من نازانم تۆ چ بایبلێکت خوێندووەتەوە!
پرسیار: کەواتە بایبڵ جۆری زۆرە؟ ئەی بۆ قورئان هەر یەك دانەیە؟
وەڵام: ڕەنگی تێکچوو، ئاخر قورئان محەمەد کە خۆی بە پێغەمبەر زانیوە تەکستەکانی لەم لاولادا بردووە! لەناویاندا بایبڵیش!
پرسیار: زیاتر لەسەر عیسا قسەم بۆ بکە؟
وەڵام: عیسا ئەو کەسەیە کە تاوانی هەمووومانی هەڵگرتووەو بۆ ئێمە خۆی بەخشیوە!
پرسیار: کەواتە ئێمە هەرچی تاوان بکەین پارەکەی دراوەو هەمووی بە ملی عیسایە؟
وەڵام: سروشتی مرۆڤ بە تاوانباری دروست بووە!
پرسیار: کەواتە بۆ دەبێت تاوان بێت هەرچی بکەین و وە بۆ باجەکەی عیسا بیدات؟
وەڵام: ئەو وەك باوك وایە بۆ ئێمە، ئایا تۆ منداڵەکەت هەرچی بکات لێی خۆش نابیت؟
پرسیار: زۆر باوك کوڕی خۆی دەکوژێت منیش منداڵەکەم گەر تاوان بکات عقوبەی دەدەم لەناو ئەو عقوبانەشدا هەندێك جار لێشی دەدەم؟
وەڵام: ئاخر ئەو وا نی یە ئەو زۆر خەمخۆرە!
پرسیار: کەواتە هەرچی بکەین ئیتر بێخەم بین و کێشەمان نی یە؟
وەڵام: ئەگەر عیسات خۆش بوێت و دڵی خۆتی بدەیتێ بەڵێ!
پرسیار: ئەی ئەگەر خۆشم بوێت و دڵی خۆمی بدەمێ و بەڵام نەبم بە کرستیان؟
وەڵام: پێویستە بایبڵ بخوێنیتەوە!
پرسیار: وەك وتم بایبڵەکان جیاوازی هەیە وەك قورئان نی یە کە هەر

یـەك دانەبێـت؟
وەڵام: گـەر چاوەڕوان بکەیـت ئێسـتە دەچمـەوە ماڵـەوە بایبڵێـك کـە عالەمیەو تـازە دەرچـووە بۆتـی دەهێنـم و دەچیەنـە کافـی شـۆپێك کافیەکیـش دەخۆینـەوە، بەڵێنـم بـدەرێ کـە بگەڕێیتـەوە دوای نیـو کاتژمێـر، بەڵێـن بێـت دەگەڕێمـەوە.
دوای نیـو کاتژمێـر گەڕانـەوە لـە هەمـان جێگـەی کابـرادا کابرایەکـم بینـی مسـوڵمان و دەعـوەی بـۆ ئیسـلام دەکـرد تابلۆیەکـی دانابـوو نوسرابـوو عیسـا پێغەمبـەری ئیسـلامە!
هەندێـك گفتوگـۆم لەگـەڵ مسـوڵمانەکەدا کـردوو خۆشەویسـتی بـۆ عیسـا دەردەبـڕی و وەك ئـەوەی لـە قورئانـدا باسـی هاتـووە باسـی دەکـرد، کۆمەڵێـك بایبڵـی هەمـە جـۆری هەبـوو لەگـەڵ سـەرچاوە مەسـیحیەکانداو ئافـرەت لێـی خـڕ بـوو بـوو ڕەخنـەی ئەوەیـان دەگـرت بـۆ حیجـاب لـە ئیسـلامدا هەیـەو شـتێکی بـێ مەعنایـە! ئەویـش مەڵێـن بـەلای ئیسـلامدا دایدەتاشـێ ئـەو خـوا دەزانـێ کابـرا زۆر زیـرەك بـوو لە سـەرچاوە مەسـیحیەکاندا دەسـتی دەخسـتنە سـەر ئـەو دەقـەی کـە دەبێـت حیجـاب بیـت هەتـا ئەگـەر مەسـیحیش بیـت!
کابـرا گـەڕاوە نزیکـی ١٠ دەقیقـە لـە وادەکـەی خـۆی درەنگـتر، قەینـا ئێمـەش زۆر مەزبـوت نیـن لـە مەوعیـددا وەك خۆمـان نـەك وەك دیـن!
پێکـەوە ڕۆشـتینە کافـی شـۆپ و خـوا هەڵناگرێـت کافیەکـی بـۆ کڕیـم و بەدەم کافـی خواردنەکـەوە نزیکـی سـەعات زیاتر قسـەمانکرد.
پرسـیار: باشـە گـەر عیسـا تاوانەکانـی ئێمـە هـەڵ دەگرێـت فەلسـەفەی ئێمـە لـە ژیانـدا چـی یـە بـۆ چـاك و خـراپ؟ یـان ڕوونـتر بڵێـم بـۆ خراپـە؟ کـە ئـەو مەسـئولیەتی هەڵبگرێـت؟
وەڵام: تۆ منداڵت هەیە؟

بەڵێ
سروشتیان وا نی یە شەڕ بکەن و درۆ بکەن؟
بەڵێ دەیکەن بەڵام حەتمەن من فێرم کردوون یان دەوروبەر! گەرنا منداڵ خۆی بە پاکی لە دایك دەبێت.
نا وا نی یە منداڵ خۆی درۆو شەڕی تێدایە.
پرسیار: پێوەر بۆ حەرام و حەڵاڵ چی یە؟
وەڵام: هەموو شت خوای گەورە بۆ مرۆڤەکانی دروستکردووە لەزەتی لێ وەرگرێت!
پرسیار: کەواتە دەتوانم مەشروب بخۆمەوە؟
وەڵام: ئەی بۆ نا من لەگەڵ منداڵەکانمدا کە دەڕۆمە دەرەوە دەخۆمەوە بەڵام زۆرنا!
پرسیار: باشە ئەگەر من خواردمەوەو عەقڵم ڕۆشت و ئاگامام لە خۆم نەما ئەوسا چی؟
وەڵام: ئەوەش دەبێت ئیتر داوا لە عیسا بکەو لێت خۆش دەبێت!
پرسیار: کەواتە ئێمە بەهەشتمان مسۆگەرە؟
وەڵام: بێگومان مسۆگەرەو تەنها لە مەسیحیەتیشدا ئەو گەرەنتیە هەیە!
پرسیار: کەواتە من بۆ بێ دڵی خۆم بکەم بەردەوام لەگەڵ ئارەزووەکانمدا نەڕۆم؟
وەڵام: مەسیحی ڕاستەقینە وا ناکات!
پرسیار: ئاخر قسەکانی تۆ وا دەگەیەنێت؟
وەڵام: مەسیحیەت دینی ئاشتیەو وەك ئیسلام نی یە هەر لەگەڵ کوشت و بڕدا بێت!
پرسیار: باشە فەلسەفەی عقوبات لای ئێوە چی یە بۆ کەسێکی قاتڵ و

تاوانبـار؟
وەڵام: دەتوانیت تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەیت گەر شتێکی وا ڕوویدا!
پرسیار: ئەی ئەگەر پۆلیس بۆ خۆی قاتڵ بوو؟
وەڵام: دەتوانیت دەستی بگریت لەوەی کە نەتکوژێت!
پرسـیار: ئـەی ئەگـەر کوشـتمی ئـەو کەسـە دەبێـت عقوبـەی چـی بێـت کـە ئـەوە سروشـتی بێـت؟
وەڵام: لە هەموو وڵاتێك یاسای خۆی هەیە بۆ عقوبات!
پرسیار: کەوابێت تۆ یاسای وڵاتان قبوڵ دەکەیت لەسەر عقوبات؟
وەڵام: بەڵی هەموویان نزیکن لەیەکەوە، وە دەبێت یاسای عقوبات هەبێت!
پرسـیار: جـا خـۆ لـە هەندێـك لـە وڵاتـان عقوباتەکانیـان کوشتنیشـی تێدایـە بـۆ ئـەوە دەڵێـی چـی؟
وەڵام: نا نابێت کەس بکوژرێت!
پرسـیار: ئەگـەر کەسـەکە قاتـڵ بـوو گـەر ئـەم یاسـاش بزانێـت هـەر خەڵـك دەکوژێـت تـۆ بـۆ ئـەوەی کـەس نەکوژرێـت کەچـی کوشـتن هـەر بـەردەوام دەبێـت؟ وە ئایـا عیسـا تاوانـی ئـەم کەسـەش هەڵدەگرێـت؟
وەڵام: تۆ بایبڵ بخوێنەرەوە!
پرسیار: وەك وتم چ بایبڵێك؟
وەڵام: ئـەم فێرژنـەی ئێسـتە ٢٠١٢ دەرچـووە زۆر باشـە! چەنـد دەقێکـی نیشـاندام و هەندێـك شتیشـی لـە قورئانـدا لەسـەر جزیـە نیشـاندام کـە دەبێـت لـە ئیسـلامدا جزیـە بدرێـت و ئـەوە غەڵەتـە!
پرسـیار: باشـە خـۆ منیـش لـەم وڵاتـەدا زەریبـە دەدەم لـە سـەدا بەلانـی کەمـەوە ٢٠ی موچەکـەم دەدەم ئایـا ئەمـەش هـەروا نـی یـە؟
وەڵام: نا ئەوان گەر نەشی دەیت ناتکوژن!

پرسـیار: جـا ئـەوان کارێکیـان کـردووە پێـش ئـەوەی مـن پارەکـەی خـۆم وەرگـرم ئـەوان ئـەوەی خۆیـان دەبـەن و گـەر کەسـێکیش بیەوێـت زەریبـە نـەدات بێگومـان عقوباتـی قورسـیان بـۆی هەیـەو زیندانـی دەکـەن و دەری دەکـەن گـەر هـەر نەیـدات وا نـی یـە؟

وەڵام: نـا محەمـەد ئـەوەی کـە نـاوی خـۆی نـاوە پێغەمبـەر ٥٠ ژنـی هێنـاوەو هـەر خەڵکـی کوشـتووەو مرۆڤێکـی ئاسـایی بـووە!

پرسـیار: وەڵامـەکان لای مـن ڕوون نـی یـەو مـن حقـدت بەرانبـەر ئیسـلام دەبینـم لـە کاتێکـدا تـۆ بانگەشـەی ئاشـتی و پێکەوەژیـان بەزەیـی دەکەیـت؟

وەڵام: محەمـەد هـەر کەسـێکی ئاسـایی بـووەو ئیدعـای پغەمبەرایەتـی کـردووە! وە مـن ناڵێـم مسـوڵمانان خراپـن کەسـی باشـیان تێدایـە!

پرسـیار: ئـەی عیسـاش هـەر کەسـێکی ئاسـایی بـووە وەك ئێمـە ژیـاوە بـەڵام پێغەمبەربـووەو نامـەی ئاسـمانی بـۆ هاتـووەو بـە خەڵکـی گەیانـدووە هـەروەك محەمـەد وەك ئیسـلام دەڵـێ وا نـی یـە؟

وەڵام: نـا عیسـا جیـاوازە ئـەو مەسـئولیەتی هەڵگرتنـی تاوانەکانـی ئێمـەی گرتووەتـە ئەسـتۆ!

پرسیار: کەوابێت ئەگەر من ببم بە مەسیحی بەهەشتم مسۆگەرە؟

وەڵام: بێگومان مسۆگەرە!

پرسیار: کەوابێت دینێکی زۆر خۆشەو هەرچی بکەم ئاساییە؟

وەڵام: بایبـڵ وەك قورئـان نـی یـە، قورئـان باسـی کوشـت و بـڕ دەکات و هـەر دەڵـێ ئـەوە بکـەو ئـەوە مەکـەو کۆنـە!

پرسـیار: جـا کـە بڵـێ ئـەوە بکـەو ئـەوە مەکـە ئـەوە داهاتـووەو تازەیـەو پەیوەنـدی بـە داهاتـووەوە هەیـە نـەك ڕابـردوو ئـەی بایبـڵ بـۆ وا نـی یـە؟

وەڵام: ئاخـر بایبـڵ زوو نـوسراوە خـۆت دەزانیـت دونیـا گۆڕانـکاری بەسـەردا

**دێـت و هەمـوو شـتەکان دەگۆڕێـت!**
**پرسـیار: بایبـڵ بـۆ یاسـای تێـدا نـی یـەو هـەر دەبێـت بگەڕێنـەوە بـۆ یاسـایی دونیـای؟**
**وەڵام: ئیمەیڵەکەی خۆتم بدەرێ و با پەیوەندیمان بەردەوام بێت**
**ئیمەیڵەکـەم پێـداو وتـم تـۆش ئیمەیڵەکـەی خۆتـم لەسـەر بایبڵەکـە بـۆ بنووسـەو ئاسـایی نوسـی لەسـەری و نـاوی خـۆی و ژمـارەی تەلەفۆنەکەشـی و هەندێـك جـار کـە بـە دەقەکانـی بایبڵـدا دەڕۆشـتین خەتـی پیـدا دەهێنـا!**
**پرسـیار: تـۆ ئاسـایی لەسـەر بایبـڵ دەنوسـیت و ئـەم سـێ وێنـەش چـی یـە بەسـەریەوە(ئەم چاپـە نوێیـە وێنـەی سـێ کەسـی وەرزشـەوان بـە دەرپێـی کـورت و فانیلـەی کورتـی یاریـەوە ڕادەکـەن لەسـەریەتی) ئایا ئەمـە ئاسـاییە؟**
**وەڵام: زۆر ئاساییەو ئەم وێنانە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ دەبێت ڕابکات!**
**پرسـیار: باشـە ئەگـەر مـن ئـەم بایبڵـەم بـە تـەواوی خوێنـدەوە ئاسـاییە فڕێـی بـدەم؟**
**وەڵام: ئاساییە بەڵام فڕەی مەدە حەز دەکەیت بیدەرەوە بە خۆم.**
**پرسـیار: مـن لـەم وڵاتـەدا نامێنـم و پێناچێـت یـەك ببینـەوە، ئایـا دەتوانـم فـڕەی بـدەم؟**
**وەڵام: دەتوانیـت خـۆ ئیمـە وەك مسـوڵمانەکان نیـن لەسـەر سـوتاندنی قورئـان خەڵکـی بکوژین!**
**پرسـیار: ئـەی پێـت وا نـی یـە سـوتاندن و سـوکایەتی پێکـردن لەبەرچـاوی خەڵکـی و بـۆ شـکاندنی بەرانبـەر جیـاوازی هەبێـت لـە سـوتاندنی تـر؟**
**وەڵام: هەمووی ئاساییە!**
**پرسیار: کەوا بێت ئەمە چ قودسیەتێکی هەیە؟**
**وەڵام: قودسـیەتی چـی ئەمـە خەڵـك نوسـیویەتی! دەتوانیـت بیخوێنیتـەوەو**

مەفهومەکەی وەرگریت و دوای فڕەشی بدەیت!
پرسیار: بەڵام قورئان هەر یەك قورئانەو لەلایەن اللەوە هاتووە لە ڕێگەی پێغەمبەرەوەو هەر بەو زمانەش ماوەتەوە کە دابەزیووە، بۆ بایبڵ نوسخەیەکی زمانە حەقیقیەکەیم پێ نادەیت؟
وەڵام: ئاخر بایبڵ بە زمانی عیبریی و یۆنانی نوسراوەو تۆ چ سودێکی لێ وەردەگری کە ئەو دوو زمانە نەزانیت!
پرسیار: ئەی ناکرێت وەك تەرجومە قورئانیەکان لایەکی زمانە ئەسڵیەکە بێت و لاکەی تری تەرجومە، بۆ ئەوەی گەر ویستم تەحقیق بکەم لە شتێك قاموس و گوگڵ و ئەنتەرنێت بەکار بهێنم، بۆی؟
وەڵام: ئەم چاپە کە من پێم داوی باشترین بایبڵەو عالەمیە، وەك ئەرسەدۆکس و پرۆتاستەکان نی یە!
پرسیار: باش بوو بەبیرت هێنامەوە ئەی بۆ تۆ چیت؟ جیاوازیتان چی یە؟
وەڵام: ئێمە کاسۆلیکین ئەوان بە ناوی مەسیحیەتەوە شتی جیاواز دەکەن!
پرسیار: ئەی عیسا قەرار نی یە هەموو تاوانەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی؟
وەڵام: با هەردووکمان چاومان بنوقێنین من دوعات بۆ دەکەم!
پرسیار: ئەی ناکرێت چاومان کراوە بێت؟
وەڵام: باشترە چاو بنوقێنین بۆ ئەوەی زهنمان نەڕوات!
پرسیار: ئەی خۆ من نەبووم بە مەسیحی تۆ دەتەوێت نوێژم پێ بکەیت؟
وەڵام: تۆ دەتوانیت چاوت نەنوقێنی هەر من دەینوقێنم!
خەریك بوو بڵێم دەی شەوشادو خوا حافیز
ئەو بە چاوی نوقاوەو دوعای بۆ من کرد ببم بە مەسیحی و منیش چاوم

زاقەی دەهات و دوعام بۆ ئەو کرد ببێت بە مسوڵمان.
زۆر سوپاس بۆ کاتەکەت و بایبڵەکەو کافیەکەش
سوپاس بۆ تۆش و پەیوەندیمان دەبێت
bye bye

## نا بۆ دژایەتی و بەڵێ بۆ پێکەوە ژیان

لە جێگەیەك کارم دەکرد کابرایەکی ئینگلیز بەناوی باری، تەمەن ٥٨ساڵ، لە هیچ و خۆڕای بوو بەدژم!
دوای بۆم دەرکەوت ڕقی لە ئیسلام و بێگانەیە! منیش چ بکەم هەردووکیان بووم!
سروشتی ئیشەکە وەها بوو دوو دوو کارمان پێکەوە دەکردو هەندێك جار من دەکەوتمە لای ئەم کابرا باری.
بە حوکمی تەمەنەکەی و منیش ئەوکاتە گەنجتربووم جگە لە ئیشەکەی خۆم زۆرینەی ئیشەکانی ئەویشم دەکرد هەروەك ڕێزێك کە لەناو خۆماندا ئەوە هەیەو ئیسلامیش وای فێرکردووین گەورە ڕێزی لێ بگرین.
سەیر دەکەم ئەم قوڕمساغە خۆ هەرچەند من سوپاسیشم نەدەویست کەچی مامەڵەی زۆر پێچەوانەبوو! تا وای لێهات دەردی کوردەکە دەڵێ هەر دەتگوت نانی باوکی دەخۆم!
زۆر پرسیاری لێدەکردم و هەستم دەکرد مەبەستی تێگەشتن نی یەو بەدوای خاڵی لاوازی مندا دەگەڕێ، کە زانی وەك ئەوان دەم پیس نیم و جوێن لە ڕووی دینیەوە کارێکی خراپەو منیشی بە کەسێکی پابەند بە دینەوە ناسی، هەستم دەکرد هەندێك جار دەمدرێژی دەکات و

بەسـوعبەتەوە جوێنــی پــێ دەدام.
منیـش وتـم بـاری مـن کارم بـە خۆتانـەوە نـی یـە بـەڵام مـن کـە جوێـن بـەکار ناهێنـم ڕێگـەش نـادەم کـەس جوێنـم پـێ بـدات! ئـاگام لێبـوو ئـەو پیـری ئاخـر شـەڕە وەك منداڵێکـی هـەرزە گـوێ ناگرێـت! منیـش یارمەتیەکانـم کـەم کـردەوەو زۆرتـر ئیسراحەتـم دەکـرد کـە دەکەوتمـە لای ئـەوەوە، چونکـە ئـەو پیربـوو وەك مـن لـە ئیشـەکەدا دەرنەدەچـوو!
زۆر پرسـیاری لەسـەر ئیسـلام لـێ دەکـردم و هەندێـك جار شـەڕی ئێرانیشـی بـە مـن دەفرۆشـت! زۆرجـار بـۆم ڕوون دەکـردەوە کـە پەیوەنـدی مـن بـە ئێرانـەوە چـی یـە؟! نـە ئێرانیـم و نـە شـیعەم و کـورە نـە خۆشیشـم بـە دەسـتەڵاتەکەیان دێـت!، فایـدەی نەبـوو ئـەم پیـرە پـەك کەوتـووە لـە مـن بـوو بـووە کەسـێکی چـالاك و هـەرزە!
هەمـوو ڕۆژ دەبوایـە پرسـیارێکی لـێ بکردایـەم لـە بەرچـاوی خەڵکـی و بـە شـێوەیەك کـە ئەوانیـش تێبینــی بکـەن! هەندێـك جـار ئـەو پرسـیارانەی کـە دەیکـرد پێشـتریش کردبـووی و وا دیاربـوو قسـەی بـۆ وەڵامەکـەی حـازر کردبێـت.
ڕۆژێکیـان لـە پـاڵ قەرەباڵغیەکدا بانگـی کـردم و وتـی ئێـوە ڕۆژی چەنـد جـار نوێـژ دەکـەن؟
منیش وتم پێنج جارو کاتەکانیم بە سەعاتی ئەو کاتە پێووت.
ئەویش وتی دەی ئەوە پێچەوانەی ئازادی تاکە!
منیش وتم تۆ تا چەند باوەڕت بە ئازادی تاك هەیە؟
وتی من هەرچی بە ئارەزووی خۆم نەبێت نایکەم!
وتـم دەی ئەگـەر ڕاسـت دەکەیـت ئێسـتە بچـۆ بـۆ کافتریاکـە دانیشـەو قـاچ بخـە سـەرقاچت و کافـی بخـۆ...

وتـی دەی ئـەوە نابێـت سەرپەرشـتیاری کارەکـە بـم بینێـت کێشـەیەو دەرم دەکات! چونکـە ئێسـتە کاتـی ئیشـە!
منیش وتم پێی بڵێ ئازادیەو بەرپەرچی بدەرەوە!
بە تورەییەوە ڕۆشت و دەردەی خۆیان فاکێکی کرد.
لـە ئیسراحەتەکانـدا کەلـەی شـۆرتی دەکـردوو دەیگـوت بۆچـی ئێـران ئەتـۆم و ئـەو شـتانە دروسـت دەکات!
مسوڵمان بۆچی حیجاب دەکات!
سەرتان نە ئێشێنم لەگەڵ ترِی خۆیا هەڵ دەقونی.
چەنـد جارێـك بـە بەرچـاوی هەمـوو کارمەندەکانـەوە خـۆی ڕووت کـردەوەو کـە تـرِی بهاتایـە دەچـوو لای سـەماعەکەدا دەیـداوە بـە قـەدەر تۆپێـك دەنگـی دەهـات!
هەندێـك جـار پێـش کاتـی دەسـتکردن بـە ئیـش دەگەشـتینە جێگـەی کارەکـەو ئـەو مـاوەی پێـش ئیـش لـە کافتریاکـەدا دادەنیشـتین و چایـە قاوەیـەك شـتێکمان دەخـوارد تـا شـفتی ڕۆژ تـەواو دەبـوو ئێمـە شـفتی شـەو بوویـن.
منیـش کۆتـا سـاڵی زانکـۆم بـوو زۆر هیـلاك دەبـووم و لـە شـەوو ڕۆژێکـدا ٤ کاتژمێـر کاتـی خـەوم هەبـوو، ئەویـش هەمـووی بەسـەر یەکـەوە نـا!
کافیەکـم لـە بەردەسـتدا بـوو بیخـۆم بـۆ ئـەوەی لەسـەر ئیشـەکە خـەوم لـێ نەکەوێـت و بـە وریاییـەوە کارەکانـم بکـەم.
لـە کافتریاکـەدا خەڵکـی هەمـە جـۆری لێبـوو هـەم کارمەندەکانـی ڕۆژوو هەمیـش خەڵکـی تـری دەرەوە کـە مشـتەری بـوون و لـە کاتفریاکـەدا بـوون، باریـش لـە ژێـرەوە هـات و لەبـری دەسـت بەرزکردنـەوەی سـەلام پەنجـەی ناوەڕاسـتی بـەرز کـردەوە کـە هێمایـە بـۆ جوێـن لـە بەریتانیـاو وە لەگەڵیشـیدا

بـە پێکەنینـەوە جوێنێکـی پێـدام!
مرۆڤیـش خـۆ فریشـتە نـی یـەو منیـش جیـاواز لـە سروشـتی خـۆم ئەوەنـدە تووڕەبـووم هەرچـی پەنجـەو هەرچـی زمانـم ئەزانـی هەموویـم بەکارهێنـا بەرانبـەری و کـوردی خۆمـان دەڵـێ کـردم بـە پـەڕۆی بـێ نوێـژو داخـی بـەرودوام هەمـووی پـێ ڕشـت!
بـاری هـەر بـە تـەواوی حەپەسـاو تەنهـا قسـەیەکیشـی نەتوانـی بـکات، وەك بڵێـی چاوەڕوانـی ئـەوەی نەدەکرد، جگـە لـەوەی هەسـتم کـرد زۆر پێـی شـکا چونەکـە ئینگلیزێکـی زۆر لـەو دەورەبـوون!
دوا بـەدوای ئـەوەش ڕۆشـتم بـۆلای سەرپەرشـتیاری گشـتی کارەکـەو چیرۆکـی باریـم هەمـووی بـۆ گەڕانـدەوەو پێـم وت کـە ئیـتر تەحامولـی ئـەم جـۆرە عەومەتـە ناکـەم، کابـرا وتـی دەتوانـی تەنهـا یـەك کاتژمێـر مۆڵەتیـم پـێ بدەیـت، وە ئایـا بەڵگـەت هەیـە بـۆ ئـەم قسـانە؟
منیـش وتـم دوو سـەعاتیش بـۆ تـۆو هەرچـی کەسـیش لـەم جێگەدایـە هەمـووی شـاهیدە کـە ڕۆژانـە چەنـد گێچەڵـم پـێ دەکات و منیـش لەبـەر شەخسـیاتی خـۆم و دینەکـەم هـەر دانـم بەخۆمـدا گرتـووە!
کابـرا بـاری بانـگ کـردوو نازانـم چـی پـێ وتبـوو بـەڵام ئـەو شـەوە تـا بەیانـی بـاری تەنهـا وشەیەکیشـی دەرنەبـڕی و هـەر سـبەیش نەهاتـەوە بـۆ ئیـش تـا ٢ هەفتـە!
لـە جێگـەی کارکردنەکـە نامەیـان دا بـە گشـت کارمەنـدەکان کـە کاری ڕەگەزپەرسـتی ڕێگـە پێنـەدراوەو قبوڵیـش ناکرێـت.
دوای ئـەوە بـاری هاتـەوە بـوو بـوو بـە پیاوێکـی موحتـەرەم و خـوا هەڵناگرێـت هەندێـك جـار شەرمیشـم لـێ دەکـرد!
دوای چەنـد ڕۆژێـك بـە پەنهانـی وتـی عومـەر خـۆ تـۆ ووتـت لـە دینەکەمانـدا

جوێـن ڕێگـە پـێ نـەدراوە تـۆ بـۆ وات لەمـن کـرد ئـەو ڕۆژە؟
منیـش وتـم مـن هەرگیـز جوێـن بەکـەس نـادەم و بەرانبەریـش دەبێـت بـە هەمـان شـێوە بێـت و جوێـن نـەدات! بـەڵام گـەر ئـەو هـەر جوێنـی دا منیـش دەتوانـم جوێنەکـەی پـێ بدەمـەوەو ئیـتر تێگەشـت و هەرگیـز دووبـارە نەبوویـەوە.

چ لـەم چیرۆکـەوە فێـر دەبیـن؟ زۆرکات سروشـتی مرۆڤـەکان نـا سروشـتیەو پێویسـتە یاسـایەك هەبێـت بـۆ گرتـن و غەرامەکردنـی، لـە دنیشـدا ئـەو یاسـایانە لـە حـەدی دیـاری کـراوەوە هەیـە تـا تەعزیـرو تەمبـێ کـردن، یاسـا دونیایەکانیـش دەتوانـن ئیجتیهـاد بکـەن بـۆ ڕێگـە پێگرتنـی، لـە هەرجێگەیـەك گـوێ بـە ڕێنومایـە دینـی و سروشـتیەکان نـەدراو یاسـایەك نەبـو بـۆ ڕێگەپێگرتنـی ئەوسـا ئـەو جێگـە دەبێتـە جەنگەڵسـتان و بەهایەکـی جوانیـش ناتوانرێـت نیشـانی دەوروبـەر بدرێـت. بـە کورتـی و پوختـی سیاسـەتی دەوڵـەت و کرداری خەڵـك دەبێـت پێکـەوە ببەسـترێت و نـە دیـن بـە تەنهـا لـە بەینـی خـۆت و خـوادا بـە بـێ چەسـپاندنی یاسـا سـەردەگرێت و نـە یاسـایەکیش خاڵـی لـە بەهـا دینـی و سروشـتیەکان بەرهەمێکـی ئەوتـۆی دەبێـت.

## کـردار شـەرتـە

دەگێڕنـەوە کابرایـەك دکتـۆرا دەهێنێـت لـە فەلسـەفەداو بـە باوکـی دەڵـێ باوکـە ئـەوە ئێسـتا ئیـتر مـن بـووم بـە دکتـۆر، کاتـی نـان خـواردن دەبێـت و مریشـکێك لـە سـەر برنـج دەبێـت لـە بەینـی هەردوکیانـدا، باوکەکـەش دەڵـێ

کورڕم یەعنـی ئێسـتە تـۆ دەتوانیـت نەخـۆش چارەسـەر بکەیت؟ ئەویش دەڵێ نـا باوکـە مـن لـە فەلسـەفەدا دکتـۆرام هێنـاوە، باوکیـش دەڵـێ فەلسـەفە چـی یـە؟ کـوڕەش دەڵـێ ئێسـتە ئـەوە یـەك مریشـك نـی یـە لـە بەردەسـتماندا؟ باوکیـش دەڵـێ بەڵـێ، کـوڕە دەڵـێ دەی ئێسـتە مـن بـۆت دەسـەلمێنم کـە ئـەوە دوو مریشـکە! باوکەکـەش مریشـکەکە دەکاتـە نـاو قاپەکـەی خۆیـەوە دەڵـێ دەی تـۆ مریشـکەکەی خـۆت بخـۆ، زۆرجـار حیکمـەت و ئەزموونـی گـەورەکان باشـترمان لـە خوێنـدەواری فێـر دەکـەن

## قەدری گەورەکان بگرن و پۆزیان بەسەردا لێ مەدەن

دەگێڕنـەوە دکتۆرێـك و کابرایەکـی نەخوێنـدەوار ڕێگەیەکـی دووریـان بە پیادە دەکەوێتەبـەر، دکتـۆر بـە کابـرای نەخوێنـدەوار دەڵـی بـۆ ئـەوەی هەسـت بـە هیلاکـی و درێـژی ڕێگـەی نەکەیـن بـا مەتـەڵ لەیەکـتری دابهێنیـن، کابـراش دەڵـێ بیرۆکەیەکـی باشـە، دکتـۆر دەڵـێ بـە حوکمـی زانسـت و خوێندەواریـم مـن دوو دینـار دەدەم بـە تـۆ هـەر مەتەڵێکـی تـۆم نەزانـی و تـۆ دینارێك بەمـن بـدە چونکـە تـۆ عەشـایەریت و زانسـتت وەك مـن نـی یـە! کابـراش دەڵـی ڕازیـم، دکتـۆر دەڵـێ فەرمـوو بـا لـە تۆشـەوە دەسـت پـێ بکەیـن، کابـراش دەڵـێ باشـە ئەمـە چـی یـە دوو قاچـی هەیـەو بـە چـوار قـاچ دەفڕێـت؟ دکتـۆر هەرچـی بیـری لـێ دەکاتـەوەو دەیهێنێـت و دەیبـات نازانێـت و دەڵـێ نازانـم! کابـرا دەڵـێ دەی دوو دینارەکـەم بـدەرێ خـۆت وەعـدت بـەم شـێوە بڕانـدەوە، دکتـۆر دوو دینـاری دەداتـێ و کابـرا دەیخاتـە گیرفانـی، دواتـر دکتـۆر دەڵـێ دەی خـۆ ئـەوە نەمزانـی و پارەکەشـم پێدایـت پێـم بڵـێ مەتەڵەکـە چـی بـوو؟ کابـرای نەخوێندەواریـش دەڵـێ واڵڵـە خۆشـم نازانـم دەسـت دەکات بـە

گیرفانیاو دەڵێ ها ئەوە دینارێکە.

## بە شتی کەم شوکربە

پێش نزیکی ١٧ ساڵ دیوانی قانعم لەبەرکرد، مامۆستایەکی دراوسێ و خزممان هەیە بەناوی مامۆستا کەمال وتی تۆ زۆر زیرەکیت ئەو دیوانەت لەبەر کردووە، منیش ووتم ناواللە مامۆستا کەمال گیان مەسەلە زیرەکی نەبوو، تەنها ئەو کتێبەم هەبوو نە کارەبا نە تەکنەلۆژیا هیچ نەبوو ئیتر ناچاری هەموویم لەبەرکرد، جا ئێستە شتەکان زۆرترن دەبوایە زۆرترمان بزانیبا، دەبینن نیعمەت لە زۆری شتدا نی یە! بۆیە هەردەم بە کەم شوکر بە.

## مافی کەمینە ئاینیەکان

سەفەری لاتڤیام کردو لە پایتەختەکەی بەناوی ریگا مزگەوتێکم دۆزیەوە ڕۆشتم بۆ نوێژکردن، هەموو هەشت نۆ کەسێکی لێ بوو، دوای نوێژەکە لەگەڵ ئیمامی مزگەوتەکە کەوتینە قسەکردن و یەکتر ناسین، وتم حاڵی مسوڵمانان لێرە چۆنەو زۆرن؟ ئەویش دەستی بۆ خەڵکەکە ڕاکێشاو وتی نەوەڵا هەر ئەمەین کە ئێستە لێرەیە!
هەق وایە مەسیحیەکانی ئەوێش عاتفەیان بجوڵێت و بە کاتیش بێت هەندێکیان ببن بە مسوڵمان چونکە مسوڵمانەکان زۆر زۆر کەمن لەوێ! ئەمە لە ڕوانگەی مەنتیقی هەندێك کەسەوە بەناو ڕۆشنبیر!

## دین یان ئیقامە یان هەردووکیان!

کە ڕۆشتمە بەریتانیا چاوپێکەوتنم بۆ هاتەوە ڕۆژی هەینی بوو، لە یەکێك لە پرسیارەکاندا کە ئێستەش مەلەفی پرسیارو وەڵامەکانم لایە، ووتی چ ئاینێك هەیە؟ منیش وتم ئیسلام من مسوڵمانم، وتی لەناو مسوڵماندا چیت؟ وتم سونیم و مەزهەبم سونیە. ڕۆژووی دوو شەممە ئیقامەکەم بۆ هاتەوە، ئاشکرایە شەممەو یەك شەممەش دەوام نی یە لە ئەوروپاو وە کاتی چاوپێکەوتنەکەش نزیکی تەواوبوونی دەوام بوو، هەیشە دینەکەی گۆڕیوەو ئێستەش دەیخولێنێتەوە، کەسێك دینەکەی بە ئاسانی بگۆڕێت لای بەرانبەریش سوکەو جێگەی متمانە نی یە.

## کورد دەڵێ بیشمری هەر لاشەت قاق وێ!

خزمێکمان لوغم تەقی پێیداو هەردوو قاچ و هەردوو دەستی پەڕاند، خەڵکەکە کە ڕۆشتن لە شاخەکە دایانگرت وایان زانی مردووەو زۆر گوێیان پێی نەدابوو! کە خستبوویانە ناو بەتانی ئەوەندە خشاندبوویان بە زەویەکەدا هیچی پشتیشی نەمابوو فەقیرە، ئێستەش کوبانی وای لێهاتووە، ئەمەریکا حسابی مردوویان بۆ دەکات! کاکە هاوکاری ئاوا نابێت تەڕو وشك و بینا هەمووی پێکەوە ئامانج بێت.

## دۆستی وات هەبێت دوژمنت بۆ چی یە!

دووکەس کردبوویان بەشەڕ کەسێکیش ناوبژی کردبوون، تومەز کەسی ناوبژیکەر نەیاری یەکێکیان بوو بوو! لەبری ئەوەی پاڵی پێوە بنێت و دووری بخاتەوە تا بەرانبەر بۆکسێکی لێدابوو ئەم دوانی لێ دابوو! بە قسەیش ناوبژیوان بوو بوو، ئەمەریکاش هەمان کردار دەکات، بەناوی دۆستایەتیەوە زۆرجار پاکتاوت دەکات.

## فەراغی ڕۆحی و ژیری

ئەو کاتەی ووتاربێژبووم لە مزگەوتی نوور لە بەریتانیا گەنجێك هات بۆ مزگەوت ووتی باسی ئیسلامم بۆ بکە؟ وتم پێش ئەوەی من باسی ئیسلامت بۆ بکەم تۆ باسی دینەکەی خۆتم بۆ بکە؟ وتی ئەوەی لەسەر دینەکەم دەزانم و لە قوتابخانە فێریان کردووم باوەڕم پێی نی یەو لەگەڵ ژیریمدا ناگونجێت! باسی ئیسلامم بۆ کردوو مسوڵمان بوو.

## ئەوەش عەلمانی کوردی

نەوەدەکان کابرایەکیان گرت لە کەلار بە تۆمەتی ئیسلامی، کابرا ئیسلامی نەبوو ناوەکەی لێکچووبوو لەگەڵ کەسێکی تردا! وتی بەس پێم بڵێن لەسەر چی گیراوم؟ وتیان تۆ ئیسلامیت! وتی کورە بەرم دەن با هەزار کوفر نەکەم لە داخی ئێوە!
ئیتر بەریان دا زانیان ئیسلامی بێت کفر ناکات هەروا بە ئاسانی...

## برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە

لە ڕێگەی تورکیا بۆ یۆنان ١٦ ڕۆژ بە ڕێگەوە بووین، شەوێکیان کەسێکمان ڕۆشتبووە ناو زەرعاتێکی تەماتەوە، تەماتەکان کاڵ بوو بوو ئەویش دەستی کردبوو بە خواردنی! سوێندی خوارد دوای خواردنی ٩ تەماتە ئەوسا زانیوویەتی تەماتەیە! ئەوەندە برسی بوو بوو، ئەوەش ئەو ڕێگایەی کە دەستەڵاتێك ناچاری هەڵهاتن دەکات سەروەتێکی بێ شووماری هەیە، هەربۆیە ترسیان لە حوکمی ئیسلام و دەستبڕین هەیە، چوون خۆیان دەزانن چیان کێڵاوە.

## ئیشی گران و خەو بینین

جارێکیان لە جێگەیەك کارم دەکرد، یەکجار کارەکەم گران بوو، تا ئێرە ئاساییەو ئیتر ڕۆژگار زۆرجار کاری گرانمان پێ دەکات!
بەڵام کە دەخەوتم لە خەویشدا ئیشەکە دەهاتە خەوم و هەر ئیشم دەکرد! لە خەونمدا، تا ئێرەش هەر کێشەم نەبوو.
بەڵام کە هەڵ دەستام لە خەو، وام دەزانی لە ئیش گەڕاومەتەوە! کەچی بۆم دەردەکەوت نا دەبێت بڕۆم بۆ ئیش!
لەسەری نارۆم ٢ هەفتە بەو شێوەیە دەوامم کردو پولم نا بە ئیشەکەمەوە.
مەبەست لەم ئیش و خەوەیە چی بوو؟ من دوو هەفتە توانیم کارێك بکەم کە خەو و خۆراکی لێ تێك دابووم! کەچی کەسی وا هەیە کارانێك دەکات بە درێژی تەمەنی نە خەوی هەیەو نە خۆراك کەچی وازیشی لێ ناهێنێت!
ئەوەیە تێنەگەشت لە ڕەزاقی خوای گەورەو پشت بەستن پێی.

# ئەرێ بەهەشتی بندیواریش هەیە؟

کەسـی وا هەیـە لـە ژیانیـدا سـەری بـۆ خـوای گـەورە نەخسـتووەتە زەوی! کـە باسـی دینیشـی لا دەکەیـت خـۆی بـە موسـتەحەتی ناوەڕاسـتی بەهەشـت دەزانێـت!
ئەوەنـدە سـاویلکەیە وا دەزانێـت لـەو دونیـا مـن تەزکیـەی دەکـەم و دەڵێـم کاکـە ئەوەنـدە خزمەتـی بـۆ بنووسـن!
کابرایـەك وتـی زۆر قسـەم بـۆ هاوڕێیەکـم کـردووە کـە نوێـژ بـکات و ئەویـش قەناعەتـی کـردووە کـە بیـکات، وتـی دوای ماوەیـەك بینیمـەوەو پرسـیارم لێکـرد لـە نوێژەکانتـەوە چۆنـی؟ وتـی واللـە سـوپاس بـۆ خـوا کۆمەڵێـك نوێـژی باشـم کـرد، ١٠ بـۆ ١٥ ڕۆژ هـەر خەریـك بـووم! وتـی پێـم وت ئـەی ئێسـتە نایکەیـت؟ وتـی نـا واللـە بۆچیمـە خـۆ منیـش هـەر تاقـە نەفەرێکـم ئیتر بەسـە!
کابرایـەك وتـی شـوانی ماڵـی شـێخ بـووم ٧ سـاڵ نوێـژم نەکـرد دەمـوت ئێمـە خۆمـان حسـابین ئیـتر نوێـژی بـۆ چـی یـە!
کابرایەکـی تـر دەیگـوت نوێـژ هـەر ئەوەنـدە بکەیـن لـەو دونیـا عەیـب نەبێـت بڵێـن هـەر هیچـت نەکـردووە!
هەشـە لەنـاو ئەحزابێکـی ئیسـلامدا ڕێگـە بەخـۆی دەدات زۆر کاری ناشـەرعی بـکات و وا دەزانێـت مـادام ریشـێکی هەیـەو نـاوی ئیسـلامی لـە خـۆی نـاوە ئیـتر تـەواوە!
عەشیرەتی قەڵخانـی و باوەجانـی لـە مەجلیسـێکدا بـوو بـوو بە موناقەشـەیان، باوەجانیـەکان وتبوویـان ئێـوە ناچنـە بەهەشـت و نوێـژ ناکـەن لـە ڕۆژی قیامەتـدا ناتوانـن لـە پـردی سـیرات بپەڕنـەوە، یەکێـك لـە قەڵخانیـەکان

وتبـووی بەخـوا کـە ئێـوە پەڕینـەوەو خـوای گـەورە سـەیری ئێمـەی کـرد کـە جێماویـن و ناتوانیـن خـوای گـەورە بـە ئێـوە دەڵـێ خـۆ ئێـوە لـە دونیـا هـەر بـە یەکـەوە بـوون و کەسـی یەکتریـن دەبێـت بڕۆنـەوە ئـەو بـەرەوەو بـە کـۆڵ لـە پـردی سـیرات بیـان پەڕێننـەوە، کابرایەکـی باوەجانیـش کـە زۆر فەقیـر بـوو لێـی بـوو بـوو بـە ڕاسـت دەیگـوت بەخـوا دەترسـم لـەو دونیـاش بێنـە کۆڵـمان. لـە ٣ لـە مەزهەبەکانـدا دەڵێـن نوێژنەکـەر کافـر نـی یـە ئەگـەر بـاوەڕی پێـێ هەبێـت، بـەڵام هیـچ گومـان لـەوەدا نـی یـە نوێژنەکـەر دەبێـت ئاگـری جەهەنـەم ببینێـت و وە نوێژیـش ئـەو نوێژەیـە لـە خراپـە بتگەڕێنێتـەوە.

## هەیە زۆر خۆشبەختە بەڵام خۆی بەخۆی نازانێت

تـازە ڕۆشـتبووینە بەریتانیـاو هەمـوو ئـاوات و خۆشـیەکانمان بەسـتبوو بـە وەرگرتنـی ئیقامـەوە، ئـەو دەمـە ئینگلیـزی هەمـووی دوکەڵـی دەکـرد، برادەرێکـم نامـەی بۆهـات و نیشـانی برادەرێکـی ترمـی دا کـە بزانێـت چـی یـە؟ ئەویـش بـە ئینگلیزیەکـەی خـۆی هـاوردی و بـردی لـە کۆتایـدا وتـی کاکـە ڕەفـزت وەرگرتـووەو تـەواو، ئـەو دامـاوە سـێ مانـگ خـواردن وخۆراکـی نەبـوو تـا ڕۆژێـك بـۆ کارێـك سـەردانی دائیرەیەکـی کردبـوو ڕەفزەکـەی لەگـەڵ خـۆی بـردوو زۆر کرِوزابوویـەوە کـە حاڵـی ئاوایـەو بەڵکـو شـتێکی بـۆ بکـەن، کـە نامەکەیـان خوێنـدەوە وتیـان کاکـە ئەمـە جوابـەو تـۆ ئیقامـەت وەرگرتـووە، زۆرجـار ئێمـە خۆمـان خاوەنـی کەرەسـتەکانی خۆشـبەختین و خۆمـان پێـی نازانینـن، بۆیـە گرنگـە بـە تێگەشـتنەوە لـە شـتەکان بڕوانیـن.

## ئەوە بۆچی لەناو کورددا هەر کوشتن و لەناوچوون بەچارەسەر دەزانن؟

زۆرکەس دەبینیم و دەبیستم لەبەرانبەر کردارێکی خراپی کەسێکدا یان زۆرجار کردارێك کە خراپ نی یە بەڵکو لای ئەو خراپە دوعا یان ئومێدی لەناوچوونی بۆ دەخوازێت، بە بڕوای من تا بۆمان بکرێت دەستی ئەو کەسە بگرین چاکی بکەین یان ئومێدی چاك بوونی بۆ بخۆین باشترە لە لەناوچوون.

## ان شاء الله دەعامی کردووە!

دەگێڕنەوە ژنێك زۆر چاوەڕوانی مێردەکەی دەکات و درەنگی کردووەو هەر نەگەڕاوەتەوە، ژنەکە دایکیشیێ لەگەڵی دەبێت و هەر دڵ خۆشی دەکات، ژنەکە دەڵێ بەخوا دەترسم ژنێکی تری هێنابێت، دایکەکەش لە خۆیا دڵی دەداتەوەو دەڵێ: نا کچم مەترسە ان شاء اللە دەعامی کردووە هەزار موسیبەت هەیە غەمت نەبێت.

## تەقەی خۆشی چی بەبیرهێنامەوە

کاتی خۆی باوکم پێشمەرگە بوو لە شاخ دەگێڕنەوە باوام حاجی کەرەمۆیس خوای گەورە عافوی بکات ڕۆشتووە بۆ شاخ تا بیهێنێتەوە، لەوێ وتویانە نابێت بگەڕێتەوەو شۆڕش پێویستی بە پێشمەرگەیەو لەو قسانە، مەسولەکەشیان وتوویەتی واللە حاجی کەرەمۆیس کوڕەکەت

ببـەرەوە بەخـوا بـە دۆمینـە هەرچـی فیشـەك هەیـە لـە پێشـمەرگەکانی بردووەتـەوە، ئەگـەر بکەوینـە شـەڕەوە یـەك پێشـمەرگە فیشـەکی پـێ نـی یـە، نەبوونـی فیشـەك زۆرجـار نیعمەتـە بـۆ ئـەوەی دەسـتت نەچێتـە خوێنـی هاوڵاتیـان و ئیسراحەتیـان لـێ تێـك نـەدەن بەنـاوی خۆشـیەوە.

## ئاوارەیی و کێشـەی زمان و واقعی کۆمەڵگە...

ئەمڕۆژانـە چوومـە دائیرەیـەك لـە سـلێمانی و ئیشـم بـە بەشـێك هەبـوو لێـم ون بـوو بـوو، پرسـیارم دەکـرد لـە هەرکـەس بـە کوردیەکـی لارو وێـر دەیگـوت کـوردی نزانـم، منیـش سـەرەتای ڕۆشـتنە بەریتانیـام هاتـەوە یـاد هەرکـەس پرسـیاری لێـمان بکردایـە دەمانگـوت I don,t Know, ئیـتر کابـرا دەڕۆشـت. سـەرەیەکی زۆر قەرەباڵـغ بـوو چەنـد کەسـێك زۆر بێتاقەتیـان دەردەبـڕی و منیـش دەم بـە پێکەنیـن و کەوتمـە قسـەکردن لەگەڵیانـدا، وتیـان تـۆ بـۆ ئەوەنـدە دڵخۆشـی؟! توخـوا ئـەوە وەزعـە؟ وتـم کاکـە گیـان کێشـەکەی تـۆ ئەوەیـە وەك حەقیقـەت سـەیری ئـەم وەزعـە دەکەیـت! وتیـان جـا چـی بکەیـن؟ وتـم تـۆ تەسـەور بکـە ئێسـتە فلیمێـك دەردەکەیـت و ئـەم دەورەیـان پێداویـت دواتـر کـە سـەیری دەکەیـت خۆشـحاڵ دەبیـت، تـۆ تەنهـا بیـر لـە ئێسـتە مەکـەرەوە شـەو لەنـاو کۆمەڵێکـدا باسـی ئەمـە دەکەیـت چەند خۆشـە! کابـرا زۆر بێتاقـەت بـوو وتـی شـەرت بێـت بـڕۆم بـۆ هەنـدەران، وتـم جـا خـۆ مـن لـە هەنـدەران گەڕاومەتـەوە، ئیـتر فەقیـرە ناچـار تەسـلیمی وەزعەکـە بـوو. لەسـەر کورسـیەك دانیشـتبووم و دوای کەمێـك هەسـتام، کەسـێکی تـر لەسـەری دانیشـت و کـە منـی بینیـەوە ویسـتی هەڵسـێت و داوای لێبـوردن بـکات! وتـم براکـەم دانیشـە خـۆ ئەمـەش کورسـی دەسـتەڵات نـی یـەو تاپـۆم

کردبێـت تـۆش هەقـی خۆتـە، ئـەم کورسـیانە بـۆ سـودی گشـتی دانـراوە، بـەڵام هیـوادارم تـۆش زۆر دانەنیشـیت.

## تێگەشتن تەنها بە ڕواڵەت نابێت

ساڵی ٢٠٠٥ بوو ڕۆشـتم بـۆ حـەج، ئەوکاتـە یەکـەم سـاڵی خوێندنـی کولیـەی شـەریعەم بـوو، چەنـد مانگێـك بـوو دەسـتم بـە خوێنـدن کردبـوو عەرەبیەکـی سـادەم دەزانـی، لـە مەدینـە لەگـەڵ عەرەبێکـدا کەوتینـە موناقەشـەو ئەویش وتـی یا أخـي صلـی علـی النبـي، منیـش وتـم اللهـم صلـی علـی محمـد وعلـی الـه محمـد، هـەر کـە وام وت کابـرا بـە تونـدی باوەشـی پێداکـردم و ماچـی کـردم، وتـی بەخـوا دەبێـت لەسـەر حسـابی مـن ئێسـتە بچیـت بـۆ هوتێـڵ تەلەفۆنـی کـرد سـەیارە هـات بـە شـوێنمداو جامتاکانیـان بارکـردم و لەوێـش بۆیـان داگرتـم، مەبەسـتی ئـەو ئـەوە نەبـوو مـن وەك وتـن ئـەو سـەڵاواتە بدەم، مەبەسـتی ئەوەبـوو ئیـتر بـا موناقەشـەکە ببڕینـەوە، دواتـر کـە گەڕامـەوە بـۆ بەریتانیـا بـۆ مامۆسـتایەکی خۆمـم گێڕایـەوە، وتـی ئـەوە بەرەکەتـی سـەڵاواتەکە بـووە.

مەبەسـتی مـن چـی یـە لـەم گێڕانەوەیـە، هەیـە ئێسـتە نـەك عەرەبیەکـی سـادە ئەسـڵەن نـە عەرەبـی دەزانێـت و نـە شەریعەشـی خوێنـدووە کەچـی وەك موفتـی خـۆی دەنوێنێـت! هەربۆیـە دەقـە شـەرعیەکان خوێندنـەوەی قـوڵ و زمـان و تێگەشـتنی خـۆی دەوێـت خـۆ ئەگـەر نازانیـت سـەلاوات بـدە کاکـە! بـەڵام دەسـتکەوتەکەی ئـەوان لـە سـەلاوات نەدانـە!.

## ناوی بنێ فیرعەون

کابرایەك تەلەفۆنی بۆ کردم ووتی مامۆستا منداڵێکمان بووەو ناوێکی قورئانیمان بۆ هەڵبژاردووە، حەزدەکەین بزانین ڕەئی تۆ لەسەری چی یە؟ منیش وتم ناوەکە چی یە؟ وتی (هامان) وتم نابێت، وتی بۆ مەگەر لە قورئاندا نەهاتووە! وتم دەی بۆ ناوی نانێیت فیرعەون؟ وتی فیرعەون چۆن دەبێت! وتم دەی خۆ ئەویش لە قورئاندا ناوی هاتووەو هامان جێگیری ئەو بووە واتە فیرعەون موهیمتریشە.
تێگەشتن لە قورئان تەرکیزو زانست و بیرکردنەوەی قوڵی خۆی دەوێت.

## بە پیش نی یە بە ئیشە

لە کولیەی شەریعە دەمخوێند وانەیەکمان هەبوو لەسەر ووتارو فەتوا، مامۆستا وتی یەکێك لە کاریگەری ووتاربێژ باڵایەتی، واتە باڵای بەرز بێت کاریگەری لەسەر خەڵکی دروست دەکات، منیش وتم دەی ئەگەر وا بێت دەبێت من هەر ئێستە واز بهێنم، مامۆستا وتی نا مەرج نی یە یەعنی باشترە ئەگەر هەبێت، وتیان دەوڵەتی ئیسلامی کۆمەڵێك قەزەمی کوشتووە لە موصڵ باوام وتی: ئەی دەسەکەیان خۆش بێت با ئەو قەزەمانە تخماتیان نەمێنێت بۆچی باشن.

## تەعمیریان دەوێت

مەلایەك باسی جوانی و پاکی ئافرەتانی بەهەشتی بۆ نوێژ خوێنەکان کردبوو، یەکێك لە ئامادەبوان کە پیاوێکی فەقیرو موتەوازع بوو بوو

خێزانەکەی ناوی فاطمە بوو بوو، وتبووی کورە بەخوا من هەر تۆزێك فاتەی خۆم بۆ تەعمیر بکەن و دەمو دیانی ڕێك بێت ئیتر هیچم نەگەرەکە.

هەندێك کەسیش بەناوی ڕۆشنبیری و پسپۆڕی ئاینی و ڕۆژنامەوانیەوە شتی وا لەسەر ئیسلام دەڵێن و حقدیان بەسەر دیندا دەڕێژن! منیش تەماحم زۆر نی یەو ناڵێم ئەو کەسانە هەقی کوشتنیان هەیە، بەس هەقە دەعمێریکی دەموفڵقیان بکەنەوە.

## ئەو ناشرین دەکەم بۆ ئەوەی خۆم جوان دەرکەوم، ئەمە فەلسەفەی زۆرێکە!

کابرایەك لە مەجلیسێکدا زۆر بە توندی دابەزیووە سەر دین و شتی زۆر پڕوپوچی لەسەر دین دەوت، منیش وتم لەوانەگەڕێ کە هیچی وا نی یەو من باشتر لە تۆ دەزانم، تۆ باسی بەرنامەکەی خۆتم بۆ بکە؟ دەرکەوت هیچ بەرنامەی نەبوو! وتم کاکە تۆ خۆت بەرنامەت نی یە واز لە بەرنامەی خەڵکیش بهێنە.

## خوێندەواری بۆ هەموو شتێك گرنگە، بۆیە ئیسلامیش بە بخوێنە دەستی پێکردووە.

دکتۆرێکی نەشارەزا فەحسی چاوی نەخۆشێکی کردبوو، لەبری ئامێرو هێمای زانستی لە دوورەوە پەنجەکانی خۆی بۆ کربوویەوە، هەرجارەو چەند پەنجەیەك و پێی وتبوو ئەمە چەندە؟ ئەی ئەمایان چەندە؟ کابراش

هیچـی ڕاسـت دەرنەچـوو بـوو! دکتۆرەکـە وتبـووی کاکـە گیـان تـۆ چـاوت زەعیفـە. کەسـێکی کابـرا لەوێـدا بـوو بـوو وتبـووی بەخـوا دکتـۆر گیـان چـاوی عەیبـی تێـدا نـی یـە بـەس حسـابات نازانێـت.

## جلکت جوانه ناخت ناشرینه

هەندێـك لـەو کەسـانەی کـە بەنـاوی دینـەوە قسـە دەکـەن لەسـەر شاشـەکان عەیـب لـە سـیمایاندا نـی یە،هەیانـە ریباتـی مەزبـوت و کامـل بۆیـاخ، بـەڵام زانیـاری دینـی نـی یـە!

## بەخێربێن بۆ کوردستان...

کابرایـەك گلـەی لـە مـەلاکان دەکـردوو دەیگـوت خوێندەواریـان کەمـەو هـەق وایـە لـە ووتـاری هەینیـدا باسـی ئەوەوئـەوە بکـەن! کابرا خـۆی نە خوێنـدەواری هەبـوو نـە دەشـچوو بـۆ مزگـەوت.

وتــم براکــەم تــۆ داوای شــتێك لــە کەسـێك دەکەیــت کــە بــۆ خــۆت پێــت نەکـراوەو هەندێـك درۆ بـەدەم مەلاکانـەوە دەکەیـت کـە خـۆت گوێـت لێـی نەبـووە، جـا یـەك دوو کەسـی تریـش پشـتگیری قسـەکانیان دەکـرد کـە ئـەم دەمڕاستیشـیان بـوو!

بەخێربێن بۆ کوردستان...

## هیچ هێزێك وەك ئیسلام یارمەتی و كۆمەڵكاری تێدا نی یە

پیاسەم دەكرد لە لەندەن بە دوو چاوی خۆم بینیم ئافرەتێكی پیر كەوتووەو خڵتانی خوێن بووە! تاكە كەسێك یارمەتی نەدەدا! تا ئەسعاف هات نیوە گیان بوو فەقیرە! تەئكیدم تا براوەتە طەواری ئەو نیوەكەی تریشی دەرچووە، وتم ئا ئەمەیە مافی ئافرەت و سۆزی ئەوروپی!

## دین خۆشە بەس لێی بزانی، ئافرەتەكانی خۆمان بە نمونە

لە جێگەیەك ئیشم دەكرد بە ئافرەتە ئینگلیزەكانم دەوت لە دینی ئێمەو لای ئێمە ژن بەرپرسیار نی یە لە بژێوی پەیداكردن، وتیان ئەی چ دەكەن؟ وتم هەر ئیشی ماڵ، وتیان ئاخر ئیشی ماڵ ئەوەندە نی یە دوای ئەوەی چ دەكەن؟ وتم بۆ خۆیان دادەنیشن و دەمەتەقە دەكەن، وتیان ئای كە خۆشە ئەوە.
بەرپرسیاریەتی بژێوی خستە سەر ئافرەت گەورەترین پێشێلكردنی مافی ئافرەتە كە لە ئەوروپاو ئەمەریكا پێوەی دەناڵێنن، نابینی ئافرەتەكانی ئەوان لاوازو ئەوانەی ئێمە قەڵەون ئەوە هی ئەوەیە ئەوان هەر ئیش دەكەن و ئەوانەی ئێمەش لە بێ ئیشیدا گلۆبەڕۆژە دەخۆن لە بێ ئیشیدا.
لە جێگەیەك كارم دەكرد چەند ئافرەتێكی ئیسپانی تێدابوو، یەكێكیان

حامیلـە بـوو نەیدەتوانـی بەچاکـی ئیش بـکات! منیـش ئاسـایی یارمەتیـم دەدا دواتـر زۆر سوپاسـی دەکـردم، وتـم ئافرەتـی لای خۆشـمان هەیـە پیاوەکـەی تـا مـردن لـە خزمەتیدایـەو هـەر پێشـی نازانێـت!

## دەردی نـەزانـی

دەگێڕنــەوە شــیعە چەنــد کوردێکــی ســونی خۆمــان دەگــرن و دەیانەوێــت بزانـن شـیعەن یـان سـونەن! پرسـیاریان لـێ دەکـەن کـە ئیـمام حسـێن کـێ شـەهیدی کـردووە؟ ئـەوان بـێ ئـاگا لـەو مەوزوعـەو هـەر نازانـن ئیـمام حسـێن کێیـەو وا دەزانـن کابرایەکـەو تـازە کـوژراوەو گومانیـان لـەوان هەیـە! ئەوانیـش سـوێندو قورئـان دەخـۆن دەڵێـن ئێمـە خەبەرمـان لێـی نـی یـە.
کاکـە ئێسـتە کـەی وەختـی ئەوەیـە بـاس لـە کێشـەی بەینـی ئیمامـی عەلـی و معاویـە بکەیـن، هەڵەیەکیـش کـە ڕوویدابێـت ئـەوان گـەر خۆیـان تـا ئێسـتە بمایـەن سـودیان لـێ وەردەگـرت ئـەی ئێمـە بـۆ سـودی لـێ وەرنەگریـن.
( ربنـا اغفـر لنـا ولإخواننـا الذیـن سـبقونا بالإیمـان ولا تجعـل في قلوبنـا غـلا للذیـن آمنـوا )
جـا دەڵێـن دوو کـەس لـە ئەڵمانیـا بووەتـە شـەڕیان لەسـەر ئـەوەی شـیعەکە جوێنـی داوە بـە ئیمامـی و عومـەر و سـونەکەش وەك ڕەد فیعـل جوێنـی دابـوو بـە ئیمامـی عەلـی، کێشـەکە ڕۆشـتبووە مەحکمـەوەو کـە پرسـیاریان کردبـوو شـیعەکە وتبـوو ئـەم جوێـن بـە ئیـمام عەلـی دەدات، ئەویـش وتبـووی ئەویـش جوێـن بـە ئیـمام عومـەر دەدات، حاکمەکـەش وتبـووی باشـە ئـەو دووکەسـەش مـادام پەیوەنـدی بـە کەیسـەکەتانەوە هەیـە دەبێـت ئەوانیـش بانـگ بکەیـن، ئەوانیـش وتبوویـان کاکـە بانگـی چـی ئـەوان ١٤٠٠ سـاڵە مـردوون!

حاكمەكـەش وتبـووی دەی ئـەم دوو كەسـە بنێـرن بـۆ چارەسـەری دەرونـی، كەسـێك ١٤٠٠ پێـش ئێسـتە مـردووە ئێـوە بـۆ شـەڕی لەسـەر دەكـەن.

## دەردی نەزانی كۆمەڵگە

كاتـی گرانیەكـە بـوو پیاوێـك بـە خێزانەكـەی وتبـوو ئێسـتە دەچـم لـەو شـاخە كەوێـك ڕاو دەكـەم و دواتـر دەیهێنمـەوە تـۆ ڕانەكـەی بخۆو منیش سـنگەكەی، ئەویـش وتبـووی نـا واللـە مـن سـنگەكەی دەخـۆم و تـۆ ڕانەكـەی، هیچكامیـان بـەوە ڕازی نەبـوو بـوون و پیاوەكـە دارێكـی دابـوو بەسـەر ژنەكـەداو فەقیـرە لایەكـی ئیبـادە كردبـوو! كەویـش لـەو شـاخە بـۆ خـۆی هـەر قاسـپە قاسـپی بـوو، باسـكردنی كێشـەی نێـوان معاویـەو ئیمامـی عەلـی وەك ئـەو جـۆرە بەسـەرهاتانە دێتـە پێـش چـاوم.

## نەگۆڕان لەسەر ڕێگەی ڕاست

نـەوەدەكان لەگـەڵ كۆمەڵێـك گەنجـدا ڕۆشـتین بـۆ هەنـدەران، هاوڕێیەكـم هەبـوو زۆرجـار موناقەشـەمان پێكـەوە دەكـردو نكۆڵـی لـە دیـن و ئیسـلام دەكـرد! بـەردەوام دەیگـووت تـۆ ئـەم قسـانە دواتـر واز لێدەهێنیـت كـە گەشـتینە ئەوروپـا! وە لـەوێ دەتبینمـەوە! ئـەو لـە ڕێگـە مـردو نەگەشـتە ئەوروپـا، منیـش هەمـوو ئەوروپـام بینـی و گەڕامـەوە كوردسـتان و هـەر بەردەوامـم.

## بە جل و بەرگ هەڵمەخەڵەتێن

لە کوردەواریدا دەڵێ یان داناوە یان پرساوە!
ئێمە شەش کەس ڕێگەمان لێ وون بوو لە فەرەنسا پرسیارمان لە جابیەك کرد ڕێگەکەمان نیشان بدات یەکی ٩٠ فرانك غەرامەی کردین، وتی ئێوە درەنگ هاتوونەتە ئەم مەحەطەو قطارەکەتان ڕۆشتووە! گرنگە پرسیار لە کێ دەکەیت، با عەمامەشی بەسەرەوە بێت مەرج نی یە مەلا بێت.

## ئێمەو زانست لە گەشتەکانماندا

ئەمڕۆ چەند ئوتومبێلێکم دی پڕ بوو لە قوتابی و دەنگی گۆرانیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆشت!
پرسیم ئەوە چی یە؟ وتیان گەشتی زانستیە! ئیتر زانیم زانست هەم گوێیەکی بەهێزو مێشکێکی فروانی دەوێت...

## ناسینی ڕاستی گرنگی خۆی هەیە

کابرایەکی ئینگلیز هات بۆلام و دوای گفتوگۆیەکی زۆر خۆشحاڵی خۆی بۆ ئیسلام دەربڕی و دەستی بە نوێژو عیبادەت کرد، دوای ماوەیەك توێژینەوەیەکی لەسەر ناسینی خوای گەورە کرد بەناوی (گەر بیناسیت خۆشت دەوێت)جا زۆر پێویستیمان بەو ناسینە هەیە.

## وتی وتی و خۆشباوەڕی لەناو کورددا

کابرایـەك قسـەیەکی گێڕایـەوە یەکسـەر لەوێـدا یەکێکـی تـر خسـتی بـە درۆوە، دواتـر وتـی بەخـوا خـۆ قسـەش لـە خۆیـەوە ناکرێـت! دواتـر دەرکـەوت فعلـەن درۆ بـوو! هـەم دیسـان وتـی نیـوەی دونیـا بـە درۆ دەسـوتێت؟ منیـش وتـم نیوەکـەی تریشـی بـە خـۆش بـاوەڕی!

## عەلمانی خۆماڵی و عەلمانی بیانی

کـە تەقینەوەکـەی لەنـدەن ڕوویـدا بـۆ نوێـژی عـەسر بـۆ مزگـەوت دەڕۆشـتم، بینیـم پۆلیسـێکی زۆر چـواردەوری مزگەوتیـان داوە! منیـش زۆر بـە ئاسـایی ڕۆشـتم بۆلایـان و وتـم ئـەوە چـی یـە؟ بـۆ دەوری مزگەوتتـان داوە! وتـی بـۆ ئـەوەی نـەوەك خەڵکـی ناحاڵـی کارەسـاتەکانی لەنـدەن بکاتـە بیانـوو بـۆ کاری خراپـەو ئێمـە دەمانەوێـت پارێـزگاری لـە مزگەوتـەکان بکەیـن لـەم کاتـەدا!! ئـەوە عەلمانیەتـەو ئەوانـەی لای خۆشـمان عەلمانیـن، ئەمانـەی ئێـرە عەلمانیـەت ناشریـن دەکـەن هـەروەك چـۆن هەندێـك بەنـاوی ئیسـلامیش ئیسـلام ناشریـن دەکـەن!

## هەژاری نیعمەتی خوایە

باپیـرم سـواری سـەیارەیەکی کۆنـە بـوو بـوو لـە ڕێگـەی زۆر ئەزیەتـی دابـوو، بـە کابـرای خـاوەن سـەیارەکەی وتبـوو هەرگیـز ئـەم سـەیارە مەفرۆشـە! ئەویـش پێـی سـەیر بـوو! وتبـووی ئاخـر ئەگـەر ئـەم سـەیارەت پـێ بێـت بـەردەوام

خـوای گـەورەت لەبیـر دەبێـت، پەكـی دەكەوێـت هـاوار دەكەیتە خـوای گەورە، تاسـەیەك دەكات دەترسـیت تایەكـەی دەرچێـت، تـەكان دەدات دەترسـیت پەكـی بكەوێـت، بـەڵام ئەگـەر سـەیارەیەكی مۆدیـل بـەرزت پـێ بێـت خـوات لەبیـر نامێنێـت، منیـش وتـم بەخـوا ڕاسـتەكەیت بۆیـە مەسـولەكان خوایـان لەبیـر نەمـاوە.

## دەنگ و بۆن پێكەوە زەحمەتە بشارێتەوە

دەگێڕنـەوە كابرایـەك لـە مەجلیسـێكی قەرەباڵغـدا بایەكـی لـێ دەبێتـەوە كـە دەنگەكەكـی زۆر گـەورە دەبێـت! بـۆ ئـەوەی خـۆی وا نیشـان بـدات كـە ئـەو دەنگـە ئـەو نەبـووە دەسـت دەداتـە چەنـد شـتێك و جیـڕە جیـڕی پـێ دەكات! یەكـێ لـە مەجلیسـەكەدا دەڵـێ كاكـە گیـان گریـمان دەنگەكەیـت وا شـاردەوە ئـەی بۆنەكـەی چـۆن دەشـاریتەوە؟!
بەرپرسـانی ئـەم وڵاتـە كـە پاسـاو بـۆ گەندەڵیـەكان دێننـەوە زۆرجـار قەناعەتـت پـێ دەكـەن بـەڵام لـەولاوە بـۆن كوشـتووینی، ئەوەیـان بـە قسـە ناشـاردرێتەوە!!!

## دەبێت غیرەتت هەبێت تا مەڕی خۆت بەركەوێت

دەگێڕنـەوە كابرایـەك ١٠ سـەر مـەڕ دەدات بـە كەسـێك بـۆی بەخێـو بـكات، دوای سـاڵێك دەچێـت مەڕەكانـی بهێنێتـەوە دەبینێـت ١ دانـەی دیـار نـی یـە! كابـرای شـوانیش خـۆی لـێ دەكات بـە گێـل و دەڵێـت هـەر ئەوەندەیـە! خـاوەن مـەڕەكان دەڵـێ كاكـە مـن ١٠ سـەر مـەڕم پێدایـت وا نەبـوو؟ كابـرای

شـوان دەڵێـت بەڵـێ وابـوو! کابـرای خـاوەن مـەڕ دیسـان دەڵـێ دەی ئێسـتە ئەوەتـا ٩ مـەڕە! شـوانیش دەڵـێ ڕاسـتە ٩ مـەڕە! هـەم دیسـان دەڵـێ دەی کـەوا بێـت ١ دانـە کەمـی کـردووە! شـوان دەڵـێ نەخێـر هـەر ئەوەندەیـە! ناچار کابـرای خـاوەن مـەڕ ١٠ پیـاو دەهێنێـت بـۆ ئـەوەی تێـی بگەیەنێـت و دەڵـێ هەرکەسـەو مەڕێـك بگرێـت، لـە کۆتایـدا کەسـێکیان مـەڕی بـۆ نامێنێتـەوە، کابـرای خـاوەن مـەڕ بـە شـوان دەڵـێ ئەوەتـا ئـەو کەسـە مـەڕی بـۆ نەمایـەوە کەواتـە مەڕێکـم دیـار نەمـاوە! شـوانەکە دەڵـێ نـا کاکـە ئـەو کابـرا خەتـای خۆی بـوو بـا زوو مەڕێکـی بـۆ خـۆی بگرتایـە.
ئەگـەر هەمـان مشـومڕ بکەوێتـە نیـوان هاوڵاتیـان و ئـەم دەسـتەڵاتە هەندێـك کـەس نـەك مـەڕی بەرناکەوێـت پشقلیشـی بـۆ نامێنتـەوە.

## باوکم خنکاوە!

کابرایـەك خەڵکـی کەرکـوك لـە کەیسـەکەکیدا کـە داوای ئیقامـەی کردبـوو وتبـووی باوکـم خنـکاوە، ئەوانیـش وتبوویـان باشـە کەرکـوك کـەی ئـاوی وای لێیـە تـا باوکـت بخنێکـت! ئەویـش وتبـووی کـورە باوکـم لـە تینیۆتیـدا خنـکاوە!!! ئـاوی دەسـت نەکەوتـووە بـۆ خواردنـەوە!!!
ئـەو کەسـانەی کـە دەچـن بـۆ ئەوروپـاو باوەڕیـان پـێ بکـەن کە لـە کوردسـتاندا ئـاو و کارەبـا نـی یە ئـەوە گومانـی تێـدا نـی یـە ئیقامـەی ئینسـانی وەردەگرن.

## هەندێك تەپڵ دەنگەکەی درەنگ دێت

دەگێڕنـەوە کابرایـەك بەشـەو دزی کـردووە، جارێـك کەسـێك بەسـەریدا دەڕوات و دەڵـێ ئـەوە چـی دەکەیـت؟ ئەویـش دەڵـێ واللـە قوربـان تەپـڵ لـێ

دەدەم! ئەویش دەڵێ ئەی کوا بۆ دەنگی نایەت؟ کابرای دزیش دەڵێ تەپڵەکەی من سبەینێ دەنگی دێت!
هەرای تەپڵەکەی ئەمڕۆ ئەنجامی دەنگەکانی ڕابردووە...

## قەیرانی سیاسی و خوێندن

ئەو کاتەی لە بەریتانیا دەمخوێند لە یەکێك لە توێژینەوەکانمدا کەوتم! کە سەیری فیدباکەکەیم کرد قەناعەتم نەکرد کە حەقم کەوتن بێت، دواتر سەرپەرشتیارەکەم وتی تۆ توێژینەوەکەت بەهێزە بەڵام سیاسیەن نووسیووتە! دواتر وتی باشە ئیوە بۆ ئەوەندە عەسابتان گەرمە؟ منیش وتم ئێمە لەناو قەیرانی سیاسیدا دەژین! ئەویش وتی جاران ئێمەش وابووین بەڵام ئێستە کەس گوێ لە هەواڵ ناگرێت.
خۆزگە ئەو ڕۆژە بهاتایە ئێمەش گوێمان لە هەواڵ نەگرتایە...

## کەسە چاکەکان لە دەست مەدەن

کەسێك چاکەی بەرانبەرت کرد زۆر بە توندی بیگرەو بەری مەدە، چونکە ڕۆژێك دێت عەوداڵ بیت بە دوایداو دەستت نەکەوێتەوە...
حەنەفی ئابی ئەو پیاوەیە لە ناخمدا ڕیشەی داکوتاوەو ساڵانێکە بەدوایدا دەگەڕێم و دەستم ناکەوێتەوە، ئەو منی زۆر خۆش دەویست و ئامادەیی تێدا بوو ژنم بداتێ، مالم بۆ بکات، هەرچی بمەوێت بەس لای بمێنمەوە! بەڵام من هەموویم ڕەفز کردوو ڕۆشتم بۆ هەندەران، تا فەرەنساش ژمارەکەیم پێ بوو دواتر ونم کرد، چەندین جار لە ئەستەنبوڵ دەچمەوە

شوێنی ئیشەکە بەڵام لەوێ نەماوە!
چەند گرنگە کەسێکت ناسی کەسی سێهەمیش لەو نێوەندەدا هەبێت...

## دەبێت داوای حەقی خۆت بکەیت و شەرم نەکەیت و نەشترسیت

میللەت دەبێت هۆشیار بێت و داوای حەقی خۆی بکات، ئەمڕۆ لە ڕۆماوە بۆ باری دەچووم، لە مەتار بە پاس بردینیان بۆلای تەیارەکە، کابرای سایەق کەمتر لە یەك دەقە وەستاو ناو پاسەکە گەرم بوو، گەرماکەی بۆ من ئاسایی بوو چونکە لە کوردستانەوە هاتووم بۆ ئێرە، بەڵام خەڵکەکە هەمووی بە جارێك لە سایەقەکە توڕەبوون و ئەویش یەکسەر دەرگاکانی کردەوەو ئیتر ڕۆشتین بۆ ناو تەیارەکە...لای خۆمان بوایە دەیانگوت تەحامولت هەبێت عەیبە!

## موبایلەکەم ون کرد

دەگێڕنەوە کابرایەك جامتاکەی دەدزن و زۆر بەڵگەنامەی تێدایە، وەك جنسیە، تەسکەرە، کوبنی بایەعە، تاپۆی خانوو، ئیجازەی سایەقی و ئەو شتانە، کابراش دەچێت بۆ دائیرەی پۆلیس و حاڵی خۆی باس دەکات، پۆلیس دەڵێ کاکە، جنسیەکە دەبێت بچێت بۆ دائیرەی جنسیە، تەسکەرە بچۆ بۆ نفوس ئیتر هەریەکەو بەشێوەیەك! کابراش دیارە بیری لێ دەکاتەوە زۆری دەوێت و ناڕەحەتە دەڵێ بە پۆلیسەکە دەی توخوا ناکرێت هەر دزەکە بگرن بۆم و تەواو...

===

کابرایەکیش لە مزگەوت گوێی لە مەلاکە دەبێت دەڵێ هەرکەس سبەینان زوو هەستێت لە خەو خوای گەورە ڕزقی دەدات، کابراش سبەی زوو هەڵ دەستێت و دەچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی، لە ڕێگەی کابرایەکی لێ پەیدا دەبێت و دەڵێ هەرچیت پێیە نەمدەیتێ دەتکوژم! کابراش ناچار هەرچی پارەی پێ دەبێت دەیداتێ! دواتر دەچێت بۆ لای مەلاو گلەی لێ دەکات کە تۆ وات وتووە! مەلاکەش دەڵێ کەکە لەوانەیە ئەو کابرا پێشی تۆ هەستابێت و خوای گەورە ڕزقی ئەوی دابێت، ئەمڕۆ منیش بەهۆی سەفەرەوە درەنگ لە خەو هەستام و موبایلەکە بوو بە ڕزقی کەسێکی تر...

## کردار گرنگە نەك ڕوخسار

خەڵکانێك شانازی بە شتانێکەوە دەکەن کە خۆیان خولقێنەری نین، وەك: زمان، جێگەی لە دایك بوون، شێوازو ڕووخسار، دایك و باوك، جوگرافیاو وڵات...

ئێمە تاوانمان چی یە لە شەرقدا لە دایك بووین، کورتە باڵاین و خۆر هەڵی پروزاندووین و زمانەکانمان جیهانی نی یە...

بلمانەسەبە ئەم ڕۆژانە لە مەتاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا پرسیاری جێگەیەکم کرد لە کابرایەك، وتی: تۆ ڕووسیت؟ لە دڵی خۆمدا وتم بەخوا ئەم ئەوروپیانەش ئەقڵیان هالە ئەژنۆیاندا! باشە من ڕۆشتومەتە ڕووسیا هەمووی دوو مەترو نیوی بوو، ئاخر من کوێم لە ڕووسی دەچێت! هەرچی پانتۆڵ دەکرم دەبێت یەك دونیای لێ قارس بکەم...

سـەیر ڕەحمـی خـوای گـەورەش، پرسـیاری ئەوانەمـان هیـچ لـێ نـاکات لـە قیامەتـدا، تەنهـا پرسـیاری کردەوەکانمـان لـێ دەکات کـە خۆمـان خولقێنەریـن..

## خۆمنا خەڵکی وا دەڵێت!

کابـرا تەلەفـۆن دەکات مامۆسـتا دەمەوێـت فـڵان ئافـرەت بهێنـم زۆر زۆر خۆشـم دەوێـت بـەڵام باوکـی ڕازی نـی یـە!
ئێ چارە؟
والله دەڵێی چی ئەگەر بیفڕێنم؟
یان ئەگەر شتێکی لێ بکەم؟
کاکە گیـان، بـرا باشـەکەم وا نابێـت، حەیـای خـۆت و خـاو خێزانـت دەبەیـت و دواتـر کێشـە دروسـت دەبێـت!
ئاخر مامۆستا زۆرم خۆش دەوێت!
دوای ماوەیەك دایان پێی، ئەوەندەی نەبرد کێشە ڕوویدا!
مامۆسـتا گیـان فریـام کـەوە دەسـتم بـە دامێنێـت هەرچیـم بـۆ کـردووە گەردەنـی ئـازاد بێـت بـەس نەجاتـم بێـت لێـی!
ئاخـر مەگـەر ئەمـە هـەر ئـەوە نەبـوو بـە تەمـا بوویـت خـۆت لـە دونیـا قاچـاخ بکەیـت بـۆی؟
مامۆسـتا گیـان بەخـوا ئەگـەر فریـا نەکەوێـت ئێسـتەش یەکێکیـان دەکـوژم و هـەر قاچـاخ دەبـم!
فایـدەی نـی یـە تـا وەزعەکـە نەقڵیشـاوەتەوە مەجبوریـن دەسـتیان لەیـەك بکەینـەوە، الحمدللـە خوێنـی تـێ نەکـەوت و کێشـەکە کۆتایـی هـات.

## دەردی تێنەگەشتن

کابـرا یەکـەم ڕۆژ گەشـتووەتە ئەڵمانیـاو دەچێتـە بـازاڕ سـەیر دەکات ئـەوە چـی یە! ئافـرەت نـەك سـێ چـارەك دەکاتـە پێـی بەڵکـو سـێ چارەکـی ڕووتـە! وێنـە لـە دوای وێنـە دەگرێـت و لـە فەیسـبووك بـڵاوی دەکاتـەوەو بـە بەهەشـتی دونیـا وەسـفی دەکات! وێنـە بـڵاو دەکاتـەوە بـە مەشروبـەوەو لای باوکـی سـوێندو قورئـان دەخـوات دەڵـێ شـەربەتی سـێوە!
دەڵێ ئەوەیە دویموکراسی!
دوای ماوەیـەك وێنەکـەی داکوتـراوە بـە جێگەکانـداو نـوسراوە Missing boy کوڕەکـە ون بـووە!
لـە پارکێکدا دەیدۆزنـەوە سـەیر دەکـەن شـەرواڵی لـە پێدا نـی یـەو کۆمەڵێـك کەتـەری پێوەیـە، هـەی لـەوە خـۆ ئـەو وتـی دیموکراسیەو هەرچـی دەکەیـت بیکـە! جـا وەرە مامۆسـتای دامـاو پـارە کۆکاتـەوە بـۆ ڕەوانـە کردنـەوەی تەرمەکـەی، ئیـتر ڕیـش بـووە ڕیشـەوە دەبێت شـانەی بـۆ هەڵگریـت و ئەمەیان کوردایەتـی یـە قەیناکـە! هـەر دەشـڵێن مزگـەوت خراپـە!

## ئای ژن!

خانـم گیـان واز لـە پیاوەکـەی هێنـاوە لـە ئەوروپـاو وا دەزانێـت دونیـا پیاوی لای خۆمانـە پارەکـەی موفـت بخاتـە دەسـتی، کەچـی دوای ماوەیـەك ئـێ ئیشـی بـۆ ناکرێـت، هەوڵـی پیاوێکـی کـوردی تـر دەدات! ئـێ کوردیـش حـەزی لـە بێوەژنیـش نـی یـە چ جـای ئەمـە! ئیـتر بەد بەخـت دەبێـت و دەبێت بـە ئەمەی پێـی دەوترێـت گۆرانـی بێـژوو زوو زوو کەناڵـەکان موقابەلـەی دەکـەن...

## کرەریش تاوانبارە

کابرا خوێڕیەو شەو ڕۆژ مەشروب دەخوات و لە دیسکۆکاندا کەوتووە! باوکی فەقیریش کۆڵێ قەرزو قۆڵی بۆ کردووەو مانگاکانی بۆ فرۆشتووە تا بگاتە ئەوروپا کەچی سودی کەرێکی بۆ باوکی نی یە! نەك مانگا، دەشڵێت بەخوا باوکە گیان فلانە کەس ئیشی دەرمان دەکات! ئەگەر وەکو من دەیناسێت، دەڵێت: خوێڕی بێ قیمەت ئەگەر تۆ دەرمان نەکڕیت ئەویش نابێتە دەرمان فرۆش...

===

کابرا ژن و ماڵ و منداڵەکەی لە دەست دەرچووە کورت و موختەسەر پیاو نی یە! کەچی زەمی مسوڵمان دەکات! ئاخر سەر لاری هیچ، دەستە چەورەکەت بۆ دەسڕیت بە ئیسلامدا؟!

===

کابرا تاقەتی خوێندن و موێندنی نی یە کەچی دەڵێ: جا خوێندن قیمەتی چی یە! دامەزراندن نی یە! موچە نی یە! هەزار بیانوو دەهێنێتەوە!

===

کابرا موقابەلەیان کردبوو کە بۆچی هاتوویت بۆ ئەوروپا؟ ئەویش وتبووی واللە لە ترساندا هاتووم!

وتبوویان لە ترسی چی؟

وتبووی: واللەی ئەگەر مەوزوعی ترسیش بێت لە خوا نەبێت لە کەس ناترسم!

دوای کە ڕەفزیش وەردەگرێت دەڵێ کاکە شەنس و ناوچاوانەکە نایکات.

===

دەڵێـن کابرایەکـی عێراقـی ڕۆشـتووەتە ئەورووپـا، برادەرەکانـی وتوویانـە دەبێت کەیسـێکی وا دابنێیـت کـە نەتوانیـت بگەڕێیتـەوە بـۆ عێـراق و لـەوێ قاچـاخ بیـت!

موقابەلـەی بـۆ هاتبـووەوەو پرسـیاریان لـێ کردبـوو تـۆ بۆچـی هاتوویـت بـۆ ئێـرە؟

ئەویـش وتبـووی واللـە کاکـە گیـان یـەك تەقینـەوەم کـرد لـە بەغـداد سـەدەها کەسـم کوشـت جگـە لـە برینـدارو زیانـی مـادی و ئیـتر ڕامکـردو قاچـاخ بـووم! یەکسـەر سجنیان کردبـوو دوای سـاڵێك تەحقیـق بۆیـان دەرکەوتبـوو هەمووی درۆیـە بـەس بۆ ئیقامـە وای کـردووە!

===

ئـەم ماوەیـە بەسـەفەر ڕۆشـتمە دەرەوە، کەسـێك بـوو بـە هاوڕێم لـە فڕۆکەخانە لـە دەرەوە، ویسـتم باسـی کـوردی بـۆ بکـەم، هەرکـە ووتـم کـورد لوتـی لـێ هەڵکـردم و زۆر بـە سـوك سـەیری کـردم و گوێـی لـێ نەگرتـم، هیچـم نـەوت و زانیـم خەتـای کـێ یـە!!!

===

دەڵێـن کاتـی خـۆی کـە بـۆ یەکەمجـار نـەوت دۆزرایـەوە لـە سعودیە بـە هەڵـەو داوان ڕایانکـرد بـۆ لای پاشـای سـعودیە تـا مـژدەی بدەنـێ، کـە گەشـتنە لای پاشـا، وتیـان: قوربـان نەوتمـان دۆزیوەتـەوە! ئەویـش چونکـە سـعودیە سـەحرایەو ئـاوی کەمـەو لـە هەمـان کاتیشـدا قـەدری نەوتـی نەزانـی بـوو، وتبـووی خۆزگـە ئـاو بوایـە نەوتمـان بـۆ چـی یـە!

===

## توندوتیژی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە

ساڵی ٢٠٠٥ سەفەری حەجم کرد، دوای تەواوبوونی مەراسیمی حەج ڕۆشتم بۆ مەدینە، لە هوتێڵ کەوتمە ژورێکەوە کابرایەکی تیا بوو ئەویش ناوی عومەر بوو لە ئەمەریکاوە هاتبوو بۆ حەج، دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئاخافتن، وتی لە دوای ڕووداوەکەی ٩/١١ حاڵی مسوڵمانان زۆر خراپ بووە لە ئەمەریکا.
ئێستەش ئەوروپا خەریکە هەمان ئەزموونی ئەمەریکا دوای ڕووداوەکەی پاریس دووبارە دەکاتەوە، جا سەیرکە لە دوای ٩/١١وە تا ئێستە ڕێژەی تیرۆر و تەقینەوەو پشێویەکان زۆر زیاتر بووە، ئێستەش بە بڕوای من چەند ساڵی داهاتوو ڕێژەکە زیاتر بەرەو سەرەوە دەکشێت، سروشتی ژیانیش وەهایە توندوتیژی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە...

## بۆ پارە ئازان

ساڵی نەوەدەکان ١٦ فەقێ گیران و سێ ڕۆژ زیندانیان کردین وتیان سەیری فلیمی سێکستان کردووە لە مزگەوتدا، هۆکارەکەش ئەوە بوو دەیانوویست حوجرەکەمان دابخەن! بەردەوام کار بۆ ناشرینکردنی مزگەوت دەکرێت! ئەگەر ئەو کارەی هەولێر لە مەساج خانەکاندا بکرایە، ئێستە چوار پێنج پرۆفیسۆر لەسەر شاشەکان پاساویان بۆ دەهێنایەوە!!! ئەگەر ڕاست دەکەن کابرا بگرن کە مادام کارەکە کرابێت دەیان جیهاز

هەیـە فەحسـی دۆزینـەوەی ئـەو کارانـەی پـێ دەکرێـت، پێشـکەوتووترین جیهـازی غەرامـەی سـەیارەیان لـە ئەوروپـاوە هێنـاوە کەچـی یـەك جیهـازو موختەبەریـان بـۆ ئـەم کارە نـی یـە...

===

کابرایـەك دەیویسـت ئیسـلامم لەبەرچـاو بخـات! بەسەرسـامیەوە هـەر دەیگـوت کاکـە لـە ئیسـلامدا دز دەبێـت دەسـتی ببڕدرێـت...
منیش گوتم کاکە ئێستە تۆ خەمی دەستی منتە یان دەستی خۆت؟!!!

## میللەتێکی زۆر سەیرین، ڕەش و سپی و تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنین...

ئـەم هاوینـی ڕابـردووە بـە سـەفەریك ڕۆشـتمە ئیسـپانیا لـەوێ لەگـەڵ کۆمەڵێـك تورکـدا بـۆ ماوەیـەك پێکـەوە بوویـن، ئەڵبـەت هەرلـەوێ یەکترمـان ناسـی و هیـچ بەرژەوەندیەکـی لـە پێشـینەش نەبـوو، ئیلتیزامـی دینیشـیان نەبـوو زۆربەیـان گەنـج بـوون، مـن وەك ئینگلیزێـك خـۆم نیشـاندا بـۆ ئـەوەی ناخیـان بەرانبـەر کـورد بزانـم چۆنـە! بـۆم دەرکـەوت نـەك ڕقیـان لـە کـورد نەبـوو هـەر زۆر ئاسـایی و سـادە وەك خۆیـان سـەیریان دەکـرد، جگـە لـەوە بەشـێوەیەك نەبـوو لایـان هەڵگـری حقـدو قیـن بـن بەرانبـەر کـورد، هـەر لـەوێ لـە دڵـی خۆمـدا وتـم: ئێمـە سـەقەت پەروەردەکراویـن کـە ڕەش و سـپی و تـەڕو وشـك پێکـەوە دەسـوتێنین...
نزیکـی یـەك سـاڵ و نیـو لـە تورکیـاش کارم کـردووەو بـە ئەزمـوون گەشـتووم بـەو بڕوایـەی پـەروەردەی ئێمـە تونـدەڕەوی زۆر زۆر تێدایـە...

## کابرایەك دەیگوت بەچیدا دەزانیت مەسولەکان دزن؟

منیش وتم بە کلکی قەلەکەدا دەزانم...
کابرایـەك قەلێکـی دزی بـوو کردبوویـە ژێـر چاکەتەکەیـەوە، خـاوەن مـاڵ گرتبـووی، کابـرای دزیـش وتبـووی قورئـان دەخـۆم کـە مـن قـەلم نەدزیـووە، خـاوەن قەلیـش کلکـی قەلەکـەی لێـوە دیـار بـوو بـوو، دەیگـوت بەخـوا نازانـم بـە قورئانەکـەی تـۆ بـاوەڕ بکـەم یـان بـە کلکـی قەلەکـە...
ئاخـر کاکـە گیـان خـۆ قـەل جوجەڵـە نیـە لەژێـر چاکەتـدا بشـاردرێتەوە، هـەروەك ئـەو هەمـوو پارەیـە ئاخـر پێـم بڵێـن چەنـد ملیـار دەشـارنەوە!

## جوزەلە لێدەرو مەسول لێك جیا بکەنەوە

دەگێڕنـەوە کابرایـەك لـە کوردسـتانی عێراقـەوە دەچێـت بـۆ کوردسـتانی ئێـران، بەسەروسـیماو هەیکـەل و جلوبـەرگ پیاوێکـی ماقـوڵ دیـارە، ئەوانیـش وا دەزانـن سـەرۆك عەشـیرەتەو میوانداریەکـی گـەورەی لـێ دەکـەن و خەڵکـی هەمـووی کۆدەبێتـەوە لێـی، کـە شـەو قەرەباڵـغ دەبێـت و هەمـووی چـاوی لـە دەمـی کابـرا دەبێـت، ئەویـش خـۆی دەبڕێـت و دەڵـێ: ئـەوە بـۆ جوزەلەیەکتـان بـۆ لـێ نـەدەدەم! ئەوانیـش واقیـام وڕ دەمێنێـت و ئەوسـا دەزانـن بـە هەڵـەدا ڕۆشـتوون کـە ئـەم کابـرا لۆتیـە نـەك سـەرۆك عـەشرەت...
بەخـوا بـرا ئێمـەش لـەم کوردسـتانەدا وامـان لێهاتـووە بەرپرسـەکانمان جوزەلە لێـدەرن نـەك بەرپـرس، ئێمـە بـە هەڵـە تێگەشـتووین هەر لـە سـەرەتاوە...

## بۆیلەرو حکومەت

گیـرم خواردبـوو بـە دەسـت بۆیلەرەکەمانـەوەو ئـاوی گـەرم نەدەکـرد! لـە خـوارەوە کردمـەوەو وایەرەکانیـم توندتـر بەسـتەوەو زۆری پێـوە خەریـك بـووم، دواتـر بینیـم ئـەو گڵۆپـەی کـە لـکاوە بـە بۆیلەرەکـەوە هـەر ئیـش نـاکات، وتـم پـێ دەچێـت گەرمـی بـکات بـەڵام کێشـە لـەو گڵۆپـەدا بێـت، بەهەرحـاڵ شـەو وازم لێهێنـا تـا بەیانـی و بەیانـی ڕۆشـتمە حەمـام ئـاوم بەردایـەوە سـارد بـوو، وتـم بـا تۆزێکـی بـڕوات گـەرم دەبێـت، نـە قوربـان خەریـك بـوو ئاوەکەشـمان تـەواو ببێـت هـەر گـەرم نەبـوو، زۆر بـێ تاقـەت بـووم و ویسـتم وەسـتایەکی بـۆ بهێنـم!! دواتـر بینیـم کێشـەکە زۆر زۆر ئاسـانەو مـن لەبیـرم کـردووە ئەویـش ئەوەیـە بۆیلەرەکـە لـە کارەباکـە دانەگیرسـاوە!!!!

چارەسـەری کێشـەکانی هەرێمیـش هـەر ئەوەیـە ئەگـەر بیانەوێـت موچـە بـدەن هـەر دەبێـت دەسـتی پیـا بنێـن، گـەر نەیانەوێـت بەخـوا بۆیلەرەکـەش بگـۆڕن سـەد وەسـتا بهێننـە سـەری هـەر گەرمـی نـاکات..

## فێری زمان ببن نەك درۆ

کابـرا چەندێکـە لـە ئەوروپایـە فێـری زمـان نەبـووەو هـەر ئـەم و ئـەو فـۆڕمـی بـۆ پـر دەکاتـەوەو موتەرجمـی بـۆ دەکات، کەچـی هاتبـووە بـۆ کوردسـتان وتبـووی کوردیەکـەم بـاش لەبیـر نەمـاوە، ئـەی خـوا ماڵـی خـۆت و زمانـە ئەوروپیەکەشـت ئـاوا کات لەبـری زمـان فێـری درۆ بـووە...

## رزق لای خوایە

لە جێگەیەك كارم دەكرد لە لەندەن، سەفەرێكی گرنگم بۆ هاتە پێش، بە ئسلوبێكی جوان پێم وتن كە كارێكی ئاوام بۆ دروست بووە! وتیان ناخوات تۆمان زۆر پێویستە! وتم ئاخر سەفەرەكەی من كاتیەو دەبێت بڕۆم، وتیان نابێت! وتم دەی Bye Byeڕۆشتم بەجێم هێشت و سەفەرەكەم زۆر بە ئیسراحەتی كرد...

## بزەو ترسی ڕاپەڕین...

كابرایەك هەموو ڕۆژێك لەناو خەڵكیدا باسی كڕینی سەیارەی كردبوو، ڕۆژێك هاوڕێیەكی وتبووی: ئەرە كاكە مێشكت بردین، ئەوە پیاوێكی چاك و سیقەو شارەزا پێ دەزانم و لەگەڵتی دەنێرم سەیارە بكڕەو لە كۆڵمان بەرەوە، ئەویش وتبووی: نا كاكە، ئەوەی پێ ناوێت من سەیارەم بۆ منداڵە چكۆلانەكەم دەوێت...
خەڵكیش كە باسی ڕاپەڕین دەكەن مەبەستیان ئەوە نی یە ڕاپەڕین بكەن،مەبەستیان ئەوەیە یادی ڕاپەڕین بكەنەوە...
ئەرێ هەر بیلموناسەبە دەڵێن حیزبیەكان ڕاپۆرت نوسیان زۆر زۆرە، كەچی لەم كاتەدا كەسێك نەبووە ڕاپۆرتێكیان بۆ بنوسێت و بڵێ كاكە بێخەمبن ڕاپەڕین ناكرێت، بابە گیان ڕاپەڕین بە دەم خۆشەو ئامادەكاری دەوێت خۆ بە فشە فشەی فەیسبووك نابێت، كورە لەوانەیە هەر مەسەلە بەنزین هەرزانیش بێت وا مێكزەمینیەكان لە سلێمانی دەسوڕانەوە...
دووریش نی یە هەر بۆ پیاسە بوو بێت، خۆ مەگەر ڕەقەم حكومیەكان

پیاسەی پێ ناکەن دایمە، ئێ خۆ چی یە با ئەوانیش پیاسەیەکی ناوبازاڕو دەوروبەری شاریش بکەن...
٥ی ٣ش ڕۆشت با هەر بڕوات، خۆ دوای دونیا نی یە، با ٥ی ٣ی ساڵێکی تر بێت، خۆ ساڵ تا لا دەکەیتەوە لە خۆیەوە دەڕوات...
خوا نەیبڕێت بەهارەکەی ئەمساڵ زۆر خۆشە بۆ لە خۆمانی بکەین، ساڵی پار کیلۆی دۆمەڵان ٢٥ هەزار بوو ئێستە ٨ هەزارە لە خانەقین، ڕاپەڕین دادەنێین بۆ وشکە ساڵێك کە مەلاکانیش تاقەتی نوێژە بارانەشیان نەبێت.

## پسپۆڕی بە زانست نەك بە جەستە

کاك حەمە سەعید بۆی گێڕامەوە کە بۆ یەکەمجار قوتابخانە هاتووەتە گوندەکانمان چوون خەڵکی خوێندەواری نەبووە هەرکەس ڕۆشتووە لە پۆلی یەك وەریانگرتووە، جا دەیگوت هەبووە منداڵێکی بچوك بووە، هەش بووە پیاوێکی کامل بووەو ڕۆژی دووبار داری دەهێنا، چوون هەمووی خوێندەواری نەبووە جیاوازی نەبووە لە نێوان گەورەو بچوکدا.

خۆزگە ئێستەش قوتابخانەیەکی پەروەردەی حەقیقی و لەسەر ڕەوشتی قورئانی دەکرایەوەو کەسانی پسۆڕ هەڵسەنگاندیان بۆ خەڵکەکە بکردایەو هەرکەس لە پۆلی خۆی دابنرایە، گومانم نی یە پیاوی گەورەی وا کە لە ئاستی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکانە دەیانکردن بە گوێگرو شمولی پۆلی یەکیشی نەدەکرد...

## دانیشتن لەسەر کورسی هەڵە

سـەفەری وڵاتێکـم دەکـرد تەیارەکـە لـە کاتـی خۆیـدا نەهـات و کێشـەیەکی گـەورە بـۆ هێڵـی ئاسـمانی ئـەو تەیارە دروسـت بـوو، دواتر چـوون ئـەوان باریان لار بـوو ئێمـە هەرچیـمان بوتایـە قبوڵیـان دەکـرد، دوای ئـەوە کـە تەیـارە هـات و سـەرکەوتین مـن ڕۆشـتم لـە پێشـەوە دانیشـتم و تۆزێـك بێتاقـەت بـووم، چـوون تکتـی وڵاتێکـی تریشـم بڕیبـوو ئەویـش بەهۆیـەوە هەڵوەشـایەوە.
قسـەکە ئەمەیـە ئـەو جێگـەی مـن لێـی دانیشـتبووم هـی مـن نەبـوو، دەبوایـە بزنزمانـەکان ئەوانـەی کـە پـارەی زۆریـان داوە لەوێـدا دابنیشـن! بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی لەوێـدا دانیشـتبووم خزمەتێکـی زۆریـان کـردم، خـوا هەڵناگرێـت هـەر بکۆکیایـەم دوان لـە بەردەمـما حازر دەبوون، خواردنـی وایان بـۆ دەهێنـام نازانـم ناوەکـەی چـی یـە ئەگینـا دەمنوسـی، دواتـر بـۆم دەرکەوت زۆر لـە کورسـیە دونیاییـەکان خەڵکانێکـی لەسـەر دانیشـتوون بەهەڵـە بـووەو پـارەی ئـەو جێگەیـان نـەداوەو شایسـتەی نیـن، زۆر لـە خەڵکیـش گێلانـە ناڵـێ ئـا کـوا بلیتەکـەت بـا بزانـم ئـەو جێگـەی هـی خۆتـە، کـورە هەیـە هـەر بـە قاچاخیـش سـەرکەوتووەو کەچـی هەمـان خزمەتیـش دەکرێـن!

## عەرەبی ئاسانترە تا کۆد

کابرایـەك وتـی کاکـە گیـان ئـەم قورئانـە هـی عەرەبـەو بـۆ عـەرەب هاتـووە، ئێمـە ئەسـڵمان زەردەشـتیە! وتـم ئاخـر بەخـوا عەرەبیەکـە ئاسـانترە لـە کۆدەکانـی زەردەشـتی، هەرکـەس لێـی تێنـاگات! مەگـەر بـە پیك بیشـکێنین.

## نازانم لە ئەزانم بە درۆوە باشترە

تـازە گەشـتبووینە ئەوروپـاو لـە کارگەکانـدا ئیشـمان دەکـرد، زمانمـان چـاك نەدەزانـی و ئـەو نەزانینـەش زۆرجـار سـودی هەبـوو لـەوەی هەندێـك ئیشـی موعەقەدیـان پـێ نەدەدایـن، دواتـر وردە وردە زمـان فێربوویـن بـەڵام هەندێـك جـار هەندێـك کاریـان بدایتـە پێـمان دەمانگـووت I don,t understand واتـە تێناگـەم، جـا ئەنـدام پەرلەمانەکانـی خۆشـمان هەمـان نەزەریـات پیـادە بکـەن زۆر باشـە، هـەر بڕیارێکیـان بـە دڵ نەبـوو بڵێـن مـا افهـم واتـە تێناگـەم، خـۆ خۆشـیان وتیـان هەندێـك لـە ئەنـدام پەرلەمانـەکان عەرەبـی نازانـن، کوردیـش باشـی وتـووە نازانـم ڕەحەتـی گیانمـە، بـەڵام ئـەم کـوردە قـوڕ بەسـەرە سـەری لـە هەمـوو شـتێك دەبێتـەوە هـەر دەڵێـت دەزانـم! کەچـی ناشـزانێت!!! توخـوا ئـەوە زانینـە؟ ئەگـەر زانیـن بوایـە ئاوامـان بەسـەر دەهـات!!!!!

## شـوکری خـوا...

ئەمڕۆژانـە لەگـەڵ هاوڕێیەکمـدا دەمەتەقەمـان دەکـرد، منیـش باسـی شـوکری خـوای گـەورەم بـۆ دەکـرد، وتـم بـۆ نموونـە مـن ئێسـتە بـەم شـێوە شـوکری خـوای گـەورە دەکـەم، بیـری نیعمەتەکانـی دەکەمـەوە نـەك هـەر پـارەو پـول! وتـی یەعنـی چـۆن؟ وتـم بـۆ نموونـە ئەگـەر سـەیری سـەرم بکەیـت و بـە پـارە بیخەملێنـی بـای ٤ ملیـۆن دۆلار لەوانەیـە قـژم هەبێـت، هـەر فریـای سـەرچاك کـردن دەکـەوم، جگـە لـەوەی ئـەوەی مـن سروشتیشـە، بـەو شـێوە باسـی زۆر ئەندامەکانـی تریشـم کـردو کـۆم دەکـردەوە زۆری دەکـرد، باسـی بـاڵام نەکـرد دواتـر وتـی ئـەی بـاڵا، وتـم لەوەیانـدا ٥٠ وەرەقـە زەرەر دەکـەم، پەنجـا وەرەقـە لـە کـۆی هەموویـمان دەرکـرد هـەر ملیۆنـەر دەرچـووم. شـوکر بـۆ تـۆ خودایە...

## كوردو هەڵپەڕكێ

حاجی یوسف ی مامی دایكم وتی: ئەگەر من سەدام حسێن بوایەم تا مردن لەسەر حوكم دەمامەوە! وتیان چۆن؟ وتی سەدام گیری بە دەستی كورد و شیعەوە خواردبوو، شیعە حەزی دەكرد لە خۆی بدات بۆ ئیمامی حسێن و كوردیش حەزی لە هەڵپەڕكێ دەكرد ئەویش نەیدەهێشت، بۆیە كێشەی بۆ دروست دەبوو، وتی من بوایەم زنجیری دونیام دەكڕێ بۆ شیعە با هەر بدەن لە خۆیان و دەهۆڵی دونیاش بۆ كورد با بۆ خۆیان هەر هەڵقونایەن، ئێستە منیش سەرۆكی ئەم وڵاتە بم هەتا هەتایە بەبێ دەستورو پەرلەمان لەسەر دەستەڵات دەمێنمەوە ئەویش بەوەی هەركەسەو ئەكاونتێكی فەیسبووكی بۆ دەكەمەوە بە بەلاش بزان كەس نقە دەكات...

## ناهێڵین چاو بكەینەوە

دەگێڕنەوە لەسەردەمی یەكێك لە خەلیفەكاندا كابرایەك ئیدعای پێغەمبەرایەتی كردووەو گرتوویانەو بردوویانەتە بەردەم خەلیفە، خەلیفە لێی پرسیووە تۆ پێغەمبەریت؟ ئەویش وتوویەتی بەڵێ پێغەمبەرم! پرسیاریان لێكردووە باشە ئەگەر پێغەمبەریت خوای گەورە بۆ چ قەومێك تۆی ناردووە؟ ئەویش توویەتی جا برا ئێوە هێشتان خوای گەورە بۆ هیچ قەومێكم بنێرێت ! هەر كە بووم بە پێغەمبەر یەكسەر دەسگیریتان كردم!

نوێنەری خۆپیشاندانەكانیش پێش خۆپیشاندانەكان دەگیرێت

ئا بیەڵن بزانن چ دەکەن خواماڵتان ئاوا کات....

## دڵت لە کوێی خۆت چووە

برادەرێکم هەیە بە تەمەنەو دەیویست ژن بهێنێت، هەرچەند ژنمان بۆ دەنایەوە ڕەفزی دەکردو خۆی پێ باشتر بوو!
ڕۆژێک بێتاقەت بووم وتی برا دەی تۆش هەندێک بێرە خوارەوە! وتی ماموستا گیان من عەیبم چی یە، واللە ئەگەر تۆزێک ئەم چرچانەی دەموچاوم نەبوایەو قژم هەبوایەو ڕەش بوایەو تۆزێک بالاّم ڕێک ببوایەت و ڕجیمێکم بکردایەو دانەکانم نەکەوتایە هەر حسابم بۆ ئەو ئافرەتانە نەدەکرد، وتم شتێکت لەبیر چوو هەندێک ئەقڵیشت هەبوایە ئیتر مەگەر بڕۆشتایەت بۆ سەرمانگ ژنت بهێنایە...
جا ئەم حکومەتەش ڕێک دەردی ئەو کابرای لێهاتووە، جا توخوا ئەندامێکی ساغیم پێ بڵێن...

## ڕۆژێك شەهادە دەوری هەیەو ڕۆژێك مانگا

کاکە ماوەیەك موچە باش بوو هەمووی سەری کردە خوێندن وەك لەنگەکەی ئێستە، بە شەو و بە ڕۆژو بە ئاسایی و بە نا ئاسایی و بە ڕاستی و بە تەزویر هەمووی هەوڵی شەهادەی دەدا! داوای ژنت بکردایە دەبوایە مۆزەف بوایەیت یان ماموستا، کەچی ئەمڕۆ کابرایەك دەیگوت واللە ئێستە بچیت بۆ داوای ژن دوو مانگات هەبێت ژنت پێ دەدەن بەس نایدەن بە مۆزەف و ماموستا...

نەڵێن هەموومان مانگاین عەیبە.....
بیلموناسـە بـاش بـوو کەوتـەوە بیـرم، خەڵکـی دەربەندیخـان گلەیـی لـە قایمقـام دەکـەن لـەوەی مانـگاو سـەگ زۆر بـە کۆڵانەکانـدا دەگەڕێـن و تـا ئێسـتە چارەسـەر نەکـراوە...

## کۆپان و میللەت

دەگێڕنـەوە کابرایـەك دەچێتـە لای کۆپـان درویـەك و کۆپانێکـی بـۆ کەرەکـەی دەوێت.
بەکۆپاندرووەکـە دەڵـێ: کاکـە گیـان هەمـوو بژێـوی مـن لەسـەر ئـەم کەرەیـەو زۆرم بـەلاوە گرنگـەو کۆپانێکـی زۆر باشـم بـۆ بـدورە، ئەویـش دەڵـێ خەمـت نەبێـت، کابـراش زۆر بـە تاسـە ئیشـەکەی بەباشـی بـۆ بکرێـت و دەڵێـت بەقوربانـت بـم وا بزانـە بـۆ خۆتـی دەدوری...
ئـەرە کەسـێك نـی یـە بـەو شـێوە دڵسـۆزانە بڕواتـە لای بەرپرسـەکان و بڵێـت: کاکـە میللـەت تـەواو فەشـەلی هێنـا وا بزانـن بـۆ خۆتانـی دەدورن...

## بۆ سابونیش ناشێین

ماڵـمان لـە ئـۆردوگای گردەنـوو بـوو، دەنگـۆی ناونووسـین هەبـوو بـۆ خـارج، ئەوسـا خەڵـك زۆر هۆشـیاری نەبـوو بـە گشـتی!(یەکێ نەڵـێ بـۆ ئێسـتە زۆر هۆشـیارین!) دەیانگـوت کاری وا نەکـەن بـڕۆن بـۆ خـارج! بەخـوا دەڵێـن لـەوێ هەرکـەس ناشریـن بێـت دەیکـەن بـە تایـت، ئـێ ئێمـەش لەچـاو ئەوانـدا هـەر ناشرینیـن و دەمانکـەن بـە سـابوون و تایـت!

جـا تـۆ بڵێـی ئێمـە بۆ سـابوون و تایـت دەسـت بدەین؟ چـوون ئێمـە قەومێکین لەنـاو خۆمانـدا پیسـین! چـۆن دەتوانین کەسـانی تر پـاك بکەینەوە.

## نەبووەتە دختۆر ئێمە هەڵەین

کاتـی خـۆی ئیشـمان دەکـرد لـە کۆمپانیایەکـی شـیرینی لـە بەریتانیـا، یەکـی بەدلەیەکـی سـپیان پێدەدایـن لەبـەر پاکوخاوێنـی، برادەرێکـم وێنـەی پێـوە گرتبـوو ناردبوویـەوە بـۆ کوردسـتان! ماڵیـان دڵیـان خـۆش بـوو بـوو، وتبویـان کوڕەکەمـان بـووە بـە دختـۆر لـەو خارجـە!
هەندێـك مەسـولیش وامـان زانـی بوونەتـە بەشـەر لـەو خارجـە کەچـی دوای بینینـی ئـەو پێشـکەوتنەی دەرەوە کـە دێنـەوە زیاتـر دزی دەکـەن! خـوا ماڵتـان ئـاوا نـەکات سـودتان تەنهـا لـە مافیاکانـی دەرەوە بینیـووە!
دزی نـاوە موسـەقەفانەکەی گەندەڵیـە! ئەڵبـەت گەندەڵـی حیزیـش دەگرێتـەوە! بـە کورتـی وتـرا گەندەڵـی واتـە حاویـەی پۆخڵەواتـەکان. حەقـی خۆیەتـی کـرێ دابنرێـت بـۆ هەرکەسـێك ئـەم حاویانـە فـڕێ بـدات!

## شەڕواڵەکەی ناسنامەیە

ئەگـەر ئیسـلام دەسـتەڵاتی هەبێـت نـەك فیـزە جەوازیـش لەنێـوان وڵاتانـدا هەڵدەگرێـت و لـە ڕابردووشـدا کردوویەتـی...
خزمێکـمان لـە ئێـران تەلەفۆنـی بـۆ کـردم وتـی دەمەوێـت سـەرتان لـێ بـدەم بـەڵام پاسـەپۆرتم نـی یـە، منیـش وتـم قوربـان گیـان پاسـەپۆرتی بـۆ چـی یـە لە پـازدارەکان تێپـەڕە منیـش دێمـە شـوێنتاو دێینـەوە بـۆ ماڵـی خۆمـان، ڕۆشـتمە

شـوێنیا لـە سـەیتەریەی پاسـەوانی سـنور داوای ناسـنامەیان کـرد وتـم کاکـە ناسـنامەی بـۆ چـی یـە شـەڕواڵی کـوردی لـە پێدایـەو بـە کـوردی قسـە دەکات و بـۆ ماڵـی ئێمـە دێـت، ئیـتر دەربـازم کـردو سـەفەری خـۆی کـردوو گەڕایـەوە.

## بندیوارەکان

وتـی مامۆسـتا بـۆ دوعاکانـم گیـرا نابێـت؟ وتـم لەبـەر ئـەوە نانەکـەت حەرامـە بۆیـە! وتـی بـۆ؟ وتـم بـۆ خـۆت گێـڵ دەکەیـت بندیـوار، توخـوا ئـەو موچـە ئـەوە دێنێـت بەینـی خۆتـی لەگـەڵ خـوای گـەورەدا پـێ خـراپ بکەیـت!
هەمووی دەرمان دەبێت و قەرزیشی دێتە بان ان شاء الله...
بندیـوار لای مـن هـەر ئەوانـە نیـن کـە دەوام ناکـەن و حەرامیـش هـەر ئـەوە نـی یـە بەبـێ دەوام وەری دەگـرن!
===
موقابەلـەی گـۆڕانـی بێژێکیـان دەکـرد لـە یەکێـك لـە کەناڵـە کوردیەکانـەوە، کابـرا گیانـی دەدا بەحـاڵ قسـەی دەردەهـات! کابـرای موقابەلەچـی پرۆفیشـناڵ! پرسـیاری لێکـرد: پـرۆژەی داهاتـووت چـی یـە؟
ئەویش وتی واللە هیچ پرۆژەم نەماوەو بەتەمای خوام، فول ستۆپ.

## ژن هێنان و دەوڵەتداری

تـازە ژنـم مارەبـڕی بـوو لەگـەڵ هاوڕێیەکمـدا قسـەم دەکـرد، وتـی واللـە تـۆ زۆر زوو ژنـت هێنـاو مـن وا ناکـەم، ئەگـەر ژن بهێنـم ٣٥ پرسـیارم نوسـیوەو دەبێـت ئـەو کچـەی دەیهێنـم هـەر ٣٥ پرسـیارەکەی تێـدا بێـت!

منیــش وتــم جــا قوربــان ئافرەتــی فەقیــر شــو دەکات یــان تاقیکردنــەوەی بەکالــۆری؟ ئــەی ناکرێــت کەمێــك پرســیارەکانت کــەم کەیتــەوە؟ وتــی نــا نــا هەمــوو پرســیارەکانم شــەرعیە!
ســەرتان نەیەشــێنم ئێســتەش کابــرا ژنــی نەهێنــاوەو خــوا پێــمان نەگرێــت مەعلوماتــم هەیــە بــە حەرامیــش مەمنونــە!
جـا بـرا کاتێـك حیزبـەکان کـۆك بـوون لەنـاو یەکدا پارتـی هـەر ئـەم بەهـارو ئـەو بەهـاری ئەکـرد، ئێسـتە خێـرە بـەم هاوینـە دەوڵـەت ڕادەگەیەنێـت، خـوا پێـم نەگرێـت ئەویـش دەردی کابـرای لـێ قەومـاوە!

## ڕێکـەوتن لـە ژووره تـاریکـەکـاندا

دوو دەســتە بــوو بــە ناکۆکیــان و داوایــان کــرد مــن شــەرعیان بکــەم، دەســتەیەکیان وتیــان کاکــە ئێمــە تۆمــان قبوڵــەو قەناعەتمــان بــە ئیــمان و عیلمــت هەیــەو هەرچــی بڵێــی ملــمان لــە مــو باریکــترە لــە ئاســتی شــەرع، ئــەو دەســتەکەش وتیــان کاکــە ئێمــەش هەروەهــا بــەڵام بــا پێشــتر دانیشــتنێك بکەیــن، ئــێ قوربــان ســەرتان نەیەشــێنم دانیشــتین وتیــان دەبێــت ئێمــە هەرچیــمان وت تــۆش ئــەوە بڵێــی!
وتــم جــا قوربــان ئــەوە کــەی قبــوڵ کردنــە، ئــەوە ڕێــك وەك کاراکردنەوەکــەی پەرلەمــان وایــە! خــۆ ئــەوان موچەیەکیشــیان هەیــە خــۆ مــن ئەوەشــم نــی یــە!
ئیــتر شــەرعەکەش نەکــراو ئــاو بێــرەو دەســتت بشــۆ...
ئێستە خۆ تێدەگەن کاراکردنەوەی پەرلەمان چۆنە!
د یوسف پیاوی چاکەو دکتۆرای هەیە بەڵام نابێت لە قسە دەربچێت!

## بێ ئیش و کوردایەتی

برایەکم وتی: من دەوڵەمەند بوایەم پارتی و یەکیەتیم فەشەڵ پێ دەهێنا!
وتم: چۆن؟
وتــی: مەعمــەلم دەکــردەوە ئــەوان مانگــی ٥٠٠ هەزاریــان بدایــە بــە خەڵــك مــن زیاتــرم دەداو ئیــتر خەڵکەکــەش دەهاتــن بــۆ لای مــن! خەڵکــی لــە بــێ ئیشــیدا بــووە بــە حیزبــی و کارمەنــدو شــەڕی کوردایەتــی دەفرۆشــێت.

## تەکلیفی قورستر لە ئەرك دەکەن

لــە ســجندا لــە دهــۆك دوای شــەو و ڕۆژێــك ٢ ســەمونی وشــکیان پێدایــن و لەگــەڵ وەرگرتنیــدا کابــرا دەیگــوت دوعــا بکــەن بــۆ شــەهیدان!
منیــش وتــم بەخــوا بــرا بــە ســەمونی وشــك دوعــا ناکرێــت، ئــا تــۆ قۆزیەکــت بانگکردایــە ئەوســا دوعامــان بــۆ شــەهیدان و بــۆ ئێــوەش دەکــرد!
جــا ئێســتەش حکومەتەکەمــان وای لێهاتــووە! میللەتــی کڕاندووەتــەوەو داوای دوعــای خێریشــیان لــێ دەکات! بەخــوا بــرا بــە گەنمــی نەهــەڕاو دوعــا ناکرێــت!

## خــودناســی و گــۆڕانکــاری

کاتــی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی ڕابــردوو، چەنــد لایەنێــك داوایــان لێکــردم خــۆم هەڵبژێــرم بــۆ ئەنــدام پەرلەمــان.
وتــم لــە ڕاســتیدا مــن بــۆ ئەنــدام پەرلەمــان کەســێکی شــیاو نیــم، ئەنــدام پەرلەمــان باشــترە کەســێك بێــت دەرچــووی یاســا بێــت و حــەزی بــەو کارەش

هەبێـت، مـن نـە دەرچـووی یاسـام و نـە حەزیشـم لـە ئەنـدام پەرلەمانـی یـە. لـە زانکۆیەکـدا بـم و دەسـتی حیزبـی نەخەنـە کارمـەوە دەتوانم مامۆسـتایەکی سەرکەوتووبم.

## غیرەتی دەوێت

کابرایـەك تەلەفۆنـی کردبـوو بـۆ مەلایـەك: مامۆسـتا شـەرعەن جائیـزە ژنێکـی تـر بهێنـم؟
مامۆستا: والله قوربان ئەوە شەرعی ناوێ غیرەتی ئەوێ.
ئێمەش غیرەتمان ئەوێ شەرع خۆی لەگەڵ کاری حەقدایە..

## تەکلیفی قورس دەکەن

کابرایە زۆر قەڵەو ڕۆشتبوو بۆ دکتۆر لە تاو ئازاری پێیەکانی!
دکتـۆر وتبـووی بـرا پێیەکانـت چـۆن ئـازاری نابێـت وەك وایـە گلابـە تایـەی پاسـکیلی لـە ژێـردا بێـت!
حکومەتیـش بـاری گلابـەی لـە ئێمـە نـاوە بەبـێ ئـەوەی دوو تایـەی بـاش بخاتە ژێرمـان! کەچـی دەشـڵێ بـۆ هـاوار ئەکـەن! ناتوانیـن ڕاتانکێشـین دواتـر هـەڵ دەدێرێـن و خۆتـان زەرەر ئەکـەن!
فلیقیاین و بووین بە نانە قەیسی خوا ماڵتان ئاوا نەکات!

## دەردی تێنەگەشتن و زمان

برادەرێکم هەیە ڕۆشتبوو بۆ گەرمیانی، وتی واللە کوردیەکەم لەبیر چووەتەوە لە کاتێکدا هەم مامۆستام و هەمیش ڕۆژنامەنوس لە خۆیا!
وتم بۆ؟
وتی کابرایە پێی وتم مامۆستا ئەو ڕۆژە لە بازاڕ بینیتانمانتان!
وتی واللەی تێنەگەشتم کێمان ئەوی ترمانی بینیوە!
ئێمەش لەگەڵ حکومەتدا وامان لێهاتووە!

## مل لەقاندن و بازگەکان

لە سەیطەریەکەی هەولێر کابرا ملی لەقاند وتی لادە! منیش وامزانی دەڵێ بڕۆ وە بەڕێکەوتم! کابرا کەوتە شوێنم و بەرز دەبویەوە! وتم خوا نەکات نەمزانی بێت و پێی بە بەر ژێر تایەکە نەکەوتبێت! وتی کاکە کو هەراتی! وتم ئەنگۆ گۆتت بڕۆ! وتی نا کو دەبیتن تا نەتپشکنین و داوای شتت لێ نەکەین و ئەدی لە سلێمانیش وا دەکەی؟ وتم ئەرێ وەڵا هەر ملی لەقاند لای ئێمە یەکسەر بەڕێدەکەوین!

لە ئیبراهیم خەلیل ٢ سەعات ڕایانگرتم لەبەر ئەوەی ناوی محمدی کوڕم لە لیستی داواکراوەکاندا بوو! محمدیش تەمەنی ٤ ساڵ بوو! قوربانی سستمی ئەلیکترۆنیەکانتان بم!
لە هەولێرەوە بۆ کەرکوك دەڕۆشتم ٣ سەیارەی جام ڕەش لە پێشمەوە بوو! هەر سێکەی یەك ژمارەی هەبوو! زوو زوو پێش و پاشی یەك دەکەوتن بۆ

ئـەوەی نەزانرێـت مەسـولەکە لـە کامەیاندایە!
ئەوە ئەمنیەتە؟

## کـەیسـی کـورد و کـێشـەی کـورد

کابرایەك لە مەحکەمە وتبویان تۆ بۆچی هاتوویت بۆ ئەوروپا؟
ڕۆشـتبوو گڵۆپەکانـی کوژاندبـووەوە، کـە بـوو بـوو بـە تاریکـی و هـەرا، وتـی لەبـەر ئـەوە.
ئەی تۆ بۆچی هاتوویت بۆ ئەوروپا؟
کێشەم هەبوو
کێشەکەت چی بوو؟
جا چی نەبوو
باسی بکە بۆمان
جا چیتان بۆ باس بکەم
دەست پێ بکە؟
جا لە کوێوە دەست پێبکەم
ئیتر هەروا ڕۆشتبوو تا ئیقامەی وەرگرت
جـا ئێسـتە هەندێـك نوێنەرایەتـی کـورد دەکـەن لـە سـەفەری ئەوروپـاداو بیـری کەیسـەکانیان دەکەوێتـەوە ئەوانیـش، بەخـوا گاڵتەیـان پیـمان دێـت...

## نوێنەرایەتی کردنم وەك قەومی کورد لە لەندەن

٢٠١٢تەلەفۆنیـان بـۆ کـردم لـە لەندەنـەوە بـۆ بەشـداری موئتەمەرێکـی گـەورە بـە بەشـداری دەیـان وڵات و قەومیەتـی جیـاواز دژی بەشـار ئەسـەد وەك

نوێنـەری کـورد!
منیـش پختـەو جـوان ڕۆشـتم و وتـاری خـۆم بـە ئینگلیـزی پێشـکەش کـرد، وتـم ئێمـە وەك کـورد هەمووم‌ـان دژی بەش‌ـار ئەسـەدین چـوون زاڵمـە، وتـم هەمووم‌ـان موتەفیقیـن لەسـەر ئەمـەو کـەس قسـەم ناشـکێنێ لـە کوردسـتان!
سـەرتان نەیەشـێنم یـەك دونیـا سـانکیویان کـردم!
نانم‌ـان خـواردوو زۆر محاوەلەی‌ـان کـرد شـەو بمێنم‌ـەوەو هۆتێلـی ڕاقی‌ـان گرتبـوو، وتـم قەینـا خـۆم ماڵـم لێرەیـەو ماڵت‌ـان ئـاوا بێـت!
ئـەی ئەگـەر مـن نەڕۆشـتایەم یەکـێ تـر ئەڕۆشـت و دەیگـوت بەشـار ئەسـەد دۆسـتی کـوردەو ئێمـە پشـتگیری دەکەیـن ئەوسـا یـەك دونیـا فاکۆفیـان لـێ دەکـردوو حەیاشـی ئەبردیـن!
ئیـتر وڵاتـی ئێمـە وایـە هەرکـەس زوو لـە خـەو هەسـتا ئـەو وتەبێـژە! سـا خـوا بـکات یەکـێ چـاك هەمـوو بەیانیـەك زوو خەبـەری بێتـەوە.

## کێشـەی ژن و دەوڵەت

نـە ژن پیـاوی دەویسـت نـە پیاویـش ژنەکـەی دەویسـت! کەچـی هیـچ کامیشـیان بـە تـەڵاق ڕازی نەدەبـوون!
وتـم بـرا ئێـوە هەردوکتـان هـەر بـە وەرەقـە ژن و مێـردن وەك چـۆن عێـراق هـەر بـە وەرەقـە وڵاتـە !
یان پێکەوە بژین یان ئەو وەرەقەش بدڕێنن!
جـا ئێسـتە کێشـەیەکی گـەورە دروسـت بـوو ئایـا کوردسـتان و عێـراق کامیـان ژنەکـەن و کامیـان پیاوەکـەن؟
لەوانەیـە هەندێـك بڵـێ: یەکسـانی فکرەیەکـی چـاك بێـت! دووریـش نیـە

یەکێ تر بڵێ: هەرچەند هەرێمیش دانەنیشێ ئەو هەر ئامادەی جیابونەوە نیە گەرچی پەلکەی زەردو سەوزیش بهۆنێتەوە!
ها دادگای عادل چەن گرنگە لەم کاتەدا! بەڵام داخەکەم ئێمە نیمانە!

## ئای قەومی کورد یەژی قەومی موساین

ڕ
ۆشتمە کەمپێکەوە لە یەکێك لە وڵاتە ئەوروپیەکان کابرایەك لە چاوەڕوانی ئیقامەدا ئێسقانی ورد بوو بوو! کەچی ڕەسمێکی هەڵواسی بوو شانازی پێوە ئەکرد! وتم برا خەڵکی لێرە بەو ڕەسمە ئیقامە وەرئەگرێت ئەوەنە خەتەرە، کەچی تۆ شانازی پێوە ئەکەیت! ئا ئەمە ڕۆژەکەیە ئەبینی تا مردن ئێرە جێگەت بێت!

## نازانین چ بکەین لە دەستی قسە

لە بەریتانیا بووم وتیان ئەگەر ڕاست دەکەی وەرەوە کورستان خزمەت بکە!
گەڕامەوە بە شەهادەی دکتۆراوەو وتیان تۆ ئەقڵت لە دەستداوە چ دەکەیت لەم کاول بووەدا!
گەڕامەوە بۆ بەریتانیا دیسان دەڵێن ئەگەر ڕاست دەکەی بگەڕێرەوە کوردسان!
ئەی شەرت بێت ئیتر بەهاران نەبێت نەگەڕێمەوە کورستان...
بەهاران بۆ خۆم دێم و هەڵپەڕکێ دەکەم و دەڵێم کوا بۆ وتتان کوردستان ناخۆشە! عەیب ناکەن دەڵێن حکومەت خراپەو سەوزای نیە!

## خزمێکمان سیلاحێکی کڕی بوو!

خەڵکیش وتبویان کاکە ئەوە ئێستە مەمنوعەو دەبێت مۆڵەتی بۆ بکەیت.
ئەویش وتبووی مۆڵەت چی یە؟
وتیان مۆڵەت وەرەقەیەکەو ئیتر ئەگەر داوایان لێکردیت دەبێت نیشانی بدەیت.
ئەویش وتبووی جا من سیلاحم پێ بێت پیاوم ئەوێت بتوانێت داوای وەرەقەم لێ بکات.

## داربەرزکەرەوە سەگی دز خۆی ڕادەکات

کابرایە وتی دزیمان لێکراو بەخێزان و مناڵەکانم وت لای یەك کەس باسی نەکەن!
وتی دوای ماوەیەك کابرایە وتی ئەوە چ بوو پارەکەتان نەدۆزیەوە؟
وتی منیش وتم پارەی چی؟ کێ باسی کردووە لات؟ وتی واللە خەڵك نازانم کێ بوو!
وتی وتم دە بەخوا خۆت بردووتەو دەبێت بۆمان بگێڕیتەوەو پارەکەی لێ وەرگرتەوە!
باشە کابرا تیرۆر کراوە کەس نەگیراوە ئەی چۆن زانیتان کێشەی کۆمەڵایەتیە؟!
کێ باسی کرد ؟

## ئەوە حاڵمانە

لـە مەتـاری ئەتاتورکـەوە بـۆ سـلێمانی دەگەڕامـەوە ئافرەتێکـی کـورد دوو پۆلیسـی لەگـەڵ بـوو! فەقیـرە زەرد زەر هەڵگەڕابویـەوە بەدەسـتیانەوە! وتـم کێشـە چـی یـە؟ وتـی: بـە جـەوازی تەزویـرەوە ویسـتوومە بـڕۆم بـۆ دەرەوە، تـا ئێـرە بڵـێ قەینـا، ئـەوەی بەلامـەوە سـەیر بـوو هـۆکاری کەشـف بوونەکـەی ئـەوە بـوو کـە بلیتەکەشـی تەزویـر بـوو بـوو، وتـم ماڵـت بەقوڕگیـرێ میـرزا، ئاخـر مەعقولـە تـۆ جـەوازو بلیتیـش هەردوکـی تەزویـر بێـت.
زۆر کارە سیاسیەکانی وڵاتی ئێمەش هەروایە هەردوو سەری هەر تەزویرە.
لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕوانی شەقی جەندرمە بکەین.

## خارج و ژن هێنان

جـاران کـە دەگەڕاینـەوە لـە ئەوروپـا خەڵـك زۆر بـە تامەزرۆییـەوە پرسـیاری خـارج و چۆنیەتـی ژیانیـان دەکـرد.
ئامۆزایەکی دایکم زۆر قسە خـۆش و مەجلیس گەرمـە، گەڕابویـەوەو خەڵکـی پرسـیاریان لـێ کردبـوو ئەویـش بـە وەڵامەکانـی مەجلیسـی گـەرم کردبـوو.
یەکێ پرسی بوو باشە کاکە لە خارج ژن هێنان چۆنە؟
ئەویـش وتبـووی زۆر زۆر خـۆش و ئاسـانە، نوسـینگەی هەیـەو وێنەکانیـان هەڵـواسراوە ئێمـەش دەچیـن بـە ئـارەزووی خۆمـان سـەیری دەکەیـن و حەزمـان لـە هەرکامـە چـوو تەلەفۆنـی بـۆ دەکەیـن! یەکـێ وتبـووی ئـەی ئەگـەر تەلەفۆنەکـە قەپـات بـوو؟ ئەویـش وتبـووی جـا قەیچێـکا تەلەفـۆن بـۆ دانەیەکـی تـر دەکەیـن.

یەکێ وتبووی ئەی باشە ئەگەر یەکێکت هێنا بەو شێوەیەو دوای شەش مانگ پێکەوە نەگونجان! مامێکیشم یەکسەر وتبووی جا چش با هەر نەیکرێت دەچم تەلەفۆن بۆ دانەیەکی تر دەکەم.

## حەزم لە ٤ ژنە!

پڕی ماڵە هەریەکەو لە لایەکەوە هاتووە، چەند خارجیەکیش گەڕاوەتەوە، باس هەر باسی شەڕو کوشت و بڕو چەند جەنازەیان هێنایەوەو کێ بێ سەروشوێنەو ئیتر مەپرسە!
منیش بێدەنگ تاقەتی ئەو جۆرە دەمەتەقانەم نەبوو، یەکێك لە پڕ ڕۆی تێکردم و وتتی تۆ بۆ هیچ قسە ناکەیت دەڵێی تۆ حەزت لە شەڕو باسی شەڕ نی یە؟
منیش وتم: نا واللە قوربان! وتی: دەی حەزت لە چی یە؟
وتم: واللە من حەزم لەوەیە چوار ژن بهێنم و هەموو شەوێك ئاوا خەڵك خڕ ببێت و دەمەتەقەو قسەی خۆش و نوکتە بکەین و خواردنی خۆش زوو زوو بێت، لایبە شەڕو باسی شەڕ کەی خۆشە!
وتی تەڵاقم کەوتبێ باشترین بەرنامەت هەیە، ئیتر مەوزوع گۆڕاو شەوێکی خۆشمان بەڕێکرد...

## ژن مارەبڕین و شاهیدی فاسق!

مەلایەکی صۆفی برادەرم هەیەو ڕۆشتین بۆ ژن مارەبڕین، ئەو بە تەمەن گەورەبوو منیش ڕێزم لێگرت و وتم تۆ مارەی ببڕە، ئەوانیش وتیان دەی با

مامۆستاش حزوری هەبێت و شاهید بێت، منیش وتم دەی قەیچێکا من شاهیدم!
مامۆستاش هێنای و بردی و تەریقیشی دەبویەوەو وتی لەم سەردەمە بە گشتی خەڵك تاوان دەکاو ئێ تاوانیشی کرد ئەوە فاسقە! واللە سەرتان نەیەشێنم من و شاهیدەکەی تر بووین بە فاسقی شەرعی و مامۆستا وتی بە شاهیدی ئەم دوو فاسقە ئەم ژنە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعی مارە دەکەین! قوربان تولی نەدەمێ پاقلاوەکەم پێ نەخورا ئەو شەوە بە فاسقی گەڕامەوە بۆ ماڵ، ئەونە خۆم گوناح دەهاتە پێش چاو بیرم لە حەجێکی تر دەکردەوە!
جا ئێستە بیر لەوە دەکەمەوە ئەم مەوزوعی هاوڕەگەزبازیە سەربگرێ و لە ئەوقافەوە بە ڕەسمی کتاب بچێت بۆ مەلاکان کە دەبێت مارەی بکەن!
یاخوا ڕۆژم نەگاتە ئەو ڕۆژەو ببمەوە شایەت! خۆ مەگەر ئەمجارە بڵێ بە شاهیدی ئەم مورتەدو کافرو خوانەناسانە لەسەر مەزهەبی مولحیدەکان ئەم پیاوە مارە دەکەین! جا وەرە دیسان پاقلاوەت پێ بخورێت.

## دەردی مەشروب و شپرزەیی خێزان

ژنێك زۆر بێزار بوو لە پیاوەکەی بەهۆی مەشروب خواردنەوە! مناڵەکانیشی ئەزیەت دابوو! دایکی وتبووی باش دەبێت ئەگەر واز لەم گو خواردنە بێرێ! باوکیش ئاگای لەم کەین و بەینە نیە! ڕۆژێك باوك کوڕە دەنێرێ بۆ مەشروب و دایك نازانێ بۆ کوڕە ڕۆشتووەتە دەرەوە! دایك تورە دەبێت بۆ وا درەنگ دەچیتە دەرەوەو دەبێت بە هەراو باوکیش دەکەوێتە بەین! کوڕە هاوار دەکات کورە ڕۆشتم گوم بۆ باوکم هێنا!

ئنجا ئەمجارە بە هەردوکیانەوە هاتن پیایا! منداڵی داماو ئەمجارە گو بهێنێ و نەیهنێ هەر فت!
===
کابرایە وتی کۆمەڵێك بووین بۆ مەشروب خواردنەوە ڕۆشتینە دەرەوە!
وتی هەر دەگەڕاین و شوێنێ خۆشمان دەست نەدەکەوت!
وتی وتم برا ئێمە وە بەلاش خۆمان هیلاك ئەکەین! وتیان بۆ ؟ وتی کورە هەموو فەرقەکە ٥ دەقەیە! هەر ئەونە پێکێکمان خواد ئیتر لە هەرکوێ بین فەرقی چیە بۆ ئێمە! خۆ هۆشمان وە خۆمانەوە نامێنێ!

## ژن و ئیقامە

مامۆستا گیان دروستە ژن بهێنم لەبەر پارەو ئیقامە!
نە وللە کاکەبرا گیان خۆ ژن مەعمەل و دایرەی هیجرە نیە!
فایدەی نەو پیرە ژنی هێناو وە تەمای ئیقامەو میراتەکەی!
دوای ساڵێك کوڕە وەفاتی کرد!
لە شاری ماچستەر بەیتانیا.
===
مامۆستا گیان بە قوربانت دەبم کێشەیەکی گەورەمان هەیەو تۆ زمانیش ئەزانی بەڵکو بۆمان حەل بکەیت!
ئێ باشە کێشەکەتان چیە؟ کورە ژنەکەم ئینگلیزەو گەماڵ باوکە لە ژێرەوە خیانەتم لێ ئەکاو لەگەڵ کوردی تریشدایە! کوڕە سەگبابەکەش هاوڕێی خۆمەو جێگەی متمانەشم بووە هەتا ١٥٠٠٠ پاوەنیشم لایەتی! باشە باوەلێ گیان تۆ کێ ئەم ژنەی بۆ هێنای؟ واللە کاتی خۆی لەدیسکۆ

یەکمان ناسی! ئێ برا تۆ تەئکیدیت ئەوکاتە ئەم هی کەسی تر نەبوو؟!
ها ها واللە بڵێم چی مامۆستا ...

## باشە مامۆستا مەشروب بۆ حەرامە؟

ئەقڵت لەسەر خۆت ناهێڵێ و ئیسلامیش یەکێك لە ئامانجەکانی بۆ پاراستنی ئەقڵ هاتووە.
ئێ من کەم دەخۆمەوە مامۆستا!
دوای ماوەیەك لە دائیرەی پۆلیس تۆ بۆ ئەم جەریمەت کردووە؟ سەرخۆش بووم و ئەقڵم لەسەر خۆم نەبوو!

کابرا تەلەفۆن ئەکا مامۆستا گیان دەمەوێت ژن مارەکەم و ئەوروپیەو وەعدیشی داوە مسوڵمان ببێت، ئێ باشە براکەم یەك شەممە وەرە بۆ لام! کچەکەش بهێنم؟ نانا جارێ هەر خۆت وەرە با خۆت مسوڵمان بکەم ئەوسا کچەکە ئاسانە...

## کوردو ئەوروپا

کابرا تا گەشتووەتە ئەوروپا گۆلکێك و دوو مەڕیان بۆ کردوو بەخێر، یەك دوو نیوە تەعزیەیان بۆ داناوە کە ماوەیەك دەنگی نەبووە، دەفتەرو نیوێك قەرزار بووە لەسەری! الحمد للە گەشت و نەجاتی بوو، ئەوە ئیقامەشی وەرگرت سەد شکور بۆ تۆ خوایە گیان!
دوای ڕۆشتەوە بۆ کوردستان و هەم دیسان بوو بە پارتی و یەکیەتی!

ئاخر برا تۆ ئەوە ئەقڵەکەتە ئەم هەموو قنە دڕەو ترس و لەرزەت بۆ داوە بەری خۆت.

===

لە بازاڕی بەرلینا سەیر ئەکەی کابرا هەر پارچەیەکی لە هی وڵاتێك ئەکاو بە کوردیش قسە ئەکا!
وتم: کاکە گیان تۆ مەکینەکەت کوردیە! تا ئێوارە چەمەلەغ بگۆڕی و کامل خۆشت بۆیاخ بکەی هەر سیعرەکەت دائەبەزێت!

===

وتی با بچین بۆ پارکێ جەوێ بگۆڕین و تاوێ پشوو بدەین، دەی باشە لێخوڕە چ پارکێ خۆشە بڕۆ!
لەوێ حەیوانی کێوی، طەیرو طویری دونیا، ئەوەندە دای وە ڕانی خۆیاو
وتی: ئاخ لای خۆمان نەبوایە هەموویم بکوشتایە!
وەکۆڵێ خەفەتۆ هاتۆ! ئەمە کوڕە بۆ جەوگۆڕینیش ڕۆشتووە بە حساب.

===

کابرا تەلەفۆن ئەکات! مامۆستا گیان دەمەوێت خۆم بکەم بە مەسیحی دروستە؟ چونکە لەبەر ئیقامەمە!
وتم ئا ئا قوربان گیان خۆت بکە مەسیحی، ئێمە فرە ئیسیفادەمان لێ کردووی با ئەوانیش بڕێك ئیسیفادەت لێ بکەن.
وتم خۆ دوو پرسیارت لێ بکەن دەمت ئەبێت بە تەڵەی تەقیو، تۆ فرە شارەزای ئیسلامیت ئێسا نۆرەی مەسیحیە.

===

ئەو رۆژە یەکێ مامۆستا ئەم وڵاتە بۆ تۆ ناشێ! بۆ کاکە؟ ئەی تۆیەك نەچیتە دیسکۆو مەشروب نەخۆیت و ئەی پێم ناڵێی بۆچی هاتوویت! لە

دڵـی خۆمـدا وتـم جـا وەرە ئـەوە تێگەیەنـە!
سـبەی لـە موتەرجمـی سـەیر دەکـەم کابـرا دەموفڵقـی هـەڕاوەو دوو دەعـوای لەسـەرە! ئـەوە چیـە کاکـە؟ بەخـوا مامۆسـتا گیـان خەتـای ئـەو بـوو کەسـێکی تـر باوەشـی کـرد بـە خێزانەکەیـاو بـە مـن تێگەشـت بتلێکـی دا بـە دەمـما!
وتم ئەم وڵاتە بۆ تۆ ناشێ!

===

ئنجـا کـە دەگەڕێینـەوە بـۆ کوردسـتان ئەونـە موهیـم سـەیرمان ئەکـەن ئەمـە چیـە لـە ئەوروپـا ئەژیـن!
وتـم کـورە وا نیـە لەوێـش هـەر فاسـۆلیاو برنجەکـە ئەخۆیـن و پارتیـەکان سـەیری کورسـتان تیڤـی ئەکـەن و یەکیەتیـەکان سـەیری گەلـی کوردسـتان و بێلایەنـەکان ئێـن ئـاڕ تـی.
جیاوازیەکەمـان هـەر ئەوەیـە ئێمـە کارەبامـان نابـڕێ و ئـاو بێـرەو دەسـت بشـۆرە.
تـاك و تەرایـە شـتێ بخوێنـێ، تـاك و تـەراش لـە هەمـوو شـوێنێك هـەر هەڵەکەوێـت.

===

مەسـولێ وتـی: ئەوەتۆچـۆن جنسـێی ئەوروپـت وەرگـرت تامنیـش وەریگرم؟وتـم: مـن وتـم لەداخـی تۆهاتـووم بۆئەوروپـا ئەیتـۆ یەژیچـی؟!

===

لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر سـەفەرم دەکـردو لـە سـەرەی جامتـا تەسـلیم کردنـدا مەسـولێکی خۆمانـم بینـی ملی داخسـتبوو فەقیـر فەقیر لەسـەرەکەدا دەڕۆشـتە پێشـەوە!
وتـم: ئامـون ئەمـە تـۆی؟ لای خۆمـان خـۆت کـردووە بـە خـواو لێـرە لـە عەبـد

زەلیـتری!
بـە ئینگلیـزی قسـەی کـرد بـۆ ئـەوەی لێمتێکـدا کـە کـورد نیـە! وتـم داماو مـن خـۆم موتەرجمـم و ڕەسـمی تەنکـەرەکان بـە توێڵتـەوە دیـارە چـۆن لێـم تێـك ئەچـی!
جا بیلموناسەبە هەرچۆن تێشت هەڵدایە لە زۆریان باشتر بوو!

## ڕیفراندۆم

دەڵێـن کابرایـەك سـایەقی نازانێـت و دەسـت دەداتـە سـکوانی سـەیارە، وەلحـاڵ دەکەوێتـە دۆڵێکـەوەو بـەم بـەرو بـەو بـەرو ئاخـری دوای مانگێـك لـە نەخۆشـخانە هـۆش دەکاتـەوە! لێـی دەپرسـن: قوربـان ئەمـە چـۆن وات بەسـەرهات؟ ئەویـش دەڵـێ: واللـە لەسـەر قیرەکـە بـەرەو دۆڵەکـە لێژبوویـەوەو دواتـر سـەیارەکە دای بـەم بـەراو دای بـەو بـەراو دام بـە بەردێکـی زۆر گـەورەدا، دواتـر سـکوانەکەم بـەردا وتـم: کاکەحمـەوی شـێخ ئیـتر کەیفـی خۆتـەو سـکوانەکەم دا بـە دەسـتی ئـەوەوە! کابرایەکیـش وتـی: جـا بـرا تـۆ ئەگـەر ڕاسـتت دەکـرد لەسـەر قیرەکـە سـکوانەکەت بدایەتـە دەسـتی نـەك لـە دۆڵەکـەدا!
سـەرکردایەتی کـوردی لـە دۆڵەکەشـدان و هـەر بەرەوخـوار دەچن و سـایەقیش نازانـن! هێشـتا هـەر سـکوانەکە بەرنادەن!
دەبێت سەرمان لە چ جەهەنمێکەوە دەرچێت....

## دەوڵەتێك دروست دەکەن لە هیچ دەوڵەتێکی تری دونیا نەچێت!

دەڵێن عەرەبێك بەبەغایەك لە کوردێك دەکڕێت و هەرچیێ دەکات فێری عەرەبی نابێت! ئەویش لە ڕقاندا هەرچی پەڕی هەیە بە زیندووی لێی دەکاتەوەو دەیبات بۆ مەیدانی ئاژەڵان بیفرۆشێت، چەند کوردێك چاویان پێ دەکەوێت و گاڵتەی پێ دەکەن و دەڵێن هەی لەو بەبەغایە! بەبەغاکەش تووڕە دەبێت و دەڵێ: من لەسەر کوردایەتی وام لێهاتووەو ئێوەش وام پێ دەڵێن!
جا دوای ڕیفراندۆمەکە دەبینین چیمان بەسەر دێت لەسەری! ئەوسا ئەمەیان لەسەر کوردایەتیش نی یە لەسەر حیزبایەتیە...
جا توخوا پەڕمان پێوە ماوە تا لێمان بکەنەوە، مەگەر چەرمەکەمان لێکەنەوە ئەمجارە...

## کێشەی تێگەشتن و ناوەکانمان

ماوەیەك پێش ئێستا بۆ سەفەر لە ئێران بووم و گەڕانێکی یەکجار زۆرمان کرد، کە تەقینەوەکەی ئێران بوو وتم: خوا ڕەحمی کرد من لەوێ نەبووم ئەگینا بیان گرتایەم دەیانگوت ئەوە تۆی، جا دەڵێن کابرایەك ناوی عمران دەبێت و مروری ئێرانی دەیگرێت، ئەویش هاوار دەکات بەسەریانداو دەڵێ من هیچ موخالەفەیەکم نەکردووە بۆ دەمگرن، مرورەکەش دەڵێ قسە نەکەیت تۆ هەر هیچشت نەکردبێت ناوت عمران ە هەم عمر و هەمیش ئەلف و نونەکەی عوسمانیشت پێوەیە.

## دەنگدانی ئێمەو دەنگدانی ئەوان

ڕۆشتم بۆ دەنگدان لە بەریتانیا یەك كەسم لە كۆڵانەكەدا نەدی و خۆم كرد بە دەرگایەكی ترداو پرسیاری جێگەی دەنگدانەكەم كرد؟ وتی دەرگاكەی ترە، منیش وتم ئەی وا چۆن دەبێت! خۆ لە وڵاتی ئێمە ڕۆژی دەنگدان پیاوی تیا دەكوژرێت و شەڕو هەراو مەرافەی دونیا ئەبێ و پاڵ پاڵێن و بیگرەو دەری مەكە، پێكەنی و وتی: خەڵكی كوێیت؟ وتم: عێراق كوردستان، وتی: نا ئێرە زۆر بە ئاشتی و هێمنیە...
ئەو ئافرەتەی كە لە وێنەكەدایە كاندیدی لەیبەر پارتی بوو كە دەنگم پێدا ئەمڕۆ...

## نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب

ئەو ڕۆژە كابرایەكی لۆتی باسی ئەحكامەكانی شەرعی بۆ خەڵك دەكرد! وتم گەر وا بڕوات دەبێت مەلاكان ئێستەودوا كلیپ بكەن! جا بیهێنە بەرچاوی خۆت مەلا بە جبەو مێزەرەوە گۆرانی بڵێت و كۆمەڵێك ئافرەتی ڕووت لە پشتیەوە هەڵقونن! جا ئەو كاتەش ڕێكخراوەكانی مافی ئافرەتان هەموویان دەیكەن بە هەراو دەڵێن: ئەمە سوكایەتیە بە ئافرەت دەكرێت! لە هەمووی خۆشتر كابرای لۆتی دێتە سەر كەناڵەكان و دەڵێت: ئیشی مەلا گۆرانی وتن نیە! منیش لەم نێوەندەدا دەڵێم: پێویستە مەلاكان هەموویان خانەنشین بكرێن... دەترسم تا ئەو كاتە كێشەی موچەش چارەسەر نەبووبێت و وەزارەتی دارایی بۆچوونەكەی من ڕەد بكاتەوە!! ترسی جەماعەتی بندیواریشم هەیە ڕەخنەی ئەوە بگرن و بڵێن: جا

حکوومـەت چـۆن توانـای بەخێوکردنـی ئـەم هەمـوو مەلایانـەی هەیـە! خۆزگـە ئەوانـەی ئیـش بـە قورئـان ناکـەن ئیشـیان بـەو پەنـدە کوردیـە بکردایـە کـە دەڵـێ: نـان بـۆ نانـەوا و گۆشـت بـۆ قەسـاب.

## حەقیقەت و موجامەلە

لـە تەکسـیا بـۆ محەطـە دەچووم لـە بەریتانیا سـایەق تەکسـیەکە وتـی خەڵکی کوێیـت؟ منیـش وتـم عێـراق ئـەو بەشـەی کـە پێـی دەڵێـن کوردسـتان! وتـی ئـا زۆر خۆشـەو وڵاتێکـی واو وایـە! منیـش وتـم ئەگـەر وا بوایـە ئێسـتە مـن لێـرە نەبووم!

## ژن هێنان و قورسکردن

وتــی مامۆســتا گیــان بەڵکــو ژنێکــی واو وا بــۆ کوڕەکــەم پەیــا بکــەی، وتــم جـا ئـەو هەمـوو شـتە خـۆ مەگـەر سـەعی تیـا بکـەم تـا لەبـەری بکـەم، جـا وەرە نەجاتــم لــە نەحــو صرف بــوو ئێســتە نــۆرەی ســەعی ئەمانەیــە، باوکــی باوکەکـەم نەیگەرەکـە ئەوەنـدە بچیتـە قویـلا بـۆی...

## کوردبون خێریشی تێدایە!

کابرایـەك گێڕایـەوە وتـی: سـەردەمی خوێڕیەتـی جارێـك ڕۆشـتم بـۆ دیسـکۆ و دەسـتم بـە مـەشروب خواردنـەوە کـرد! وتـی کچێـك هاتـە لام! ئـێ منیـش خـوا خـوای شـتێکی وامبـوو! وتـی شـتەکان بەچاکـی ڕۆشـت تـا هاتـە ئـەوەی

پرسی خەڵکی کوێیت؟ وتی منیش وتم: کوردستان! وتی هەر وتم کوردستان قورئان بە حەقت وا ڕایکرد ئێستەش نەمدیەوە!

## ژیان و مردن لە کوردستاندا

*لە کوردستاندا هەر کە مردی یەکسەر حسابی تایبەتیت بۆ دەکرێت، لە ڕووی سیاسەوە پلەت پێ دەدرێت، لە ڕووی داراییەوە موچەت بۆ دەبڕێتەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەشان و باڵتا دێن، لە ڕووی دینیەوە خەیرو قوربانیت بۆ دەکەن، هەربۆیە دەبێت پەلە بکەین بۆ مردن.
*جەنگاوەرێکی بەهێز بەقەدەر کوژراوێکی ترسنۆك مافی نی یە.
*زیندووەکان گیانیان بە موچەی مردووەکانە.
*دەبێت بمریت بۆ ئەوەی پاداشت وەرگریت.
*دەبێت لەو دونیا دڵمان خۆش بێت کە چیمان بۆ کراوە دوای مردن.
*دەبێت بمریت بۆ ئەوەی بەڕێز بیت.
*مردووەکان زیاتر سەردان دەکرێن تا زیندووەکان!
*دەبێت وەسیەت بکەین کە مردین نەمان پەرستن.
*مردووەکان لە زیندووەکان بەڕێزترن!
*موچەی مردووەکان لە زیندووەکان زۆرترە!
*کەسی وا هەیە لە کوردستاندا موچەی بۆ نابڕێتەوە تا نەمرێت!
*مردووەکان لە پێش زیندووەکانەوەن لە کوردستان بارودۆخی مردووەکان زۆر لە زیندووەکان لە پێش ترە، نان ناخۆن و موچەیان هەیە، پۆستیان ناوێت و دەنگیان هەیە.
*مردووەکان قسە ناکەن هەرچیان بەدەمەوە بکەیت.

*خۆ ئەو مردووە تۆ زیندوویت ئەمە چی یە؟!
*تەنها یەك کەس دەزانم سودی لە شەهیدانەی خۆی وەرگرتبیت ئەویش کوردێکە لە سوید دەژی و بە حساب شەهیدەو شەهیدانە وەردەگرێت، ئیتر گشت شەهیدەکانی تر پارەکەیان بۆ خۆیان نی یە.
*لە ئیسلامدا زیندوو شت بۆ مردوو دەکات، لە کوردستاندا مردوو بۆ زیندووی دەکات.
*ئەمە قەبرستانە یان وولاتە؟!
===

# مەهزەلەی حیزبایەتی و هەڵبژاردن

*فەلسەفەی حیزبایەتی لە کوردستاندا: گرنگ نی یە چ کارەیت و چ دەکەیت و چۆن بیر دەکەیتەوە، گرنگە ئەوەیە لەگەڵ ئێمە بیت!
*گرنگ نی یە چ کارەیت و چ دەکەیت و چۆن بیر دەکەیتەوە، گرنگە ئەوەیە دژ بە دین بیت!
*ئەندام پەرلەمانی وا هەیە داوای دەنگ لەو کەسانە دەکات کە مادەی ١٤٠یان وەرگرتووەو دەنگیان نی یە!، ئەوەندە بێ ئاگایە کە خۆیان زوو ئەو کوردانەیان فرۆشتووە.
*هەر ئێستە پەیوەندیەکم بۆ هات ووتی لە سەدا نەوەدی ئەوانەی خۆیان بۆ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژاردووە عەرەبی نازانن، جا چی یە بەڕێزم هەشت ملیۆن وەردەگرن با ملیۆنێکی بدەن بە حەقی تەرجومە کەسێکی تریش سودمەند دەبێت.
*ئێستە کە پێویستیان بە دەنگمانە هەموومان بەڕێزین! بەڵام دوای

دەنگدان زۆربەمان خائین و جاسوسین، ئەی خوا ماڵتان ئاوا کات خۆ ئەم دوومانگە هەر خەریکی ئێوە بووین کەی مەجالی جاسوسی و خیانەتمان هەبوو.
*کاندیدی وا هەیە بۆ ڕازی کردنی بەرانبەر هەرچی بڵێی ستایشی دەکات، دەی ئێمەی هاوڵاتی چۆن حەق و ناحەق لێك جیا بکەینەوە
*کەسی واهەیە هەر ئەوەندەی بووە بە کاندید ئیتر هەر باسی پاڵەوانێتی باوکی دەکات لە شاخ، بەڕێز گیان من کێشەم لە گەڵ باوکت نی یە، بەڵام خۆت دوای ڕاپەڕین لە دایك بوویت.
*کەسی واهەیە هەر ئەوەنەی مافی خۆ کاندید کردنی پێدراوە ئیتر بە سەلە وێنەی خۆی دادەبەزێنێت، بەڕێزەکەم ئا یەك دوو قسەش بکە با بت بینین.
*نوێژ دەکەیت یان نایکەن ئەوە کێشەی خۆتە، کێشەی من ئەوەیە دەنگم بۆ بدەیت.
*ئەگەر تاقەتی دەنگدانیشتان نی یە قەیچێکا خۆمان دەنگەکانتان بۆ دەدەین ئیتر لەوە زیاتر دڵسۆزی.
*ئافرەتی وا هەیە تا دوێنێ کەس نەیزانیووە هەیە یان نی یە! ئێستە کە کاندید کراوە بووەتە بەتەڵ فلیمی فەیس بووك، کچی باش ئەی خۆ فەیسبووك هیچی تێ نەدەچوو نەتدەتوانی پێشتر بە چالاکیەکانت ئاشنامان بکەیت.
*لە ٤ لیستی جیاوازەوە داوایان لێکردم خۆم کاندید بکەم لەسەر لیستەکەیان بۆ ئەندامی پەرلەمان، منیش پێم باش نەبوو لەگەڵ ڕێزم بۆیان، ئێستە نازانم ئەوانەی نامەی تایبەتی دەنێرن بەتەمای چین؟ بەڕێزان خۆ من خۆم کاندید نەکردووە تا درۆم بۆ هەڵبەستن.

## نەوت گۆڕینەوە!

لەمـەرزی فەرمـی پەروێـز خانـەوە بـە تەنکـەر نـەوت بـۆ ئێـران دەچێـت! لـە مـەرزی نافەرمـی پشـتەوە نـەوت بـە جلیـکان بـۆ کوردسـتان دێـت.

===

بـۆ ئـەو هەمـوو نـەوت و بەنزینـە دەدەن بە تـورك و فارسـەکان! کەمێکیـش بـە کـوردەکان ڕەوا ببینـن.

===

هـەق وایـە ڕێگایەکـی تایبـەت بـە تانکـەرە نەوتـەکان دروسـت بکرێـت، بـۆ ئـەوەی پیـس و پـاك لێـك جیابکرێتـەوە.

===

تەنکـەرە نەوتـەکان زۆر مەترسـی ئاگرکەوتنەوەیـان هەیـە، چونکـە بـەلای ئاگـری ویژدانـی زۆر کەسـدا تـێ دەپـەڕن.

===

لێگەڕێن با نەوتەکە تەواو ببێت دوای لەسەر ئاوەکە ڕێ دەکەوین.

## خەڵك و حکومەت

خەڵـك خـۆی خراپـەو لەماڵـدا دانیشـتووە حکوومەتـی فەقیـر بڵـێ چـی خـۆ نایەتـە ماڵـەوە بۆیـان.

===

زۆر عەیبـە هەندێـك کـەس گلـەی لـە حکوومـەت دەکات خـۆ هەمـووی خزمـی یەکتریە.

===

دەبێـت خەڵـك یارمەتـی دەری حکوومـەت بێـت بـۆ کاری زۆر زەرور نەبێـت سـەیارە بـەکار نەهێنـن، بـە پـێ و پاسـکیل هاتووچـۆ بکـەن بـۆ ئـەوەی قەرەباڵغـی لەسـەر تەنکـەرەکان دروسـت نەبێـت.

===

زۆر سـەیرە لیبیـەکان زیاتـر لـە ٤٠ سـاڵ تەحامولـی قەزافیـان کـرد ئـەم کـوردە لـێ ناگەڕێت بارزانـی ٤٠ سـاڵ تـەواو بـکات.

===

بارزانی عەیبی چی یە، خۆ جەڵدە لێی نەداوە.

===

هەرکەس پێی ناخۆشە بارزانی سەرۆك بێت، حالیەن سنورەکان کراوەیە.

===

کـەی لـە کوردسـتاندا سـەرۆك بـە دەنـگ گـۆڕاوە، ئیـتر بـۆ گلەیـی لـە بارزانـی دەکرێت!

===

کابرایەکـی حیزبـی دەیگـوت کـورە بەخـوا هـەر ئـەم سـەرکردانە بمێننـەوە باشـە چونکـە ئەوەنـدە دزییـان کـردووە تێریـان خـواردووە، ئەگـەر هـی تـر بێـت تـا ئەویـش تێـر دەخـوات زۆری پـێ دەچێـت، جـا پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا ئەمانـە تێریـان خـواردووە؟ وەیـان هەرگیـز تێـر دەخـۆن؟

===

جـاران یەکـێ دزی بکردایـە خەڵکـی قاڵیـان لـێ دەکـرد، ئێسـتە دزەکان قـاڵ لـە خەڵکـی دەکـەن.

===

دراماکانــی شــەو نانــی دزیشــی بڕیــووە، ئــەوە نــی یــە تەنکــەرەکان ئێســتە بــە ڕۆژ دەچــن.

===

بــۆ دراماکانــی کوردســتان تیڤــی و کوردســتان تــەواو ببێــت دوای ئــەوە هەڵبــژاردن دەکەیــن.

===

هەمووتان دەنگم پێ بدەن کرێی ئەو ڕۆژەتان بە زیادەوە دەدەمێ.

===

دەنگدان بۆ سەرۆك گۆڕین نی یە بۆ جەو گۆڕینە.

===

کێشــەی دەنگدانــەکان نەخوێندەواریــە، چونکــە هەرکەســەو ئەفســەرێك ســەحی لــێ دەدات.

===

گەر میللەت نەخوێندەوار بێت چۆن لە زانست تێ دەگات.

===

جیــاوازی ئێمــەو ئەوروپیــەکان ئەوەیــە ئــەوان بــۆ زانســت دەخوێنــن ئێمــە بــۆ وەرەقــە.

===

لە ئیسلام دواکەوتوو تر نی یە! چونکە ١٤٠٠ ساڵە هەر دەڵێ بخوێنە!
کام فلیمە خۆشە یەك جار تاقەتی سەیر کردنیم هەیە.
یەك لیژنەی ٥ نەفەری بێ لایەن دەتوانێت کوردستان بگۆڕێت.
کوردستان ئەو هەموو کۆمپانیایە بۆ چی یە تا ئێوارە ٣ شارە.

موچـەی سـەرۆك و ئەنـدام پەرلەمانـەكان بەسـەر خەڵكـدا دابـەش بكـەن باقیەكـەی تـر زیادەیـە.

===

ئەوەی لە قانون نازانێت باسی قانون دەكات!

===

بـە عەشـایەری كوردسـتان چاكـتر بەڕێـوە دەچێـت تـا شـەرعیەت و قانـون، چونكـە لـە عەشـایەریدا زەمیـر هەیـە.

===

بـا دوو سـاڵ سـەرۆكمان نەبێـت، دوای دوو ساڵەكە دەنـگ بـۆ سـەرۆكی و بـێ سـەرۆكی دەدەیـن.

هەر بە عەشایەریش بێت نەك یاساو شەرع نۆرەی كەسێكی ترە.

گەر سەرۆک نەبێت خەڵكی وڵات بە هی خۆی دەزانێت.

ئەوە لە قینی سەرۆكە بۆیە كەس گوێ نادات بەم وڵاتە.

گەر وڵات سەرۆكی نەبوو هەمووی هەست بە بەرپرسیاریەتی دەكات.

ئـەوەی تۆزێـك ئیمكانیەتـی هەبێـت ماڵـی خـۆی زۆر خۆشـكردووە، ئـەی حكوومـەت ئەوەنـدە ئیمكانیەتـی هەیـە بـۆ ئـەم وڵاتـەی خـراپ كـردووە.

كوردسـتان بـدەن بەدەسـت چـوار ڕیـش سـپی بـە زەمیـرەوە وەك گوێـی كـەر خەیراتەكـەی دابـەش دەكات بەسـەر كوردسـتاندا.

هەڵبژاردنەكانیـش دواكـەوت، جـا قەیچێـكا وڵات بەبـێ سـەرۆك بەڕێـوە بچێـت بەبـێ ئەنـدام پەرلەمانیـش هـەر دەبێـت.

بۆم دەركەوت نەبوونی سەرۆك لە بوونی باشترە.

ئەگەر سەرۆكمان نەبێت كەس نی یە بڵێ شەڕ بكەن.

خەڵكـی لەنێـوان یەكـدا كێشـەی نـی یـە، ئـەوە سـەرۆكەكان دەیـان دەن بـە

کـژ یەکـدا.
لـە کۆڵانەکەمانـدا هەمـوو جـۆرە حیزبێـك هەیـەو گیانیشـمان بەبـێ یـەك نـی یـە، ئەگـەر سـەرۆکەکان وازمـان لـی بهێنـن، ئێمـە بـەردەوام کاساوسـێ بـۆ یەکـتری دەبەیـن.
ئەوە سەرۆکەکانن کەسە سادەکان بە گژ یەکدا دەدەن.
گەر سەرۆکەکان وازمان لێ بهێنن ئێمە خۆمان لە نێوان یەکتردا چاکین.
خۆزگە گەر چوار پارچەی کوردستان ببێت بەیەك کێ دەبێتە سەرۆکی.
کۆنگـرەی نەتەوەیـی سـەرۆکی نابێـت, قەیچێـکا خـۆ ئێمـەش ئەوەتـا ٤ سـەعات بەسـەر وادەی سـەرۆکدا تێپەڕێـوە.
===

## پەرلـەمانی کـوردسـتان جیاوازە

هـەق وایـە پەرلەمانـی کوردسـتان بچێـت بـۆ بەرنامـەی مـن جیـاوازم، چونکـە ئـەوەی لـەوێ ڕوودەدات لـە هیـچ پەرلەمانێکـی تـری دونیـا نەبـووە.
===

ئەنـدام پەرلەمانـی وا هەیـە ئەوەنـدە فەقیـرە وا دەزانـێ پەرلەمانـی کوردسـتان پەرلەمانـی ڕاسـتەقینەیە! کاکـە گیـان لـە هەمـوو دونیـادا شـتی ڕاسـت و ناڕاسـت هەیـە، مـن منداڵەکانـم تـا تەمەنـی ٤ سـاڵی سـەیارەی منداڵانەیـان پـێ ڕاسـتی بـوو، ئێسـتە محەمـەدی کـوڕم دەڵـێ باوکـە سـەیارەکەی مـن درۆینەیـە، خـۆ مـن هەرچـی بڵێـم تـازە فایـدەی نـی یـە! چونکـە ئـەو ئێسـتە ئەقڵـی هەیـە کـە دەبێـت ئـەو سـواری سـەیارە بێـت نـەك سـەیارەکە سـواری ئـەم بێـت.
===

## عەرەب ئایدڵ و سەرکردەکانمان!

بۆم دەرکەوت سیاسیەکانی ئێمە هەر لە سەرۆکەوە تا بچوکەکەیان بەردەوام خەریکی گۆرانی و کەیف و خۆشین، چونکە بۆ پەرواز هەموویان هاتنە سەر خەت! کەچی خەڵکی چاوی کوێر بوو گرنگیان پێ نەدا.

## مەلایەتی

هەندێك کەس کاتی ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرت و کۆلێژی شەریعەو قانونم تەواو کرد لێیان دەپرسیم بۆ عەمامە لەسەر ناکەیت، ئەمەش وەڵامی من:
تا ئەو کاتە شەرمم دەکرد عەمامە لەسەر بکەم و لە ئاستێکی بەرزی زانستیدا نەبم، کە تەواویشم کرد ئەوەندە عەمامەی بێ زانست و نەزانم بینی هەم دیسان شەرم دەکەم نەوەك بەو نەزانانە لێم تێبگەن.
===
*گەر عەرەبی بزانیت ئەوە تۆ ئینتیمای کوردایەتیت لاوازە، ئەگەر نەزانیت ئەوا لاپەڕەی بە ١٠ هەزار بۆت تەرجومە دەکەن.
*گەر تۆ قورئان بخوێنیت ئەوە عەرەب پەرستیت، بەڵام ئەگەر جاش بیت ئەوە کورد دۆست و لێزانیت.
*گەر تۆزێك شەرواڵەکەت کورت بێت ئەوە تۆ وەهابی و نەفامی، بەڵام گەر زۆر کورتتربێت ئەوە تۆ پێشکەوتوو موسەقەفیت، وە گەر هەر زۆر کورت بێت ئەوە تەعین بوونت بە سکرتێرە مسۆگەرە!
*گەر ڕیشت درێژ بێت ئەوە کۆنەپەرست و پیس و پۆخلی بەڵام گەر

سـمێڵێکی زەردی درێـژ و دوکـەڵاوی لەگەڵـدا بێـت، ئـەوە تـۆ پرۆفیسـۆری.
*گـەر ئیلتیزامـی دینیـت هەبێـت و لـە پێنـاو کوردسـتاندا جیهـاد بکەیـت ئـەوە تـۆ تیرۆریسـتی، ئەگـەر نوێـژ نەکەیـت و بـێ دیـن بیت ئـەوە شۆڕشـگێڕو قارەمانیـت!

## دیاردەیەکی سەیری جیهانی

نەمدیـووە وەك ئافـرەت فریـوی خواردبێـت، کام کاڵا خراپـە بـە بەهـۆی ڕێکلامـی ئافرەتـەوە ساغـی دەکەنـەوە، کام گۆرانـی بـێ تامە بەهۆی جەسـتەی ئافرەتـەوە تامـی تـێ دەخـەن، چ ئیشـێك زۆر بـێ بایـەخ بێـت بەهـی ئافرەتەوە ڕەواجـی پـێ دەدەن، کام فلیـم و درامایـە بەکەڵـك نەیـەت بەهـۆی ئافرەتـەوە بینـەری زیـاد دەکـەن، کام گۆڤـار فلسـێکی قەڵـب ناهێنێـت بەهـۆی ئافرەتەوە دەفرۆشرێـت، وە زۆر شـتی تریـش، لـە هەمووشـی عەجیـب تـر ئەوەیـە باسـی مافـی ئافـرەت دەکـەن! ئەمـە مافـە یـان ئـەوەی ئیسـلام حورمەتـی لێگرتـووەو بەهەشـتی خسـتۆتە ژێـر پێیانـەوە.
===
کـوردو ئیسـلام هەرکامیـان لـە پێـش بێـت چ جیـاوازی هەیـە، گرنـگ ئەوەیـە هەردووکیانمـان هەیـە.
لـە ئیسـلامدا خـوا هەیـە، لـە ڕێبازەکانـی تـردا شـەخس هەیە!کامیـان هـەڵ دەبژێرێـت؟
ئیسـلام گەورەیـە، ئێمـە بچوکیـن دەبێـت خـۆت گـەورە بکەیـت تـا لـە ئیسـلام تـێ بگەیـت.
ئیسـلام بـە زۆر بەسـەرماندا سـەپیوە!ئەی بـۆ ئێسـتە بـە ئازادانـە بەرگـری لـێ

دەکەیـن؟
ئیسلام حەقی نیشانداوین، ئێمەش بە مەمنونی شوێنی کەوتووین.
ئیسلام زۆر گەورەیە، ئێمە بچوکین و پێویستمان بە ئیسلامە.
ئیسـلام هیچـی لـێ نەسـەندووین بەڵکـو هەرچـی شـتی چاکـە فێـری کردوویـن.
فەیسبووك شەونوێژیشی بۆ ئیماندارن ئاسان کردووە.
ئەوانـەی ئیسـلامیان بـە ڕاسـتی وەرگرتـووە لـە درۆو دەلەسـەو دڵـە ڕاوکـە ڕزگاریـان بـووە.
لەناو ئیسلامیەکاندا زۆر بە کەمی هەیە ئافرەت بمێنێتەوە.
ئەوان نازانن ئێمە چەند بەختەوەرین دەیانەوێت بەدرۆ تاقیمان بکەنەوە.

## ئافرەت و فەیس بووك و مەرامەکان

ئافرەتـان زۆر بەڕێـزو قورسـن لای خـوای گـەورە، نابێـت ئەوانیـش خۆیـان سـوك و هـەرزان فـرۆش بکـەن.
قورئـان بـە حەقـت، ئافرەتـی وا هەیـە حـەق وایـە ڕێکخـراوی ژنـان دەعـوای لەسـەر قەیـد بکـەن.
===
بـرادەری وام هەیـە کـە دەیەوێـت ژن بهێنێـت پێـم دەڵـێ مامۆسـتا بەڵکـو ئافرەتێکـی باشـم بـۆ پەیـدا بکەیـت، سـوپاس بـۆ خـوا زۆریشـمان تـا ئێسـتە گەیاندووەتـە یـەك، کەچـی ئافرەتـی واهەیـە لـە فەیـس بووکـەوە پێـم دەڵـێ ژنـت هەیـە، وێنـەی تایبەتـی خـۆی دەنێرێـت، کچـی بـاش بەزەیـت بـە خۆتانـدا نایەتـەوە ڕێکخراوتـان هەیـە ئێمـە هیـچ ڕێکخراومـان نـی یـە وازمـان لـێ بهێنـە.

===

کە داوای ژنم کرد پرسیاریان لێکرد شووی پێ دەکەیت ئەویش قسەی نەکرد، منیش حەدیسێکم کرد بە بەڵگە کە بێدەنگی نیشانەی ڕازی بوونە، کەچی هی وا هەیە ئەوەندە چاو قایمە ئەبێ من شەرم بکەم.

===

خەریکە فەیس بووکم لەبەرچاو دەکەوێت، ڕیکلامی بێ ماناو بەردەوام لە سەری سەرەوەیەو نامەی پڕوپوچیش لە ئین بۆکسەکەدا.

===

هەندێك ئافرەت بەداخەوە وەك داشی دامە لەلایەن کەسانی ترەوە بەکار دەهێنرێن، کە جوابی نەدەیتەوە دەیکات بە بەڵگەی بێ ڕێزی و کە جوابی بدەیتەوە سکاڵا دەبات بۆ لای ڕێکخراوەکان.

===

داوام لە گەنجان هەیە، هیچ کات فەیس بووك بۆ مەرامی پەیداکردنی ژن و شوو بەکار نەهێنن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندە داخراو نیە لایەنی کۆمەڵایەتی لاواز نی یە تا پەنا بۆ فەیس بووك بەرین.

===

هیوادارم ڕێکخراوەکانی ژنان خولی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بۆ ئافرەتان بکەنەوەو فێریان بکەن کە چۆن حورمەتی خۆیان بپارێزن، بە ئاگایان بهێننەوە لە نەکەوتنە ناو داوی کەسەوە، نە بۆ پارەو جاسوسی، وە نە بەناوی خۆشەویستی، نە بۆ مەرامی خراپ و گەندەڵی.

## فەلسەفەی کوردایەتی

*گەر سۆز بۆ میسر دەربڕی ئەوا تۆ عەرەب پەرستی، چونکە قەزافی دۆستی دێرینی کوردە.
*بەخوا سەیرە کوردەکانی سوریا دێن بۆ ئێرە سواڵ دەکەن ئێمەش بچین لەوێ شۆڕش بکەین!
*بەخوا سەیرە کوردەکانی سوریا هاوکاری بەشار دەکەن و دەڵێن دژی عەرەبین!
*کورد زۆر زیرەکە لە گۆڕینی ڕەگەزنامەی کەسە ناودارەکان تۆ بڵێی بەشاریان نەکردبێت بە شارەزووری؟
*بەخوا سەیرە پەیەدە هاوکاری لە بەشار وەردەگرێت و بارەگاکانی پارتی دەسوتێنێ!
*توخوا ڕیسوای باشور خۆشە یان مردنی باکور؟
*سنورەکان دەبێت داشخرێت و بیشکرێتەوە، بکرێتەوە بۆ ڕۆشتنی هاوکاری و دابخرێت لە هاتنی کوردانی باکور بۆ باشور!
===

## ئیسلامی (..........)

*لە مەدخەلی گێل تر نی یە، نازانن حیزبایەتی بکەن دەڵێن حەرامە! غیرەتیان نی یە خۆپیشاندان بکەن دەڵێن جائیز نی یە!
*لە مەدخەلیەکان جاشتر نی یە، چونکە جاشەکان بەس جاشن بەڵام مەدخەلیەکان جاشی جاشن!

*لە مەدخەلیەکان نەزان تر نی یە حیزبایەتی دەکەن و پلەشیان نادەنێ!
*لە مەدخەلیەکان فەقیر تر نی یە...بە کەمترین موچە خۆیان دەفرۆشن!
*لە مەدخەلیەکان بەدبەختر نی یە، حسابی ئیسلامیان بۆ دەکەن و ئیسلامیش نین!
*بەخوا سەیرە مەدخەلیەکان عەرەبیش دەزانن کەچی کێشەی تێگەشتنیان لە شەرع هەیە!
*مەدخەلیەکان کتێب وەردەگێڕنە سەر کوردی و خۆیان وەردەگێڕنە سەر عەمیلی!
*بەخوا سەیرە فەزڵی قابیل بدەیت بەسەر هابیلدا، خۆ هابیل دەستی نەکردووەتەوە!

## کوردانی هەندەران گەڕانەوەیان بۆ وڵات ئاگاداری

*زۆر سەیرە خەڵکی وا دەزانێت گەنجان لە خۆشیدا ڕۆشتن بۆ ئەوروپا!
*کە دەچیتە دائیرەیەکەوەو بزانێت لە ئەوروپا بوویت مۆڕەت لێ دەکات دەڵێی بە موچەی ئەو سەفەرت کردووە!
*کە لە ئەوروپا دەژیت دەڵێن بۆ ناگەڕێیتەوە خزمەتی ووڵاتی خۆت بکەیت کە دەشگەڕێیتەوە ناهێڵن خزمەت بکەیت...
*کە لە ئەوروپایت لۆمەت دەکەن بۆ ناگەڕێیتەوە، کە دەگەڕێیتەوە دەڵێن بەخوا کەرە چ دەکەیت لەم ووڵاتەدا!
*کەسی وا هەیە دەڵێ وەرەوە لە ووڵاتی خۆتدا خزمەت بکە، کە دێت بۆلات دەڵێ بەخوا من تۆ بوایەم هەرگیز نەدەهاتمەوە!
*کەسی واهەیە بەلایەوە سەیرە کوردان بوون بە خاوەنی ڕەگەزنامەی

ئەوروپـی وا دەزانــن لەوێــش یەکیەتــی و پارتــی حوکــم دەکات!
*عەلمانیـەکان باسـی عەلمانیـمان بـۆ دەکـەن خۆیـان بـە ئەڤغانسـتان بـەراورد دەکـەن! کاکـە گیـان ئێمـە عەلمانیـە ئەسـڵەکانمان بینـووەو گومانمـان لـە تەزویـری ئێـوە نـی یـە.
*کـە دەڵێیـن بـۆ وا ئـەم ووڵاتـە بەڕێـوە دەبـەن دەڵێـن کاکـە زۆرمـان مـاوە، ئـێ بـۆ خـۆ هەمـوو کەرەسـتەکان و پـارەش هەیـە، بـەڵام ئەقـڵ نـی یـە!
*بۆ موعامەلاتێك دەبێت بچیت بۆ هەولێر لەوێش مدیری لێ نی یە!
*هـەر کـە دێیتـەوە خەڵکـی دەیانەوێـت بزانـن چ حیزبێکیـت نازانـن زۆربـەی کـوردەکان لـە ئەوروپـا فۆڕمـات بوونەتـەوە!
*هـەر حیزبـەو خـۆی بـە کـورد دەزانێـت کوردانـی هەندەرانیـش زۆربـەی بـێ لایەنـن و شـەڕی کـورد لـە پەرلەمانـی ووڵاتانـدا دەکـەن!
*کـە بزانــن لـە ئەوروپـا بوویـت قۆڵـت دەبـڕن وا دەزانــن لەوێــش پـارە بـە گەندەڵــی دەســت دەکەوێــت!
*کـوردی وا هەیـە دە ووشـە زمانـی ئەوروپـی فێـر نەبـووە، کـە دێتـەوە دەڵێـن واللـە باشـە کوردیەکـەی لەبیـر مـاوە!
*هاوڕێیەکـم دەیگـوت کوردانـی هەنـدەران هـەر فێـری ئـەوە بـوون گڵـۆپ بگوژێننــەوە!
*تەنهـا کوردەکانـی هەنـدەران لێـرە پاشـماوەی خۆیـان کـۆ دەکەنـەوە، خەڵکی وا دەزانـن لـەوێ هـەر کەناسـی کـردووە!
*چەندێـك ئینتیـمای کوردایەتیـت هەبێـت لـە دەرەوە لێـرە حسـێب نـی یـە مـادام لـە حیزبەکـەی ئـەودا نەبوویـت!
*شـەهادەی ئەوروپـی فایـدەی چـی یـە کـە بەشـان و باڵـی نەخوێندەوارەکانـی ئێـرەدا هـەڵ نەدەیـت!

*بەشـەهادەی دکتـۆرای سـویدو ئەڵمانیـاو بەریتانیـاوە دەبێـت نەخوێنـدەوار واسـیتەت بێـت گەرنـا فلیمـت سـوتاوە!
*زمانی ئینگلیزی بۆچی باشە خۆ لێرە هەمووی کوردی قسە دەکات!
*گـەر دوو مانـگ بەسـەر مۆڵەتـی ئوتومبێلەکەتـدا بـڕوات دەبێـت ڕۆژی ٣٠٠٠ دینـاری عێراقـی بخەیتـە مشـتیان لـە ئیبراهیـم خەلیـل بـۆ خەزێنـەی دەوڵـەت!
*لەگـەڵ ئـەوەش هەمـوو شـتەکانت یاسـاییە هـەر دەبێـت چەنـد ناسـیاوێکی حیزبیـت هەبێـت گەرنـا ئیشـەکان مەشـی نابێـت!
*لـە کۆڕوکۆبوونەوەکانـدا دەڵێـن بەخـوا بەریتانیـا موهیمـە یەکێکیـش قیـت دەبێتـەوەو دەڵـێ سـەگبابانە ئێمەشـیان کـردە چـوار پارچـەوە!
*ڕۆحت دەرچێت بۆ چکن چپس دەستت ناکەوێت!
*پیتزەکانی ئێرە حەیای پیتزەکانی ئەوێیان بردووە!
*لێـرە خەیـارو تەماتـەو سـەوزە زۆر لـەوێ باشـترە، بـەڵام گۆشـتەکەی ئـەوێ هەرزانـترە!
*ئینشوڕانسـی سـەیارە لـە کوردسـتان نـی یـە بـەڵام گـەر موقەدەرێـك ڕووبـدات خوانەخواسـتە ئـەوا فۆڕمـات دەبیتـەوە!
*بەیانیان دەبێت زوو هەستیت ئیتر خۆت دەزانی ئیشت هەیە یان نە!
*دەبێـت زۆر قسـەی هەلەقـو مەلـەق و نامەنتیقـی بکەیـت تـا نەڵێـن لـە خـۆی گۆڕاوە!
*ئیسلام لێرە زۆرە بەڵام ئەوەی ئەوێ خۆشترە!
*دەڵێ چۆن لە ئەوروپا بوویت و مەشروب ناخۆیتەوە!
*دەڵێـن بـەرد لـە جێگـەی خـۆی سـەنگینە، چونکـە فیزەیەکـی شـنگڵی یەکسـەری ١٧٠ وەرەقەیـە!

*زۆرکـەس مەکتەبەکـەم دەبینێـت دەڵێـت چـۆن ئـەم هەمـوو کتێبـە شـێتی نەکردوویـت!
*هەرکەس کتێبی بردیت نە دەیخوێنێتەوە نە چاویشت پێی دەکەوێتەوە!
*دەبێـت بـە بلـۆك قسـە بکەیـت نـەك بلۆکـی خانـوو بەڵکـو دۆلار بـۆ ئـەوەی نەڵێـن عەشـایەرە!
*دەڵێن هەموو کەس تفەنگێکی پێویستە ڕاویش مەمنوعە!
*پێش هەموو سەفەرێك شایەتومان گرنگە!
*کێشـەی سـەیارەی ئەوروپـی ئەوەیـە بەنزینەکـەی ئێـرەی پـێ ناکەوێـت چونکـە پیسـە!
*زوو زوو لێت دەپرسن ئەوە تۆ مانگی چەندێك مەعاشت هەیە لەو وڵاتە!
*منـداڵ لێـرە زوو فێـری قسـەکردن دەبێـت بـەڵام لەگەڵیشـدا جوێـن دەدات و سـوێندیش دەخـوات!
*ئەگـەر لـە هاوینـدا گەڕانـەوە سـەن کرێمتـان لەبیـر نەچێـت بـۆ ئـەوەی هـەڵ نەپرۆزێن.
*خۆشترین شت لە کوردستان ئەوەیە پۆستت بۆ نایەت.
*بـۆ هـەر دائیرەیـەك بڕۆیـت ئـەم شـتانەت نابێـت لەبیـر بچێـت تەسـکەرە، جنسـیە، فۆڕمـی خـۆراك، کارتـی زانیـاری ببـورە واسـیتەش.
*ئەگـەر بکرێـت تاقەشەمسـی و جیهـازی ئـاو پـاك کردنـەوە لەگـەڵ خـۆت بهێنـەرەوە، چونکـە کێشـەی ئـاوو کارەبـا هێشـتا چارەسـەر نەبـووە!
*جـل و بـەرگ زۆر بکـڕن پێـش هاتنـەوە، چونکـە ئەوانـەی ئێـرە هەمـووی ناعەسـڵە.
*شـوتی زۆرو زەبەنەیـە کیلـۆی بـە ٥٠٠ دینـار، بـەس لـە ملـی خـۆت ئەگـەر خـراپ دەرچـوو.

*مریشکی زیندووی سەربڕاو کیلۆی ٤٥٠٠ دینارە.

## کوردایەتی و ئیسلامەتی

نوێژ نەکردن بەینی خۆت و خوایە، بەڵام دزی کردن بەینی من و تۆیە.

===

عوزرتان بۆ دەهێنینەوە کە لە مزگەوتیش نوێژ نەکەن مادام دەڵێن مسوڵمانین، بەڵام عوزرمان بۆ دزیەکان بۆ ناهێنرێتەوە کە ڕێگەی هاتووچۆی لێتاڵکردووین.

===

کەسێك زینا بکات لە ئیسلامدا ١٠٠ جەڵدی لێ دەدرێت و بۆ ماوەی ساڵێك لەو جێگەیە دوور دەخرێتەوە، بەڵام لە کوردەواریدا گەر بیگرن دەیکوژن گەر نەیگرێت دەبێت هەتا هەتایە بەو جێگەیەدا نەیەتەوەو بە قاچاخی بژی.

===

لە ئیسلامدا کەسێ زینا بکات و ژن یان مێردی نەبێت ١٠٠ جەڵدەی لێ دەدەن، بەڵام لە کوردستاندا ٣٠ فیشەکی پێوە دەنێت، دەشڵێن تۆڵەی ئیسلام زۆر سەختە.

===

ئازاری دەستبڕین بۆ کەسی دز زۆر سەختە، بەڵام ئازاری ماڵبراو بۆ کەسی دزی لێکراو سەختترە.

===

لەو دنیا خوای گەورە تۆڵەی بێدینت لێ دەسێنێتەوە، بەڵام من لەم

دونیـا مافـی خـۆم لێـت دەوێـت.
===
تۆ بێ دینیت ئەوە کێشەی خۆتە بەڵام پارەکەی من مەدزە.
===
کاکـە گیـان خـۆ مەسـەلەی دینیـش بخەینـە ئـەولاوە کەسـی خراپـەکارو دەسـت و داوێـن پیـس هـەر بـە کەڵکـی کۆمەڵگـە نایـەن.
===
بەپێـی قسـەی زۆرێـك لـە عەلمانیەکانـی لای خۆمـان بێـت نابێـت ئـەم جـۆرە کەسـانە باسـی سیاسـەت بکـەن.
١-کەسایەتی دینی و خاوەن شەهادەی بەرز.
٢-کەسایەتی دەست و داوێن پاك.
چونکە زیانی بۆ پەزەکانی ئەوان هەیە.
===
کەسـی وا هەیـە شـەهادەی بنەڕەتـی نـی یـە بەرانبـەری کەسـایەتی خـاوەن دکتـۆرا دەبێتـەوە کـە بـۆ باسـی سیاسـەت دەکات.
===
پەرلەمـان جێگـەی تەشریعـە، ئـەی خێـرە ئـەو کەسـانە هەوڵـی بـۆ دەدەن کـە لـە شـەرع نازانـن.
===
کەسێك کـە لەگـەڵ خـۆی درۆ بـکات، لەگـەڵ کۆمەڵگـەش درۆ دەکات، لەبـەر ئـەوە بـۆ نوێنەرایەتـی گـەل ناشـێت.
===
کەسـی عەلمانـی وا هەیـە هەرچـی پرسـیاری شـەرعی هەبێـت لـە خۆمـی

دەکات کەچــی باســی سیاســەت هاتــە نــاوەوە دەڵــێ کەســایەتی ئیســلامی نابێـت سیاسـی بێـت، ئـەی خـوا ماڵـت بـە قـوڕ نەگرێـت ئەی کەسـی نەشـارەزا بـۆ دەبێـت بیـکات!

===

کابرایەکــی عەلمانــی کێشــامیە لاوە ووتــی مامۆســتا گیــان خــۆت چاکــتر شـارەزایت ئیسـلام و سیاسـەت پێکـەوە ناگونجێـت، منیـش ووتـم گـەر بـاوەڕت بـە شـارەزایەکەی مـن هەیـە شـتێکی چاکـە دەی مـن دەڵێـم پێچەوانەکـەی ڕاســتە، ئیســلام بەبــێ سیاســەت هــەر نابێــت.

===

لەزەتی دادگەری و بێ دەستەڵاتی چێژدارترە، تا نادادگەری و دەستەڵات.

===

لەزەتی داوێن پاکی و بێ ژنی خۆشترە، لە داوێن پیسی و زۆر ڕابواردن.

===

لەزەتی دەستپاکی و نەبوونی خۆشترە لە پارەی زۆرو بە دزی.

===

سیاســەت بــۆ کەســی مســوڵمان و دینــدار نەگونجــاوە! چونکــە لــە قورئانــدا دەفەرموێـت دز دەبێـت دەسـتی ببڕدرێـت، دەی ئێمـە دزیەکەمـان پـێ تـەرك ناکرێـت دەبێـت دژایەتـی قورئانەکـە بکەینـەوە.

===

زۆر سـەیرە بـۆت هەیـە بـە عەمامـەو نـاوی دینـەوە لـە ڕیـزی یەکیەتـی و پارتیدا کاربکەیـت و دیـن و عەمامەکەشـت تـەواوە، بـەڵام لـە بـەرەی ئـەوان نەبیـت، دیـن و سیاسـەت پێکـەوە نەگونجـاوە، جـا گـەر خۆتـان باوەڕتـان بـەوە هەیـە بـۆ کۆبوونـەوە بـە مـەلاکان دەکـەن و کاندیدیـان دەکـەن بـۆ پەرلەمـان.

===

هەرکەس بڵێ ئیسلام و سیاسەتیان نەوتووە، لە دوو خاڵ بەدەر نی یە:

١-یان نەشارەزایەو وەك توتی ئەو قسەیە دەڵێتەوە.

٢-یان بێ باوەڕە بەو قورئانەی کە خوای گەورە ناردوویەتیە خوارەوە بۆ حوکم کردن.

===

## ئیسلام و سیاسەت، لە ڕوانگەی عەلمانیەتەوە

ئیسلام و سیاسەت دوو شتن پێکەوە ناگونجێت، پێچەوانەکەی ڕاستە گوڵم ئەوە نی یە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون)

ئێوە لە ڕوانگەی حوکمتانەوە جگە لە ماناو سەرەنجامی ئەو ئایەتە هیچی ترتان نەسەلماندووە.

===

عەلمانیەکان دەڵێن دەبێت دین لە سیاسەت جیا بکرێتەوە، دەی لە خۆتانەوە دەست پێ بکەن، کاندیدەکانتان بکشێننەوە، کۆبوونەوەیان پێ مەکەن، مەڵێن مسوڵمانین، ئەی تۆ مسوڵمانیت چۆن سیاسەت دەکەیت.

===

نزیکی بیست ساڵە زانستی شەرعی دەخوێنم ئێستە دەزانم کە نازانم، کەچی کەسی وا هەیە یەك ڕۆژ نەیخوێندووەو خۆی بە عالم دەزانێت و بەڕای من بەڕای منیەتی! لە ڕووی شەرعەوە، کوڕی باش بەڕای منیش تۆ خۆت نازانیت لە کوێی زانست دایت ئەم کەش و فشە چی یە.

===

زانست هەر بە شەهادە نی یە، زۆرن ئەو کەسانەی شەهادەیان هەیەو خوێندەواریان نی یە.

===

دەکرێت شتێك شەرعیش بێت و حەزیشی پێ نەکەین بەڵام نابێت فەزڵی حەزی خۆمان بەسەر شەرعدا بدەین، چونکە حەز ئارەزووی کاتی ئێمەیە، بەڵام شەرع یاسای خوای گەورەیە.

===

تۆ کە تەمەڵیت و ناتوانیت قورئان فێر بیت دژایەتی عەرەبی بۆ دەکەیت.

===

تۆ کە یاسای خوات پێ قبوڵ نەبێت دەبێت یاسای بەندەکانی قبوڵ بکەیت، جا توخوا ئەمە ئیشە کردت!

===

تۆ کە دژایەتی ئیسلام دەکەیت ئەی بۆ دەڵێی لە تۆ زیاتر مسوڵمانم!

===

ئیسلام بۆ کەسی ئاقڵ هاتووە، کەسی بێ ئەقڵ تەکلیفی شەرعی لەسەر نی یە، بەڵام زۆرمان هەیە لە نێوان ئاقڵی و بێ ئەقڵیدا هێشتا خۆیان ساغ نەکردووەتەوە.

===

تۆ کە تەمەڵیت و ناخوێنیت، ئیسلام تاوانی چی یە لێی تێنەگەیت.

===

دین خۆی ڕوونە ئاسانە لە ڕاستیدا ئەوە ئێمەین قورسی دەکەین.

===

ئەنتــی ڤایرۆســێکم دابەزانــدە نــاو کۆمپیوتەرەکــەم، هەواڵێکــم بینــی لــە فەیسـبووك کـە یەکێـك لە سـایتەکانی دەسـتەڵات بڵاوی کردبوویەوە، ویسـتم بیکەمـەوە ئەنتـی ڤایرۆسـەکە گرتـی و وتـی کۆمپیوتەرەکـەت خـراپ دەکات ئەگـەر بیکەیتـەوە، منیـش ووتـم کـورە ئـەوان وڵاتێکیشـیان خراپکـردووە نـەك کۆمپیوتەرێـك

===

منـداڵ هەیـە بـاوك یـان دایکـی دەمرێـت و دەکەوێتـە لای کەسێکی تـر، بـۆ ئـەوەی فـەراغ لـەلای منداڵەکـە دروسـت نەبێـت کەسـی تـر دەکەنـە بـاوك و دایکـی، بـەڵام کـە گـەورە بـوو دەزانێـت کـە بـاوك و دایکـی ڕاسـتی ئـەوان نیـن، ئێمـەش وامـان لێهاتـووە لەگـەڵ عێراقـدا، سـور دەزانیـن عێراقـی نیـن و وە بـە داخـەوە بـاوك و دایکێکـی خراپیـش بـوون بۆمـان.

===

## دەڵێن کورد سودی لە ئیسلام وەرنەگرتووە! ئەوەش وەڵام...

پێـش هەمـوو شـت دەبێـت بپرسـین چـۆن سـود لـە ئیسـلام وەرگریـن؟ ڕێگەکانـی سـودوەرگرن لـە ئیسـلام کامانـەن؟ ئایـا ئـەو چۆنیەتـی و ڕێگایانـە کامانـەن کـە دەبێتـە مایـەی سـودوەرگرتن لـە ئیسـلام؟ دەسـتپێکی سـودی ئیسـلامی چـۆن و لـە کوێـوە دەسـتپێدەکات؟

چەندەهـا پرسـیاری تـر کـە دەکرێـت و پێویسـتە بوروژێنرێـت دەربـارەی ئیسـلامی و سـودەکان...

سود وەرگرتن لە ئیسلام لە تاکەوە دەستپێدەکات، ئەویش بە مومارەسەی پەیڕەوی کردنی خودی ئەو تاکە لە ئیسلام، گەر تاکێك بوو پەیڕەوی فەرمان و بەرگریە ئیسلامیەکانی کرد دەبێتە کەسێکی سودمەند لە ئیسلام، چۆن؟

پیاو کوشتن تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ پیاو مەکوژە با نامۆو قاچاخ نەبیت لەناو کۆمەڵگەدا.
زیناکردن تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ زینا مەکە بەدوور دەبیت لە گشت کێشە ئەخلاقیەکان.
خواردنەوە مەشروبات تاوانی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ مەیخۆ هەرگیز نابیتە گاڵتەجاڕو مەزەی کەسانی تر.
درۆ تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ درۆ مەکە هەرگیز زەرد نابیتەوە لەناو کۆمەڵگەدا
قومار تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ قومار مەکە بزان قەت هیچ دەدۆڕێنیت.
دزی تاوانێکی گەورەیە لە ئیسلامدا تۆ دزی مەکە هەرگیز پێویستت بە پاسەوان نابێت و کۆمەڵگە پاسەوانت دەبێت.

پرسیارەکە لێرەوە خۆی لەم تاکە قیت دەکاتەوەو دەڵێ: ئایا؟ تۆ پەیڕەوی ئەو فەرمان و بەرگریە ئیسلامیانە نەبیت ئیتر چیت دەوێت لە ئیسلام! بۆ لۆمەی ئیسلام دەکەیت؟ پەیڕەوی بکەو سودەکەی نۆش بکە.

===

دەستەڵات دەبێت دادگەر بێت، دادگەر نەبێت میللەت دادگاری دەکات

بـا ماوەیەکیـش درێـژە بکێشـێت، مرۆڤایەتـی بـە سروشـت دەسـتەڵاتی دادگـەری دەوێـت.

بەداخـەوە چ لـە ئاسـتی هەندێـك لـە تاکەکانـدا چ لـە ئاسـتی هەندێـك لـە ئەحزابەکانـدا، بـە گشـت شـێوەیەك ئیسـلام و پرۆگرامەکـەی ڕەد دەکاتـەوەو داوای سودیشـی لـێ دەکات! ئیـش نـاکات و پاداشـتی دەوێـت! دژایەتـی دەکات و حـەزی لـە بەهەشتیشـە! قورئـان بـە کۆنەپەرسـتی دەزانێـت و داوای دادگەریەکەشـی دەکات!

دەسـتەڵاتی عومـەرەکان، عومـەری کـوڕی خەتـاب و عومـەری کـوڕی عەبـدول عەزیـز، بـۆ بـە بەردەوامـی وەك نموونـەی جوانـی ئیسـلام دەهێنرێتـەوە؟ سـەیری پابەنـدی ئـەوان بکـەن بـە ئیسـلام و سـەیری خۆشـمان بکەیـن!

هەربۆیـە گرنـگ و پێویسـت و کاتـی خۆیەتـی بەخۆمانـدا بچینـەوە کـە بـۆ سـودمان لـە ئیسـلام وەرنەگرتـووە؟ وە چـۆن سـودی لـێ وەرگریـن؟ هەمـوو ئەمانـە جێگـەی مشـتومڕەو وەڵامەکانیشـی هیچـی لـە ئیسـلامدا نەپەڕێنراون، کەسـی خـۆی دەوێـت بیدۆزێتـەوەو کەسـی خۆشـی دەوێـت پەیـڕەوی بـکات، لەوانـەدا خۆمـان مانـدوو بکەیـن، هیـچ گومانـی تێـدا نـی یە دەسـتمان لەسـەر سـکی تێـر دەبێـت.

## خـوێندنـەوەی دروسـت

زۆرکـەس بـۆ دەربازبـوون لـە کێشـەکان و سـاتێك لەبیرکردنیـان پەنـا بـۆ کێشـەی تـر دەبـات، وەك خواردنـەوەی حکولیـەکان، سـەردانی جێگـەی خـراپ، بـەڵام لەبیریـان چـووە هیـچ وەك خوێندنـەوە چارەسـەری کێشـەکان

نـاكات، هـەم سـاتەكانی خوێندنـەوە كێشـەكانمان لەبیـر دەباتـەوە وە بـە بۆچونـی تـازەو زانسـتی خوێندنەوەكـە بیرۆكـە دروسـت دەكات، بـەم شـێوە بیرمـان بـە ئاینـدەوە سـەرقاڵ دەبێـت وەك لـەوەی بیـر لـە كێشـەی ڕابـردوو بكەینـەوە.

===

كـە بـە قوڵـی دەچیتـە نـاو خوێندنـەوەوە ئەوسـا دەزانیـت كاتـەكان چەنـد گرنـگ بـووەو هـەروا بـە فیـڕۆت داوە.

===

لـە ئەوروپـا كوڕوكچـی وا هەیـە نیـوەی تەمەنیـان پێكـەوە بەسـەر دەبـەن و چەندیـن منـداڵ لـە نێوانیانـدا دروسـت دەبێـت پێـش زەواج و دوایـش كـە زەواج دەكـەن دوو ڕۆژ پێكـەوە نایانكرێـت و لەیـەك جیـا دەبنـەوە، لای خۆشـمان هەیـە نەنكـی كچێكـی بـۆ دەدۆزێتـەوەو هـەر بـە دەم دەڵـێ واو وایـە پێكـەوە زەواج دەكـەن و هیچیـش مشـكیلەیان نابێـت و بـۆ هەتـا هەتایـە پێكـەوە دەژیـن، دەبهێڵـن بـا دەوڵەتەكـە ڕابگەیەنرێـت كـورد كـەی ئەوەنـدە سـەری لـە شـت كردووەتـەوە، ئەگـەر هەڵـەش بـوو هـەزاران هەڵەمـان هەیـە بـا ئەمەشـی بێتـە پـاڵ.

===

سـێ منداڵـی جولەكـە كـوژرا دونیـا هاتـە هـاوار، كەچـی غـەززە وێـران بـوو كـەس قسـە نـاكات، وەك بڵێـی دوكەڵـی وێرانكاریـەكان دوكەڵـی باڕبەكیـوو گۆشـت برژاندنـە.

===

نەگبەتـی كـوردی ئێمـەش لەوەدایـە هـەر گلـەی لـە جامیعـەی ئەزهـەرو موفتـی سـعودی دەكەیـن هەڵوێسـتیان بەرانبەرمـان هەبێـت، ئـەوان ئەگـەر

نـەك هەسـتی ئیسـلامەتی زەڕەیـەك هەسـتی مرۆڤایەتیشـیان هەبوایـە هیـچ نەبێـت بـە هانـای قەومەکـەی خۆیانـەوە دەڕۆشـتن لـە غـەززە.

===

بۆ تێگەشتن لە حەقیقەت خوێندنەوەی زۆر پێویست نی یە.

===

سـەرکەوتن ئـەوە نـی یـە پلەیەکـی دونیایـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ دەسـتەبەر بکەیـت، سـەرکەوتن ئەوەیـە خـۆت لـە دونیـادا ئاسـودە بکەیـت و سـەرکەوتنی ڕەهایـی و کۆتایـی دەسـتەبەر بکەیـت.

===

چ هێزێـك لەگـەڵ ئـەو قورئانەدایـە کـە تێشـنەگەی لێـی هـەر کاریگـەری لەسـەرت دەبێـت.

===

# پەیامێك بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان و هاوڵاتیانی كوردستان

ئاوارەکان ئاشتیان دەوێت و دڵیان مەڕەنجێنن...

کاتێـك ئێمـە ئاوارەبوویـن و ڕۆشـتینە ئێـران لەگـەڵ ئـەوەی ئێران و فـارس هەر بـە دوژمنـی خۆمـان زانیـووەو وڵاتێکـی جیاوازیشـە سـنورەکانی بـۆ کردینـەوە، تـا هاتینـەوە پەتاتەمـان لـێ نەبـڕا لـە ئۆردوگا، هـاوکاری ئـەو وڵاتانەشـی دەکرد کـە هاوکاریـمان پـێ بگەیەنـن و خزمەتیـان کردیـن تـا گەڕاینـەوە! ئـەوکات مـن شـوان بـووم حەیوانـم دەلەوەڕانـد کـە نزیکـی پـازگاکان دەبوومـەوە بانگیـان دەکـردم و دەسـتیان دەهێنـا بـە قژمـاو مەعەلەباتیـان پێـم دەدا، ئێسـتەش کاریگـەری لەسـەر دڵـم مـاوەو خەیلـێ تەشـەکوریان دەکـەم.

===

نەنکم کە ئێستە لە ژیاندا نەماوەو خوای گەورە لێی خۆش بێت بۆی گێڕاومەتەوە کە کاتی خۆی ئاوارەی ناسریە بوون و باسی کەرەم و چاکەی عەرەبەکانی دەکرد، هەتا هەندێك خواردن لەوانەوە فێر بوو بوو، وە باسی هاوکاری و تێکەڵی و چاکەیانی بە ئینسافەوە بۆ دەگێڕاینەوە، زۆرجار ئەوەشی دەوت ماڵێکی دراوسێیان هەبووەو پێیان خۆش بووە کچێکی خۆیان بدەن بە مامم و ئیتر مامم مامە هادیم ئەو خۆی نەیوستووە.

===

زۆرم بەلاوە سەیرە ئەو هێرشە دژایەتیە لەسەر ئەو ئاوارانە ئیتر عەرەبن، شیعەن، سونەن، ئێزیدین، هەر زمان و فکرو دینێکیان هەیە دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت.

===

ئەوان بە گشتی ئاشتی خوازن و بەڵگەی ئەوەش هەڵهاتنیانە لەشەڕو نەیان ویستووە ببن بە بەشێك لەو شەڕخوازیە، لە هەمووی گرنگتر بەرانبەر بە کورد.

===

ئەی ئەگەر شەڕیان بکردایەو دژی کورد بجەنگایەن ئەوسا چی، وەیان گەر دەریان بکەن و بەناچاری بکەونە بەرەی جەنگەوە بێگومان بەرانبەری کورد دەبن، چونکە واقعەکە وایان بۆ دەخوازیت.

===

کەسێکیش بۆ تێکدانی ڕەوشت و ئەخلاقمان هاتووە هەر جێگەی هەڵوێستەکردنە لەسەری و کاری نائەخلاقی هەر نائەخلاقیە هەر قەومێك بیکات و جێگەی قبوڵ نی یە هەقە ڕێگەی لێ بگیرێت.

بـەڵام بـە گشـتی بەهانەکانـی تـر بەهانـە نـی یـە بـۆ دەرکردنـی ئـەو فەقیـرو هەژارانـە، کـە لـە دەسـتی شـەڕ ڕایـان کـردووەو سـەلامەتیان بـۆ خۆیـان و ماڵ و منداڵیـان دەوێـت، لـە ئیسلامیشـداو لـە عورفـی عەشـایەری و ئەخلاقـی سیاسیشـدا کەسـێك داوای پەنـای کـرد دەبێـت پەنـای بدرێـت.

===

بازاڕیـان گرانکـردووە ئـەوە ئـەوان نیـن بازاڕیـان گرانکـردووە ئـەوە توجارەکانـی خۆمانـن خـوا نەناسـانە ئـەم هەلەیـان قۆسـتووەتەوە هـەروەك چـۆن هەمـوو هەلەکانـی تـر وەك ڕەمـەزان و جـەژن و قوربانیـەکان دەقۆزنـەوەو هـەق وایـە کەمپیـن دژی ئـەوان بکرێـت، لـە کاتێـکدا کـە گـەر شـتومەك خێراتـر ڕۆشـت هـەق وایـە هەرزانـتر بکرێـت مـادام بـە خێـرای دەڕوات خێـرە کەمەکـە لـە خێرایەکەیـدا زۆر دەبێـت نـەك لـە زۆریەکەیـدا.

===

خـاوەن خانـووەکان دەبێـت شـوکری خـوای گـەورە بکـەن کـە خۆیـان کرێچـی نیـن و کـرێ گـران نەکـەن لەسـەر خەڵکـی و هـەژاری و دامـاوی خەڵکـی بۆخۆیـان ئیسـتغلاڵ نەکـەن.

==

ئـەم وەزعـە تێدەپەڕێـت و کاریگەریـەکان لەسـەر دڵ دەمێنێتـەوە، دۆسـتی کـورد بـە چاکـە زیـاد بکـەن و پێشـینانیش جوانیـان فەرمـووە ڕۆژان ڕۆژی لـە دوایـە.

# وەڵامی میدیاکان

ئیسلام پەیك: لە ئەندەنوسیا هەر کەسێك ببێتە داعش ڕەگەزنامەی لێ دەسەنرێتەوە.
عومەر عەلی: جا هەرکەس ببێتە داعش ڕەگەزنامەی بۆچی یە!
پی یو کەی میدیا: فڕۆکەکانی عیراق لەشەنگال مۆڵگەکانی داعشیان تێکشاند.
عومەر عەلی: چاکی فڕۆکە لەوەدایە دیسداشەی ناوێت.
بزاڤ: مەسعود بارزانی فەرمانێکی گرنگی دەرکرد.
عومەر عەلی: کردار شەرتە!
زاگرۆس تی ڤی: یەکێتی داوای کاتی زیاتر دەکات.
عومەر عەلی: هێشتا سێ ساڵی تری ماوە بۆ هەڵبژاردن!
کوردیو: دەوڵەتی یاسا سوورە لەسەر کاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ سەرۆك وەزیران.
عومەر عەلی: مادام پیاوی تر نەبێت قەیچێکا!
سپی میدیا: لەدوای هاتنی داعشەوە ڕێژەی کورد لە کەرکوك لە٥٠٪ بووە بە ٧٠٪.
عومەر عەلی: ڕێژە شەرت نی یە دەنگ شەرتە!
ڕووداو: ئەمریکا پشتیوانی ئاسمانی پێشمەرگە دەکات!
عومەر عەلی: زۆربەی پێشمەرگەی داماو پیادەیە!
لڤین پرێس: بزانە ماهلاگا خۆی جوانترە یان خوشکەکانی.
عومەر عەلی: میدیای ئەهلی جوانە!

هاوڵاتـی: بـۆ ئـەوەی باشـتر سـێکس بکـەی لـە ئیـش‌وکاری ناوماڵـدا یارمەتـی هاوسـەرەکەت بـدە.
عومەر عەلی: دوای خەن بۆ دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی!
سەرنج: پێویستە مرۆڤ گۆشتی بۆق بخوات.
عومەر عەلی: مەگەر چێشتخانەکان وەك هی کەرەکە بە دزیەوە بماندەنێ!
===
ڕووداو: دوو کەشتیی نەوتی هەرێمی کوردستان فرۆشران
عومەر عەلی: بینیم سندوقی کۆمەك بۆ پێشمەرگە دانرابوو!
وەزارەتی ناوخۆ: کوڕێکی عیزەت دووری کوژرا
عومەر عەلی: کوڕێکی تاڵەبانیش بە جێگیری سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا!
سبەی: ئۆباما و ژنەکەی دو کچەکەیان دەخەنە بەر کاسپیکردن
عومـەر عەلـی: دەمێکـە منداڵـی سـەرکردەکانی ئێمـە خەریکـی کاسـپی کردنـن!
کوردیو: مالیکی داوای یارمەتی لە بارزانی کردووە
عومەر عەلی: پێشمەرگەش هەر داوای یارمەتی دەکات!
PUKONLINE: داعش کێن؟
عومـەر عەلـی: ئـەو گروپەیـە هـەر کـە کۆکیـن بەنزیـن لـە کوردسـتاندا نامێنێـت!
پەیـام تیڤـی: بارزانـی: هەرگیـز ناکەوینـە شـەڕێك کـە لەژێـر پـەردەی تیـرۆردا شـەڕی تائیفـی بکرێـت
عومەر عەلی: خۆزگە بۆ شەڕی ناوخۆش هەمان هەڵوێستی هەبوایە!
کـەی ئێـن ئێـن: دەیڤیـد کامیـرۆن: داعـش پلانـی پەلاماردانـی بەریتانیـای هەیـە

عومەر عەلی: واتە هەرکەسەو مشوری خۆی بخوات!
میدیاکان: ئاشتی هەورامی بە وەزیری نەوت هەڵبژێرایەوە
عومەر عەلی: قابیلە بە پۆپی چەرموەوە ئەمجارەش تەماحمان تێبکات!
ئەنجامی هەڵبژارنەکانی هەرێم: کابینەی نوێی حکومەت ڕاگەیەنرا
عومەر عەلی: چاوتان لە ئاوارەکانەوە بێت

## لە میدیاکانەوە:-

نەك وەزیرەکان سەرۆکی حکومەتیش بڕوانامەی نییە
عومەر عەلی: بڕوانامەمان ناوێت ویژدانمان دەوێت
تەنکەرێك لە دەربەندیخان گڕی تێبەربوو
عومەر عەلی:بەخوا هەموومان گڕمان تێبەربووە!
ئەمشەو بارزانی قسەدەکات
عومەر عەلی: ئەی بەیانی تا ئێوارە خەریکی چی یە!
ئۆباما ؛ داعش لە بەهێز بوندایە
عومەر عەلی: ئاگاتان لە خۆتان بێت!
بارزانی داواکارییەک ئاڕاستەی میدیاکان دەکات
عومەر عەلی: میدیاکانیش رۆژی هەزار داوا لە بارزانی دەکەن!
سەعدی پیرە : قبوڵی ناکەین
عومەر عەلی: وامزانی لە سنورەکانەوە ئەو قسە دەکات!
شەکیرا بۆ پێکی شوت پێناکەم
عومەر عەلی: بەمنداڵەکەتدا دیارە!

===

## لە بارەی هەڵبژاردنەوە

تـۆ کـە دەنـگ بـە یەکیەتـی و پارتـی دەدەیـن بـەژداری لـە دزینـی ملیارەهـا دۆلاردا بـا دۆلارێکیشـت بـەر نەکەوتبێـت.

===

تـۆ کـە دەنـگ بـە یەکیەتـی پارتـی دەدەیـن، بـەژداری لـە خوێنـی ١٧ی شـوباتدا بـا ئـەو کاتـەش لـە مـاڵ نەهاتبیتـە دەرەوە.

===

دزی هـەر ئـەوە نـی یـە گونێیـەك بەشـانتەوە بگـرن لـە تاریکیـدا، تـۆ دەنگـی پـێ بـدە ئـەو بـە ئاشـکرا دەیبـات جـا بـا هەمـووش زرتـەی چـاوی بێـت.

===

کۆتـا وتـەم گـەر هیچیشـم بـۆ ئـەم میللەتـە نەکردبێـت هیچیشـم لـێ نەدزیـووە.

## مافی منداڵ

بـۆ دڵخۆشـی منـداڵان ئامێـری یـاری گرانبەهـا پێویسـت نـی یـە، منـداڵان خۆیـان دەبـن بـە ئامێـرو دڵـی یەکـتری پـێ خـۆش دەکـەن، هەندێـك جـار نەبوونـی ئامێـری یـاری ئەقڵیـان زیاتـر دەجوڵێنێـت و شـتی سـەیرو سـەمەرە دروسـت دەکـەن.

===

هـەوڵ بـدەن ئـەو جـۆرە ئەلعابانـە بـۆ منداڵـەکان بکـڕن کـە بـۆ فێـرکاری بـەکار دێـت، ئەوسـا هـەم چێـژی یـاری هـەم زانسـتیشـی لێـوە فێـر دەبـن.

## هاوڵاتیەکی سەر ڕاست بە

چەندێکە ئیش بۆ ئەوە دەکرێت هێزی حیزبی بکرێت بە هێزی نیشتمانی و لە ژێر دەستی یەکیەتی و پارتی دەربهێنرێت کەچی ئێستە کارەکان بەبا دەدرێنەوەو خەریکی هەمووی هێزی خۆی ببێت!، ئێستە تەنها یەکیەتی و پارتی هێزی هەیە ئەو پشێویە دەبینێرت و بەیەك ڕازی نین چ جای حیزبەکانی تریشی بێتەپاڵ!

===

پێشمەرگەی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە ئێشەکەی بە پرۆفیشاڵی و دڵسۆزیەوە دەکات، ئیتر جیاوازی نی یە، دکتۆر بێت، مامۆستا بێت، کارمەندێکی ئاسایی بێت، قوتابیەك بێت، دوکاندارێك و پیشەوانێك بێت، دایکێك بێت لە ماڵەوەو کۆرپەکانی بەخێو بکات.

===

ئەو قوتابیە پێشمەرگەی ڕاستەقینەیە کە کەمتەرخەمی لە وانەکاندا ناکات و ناڵێت کورە بەخوا ئەمساڵ دەرمان دەچێنن!

===

ئەو کارمەندانە پێشمەرگەی ڕاستەقینەن کە لەکاتی خۆیدا ئامادەی دەوام دەبن و کەمتەرخەمی لە کارەکانیاندا ناکەن و بە دڵخۆشیەوە کاری هاوڵاتیان ڕادەپەڕێنن و مامە پیرەیەك لە سەرەدا ڕاناگرن و زوو بەڕێی دەکەن.

===

ئەو کوردانەی تاراوگە پێشمەرگەی ڕاستەقینەن کە کاتەکانیان لە خوێندن و بەدەستهێنانی زانستدا سەرف دەکەن و دواتر بۆ نیشتمان دەگەڕێنەوە نەك لە بارو دیسکۆو لەگەڵ سۆزانیەکاندا.

# کرداری مرۆیی خۆشەویستی دروست دەکات

نـەك خەفـەت بـۆ کوشـتن و نەمانـی کەسـانی بـێ تـاوان دەخـۆم، لەناخـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەش دەهەژێـم کـە خۆشـیان هـۆکاری لەناوچوونـی خۆیانـن، مـن ناتوانـم مـرۆڤ بوونـی بەرانبـەر بەکـەم بڕوانـم،، ڕۆبـن ولیـەم، یەکێـك لـەو ئەکتـەرە هـەرە بەهێزانـەی ئەمەریـکا کـە بـە فکـرو کارەکانـی دڵـی مەلایـن کەسـی خـۆش دەکـرد، کەچـی خـۆی لـە ناخیـدا ئـازاری هەبـوو، تـا کۆتایـی بـە ژیانـی خـۆی هێنـا لـە تەمەنـی ٦٣ سـاڵیدا، لـەو دونیـا هەرجـۆرە لـێ پرسـینەوەیەکی لەگـەڵ دەکرێـت ئـەوە مـن نازانـم، بـەڵام مـن لـەم دونیـا نارەحەتـم بـۆی.

===

زەواجـی کاتیـمان بیسـتبوو لەنـاو شـیعەدا، کەچـی دینـی کاتیـش دروسـت بـوو لەنـاو کـورددا!

===

ئیـتر بـۆ باسـی بەکارهێنانـی دیـن بـە خراپـە دەکـەن ئایـا ئەمـەش هـەر بەکارهێنانـی دیـن نـی یـە بەخراپـە؟ پرسـیارێکەو وەڵامـی جـدی دەوێـت.

===

وەڵامێکـی چاکـم دەسـتکەوت، زۆر گەنجـی بێـژن تەلەفۆنـم بـۆ دەکات لـە ئەوروپـاو دەڵـی مامۆسـتا ئافرەتـی ئەوروپـی بهێنـم لێـرە چۆنـە؟ منیـش بـەردەوام ئامۆژگاریـم کـردوون کـە لـە وڵاتـی خۆمـان ژن بهێنـن و لای خۆمـان ئافـرەت زۆرەو پێویسـتیان بـە زەواجـە! تاکـە وەڵامیان ئـەوە بووە ئاخر مامۆسـتا لێـرە ئاسـانەو مەسرەفـی تێناچێـت، ئێسـتەودوا دەڵێـم کاکـە ئەوانـەی لای خۆمـان هەمـووی لـە خـۆی دەردەچێـت و کێشـەی مـادەت نەبێـت

===

کـێ دەڵـێ ئافـرەت خراپـە! بێوەژنێکـی کـورد بـە هـەزار گولـە مەرگـی منداڵەکانـی بـە باشـترین شـێوە بەخێـو دەکات و دەیان گەیەنێت بـە بەرزترین ئاسـت و پشـت لـە ئارەزووکانـی خۆشـی دەکات، کەچـی سـەرکردەیەکی کـورد میللـەت هەمـووی دەفرۆشـێت و پشـت لـە خواسـتی گەلەکەی دەکات، ئـەوە ژن و ئـەوەش پیـاو!

===

## بەناوو ڕوکەش هەڵنەخەڵەتێن

ئافرەت هەیە ناوی سێوەیە کەچی دەڵێیی باینجانیشە.
هەشە ناوی ڕوخۆشە خوتوکەشی بەیت هەر پێناکەنێ.
هەشە ناوی جوانەیە کەچی تا ئێستە شوی بۆ نەبووە.
پیاو دەناسم ناوی ئومێدە کەچی دەڵێی کەشتی غەرق بووە.
هەشە ناوی سامانە یەك قوروش لەم سەرزەمینەدا شکا نابات.
هەشە ناوی جوتیارە لە ژیانیا یەك مشت گەنمی نەچاندووە.
بینیوومـە لـە وڵاتـە ساردەکان سەرپۆشـی بەسـەرەوە بـووە کە سـواری پاسـەکە بـووە سەرپۆشـەکەی لابـردووە! تومـەز مەکـە لەسـەرما بووە.

هەشـە ڕۆشـتووە بـۆ حـەج و عەمـرە کەچـی کـە هاتووەتـەوە وتوویەتـی سـەفەر هـەر خۆشـە! ئـەی خـوا هیدایەتـت بـدات بـۆ خـۆت و ئامۆژگاریـت ئەگـەر لەبـەر خـوا نەبێـت هیـچ خۆشـیەکی تێـدا بێـت بڕۆشـتایەیت بـۆ تورکیـاو یۆنـان زۆر خۆشـتر بـوو سەرەشـی ناوێـت بیخەوێنیـت!.
حیزبیش هەیە ناوی دیموکراتیە کەچی لە لیستی تیرۆریشدایە!.

هەیە ناوی نیشتمانیەو چەندین جار نیشتمانیشی فرۆشتووە!.
هەیە ناوی مەلایە تا ئێستە سەری بۆخوا نەخستووەتە سەر زەوی.
پیـاوی وا دەناسـم یەکـەم درۆزنـە کـە لـە مەجلیسـدا قسـە دەکات پێیـی دەڵێـن وەڵا ڕاسـت دەکـەی!.
===
پیـاوی وا هەیـە بەسـەرو مۆقـل زۆر نورانیـە کەچـی بـە کـردار میللەتێـك زەلزەلەیەتـی بەدەسـتیەوە!
بەنزینـی وا هەیـە پێـت حەیفـە بیکەتـە سـەیارەکەت ئەوەنـدە پیسـە کەچـی نرخـی بـە ۹۰۰ دیناریشـە!
ئافرەتـی وا هەیـە سـەیری دەکەیـت لـە ڕووت نایـەت داوای بکەیـت دەڵێـی هێشـتا منداڵـە کەچـی سـەیر دەکەیـت خانەنشینیشـە!
پیـاوی وا دەناسـم سـڵ لـە دەبابەتـە نـاکات و چەندیـن جـار برینـدار بـووە کەچـی دەڵێـن هێشـتا تەمەنەکـەت شـمولی خانەنشـینی نـاکات!
ئافرەتـی وا هەیـە ناوێرێـت سـەیری سیسـەرك بـکات کەچـی پلەکـەی عەمید یشـە!
ڕێکخـراوی وا هەیـە باسـی مافـی ئافـرەت دەکات و ئێسـتە نقـەی لێـوە نایـەت و پێـی کفـرە باسـی ٤٠٤ بـکات!
کەسـی وا هەیـە وا دەزانیـت ئـەو مافەکانیـت بـۆ دەسـتەبەر دەکات کەچـی سـەیر دەکەیـت چەنـد سـاڵە خـۆی مافـی خەڵـك دەخـوات و خانەنشینیشـە!
کەناڵـی وا هەیـە موچـەی خانەنشـینیەکان ببڕێـت ئەویـش دەبێـت کەناڵەکـە دابخـات!
ماڵـی وا هەبـووە زەکاتیـان بـۆ کـۆ دەکـردەوە کـە ٢٥ هەزاریەکـە ڕەفـز بوویـەوە دەرکـەوت چەنـد سـەفتەیەکی هەیـە!

کەسی وا هەیە سێ قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگی کردووەتە بەرباخەڵی و کەچی خوێندەواریشە!
کەسی واش دەناسم سەروشکڵی تورێکی قوڕاوی ناهێنێت کەچی ما شاء الله فەیلەسوفێکە!

===

گرنگە تاکەکان لەسەر بنەمای توانای خۆیان خۆیان بەهێز بکەن نەك لاوازی بەرانبەر.

===

شارەزایی شتێك نەبیت بە بێ بەها سەیری مەکە.

===

یەکەم ئایەت کە دابەزی بە بخوێنە دەستی پێکرد، زۆرترین نەخوێندەوار ئەمڕۆ لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەیە، لەوەش خراپتر کاربەدەستەکان لە هەمووی نەخوێندەوارترن، ئیسلام بڵێ چی کە تۆ خۆت هەوڵ نەدەیت و نەخوێنێت!!!؟

===

کەسی وا هەیە بە دژایەتی ئیسلام چەپەڵیەکانی خۆی دەشارێتەوە، زۆر کەس دەناسم دەساڵ و پانزە ساڵ و بیست ساڵە لە ئەوروپان جگە لە پارەی سۆسیال هیچ سودێکیان لە زانست وەرنەگرتووە لەو دۆخە ئارامەی ئەوروپا!!!؟

===

کوردی وا دەزانم لەسەر بەد ڕەوشتی ڕوونتر بڵێم لەگەڵ ڕابواردنی لەگەڵ منداڵدا لە ئەوروپا چەندین ساڵ زیندانی کراوە! لە ڕۆژنامە ئەوروپیەکانیشدا ڕەخنەیان لە ئیسلام گرتووە کە کەسێکی مسوڵمان ئەو

کارەی کـردووە، ئـەوەش دادگـەری میدیـاو لەولاشـەوە ڕەخنـە لـە سـزای زینـا دەکـەن لـە ئیسـلامدا!!!؟

===

ئـەوەی زۆر ڕەخنــە لــە ئیســلام و یاســاکانی دەگرێــت و بــە نادادگــەری لــە قەڵــەم دەدات خــۆی و حەزەکانــی زۆرچــاك ناســیووە!!!؟

==

لـە زانکـۆو ناوەنـدە ئەکادیمیـە جیهانیەکانـدا هەوڵـی زانـاو دەقـە دینیـەکان زۆر بـەرز دەنرخێنرێـت و لەنـاو کۆمەڵگـەدا بـێ بەهـا دەکرێـت!!!؟

===

کەسـی وا هەیـە دەیەوێـت ئـەوەی حـەزی لـێ دەکات بیشـەرعێنێ، یانـی حـەزی لـە خورمـاو کشمیشـیە وەك لـە کوردەواریـدا پێـی دەڵێـن خورمیـش، کاکـە وا نابێـت یـان خـۆت یـەکلا بکـەرەوە، یـان خـراپ بـە خـراپ و چـاك بـە چـاك پۆلێـن بکـەو هـەوڵ بـدە چاکەکانـت زۆرتـر بێـت!!!؟

===

سـاتەکانی ژیـان هەندێکـی خۆشـن و هەندێکـی ناخۆشـە، ئەوانـەی کـە ناخۆشـن دواتـر بـۆ خۆشـی دەیگەڕێنینـەوە، کەواتـە ژیـان هەمـووی خۆشـە.

===

پێوسـتە دیـن لـە فکـر جیابکرێتـەوە، ئەمـڕۆ خەڵکـی باجـی فکـر دەدات و ڕقـی خـۆی بەسـەر عەقیـدەو شـەریعەدا دەڕێژێـت، فکـر ئامـرازی سیاسـەتەو سـەرچاوەی ئەقڵـی بەشـەریەتە، عەقیـدەو شـەریعە ناوکرۆکـی دینـە.

===

چـەك و تەقەمەنـی دروسـت دەکـەن و دەینێـرن بـۆ وڵاتانـی شـەرق و دواتـر دەیـان خەنـە لیسـتی تیـرۆرەوە.

===

ئـەو پـارەی کەسـێك لـە حەجـدا سـەرفی دەکات زیاتـر لـەو پارەیـە دیـاری و قوربانـی و چەکـەی تـری لەگەڵـدا دەکات هـەر بەهـۆی حەجەکـەوە، ئـەو کەسـەی کـە حـەج نـاکات یـان بـاوەڕی پێـی نـی یـە چ گەرەنتیـەك هەیـە تەنهـا مەڕێـك بـکات بـە قوربانـی؟

===

بـڕۆ بـۆ سـەیری یـاری بـۆ بارشـەلۆنەو ئاڵایەکـی کوردسـتان بـەرز بکـەرەوە هەرچـی ڕاگەیانـدن هەیـە باسـی دەکات و دەڵێـن ئـەو کـوردە ئـاڵای کوردسـتانی بـە ئیسـپانیا ناسـاند، بـەڵام سـاڵانە هـەزاران حاجـی کوردسـتان بە جلـی کـوردی و ئـاڵای کوردسـتانەوە بە زیاتـر لـە ٤ ملیـۆن حاجـی دەناسـێنن و لـە سـعودیەش وڵاتـی سـعودیە بـە هـەزاران کتێـب بـە کـوردی چـاپ دەکات لەبـەر خاتـری حاجیانـی کـوردو جێگـەی باسـیش نـی یـە!

===

گـەر مسـوڵمانیك خێرێـك بـکات بـە ئاشـکرا دەیکـەن بـە هـەراو دەڵێـن ئـەوە لەبـەر خـوا نـی یـە! یانـی نیەتـی دڵیشـی دەخوێننـەوە! ئەگـەر باسیشـی نـەکات هـەر دەیکـەن بـە هـەرا دەڵێـن مسـوڵمان خێـر نـاکات! ئاسـمان بـەرزو زەوی سـەخت.

===

ئیسـلام ڕێـك وەك ڕۆژی نیـوەڕۆ وایـە، هەرکـەس چـاوی لـە ئاسـت بنوقێنێـت تەنهـا بەرپێـی خـۆی ڕەش و تاریـك دەبێـت.

===

مێژوونووسـن نیـم، بـەڵام لـە خۆشـمەوە قسـەناکەم لەسـەر ئیسـلام وەك زۆرکـەس! سـێ بڕوانامـەی دینیـم هەیـە (ئیجـازەی زانسـتی مەلایەتـی،

دیبلۆم لە دیراساتی ئیسلامیدا، بەكالۆریۆس لە شەریعەو قانوندا)، ئیسلام لە هەر جێگەیەك شەڕی كردبێت ئەوە ستەمكارێك هەبووە بەسەر خەڵكەوەو لەگەڵ ئەو سوڵتە ستەمكارەدا شەڕی كردووە نەك خەڵكە ستەملێكراوەكە!

===

ئەندەنوسیا چوارەم گەورەترین وڵاتی جیهانە لە ڕووی دانیشتوانەوە، یەكەم وڵاتی ئیسلامیە كە زیاتر لە ۲۰۰ ملیۆن مسوڵمانی تێدایە، بەبێ ئەوەی كەسێك خوێن لە لوتی بێت باوەشیان بۆ ئیسلام كردەوەو تا ئێستەش شانازی بە ئیسلامەوە دەكەن.

===

باوەڕی بەو تەكنەلۆژیە هەیە كە هەواڵی باران بارین بڵاو دەكاتەوە! بەڵام باوەڕی بەو زاتە نی یە كە بارانەكە دەبارێنێت!

===

كتێبێك كە نەیدیووە سەرسامە پێی! قورئانێك كە لە بەردەستدایە نكۆڵی لێ دەكات!

===

پابەندە بە پەیڕەووپرۆگرامی حیزبەوە چونكە سەرپێچیە! پێش نوێژی بەیانی دەچێت بۆ كار چونكە ئیتر كارەكە بەو شێوەیە بەڵام گوێ بە پەیڕەووپرۆگرامی قورئان نادات چونكە خوای گەورە بە ڕەحمە!

===

شەرع لەوە گەورەترە بە ٤ ژنی دونیاو حۆری بەهەشت باسی بكرێت! بە ئەقڵ بیر بكەنەوە نەك بە شتی تر!

===

وەحــی وەســتاوەو حیکمەتەکانــی هەمــووی تەدویــن کــراوە، دەبێــت بیخوێنیتــەوە نــەك چاوەڕێــی وەحــی بیــت!

===

ئەگــەر پێغەمبەرێکــی کوردیــش بهاتایــە ئێســتە کێشــەی هەندێــك بەنــاو ڕۆشــنبیر ئــەوە بــوو کــە خەڵکــی کوێیــە ئــەو پێغەمبــەرە!، بادینیە یان سـۆرانی، سـلێمانیە یـان هەولێـری!

===

یاریچیـەکان و گۆرانــی بێــژەکان بــە هەمــوو مواســەفاتێکەوە دەناسـێت! کەچی پێغەمبـەری نـازدارو هاوەڵـە بەڕێزەکانـی هـەر بـە عـەرەب دەیان ناسـێت!

===

کابرایــەك پرســیاری لێکــردم وتــی دوو ژنــە حەرامــە یــان حەڵاڵــە؟ منیــش وتــم حەرامــە! خەریــك بــوو بــدات بەنــاوی دەمــما!! ســەرم ســوڕما ئەوەنــدە حەماســەتی بــۆ ژنەکــە هەبــوو لــە کاتێکــدا نوێژەکانــی نەدەکــرد!

===

زانایـەك دەڵێـت، کـەم جێگـە هەیـە لـەم سـەر زەمینـەدا ئەگـەر گوندێکیـش بێـت جێگـەی پەرستشـی تایبەتـی تێـدا نەبێـت، لـە کاتێکـدا زۆر زۆر جێگـە هەیـە نەخۆشـخانەو قوتابخانـەی تێـدا نـی یـە! ئـەوە چ ئەقڵێکـە بڕوابـوون ڕەد دەکاتــەوە!

===

مزگــەوت شارســتانیەتی کوردســتانی پاراســتووەو زۆرتریــن خزمەتــی بــە کۆمەڵگــە کــردووە، جێگــەی خواپەرســتی هەمــوان، لابــەری خــەم و پــەژارەی تەعزیەبــاران، لانــەی کرێــکاران، بانــک و موچــەی هــەژارو لێقەومــاوان، پڕکــەرەوەی حاجــەی ڕێبــواران.

===

**قورئـان تاكـە كتێبـی ئاسـمانیە كـە وەك خـۆی مابێتـەوەو هـەر كـە وتـت قورئان كـەس نەڵـێ كام قورئـان؟ تەنهـا یـەك بەرگـەو هەمـوو چاپەكانیشـی هـەر یـەك قورئـان و یـەك دەقـن.**

===

**كابرایـەك دەیگـوت تـا ژن نەهێنـم نوێـژ ناكـەم، كەچـی لۆمـەی خەڵكـی دەكـرد لەبـەر حـۆری نوێـژ دەكـەن!**

===

**ئـەوەی نوێـژ نـەكات بەڕاسـتی، دەبێـت ئاگـری جەهەنـەم ببینێـت، خـوای گـەورە هـۆكاری ئەوانـەی كـە لـە جەهەنەمـدان لـە زمـان و پرسـیارێكی بەهەشـتیەكانەوە بۆمـان دەگێڕێتـەوەو وەڵامـی جەهەنەمیـەكان ئەوەیـە «قالـوا لم نـك مـن المصلـین» واتـە لـە ڕیـزی نوێژكـەران نەبوویـن.**

===

**بـە جـدی سـەیری هـەواڵ و فلیـم و یـاری دەكات و بـە ئیهمالـی نوێژەكانـی دەكات، بۆیـە دەزانێـت فلیمەكـە لـە كوێـدا كۆتایـی پێهاتـووەو نازانێـت لـە نوێژكـەدا چـی ووتـووە!**

===

**نوێـژ پێـمان دەڵێـت ڕێـك بوەسـتن و خەتـەكان تێنەپەڕێنـن، كەچـی ئێمـە لـە دەرەوە بەسـەر موحاجەرەكانـدا بـاز دەدەیـن و سـنورو مافەكانـی خەڵكـی دەخۆیـن!**

## با خۆمان خۆمان سزا بدەین

هەمـوو ئـەو ئەندامانـەی کـە هەمانـە بەخششـی خـوای گەورەیـەو پێویسـتە سوپاسـگوزاری لەسـەر بکەیـن بـەڵام هەندێـك جـار سـەرپێچی پـێ دەکەیـن! چـۆن ئەمـە ڕاسـت بکەینـەوە؟ بـەم شـێوەی خـوارەوە:-

===

ئەگـەر گوێـت لـە بیسـتنی شـتی خـراپ بەکارهێنـا مەهێڵـە گوێـت ڕابێـت و لـەزەت لـە بیسـتنی خراپـە ببینـێ، هـەوڵ بـدە زۆر گـوێ لـە قورئـان و وتـارو شـتی بەسـود ئەگـەر حەزیشـێ پـێ نـەکات بـەکاری بهێنـە.

===

ئەگـەر چـاوت لـە بینینـی شـتێکی خراپـدا یـان نەزەرێکـی حـەرام بەکارهێنـا کـە زۆرجـارو بـە تایبەتـی بەهـۆی ئـەم تەکنەلۆژیـاوە دیمەنـی خراپـمان بەرچاو دەکەوێـت! مەهێڵـە چـاوت لەسـەر ئـەو دیمەنانـە ڕابێـت و زۆرتریـن شـتی بەسـودی پـێ بخوێنـەرەوە، وە بێگومـان هیـچ لـە قورئـان بەسـودتر نـی یـە.

===

ئەگـەر دەمـت لـە کارێکـی خراپـدا بەکارهێنـا مەهێڵـە بـەردەوام بێـت و بـە أسـتغفرالله زۆر بکـە، بـە یـادو زیکـری خـواو فەرمانکـردن بـە چاکـەو بەرگـری کـردن لـە خراپـە ڕای بهێنـەرەوە.

===

ئەگـەر قاچەکانـت بـۆ ڕۆشـتنی جێگەیەکـی خـراپ بەکارهێنـا بێگومانبـە ئـەو هەنگاوانـە سەرشـۆڕی دونیـاو سـزای قیامەتـی بەدواوەیـەو سـزای بـدە لـە یارمەتـی خەڵـك و ڕۆشـتن بـۆ مزگـەوت و کاری چاکـەدا.

===

ئەگەر دەستت لە هەرکارێکی خراپدا بەکارهێنا نابێت بهێڵین ئەودەستە لەزەت لەو کارە وەرگرێت و بە نووسینی چاکەو، دەستگرتنی لێقەوماوان و لادانی پیسیەك لەسەر ڕێگەوبان ڕای بهێنە.

===

لەبیرتان نەچێت ئەوەش هێشتا ناگاتە شوکرانەی ئەو نیعمەتی ئەندامانەی کە خوای گەورە بە ئێمەی داوە، ئەگەر باوەڕیش ناکەیت لە کەم ئەندامێك بپرسە؟!

کە گەشتمە لەندەن چەند ڕۆژی یەکەم هەرچی دەبەیەکم دەست دەکەوت هەڵم دەگرت لە شوقەکەمدا! دواتر بیرمکردەوە خۆ ئاو نابڕێت ئیتر ئەو هەموو دەبەیەم بۆچی یە!! کابرایەکیش دەیگوت ئەوەی ڕۆشتووە بۆ خارج هەمووی لە خۆشیدا ڕۆشتووە!

===

زۆرینەی ئەوانەی کە ڕۆشتن بۆ ئەوروپا لە هەژاریدا ڕۆشتن! ئێستەش هەر لەبەر هەژاری ناتوانن بگەڕێنەوە.

===

هەندەرانیش وەك پێشمەرگایەتی لێهات، هەندێکی لەو ڕێگەدا تیاچوو، هەندێکیش سودمەندی باش بوو لێی و هەندێکیشی حسابی بۆ نەکراو هەروا کاتەکەی بە بەلاشدا چوو.

===

زۆرجار پرسیاری شەرعی و جۆربەجۆرم بۆ دێت بە نامەداو منیش بە پێی دەرفەت و زانیاری خۆم وەڵامیان دەدەمەوە.

نامەیەکم بۆ هاتبوو بۆ ئیمەیلەکەم دیاربوو ناوەکەی کچ بوو، شتێکی بۆ تەتاچکردبووم بەناوی ئیسلام، ویستم بیکەمەوە ئەنتی ڤایرۆسەکەم گرتی

و وتـی نەکـەی ئـەوە ڤایرۆسـە، ئیـتر تێگەشـتم لـە جۆرێکـی تـری بەکارهێنانی ئیسلام.

===

کـە تێکەڵـی مسـوڵمانێکی ئەندەنوسـی یـان مالیـزی دەکـەم و ئیسـلام لـە زمانـی ئـەوەوە دەبیسـتم بـۆم دەردەکەوێـت ئێمەی شـەرقی خۆمان سـەقەتین نـەك دینەکەمـان.

===

کابرایەکـی ئەڵمانـی مسـوڵمان بـوو بـوو، زۆر بـە وردی دیراسـەی ئیسـلامی دەکـرد، ئـەو کەسـانەی کـە لـە دەوری بـوون ئەمریـان بـە نەکردنـی زۆر شـت دەکـرد پێـی! ئەویـش دەیگـوت باشـە ئـەوە حەرامـە؟ دەیانگـوت نـا حـەرام نـی یـە بـەس مەیکـە! فەقیـرە تێنەدەگەشـت و خەتاشـی نەبـوو.

===

گـەر بـە ڕێـژەی سـەدی مسـوڵمانانی جیهـان ئەژمـار بکەیـن ئـەوا عـەرەب لـە سـەدا بیسـتی مسـوڵمانان پێـك دەهێنـن، ئـەم پۆسـتە پێشکەشـە بەوانـەی کـە ئیسـلام تایبـەت دەکـەن بـە عەرەبـەوە!

===

خەڵکـی کردارەکانـی سـەردەمی جاهیلـی دووبـارە دەکاتـەوەو دەڵێـن ئیسـلام دواکەوتـووە!

===

لەگـەڵ کوردێکـی دانیشـتووی هەنـدەران کەوتینـە موناقەشـەکردن و دەیگوت مسـوڵمانان ئەقڵیـان زۆر سـەقەتەو هیـچ وەرناگرێـت! منیـش وتـم زۆر ڕاسـت دەکەیـت ئـەوە نـی یـە تـۆ ٢٠ سـاڵە لـەو وڵاتـەدا دەژیـت و هێشـتا زمانەکـەش فێـر نەبوویـت!

===

مـردن ڕاسـتیەکە کافـرو مسـوڵمان وەك یـەك بـاوەڕی پێـی هەیـە! هەمـوو دەقەکانـی قورئانیـش هـەر وەك مـردن ڕاسـتن.

===

کەسـێك کـە پەنجەمـۆری وڵاتێکـی ئەوروپـی هەبێـت و بڕواتـە وڵاتێکـی تـر فلیمـی دونیایـی دەسـوتێت و دەیگەڕێننـەوە بـۆ وڵاتەکـەی تـر کـە ڕەفـزی لـێ وەرگرتـووە، کەسـێکیش کـە کـردەوەی جەهەنمـی بێـت پەنجـەی لـە جیهـازی اللـە دەربـازی نابێـت و بـۆ ئـەو جێگـەی دەگەڕێننـەوە کـە کاری بـۆ کـردووە.

===

ئێسـتە دەتوانیـت بڕیـار بدەیـت چەنـد ئەمپێـر کارەبـات بـۆ نـاو گۆڕەکـەت دەوێـت

===

بـۆ موچەیەکـی دونیـا دەبێـت پێشـمەرگەی کـۆن بیـت، بـۆ پاداشـتی قیامـەت دەبێـت مسـوڵمانێکی کـۆن بیـت.

===

هـەر دەبێـت قیامەتێـك هەبێـت بۆ ئـەو هەمـوو کێشـانەی کـە دادگای دونیایی نەیتوانـی یـەکلای بکاتەوە.

===

مسوڵمانیەتی دەست لە دونیا شتن نی یە! بەڵکو حساب بۆ کردنیەتی.

===

بـۆ ژیانـی دونیـا هـەوڵ دەدات سـەد لـە سـەد بهێنێـت بـۆ ئـەوەی طوبـی عـام وەری گرێـت! بـەڵام بـۆ قیامـەت چاوەڕێیـە بـە قـەرار دەربچێـت!

===

چیــتر نابێــت تەنهــا تەوبــە لــە تاوانــەکان بکەیــن، دەبێــت بــە هەندێــك لــەو هەڵوێستانەشــدا بچینــەوە کــە بــە چاکــمان زانیــووە!

===

هەیــە ئیســلام بــەکار دەهێنێــت بــۆ مەرامــە گڵاوەکانــی، هەشــە کــورد بــەکار دێنێــت بــۆ بەرژەوەندیەکانــی!

===

خۆزگە دوای سەد ساڵی تر ئەم جەنگانەی ئێستە چ ناوێکی لێ دەنرێت؟

===

جــاران تەنهــا چــەك بەدەســتەکان بــەژداری شــەڕیان دەکــرد، ئێســتە بــێ چەکــەکان خراپــترن!

===

بــاوەژن هەرچەنــد چاکیــش بێــت تامــی دایــك نــادات، وڵاتانــی دەرەوەش هەرچەنــد بریقەداربێــت تامــی نیشــتمان نــادات.

===

وڵاتانی دونیا هەمووی بەلایەك و داربەڕوویەك بەلایەك.

## ناسۆری تێنەگەشتن

عەلمانیەتــی شــەرقی پێــی خۆشــە هەمــوو ئیســلامیەك چەکــدار بێــت! بــە هەمــوو شــێوەیەك توندوتیــژی بەرانبەریــان دەنوێنــن بــۆ ئــەوەی بچنــە بــەرەی چەکداریــەوە!! دیموکراسیەکەیان تەنهــا ئەوەندەیــە یــان واز لەبیروباوەڕەکــەت بهێنیــت یــان بــە چــەك دژایەتیــان بکەیــن نــەك بــە فکــرو عەقیــدەو بەشــێوەیەکی مەدەنــی.

===

تەعزیەی مردووەکان دوو ڕۆژە، هەندێك لە زیندووەکان هەموو ڕۆژێك.

===

دەبێـت بـە یاسـا ڕێـژەی موچـە ڕێکبخرێـت لـەم وڵاتـەدا نـەك هەرکەسـەو لـە ئاسـتی خـۆی وەك خەیـر بـە سـواڵکەر بـکات و بەخۆبەخشـی بیگەڕێنێتـەوە.

===

خودایە قورئانەکەت تەفسیری هەڵەی بۆ دەکرێت!

هەندێك هەیە بە هەڵە لێی تێدەگات!

هەیە نایەوێت تێبگات!

هەیە دەڵێ تێدەگەم و ڕاست ناکات!

هەشە هەر ئینکاری دەکات!

هەشە دەیسوتێنێت و لە ئاودەستی دەخات!

بەڵام خودایە من لە جێگا بەرزەکانی ماڵەوەمدا دامناون...

ڕۆژانە دڵم بەو نەبێت ئۆقرە ناگرێت..

===

ئیلاهی دەوروبەرمان توڕەمان دەکەن لەسەر پەرستنی تۆ!

هەندێـك لـە مزگەوتـەکان قورئانـی تێدایـەو پێچەوانـەی قورئانـی تێـدا دەوترێـت!

ڕاگەیاندنەکان وێنەی ناشرینی ئیسلام نیشان دەدەن!

ئێمـە دەڵێیـن مـەشروب حەرامـەو فەرمـوودەی قورئانـە ئـەوان دەڵێـن بـۆ گورچیلـە باشـە!

ئێمە دڵێین جگەرە حەرامە ئەوان دەڵێن ئەی بۆ فلان مەلا دەیکێشێت!

ناوی زینا خەریکە نامێنێت و ئێستە ناوی تریان لە جێگەی داناوە!

سەرپۆش هاوین دەڵێن گەرمەو زستان بیانویەکی تری بۆ دەهێننەوە!
سو ئێستە لەسەر ڕەزامەندی حەلاڵ دەکرێت!
هەندێـك بەنـاوی سـونەتی پێغەمبـەرەوە درودی خـوای لـێ بێـت ڕیـش دەهێڵێتـەوە بـەڵام کردارەکانـی ئەبوجەهلیـە!
ئیلاهـی مـن ملکەچـی فەرمانەکانـی تـۆم و داوای هیـچ بەڵگەیەکـی تـرم نـی یـە مەگـەر قورئـان ئیـتر بـەس نـی یـە.

## لە یادی یەکگرتوودا

زۆر سـەیرە خەڵکـی نموونـەی ئەحزابـی ئیسـلامی وڵاتـان دەهێنێتـەوە کـە تیرۆریسـت و دەسـتیان لـە کاری تیـرۆردا هەیـە لـە کاتێکـدا نموونـەی جـوان و سـمبولی ئاشـتی وەك یەکگرتـوو هەیـە کـە تـا ئێسـتە دەسـتیان لـە خوێنـی تاکـە کەسـێکدا نـی یـە لەبیـر دەکـەن!

زۆر سـەیرە نموونـەی جیهـادی نیکاحـی سـوریا لەگـەڵ ئیسـلامی پوختـدا تێکـەڵ دەکـەن و لـە کوردسـتاندا هوتێـل و یانـەی شـەوانەو چەندیـن جـۆری لەشفرۆشـی دروسـتکراوەو چەندیـن فەزیحـەی ئەخلاقـی تـا ئێسـتە بڵاوکراوەتـەوە، کەچـی تاکـە فەردێکـی یەکگرتـوو لـەو نێـو باسـەدا بوونـی نـی یـە.

زۆر سـەیرە منداڵێکـی ساواش ئـەوە فێربـووە کـە هیـچ قوژبنێکـی ئـەم وڵاتـە نـی یـە گەندەڵـی ڕوونـتر بڵێـم دزی نەیگرتبێتـەوە! کەچـی تـا ئێسـتە یـەك فـەردی یەکگرتـوو نـاوی لـە قوتـوی عەتاریشـدا نـی یـە.

زۆر سـەیرە ئـەم ساڵانەی دوای هەسـت بـە زیانـی جگـەرە کـراو لـە پەرلەمانـدا بڕیاری ڕێگـە لێگرتنـی درا لـە جێگـە گشـتیەکانداو تـا ئێسـتەش زۆر حسـابی بـۆ نەکراوە!، کەچـی یەکگرتـوو هـەر لـە سـەرەتای دروسـت بوونیـەوە جگەرەی لەسـەرەوە بـۆ خـواراوە لـە ئەندامانـی قەدەغەکـردوو یـەك بـارەگای یەکگرتـوو نـی یـە تەپڵەکێکـی تێـدا بێـت.

زۆر سـەیرە هەندێـك کـەس بەهـۆی سیاسـەتی چەوتـی یەکیەتـی و پارتیـەوە کـوژراو یەکگرتـوو سـواڵی وڵات نەمـا بـۆی نـەکات و تـا تەمەنـی ١٨ سـاڵی و پێگەشـتنی دەسـتی بـە دەمیـەوە بـوو ئێسـتە دەڵێـن یەکگرتـوو پـارەی وڵاتانـی خـواردوو.

زۆر سـەیرە حیزبـە عەلمانیـەکان چەکیـان بەسـەر گەنجەکانـدا دابـەش دەکـردوو یەکگرتـوو قەڵەمـی دابـەش دەکـرد، کەچـی ئیسـلام بـە ناڕۆشـنبیر لـە قەڵـەم دەدەن.

زۆر سەیرە.........زۆر سەیرە..........زۆر سەیرە

پیرۆزبای یادی یەکگرتوو لە گشت ئەندامان و ویژدان دۆستانی دەکەم.

## ئەی فێڵباز!

هەندێـك وەزیـرو ئەنـدام پەرلەمـان دان بەخۆیانـدا دەگـرن تـا خانەنشـین دەبـن دواتـر دەڵێـن کاکـە هیچـمان پـێ نەدەکـرا! بـەس ئـەوەی پێکـرا موچەکـەی خـۆی بـەردەوام کات و خەڵکـی بخەڵەتێنێـت.

## مردن و ژیان

زۆرجـار کـە یەکێـك دەمرێـت وەك پەندێکـی کـوردی دەڵێن هەر خـۆی زەرەری کـرد! مـن هەرگیـز لەگـەڵ ئـەو وتـە ئەگـەر پەنـد بێـت یـان هەرچـی بێـت نیـم، چونکـە ئـەوە خـوای گـەورە خـۆی دەزانێـت ئایـا ئـەو کەسـە زەرەری کـردووەو یـان نـا، بـەڵام زەرەرەکـەی ئێمـە دیـارە، کاتێـك کەسـێك کەسـێکی دەمرێـت مـادام زیانـی بـۆ دەوروبـەری نەبووبێـت دەبێـت قازانجـی چ بێـت ئـەو مردنـە، هـەردەم ژیـان قازانجـە بـۆ خێـزان و چـواردەور نـەك مـردن، بـە تایبـەت گـەر لـە ژیانیشـدا بیـر لـەدوای مـردن بکرێتـەوە ژیانەکـە ڕەنگیـن تـر دەبێـت.

## دەبڵێن وا نی یە

دەڵێـن دەم بوەسـتێت سـەرت سـەلامەتە! ئـەی توخـوا دەمیـش بەشـێك نـی یـە لەسـەر؟

دەڵێـن دوور بـڕۆو دروسـت بێـرۆ! کەچـی کـورد لـە تەرەفلایتیشـدا ناوەسـتێ و ئەکسـە سـاید دەڕوات دە بڵێـن وا نـی یـە؟

دەڵێـن نـان بـۆ نانـەواو گۆشـت بـۆ قەسـاب، کەچـی کەسـی وا هەیـە نانـەوای و

قەسابیش پێکەوە دەکات! توخوا وا نی یە؟
دەڵێن خویەك گرتت بە شیری مەگەر مەرگ بیبات لەبیری، ئەی بۆ خەڵکی داوای دەستبەرداری کورسی لە سەرکردەکان دەکەن مەگەر ئەوان بە شیری نەیانگرتووە، ئەی توخوا وا نی یە؟
دەڵێن نۆ بدە بە هەشت بگرە مشت، کەچی لەوەتەی کورد بووە هەر دەیدات بە قەرزو دواتریش بەشەڕیش دەستیشی ناکەوێتەوە، دەی توخوا کاتی خۆی شەنگالمان بدایە بە عەرەب و کەرکوکمان ببردایە بۆ خۆمان لەوە باشتر نەبوو ئێستە هیچکامیان هی خۆمان نی یە! ئەی توخوا وا نی یە؟
دەڵێن من مردوو تۆ زیندوو کاتێك قسە بۆ بەرانبەر دەکات! کورد هەمووی هەر وا دەڵێت! بۆیە حسابی مردوومان بۆ دەکەن! دەی توخوا وا نی یە؟

بەیانیان زوو دەڵێن هەستە لەخەو نیوەڕۆیە، کەچی بۆ ٢٧ی دەستەڵات دەڵێن هێشتا ساوایە توخوا ٢٧ ساڵ ئەگەر کچ بێت ئێستە حسابی قەیرەی بۆ ناکەن؟ توخوا ئەمەشیان وا نی یە؟
لە کوردەواریدا خواردنێك ناخۆش بێت دەڵێن تامی سەری کەچەڵ دەدات! کەچی کەسیش سەری کەچەڵی نەخواردووە توخوا وا نی یە؟
دەڵێن ئەگەر کەسێك دەرزیەکی پێا چەقاندی سوژنێکی پێدا بچەقێنە! کەچی لەوەتەی کورد هەیە سوژنی پێدا دەچەقێنن دەی توخوا وا نی یە؟
ئیتر زیاتر نانوسم با نەڵێن ئەوەندە قسە مەکە با نەدەم بە فلقدا! ئەرێ توخوا فلق چی یە؟

## کوردو فەیسبووك

خاوەنی فەیسبووك بزانێت ئێمە فەیسبووکمان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیەوە کردووە بە پێگەیەکی حەربی و سیاسی، هەموومان بلۆك دەکات! ئەمەش خەیری ئەو کوردیەیە کە کورد خۆی نەبێت کەس فێری نابێت.

## بیانوی تڕ نانی جۆیە

کابرایەك دەیگوت من لە داخی ئەم داعشانە نوێژ ناکەم! وتم خوا ڕووت ڕەش بکات لەوەتەی تۆ هەیت هەر نوێژیت نەکردووە لای کەسێکدا ئەو قسە بکە نەتناسێت.

## شەو ڕۆژیان بۆ حسێب کردووە!

بەلامەوە سەیر نی یە کەسێك تەمەنی ٢٠ ساڵەو خزمەتی ٤٠ ساڵیان بۆ نووسیووەو خانەنشینان کردووە چونکە ئەوە ئیتر گەندەڵیەوە بڕایەوە. بەڵام زۆرم بەلاوە سەیرە تەمەنی کەمترە لە ٢٠ ساڵ و وا قسە لەسەر شەرع و یاساکانی دەکات دەڵێی پلەی عەلامەی وەرگرتووە لە شەریعەدا، بەڕێزەکەم من دەتناسم تۆ بە دەوری دووهەمیش دەرنەچوویت لە مەکتەبدا ئەم هەموو زانستەت لە کوێ هێنا!؟ نوێژەکانیشت بەم قسە پوچانە بەتاڵ مەکەرەوە.

===

## وڵاتی چاوەڕوانی

سـەردەمی سـەدام و گرانیەکـە هەمـوو ڕۆژێـك هـەر باسـی ئـەوە بـوو نەوتەکـە ڕۆی؟ نـا نـەڕۆی! تـا ئاخـری ڕۆی.
ئێسـتەش سـەردەمی خۆمـان بەنزیـن هـەرزان بـوو؟ نـا هـەرزان نەبـوو! ئیـتر دیـار نـی یـە هێشـتا کـەی هـەرزان دەبێـت.
===
هەندێـك کەسـی دینـدار کـە باسـی ژیانـی دونیـا دەکـەن دەڵێـن کاکـە ژیانـی مـرۆڤ چـی یـە ئەگـەر حەفتـا سـاڵیش بێـت ٣٥ی خـەوە ١٥ی منداڵیـە، ئـەو بیسـت سـاڵەی دەمێنێتـەوە ئەویـش ١٠ی پیریـە تەنهـا ١٠ سـاڵ گەنجیـە، منیـش دەڵێـم ئـەو ١٠ سـاڵەش چاوەڕوانیـە...

## هـەرگیز خـۆزگـە بـۆ ڕابـردوو ناخـوازم

زۆرم بەلاوە سەیرە هەرکەس قسە دەکات هەر دەڵێ خۆزگەم بە ڕابردوو!
لـە کاتێـدا ژیانـی ڕابـردوو گـەر نەوەدەکانـی مەبەسـت بێـت خراپتریـن بـاری ئابـووری و خراپتریـن دۆخـی سیاسـی بـوو کـە شـەڕی ناوخـۆ بـوو!
ئـێ خـۆ پێـش ئـەوەش سـەردەمی بەعـس بـوو بەخـوا بـۆ هەندێـك کەسـی کـورد فـرۆش نەبێـت ژیانـی زۆرینـەی کـورد لـە ناخۆشـیدا بـوو!
ئەگـەر تەنهـا لایەنـە کۆمەڵایەتیەکـەش مەبەسـت بێـت مـن هەرگیـز پێـم وا نـی یـە لایەنـی کۆمەڵایەتـی ئێسـتە لاواز بێـت، جـاران هـەر بـە نموونـە خـۆم بهێنمـەوە لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتە نزیکـی سـەد مـاڵ لـە خزمەکانـم زیـادی کـردووە کـوڕە مامـە هەمـووی ژنـی هێنـاوە کچـە مـام و پـورە شـویان کـردووە،

زۆرێکی لە جێگەی جیاوازو هەشە لە دەرەوە لە هەندەران دەژی، سەدان کەسی تازەم ناسیووە، جگە لەو کەرەستە تازانەی بواری تەکنەلۆژیا کە هاتوونەتە بەرهەم و ئەویش هەم بووە بە پێویستی و هەمیش بەشێکە لە خۆشی گەر بە دروستی بەکاری بهێنیت، خۆزگە بە ڕابردوو واتە لە دەستدانەوەی ئەوەشی کە بەرهەم هاتووە، باشترە بۆ ئێستەو بە ئومێدێکی گەشەوە کار بۆ داهاتوو بکەین نەك هەر لە ڕابردوودا بژین.

## تێگەشتن گرنترە لە خوێندنەوە

زۆر کەس هەر باسی گرنگی خوێندنەوەی کتێب دەکات، کەچی کەس باس لە تێگەشتنی ناکات، خوێنەر ئەمڕۆ گەرچی بە کەمیش بزانرێت بەڵام هەر زۆرن، ئەوانەی کە تێدەگەن زۆر کەمن.

دەبێت وا کتێب بخوێنیتەوە بتوانیت باسی بکەیت بۆ خەڵکی، ڕەنگدانەوەی لەسەر تێگەشتن و ڕەفتارت هەبێت.

## واقعی کۆمەڵگەی کوردی

بەژداری خۆپیشاندان بکە دژی دواکەوتنی موچەو وەك خەمخۆریەك، یەکێ دەڵێ جا خۆ تۆ موچەت نی یە هەقت چی یە پێیانەوە!
یەکێ تر دەڵێ بەخوا حەتمەن لە ژێرەوە موچەی هەیە!
لە هەمووی ناخۆشتر کەسێك پرسیارت لێ دەکات لەناو خۆپیشاندانەکەداو دەڵێ توخوا مەعقولە ئەوە سێ مانگە موچەمان وەرنەگرتووە؟

منیش دەڵێم لەوە ناماقوڵتریش هەیە کە من شەهادەکەم لە هی تۆ بەرزتریشەو لە ژیانیشمدا موچەیەکم وەرنەگرتووە!
بە بزەیەکەوە دەڵێ ڕاست ناکەیت!
دەوەرە سبەی تاقەتت هەبێت بڕۆیتەوە!

==

!

جاران حکوومەت خۆی لە خەڵکی دەشاردەوە نەوەك داوای دامەزراندنی لێ بکات
کەچی ئێستە خەڵك خۆی لە حکوومەت دەشارێتەوە نەوەك داوای قەرزی لێ بکات.

===

لە بەریتانیا کاتێك شۆڕشی عەلمانیەت سەرکەوت بەسەر کەنیسەدا دواتر وولات داوای قەرزی لە دەوڵەمەندەکان دەکرد تا وولاتی پێ دروست بکاتەوە ئەوانیش سیقەیان نەبوو قەرز بە حکوومەت بدەن، تا کۆمەڵێك پیاو ماقوڵیان وەك کەفیل لەو نێوەندەدا دانا، هەر ئەو کۆمەڵە پیاو ماقوڵە بوو بوون بە پەرلەمان، بەلام ئێستە خەڵکی سیقەی بە پەرلەمانیش نییەو پەرلەمان خۆشی داوای قەرز دەکات، ئەی هاوار بە ماڵمان.

## پارەی سۆسیال و ئیشی ڕەش و حکوومەتی هەرێم

هەرکەس یەکەمجار دەگاتە ئەوروپا هەوڵی ئیشی ڕەش دەدات تا ئەوەندە خۆی دەگرێت و قەرزو قۆڵەی دەبژێرێت، دواتر عەیبی لێ دێت ئیشی ڕەش بکات و ترسی سزادانیشی هەیە، کەچی حکوومەتی هەرێم

بەشێوەیەك پێوەی ئالۆدە بووە ناتوانێت وازی لێ بهێنێت، کاکە دە ئیتر بەسە ئەگەر ئیشەکە باشە بیکە بە سپی ئەگەر خراپە وازی لێ بهێنە.

## کارەساتە

چ کارەساتێکە گرنگی بە پاکی بەرماڵەکەت بدەیت و پاکی دڵت پشتگوێ بخەیت، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە گوێ بە هیچکامیان نەدەیت.

===

چ کارەساتێکە نوێژ بکەیت و رووت لە قیبلە بێت و دڵت لای قیبلە نەبێت، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە دژی ڕۆشتنی خەڵك بێت بۆ لای قیبلە.

===

چ کارەساتێکە گرنگی بە خوێندەواری بدەیت و خوێندنی قورئان پشتگوێ بخەیت، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە گرنگی بە هیچکامیان نەدەیت.

## بە ڕاستی یان بە درۆ خەوتووە؟

دەڵێن گەر کەسێك خەوی لێکەوتبێت چەند جارێك بانگت کرد خەبەری دەبێتەوە، بەڵام گەر کەسێك خۆی کردبێت بە خەوتوو سەد جار بانگیشی بکەیت خەبەری نابێتەوە! کەسێك بیەوێت لە دین تێبگات چەند جارێك باسی دینی بۆ بکەیت لێت تێدەگات، بەڵام گەر کەسێك نەیەوێت تێبگات هەرگیز تێناگات، هەیە دەچێتە کولیەی شەریعە بۆ ئەوەی فێربێت و خزمەت بە ئاینی ڕاستی ئیسلام بکات، هەشە بۆ مەرامێکی دونیایی ڕۆشتووە کەچی کولیەی شەریعەشی تەواوکردووە وای لێنەکردووە

تەنها نوێژەکانی بکات، یان لەچکەکەی بە شێوەیەکی شەرعی بپۆشێت، زۆرێك لە موستەشریقیەکان مسوڵمان بوون دوای دیراسە کردنی ئیسلام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ شتێکی تریش نێردرابوون.

## کێ باشترینە؟

فەلسەفەی دین بۆ ژین چەند جوانە، دەفەرموێت باشترینتان ئەوانەن کە زیاتر پارێزگارن، زیاتر لە خوا دەترسن و پابەندی سنورەکانی شەرعن، کە گشت کەس دەتوانێت هەوڵی بۆ بدات و خۆی بکات بە باشترین.
بەڵام فەلسەفەی دونیای بۆ ژین دەڵێ گەر تۆ لە بنەماڵەیەکی شێخ بوویت ئیتر تۆ باشترینیت، ئەگەر تۆ لە بنەماڵەیەکی ئاغا بوویت ئیتر تۆ باشترینیت، گەر تۆ کوڕی سەرۆك بوویت ئیتر تۆ باشترینیت، گەر خەڵکی فڵان وڵات بیت ئیتر باشترینیت، گەر تۆ کورد بیت یان عەرەب بیت یان فڵان گەل بیت تۆ باشترینیت، ئەو هەموو جیاوازیەو لافی دیموکراسیش.
==
ئاسانترین کار دەبێت لە شاگردیەوە دەست پێ بکەیت، بەڵام زۆرکەس دینداری لە فەتوا دانەوە دەست پێدەکات! قوڕ بەسەری ئەو کەسەی دینی خۆی دەداتە دەستی ئەمانە.

# بەدبەختی چی یە

بەدبەختــی ئەوەیـە بـاوەڕت بـە ئیسـلام نەبێـت و گاڵتـەت بـە سـزاکانی بێـت و بـە ئـازادی بزانیـت! وە ئێسـتە لەسـەر هەمـان ئـەو تاوانانـە لـە زینداندا بیـت. کەسـی وا هەبـوو هـەر کـە دەگەشـتە ئەوروپـاو بـاڵ ڕووت و قـول ڕووتـی دەبینـی دەیگـوت ئـەی بـە قوربانتـان بـم خـۆ ئیسـلام هەمـوو شـتێکی لـێ مەحـروم کردبوویـن! پەلامـاری دەداو پۆلیسـیش پختـەو جـوان کەلەپچـەی دەخسـتە دەسـتی و لـە زینـدان تونـدی دەکـردن، کاکـە خـۆ شـار بـێ حاکـم نـی یـە، تـاوان هـەر تاوانـە بـەڵام ئیسـلام چەنـد شـەلاقێکی بـۆ سـزاکەی دانـاوە، ئـەوان زینـدان، بـەڵام ئـاگات لـە خـۆت بێـت و لـە تـاو ئـازاری زینداندا خـۆت شـەلاقەکانیش لەخـۆت نەدەیـت.

===

بەدبەختــی ئەوەیـە بـاوەڕت بـە حەرامیەتـی مـەشروب نەبێـت و بڵێیـت جـا بـۆ حەرامـە خـۆ مەشروبـات بـۆ گورچیلـە باشـەو دەتوانیـت بـە ڕێژەیەکـی کـەم بیخۆیتـەوە، کەچـی تەلەفـۆن بـۆ ماڵەوەتـان بکـەن و بڵێـن فـڵان کـەس لەسـەر ئـەم جـادە کەوتـووە وەرن بیبەنـەوە.

===

بەدبەختــی ئەوەیـە بـاوەڕت بـە ئیسـلام نەبێـت و دژی نوێـژی بەیانـی بیـت بـە بیانـوی ئـەوەی کاتەکـەی زووە، بـەڵام ئیشـەکەت لـە هەمـان کاتـی بانگداندا بێـت و بـە گورجوگۆڵیـەوە بـۆی بڕۆیـت!

===

بەدبەختــی ئەوەیـە دژی حەرامیەتـی گۆشـتی بـەراز بیـت و بـە ئاسـایی بزانیت خواردنـی، بـەڵام توشـی نەخۆشـیەك بیـت و دکتـۆر هەمـوو گۆشـتێکت لـێ

مەنع بکات. کاکەبرا گیان بۆ بۆ ژیانی دونیاکەت ئامادەی هیچ گۆشتێك نەخۆیت بەڵام بۆ قیامەتەکە نا؟!

===

بەدبەختی ئەوەیە لەبەر تەمەڵی نوێژ نەکەیت و لە هەمان کاتدا یاری ئاسن بکەیت.

===

بەدبەختی ئەوەیە لە خوا نەترسیت و لە خاوەنی کارەکەت بترسیت.

## ئێمەو ئەوان

هیچ مرۆڤێك نی یە لەسەر زەویدا قبوڵی ئەوە بکات پیاوەکەی یان ژنەکەی خیانەتی لێ بکات و بە دزی ئەوەوە زینا بکات، هیچ وڵاتێك نی یە لەسەر زەویدا ڕۆژانە قوربانی نەدات لەسەر ئەو خیانەتانەو ژن و پیاوی لەسەر نەکوژرێت، ئیتر بۆ یاساکەی ئیسلام قورسە؟
ئەگەر باوەڕ ناکەن بە سەدان هەواڵی کوشتن لەسەر خیانەت نەك لە کوردستان لە ناوجەرگەی ئەورووپاوە بۆتانی بڵاو دەکەمەوە.

## هەڵیت و پڵیت و ڕاگەیاندنی کوردی

هەر لە خۆتەوە هەندێك قسەی هەڵیت و پڵیت بکە لەسەر ئیسلام و خۆشت نەزانی چی دەڵێیت، ئیتر هەر سبەی لە کەناڵەکانەوە پەیوەندیت پێوە دەکرێت و بە ئارەزووی خۆت ناونیشان دابنێ، نە شەهادەی دەوێت و نە لێکۆڵینەوەشت لەسەر دەکەن، گرنگ ئەوەیە تۆ لەسەر بەزمی خۆت بەردەوام بیت.

## زانستی ڕاست چۆن پشتگیری قورئان دەکات؟

جاران زەحمەت بوو کەسێك بڕوا بکات بە شتێك کە دەمی نەبێت و قسە بکات، ئێستە دەیان ئامێری جۆر بەجۆر هەیەو دەمیشی نی یە گیانیشی تێدا نی یەو قسەش دەکات، هەموو ئەوانە سەلمێنەری ئەو ئایەتەن کە ئەندامەکانی لەشمان دەبن بە شایەت بەسەرمانەوە لە قیامەتدا (الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) کەواتە کاری چاك بە ئەندامەکانی لەشت بکە تا شایەتی باشت لەسەر بدەن.

## یان زاناوە یان پرساوە

کەسی وا هەیە چەندەها قاموسی جۆربەجۆری هەیە کەچی بۆ وشەیەکی ئینگلیزیش تەلەفۆن دەکات بۆ ماناکەی، کەسی واش هەیە یەك مەکتەبەی هەیەو دەمی یەك کتێب نادڕێتەوەو لە خۆشیەوە قسە دەکات، خۆزگە ئەمەشیان کە تاقەتی خوێندنەوەی نی یە تەلەفۆنێکی بکردایە.

===

زانکۆ ناتکات بە زانا، زانکۆ تەنها ڕێگەت نیشان دەدات، دواتر دەبێت خۆت ڕێگاکە ببڕیت، چۆن دەکرێت زانکۆ تەواو بکەیت و واز لە خوێندنەوە بهێنێت.

===

هەیە هەر باسی کوردایەتی و شۆڕش بۆ خەڵکی دەکات کەچی سەردەمی بەعس جاش بوون، هەشە هەر باسی دینداری بۆ خەڵکی دەکات خوا

پێـمان نەگرێـت دەڵێـن لـە ژێـرەوە موچـەی بندیـواری هەیـە.

===

مریشــك هەمــوو ڕۆژێــك هێلکــە دەکات و خۆشــی تــا ئێســتە هێلکەیەکــی نەخــواردووە، کەڵەشـێریش هەمـوو ڕۆژێـك بانـگ دەدات و دوو ڕکات نوێـژی تـا ئێسـتە نەکـردووە.

## کۆمەڵگەیەکی سەیرمان هەیە

کەسـی وا هەیـە براکەیـان کوشـتووە لـە قاتڵەکـە خـۆش بـووە کەچـی لەگـەڵ برایەکـی تریـدا لەسـەر شـتێکی بچـوك قسـە نـاکات! توخـوا ئـەوە برایەتیـە؟ بەنـاو بـازاڕدا بـە سـەیارە تێپـەڕە خـوا نـەکات حسـابت بـۆ بکـەن بـەڵام سـەیارەکە لێـی بـدات و قاچـی بشـکێنێت عەفـوی دەکات، ئاخـر قوڕمسـاغ تۆزێـك خـۆت لادایـە باشـتر نەبـوو؟

لەسـەر منـداڵ خەریکـە دەسـت بنێنـە ڕیقناسـەی یەکتری! هێشـتا شـەڕەکە کۆتایـی نەهاتـووە منداڵـەکان دەسـت دەکەنـەوە بـە یـاری کردنـی خۆیـان، ئـەی دایـك و باوکتـان بـە قوربانتـان بێـت ئەوەیـە ڕۆحیەتـی وەرزشـی خۆزگـە باوانیشـتان چاویـان لـە ئێـوە بکردایـە.

===

تـا ئێسـتە سـەری نەخسـتووەتە سـەر زەوی بـۆ خـوای گـەورە کەچـی هـەر باسـی جیهـاد دەکات، ئـەی خـوا بمگرێـت ئەگـەر بـاوەڕت پـێ بکـەم! نوێـژ ئاسـانە یـان جیهـاد ئەگـەر ڕاسـت دەکەیـت بـۆ نایکەیـت.

===

لافـی مافـی ئافرەتـی لێـدەداو دژی ئیسـلام قسـەی دەکـردو بـە کۆنـە پەرسـت

ناوی دەبرد، کەچی دوێنێ ژنێکی تری هێنا! شایشی بۆ نەکرد ئیتر نازانم لەبەر حەرامیەتیەکەی بوو یان هەر عەیبی لێهات بزانن ژنی دووهەمی هێناوە!

===

ئەوروپای بە دووچاو نەبینووە کەچی بەشێوەیەك باسی ئەوێی دەکرد وامزانی لەوێ لە دایك بووە! وتم عەدالەتی ئەوێم بەچاوی خۆم بینووەو کەرێتی تۆش!

===

وشەی ئینگلیزی زۆر بەکار دەهێنا! منیش بە ئینگلیزی کەوتمە قسەکردن لەگەڵی سەیر دەکەم حەپەی لێ ناکات! ئاخر بڵێ بۆ خۆت دەخەیتە مەوقیفی ئاواوە؟

===

سەگەکەی کردووەتە باوەشەوەو منداڵەکەی بە دوایدا ڕای دەکرد! نەمزانی شانسی سەگەکە بوو یان بێ شانسی منداڵەکە یان کەرێتی پیاوەکە؟

===

هەزار ساڵە باسی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان دەکرێت ئێستە بودجەکە بنێرن و گەردەنتان خۆش و ئازاد بێت.
دەبڵێن وا نی یە...

===

لە وڵاتانی پێشکەوتوو کەسێك هیچ پسپۆڕیەکی نەبێت ئامادەیی تێدایە هەموو ئیشێك بکات، کەچی لە کوردستان خاوەن بڕوانامەو پسپۆڕەکان دەبێت لای نەخوێندەوارەکان واسیتە بکەن بۆ هەرئیشێك پێیان بدەن.

===

جـاران دەیانـووت بخوێنـە بـا موسـتەقبەلت نەفەوتێـت، کەچـی هەرکـەس خوێنـدی موسـتەقبەلی فەوتـا.
===
وای لـێ دێـت لـەم کوردسـتانەدا هەرکـەس بڕوانامـەی بـەرزی هەبێـت پێـی دەڵێـن ئـۆۆۆۆۆۆی دایکـی بمرێـت توخـوا ماسـتەرو دکتـۆرای هەیـە!
===
هەرچـی بەرپرسـی ئـەم وڵاتـە هەیـە هەقـە هـەر خۆیـان لـە هەمـان پۆسـت بمێننـەوە، چونکـە کارێکیـان نەکـردووە ئـەوەی دوای خۆیـان سـەری لەبـەر دەرکات! مەگـەر هـەر خۆیـان لێـی تـێ بگـەن، لەبـەر ئـەوە لـە خۆیـان شـیاوتر نـی یـە بـۆ پۆسـتەکانیان.
===
خەڵکـی شـانازی بـە مـاڵ و مڵـك و نـەوەو شـەهادەو ئیشـەوە دەکات، مـن شـانازی بـە قورئانـەوە دەکـەم.

## ژیان وەك فەیسبووك وایە

هەندێك کەس پێویستە

**Block**

ی بکەیت.

هەندێك کەس پێویستە

**Unblock**

ی بکەیتەوە.

هەندێك کەس پێویستە

Unlike

ی بکەیت.

هەندێك کەس پێویستە بە دڵ

Like

ی بکەیت.

هەندێك کەس پێویستە

Comment

ی لەسەر بنوسیت.

هەندێك کەس پێویستە نامەی

Private

ی بۆ بنوسیت.

هەندێك کەس پێویستە

Share

ی بکەیت.

هەندێك کەس پێویستە

Reklame

ی بۆ بکەیت.

هەندێـك کـەس حەقـە بیخەیتـە سـەر تەپڵـی سـەرت! بـەس ئەمەیـان لـە فەیسـبووکدا نـی یـە.

## زۆرترین کتێبی دینی بکڕن

تـا لـە ژیانـدای سـودی لـێ وەردەگریـت، کـە مردیشـی دەبێتـە خەیرێکـی نەبڕاوە بـۆت، هەرکەسـیش بـردی و لەبیـری چوو بۆتـی بهێنێتەوە هـەر دەبێتە خەیـر بـۆت، یەکێـك لـە پرسـیارەکانی قیامەتیـش ئەوەیـە کـە پارەکانـت چـۆن سـەرفکردووە، چەنـد خۆشـە بەشـێکی زۆری لـە کتێبـی دینیـدا بـوو بێـت.

===

ئـەو خەڵکـە زۆر سـەیرە بـە بـەلاش قورئـان ناخوێنـن، کـە مـرد پـارە دەدەن لـە تەعزیـەدا بیخوێنـن.

## بەخۆدا چوونەوە

پێویسـتە ئینسـان هـەم بـە خۆیـداو هەمیـش بـە فەیسـبووکەکەیدا بچێتـەوە جـار جـارە، تەوبـە بکەیـت لـە هـەر تـاوان و کەموکوڕیـەك کـە کرابێـت لـە ڕابـردوودا، بـە لایکـی ئـەو پەیجانـەی کـە کردووتـە لـە ڕابـردوودا بچینـەوە سـەیری بکەیـت ئـەوەی نـاو یـان وێنەکـەی بـۆ شـتێکی خـراپ گۆڕیـووە Unlikeی بکەیـت، ئەوەشـی کـە هیـچ چالاکـی نـی یـە دیسـان ئەنلایکـی بکەیـت، مەعقولـە یەکێکـە بێتـە ماڵەکـەت و نقـە نـەکات و هـەر دایشـنێت و نەشـڕوات! یـان یـەك قسـەی جـوان نـەکات، نزیکـی سـەعاتێکی ڕابـردووم تەرخانکـردن بـۆ Unlike کردنـی ئـەو کەسـانە، لێتـان بـۆ سرینـەوەی ئـەو کەسـانە، نایشـارمەوە تـا ئاسـتی سـەرۆکی وڵاتانـی گرتـەوە، ئـەوە ئەنـدام پەرلەمـان و وەزیـر هـەر بـاس مەکـەن، نـاوی وام بەرچـاو دەکـەوت چەندیـن جـار دووبـارە دەبوویـەوە!

# نوێژ

هەموو چاوەڕوانیەك ناخۆشە چاوەڕوانی نوێژ نەبێت!

===

خـۆ ئـاو هیـچ تامـی نـی یـە کەچـی خۆشـترین و بەسـودترین خواردنەوەیـە، نوێژیـش لـە بنەڕەتـدا وەرزش نـی یـە بـەڵام خۆشـترین چێـژو سـودی هەیـە.

===

بەختــەوەری لــە ناخــی مرۆڤەکاندایــە کەچــی خەڵکــی جێگــەی تــری بــۆ دەگەڕێــت.

===

کـە بـە ڕێـگادا دەڕۆیـت لەبـەر خۆتـەوە بـە ئاگاییـەوە سـبحان اللـە وبحمـدە سـبحان اللـە العظیـم بڵێـرەوە دەبینیـت ژیـان بـە جۆرێکـی تـرە.

===

بـۆ ئامـادەی یـەك سـەعات سـەیری ناوبـڕی فلیمـەکان بکەیـت کـە هەمـووی ڕێکلامــی بازرگانیــە، ئــەی بــۆ ئامــادە نیــت ٥ دەقیقــە ناوبــڕ بخەیتــە خەوەکەتــەوەو ٢ ڕکات نوێــژی بــۆ خــوای گــەورە تێــدا بکەیــت.!

===

ئێمــە هەتـا لــە کردنــی عیبادەکانیشــماندا هــەر قــەرزاری خــوای گەورەیــن چونکـە ئـەو لەزەتـە خـۆ بـە پـارە ناکڕدرێـت.

===

خۆشی بەیانیان نانی گەرم خواردن نی یە بەڵکو نوێژی گەرم کردنە.

===

دینـداری چ نیعمەتێکـە لـە هـەر جێگەیـەك بیـت گەورەتریـن دڵسـۆزت هەیـە

نهێنیەکانتی لا باس بکەیت.
تۆ بەچاکی عیبادەتەکانت بەجێ بهێنەو سیقەت بە دەوڵەمەندی خوای گەورە هەبێت، بێگومان بە لەوەی ستەمت لێ ناکات و پاداشتت بە زیادەشەوە دەداتەوە.
===
هەندێك کەس پاڵی لێ داوەتەوەو هەر دەڵێ خوا بە ڕەحمە، ئاخر کاکە گیان تۆ دەتەوێت بە گەندەڵی بچیتە بەهەشت، خەباتی بۆ بکەیت باشترە لەوەی چاوەڕوانی بندیوار بیت.
===
ئەگەر کەسێکی نزیکت داوات لێ بکات کارێکی بۆ بکەیت توخوا مەعمەلەی لەگەڵدا دەکەیت؟ ئەی ئەگەر زۆر خۆشت بوێت و جێگەی سیقەی تەواویش بێت لات؟ ئەی بۆ مەعمەلە لەگەڵ خوای گەورەدا دەکەین! دیارە یان نایناسیت یان سیقەت پێی نی یە! چەند حۆریم دەداتێ و چی و چیم بۆ دەکات و بۆ ئەوە واو بۆ ئەوە وا! تۆ کارەکەت بە چاکی بکەو متمانەت هەبێت، ئەوەی کارەکانی بەچاکی دەکات نەك هەر پاداشتی کارەکە بەڵکو زیادەشی دەدرێتێ.
===
ئەگەر کۆڵێکی قورست هەڵگرت ئاوات دەخوازیت تا زووە دای بنێیت، زۆر سەیرە هەیە کۆڵی تاوانەکەی یەکجار قورسە کەچی ناشیەوێت دایان بنێت.
===
هەندێك کەس دەڵێی تاوانی بە قۆنتەرات گرتووە! هەندێکیش دەڵێی تاپۆی کردووە!

===

زۆر سـەیرە جـاران زانـاكان فەتوایـان دەدا ئێسـتە سیاسـیەكان! دەشـڵێن بـا دیـن و سیاسـەت لێـك جیابكرێتـەوە.

## دین و سیاسەت

عەلمانیـەت لـە شـەرقدا بـووە بـە دیـن! ئیـتر چـۆن دیـن لـە سیاسـەت جیادەكرێتـەوە؟!

===

ئیسـلام لـە سیاسـەت جیـا دەكەنـەوەو دینێكـی تـر دروسـت دەكـەن و بـە سیاسـەتیەوە دەلكێنـن!

===

لە كۆنگـرەی ئیسـلام و دیموكراسـی لـە دیاربەكر وتـم: هەرچـی نەهامەتیـەك كـە بەسـەر كـورددا هاتـووە لـە ئەسـتۆی سیاسـیەكاندایە، چونكـە ئـەوان نەیـان توانیـووە تەمسـیلی واقعـی گەلەكەیـان بكـەن، بـەردەوام كوردیـان وەك بـێ دیـن نیشـانداوە.

===

لـەم كوردسـتانەدا بـەس قیامـەت مـاوە دڵـی پێخـۆش كەیـن، كەچـی دەیانەوێـت ئەوەشـمان لەدەسـت بچێـت!

===

لە وڵاتان هێڵی شەمەندەفەر هەیە لە كوردستانیشدا هێڵی سوور!

===

لـە وڵاتـان یـاری تۆپـی پـێ باشـترین ڕێگەیـە بـۆ دەوڵەمەنـد بـوون، لـە

کوردستانیش سیاسەت کردن!

===

لە وڵاتان خەڵکی لە زیرەکیدا دەبێتە سیاسی، لە کوردستانیشدا لە بێ ئیشیدا!

===

وازیان لە دونیای خەڵك هێناوە ئێستە خەریکی خراپکردنی قیامەتیشن.

===

لەم وڵاتەدا زیندووکان بەقەدەر مردووەکان مافیان نی یە! ئیتر شەڕی دیموکراسی چی دەفرۆشن؟

## زانین و نەزانین

لە قسەکردن بە زمانی بیانی هەرگیز شەرمم نەکردووە، ئەگەر نەشمزانی بێت لەگەڵ بەرانبەردا وەك یەك بووین، چونکە ئەویش زمانەکەی منی نەزانیووە.

===

وتم بۆ مەشروبات دەخۆیتەوە؟ وتی هەر بۆ جەو! بەس نەمزانی بۆ جەوی خۆی یان دەوروبەر...ئەوەندەی من سەرخۆشم بینووە خەڵکی پێی ڕابواردووە.

==

وتم بۆ نوێژ ناکەیت؟ وتی تەمەڵیە! ڕۆژێك وتی با دەست شکاندنەوەی بکەین بزانین کاممان بەهێزین، وتم مەگەر تۆ خۆت ئیعترافت نەکرد کە تەمەڵی؟

===

لەبەر تەمەڵی وازی لە خوێندن هێنا کەچێ ئەو ڕۆژە لافی پسپۆڕی ئاینی لێ دەدا! وتم بە گوڵالە سورەکانی کارتی مەکتەبەکەتدا دیارە.

===

دەیگوت خۆ ئیسلامەتی بە نوێژو ڕۆژوو نی یە! وتم ڕاست دەکەیت هەر بە درۆی زلە؟

===

ماوەیەکی زۆرە سەیری هەواڵەکان ناکەم، دوێنێ سەیرم کرد ماوەیەکی درێژترم بۆ تازەکردەوە.

===

ماوەیەکی یەکجار زۆرە چەند سیاسیەك هەیە گوێیان لێ ڕاناگرم، ئەو ڕۆژە لەماڵێك بووم خستیانە سەری! بۆم دەرکەوت زۆر سودم لە کات وەرگرتووەو زانیاریەکانیشم دەربارەی ئەوان هیچ کەمی نەکردووە.

===

جاران کۆنترۆڵەکەم لە منداڵەکان دەسەندوو بەرنامەی منداڵانم دەگۆڕی بۆ بەرنامە سیاسیەکان، ئێستە کۆنترۆڵەکە دەدەمە دەست منداڵەکانەوەو پێکەوە سەیری تۆم و جێری دەکەین، زۆر خۆش و بەسوودترە.

===

کە تەلەفزیۆنەکان ڕەش و سپی بوون جوانتر ڕاستیەکان دەردەکەوتن، ئەوکاتە نە میکیاجی ئافرەتان و نە میکیاجی سیاسیەکان وەك ئێستە نەبوو.

===

## یەکتا پەرستی

عەقیدە گۆڕانی بەسەردا نایەت و جێگەی مشتومڕو گۆڕانکاری نی یە، چونکە گەر گۆڕانکاریت بەسەردا هێنا سەرگەردانی بەدواوەیە، گریمان وازت لە پەرستنی خوای گەورە هێنا! کێ لەوباشترە بۆ پەرستن؟ زۆر سەیرە جاری وا هەیە لە کۆمەڵگەی شەرقیدا شەخسێك بەدیلی نی یە کەچی سەدان بەدیلیان بۆ خوای گەورە داناوە.

===

کە سەفەرت کردوو جەوازت پێ نەبێت، هەر لە مەتارەکە پەکت دەکەوێت، یەکتاپەرستیش جەوازی قیامەتە، کە پێت نەبێت هەر لە یەکەم هەنگاودا پەکت دەکەوێت.

===

هیچ دڵنیاییەك لە یەکتا پەرستی چێژی زیاتر نی یە.

## ئیعلامی ئەوروپی و حقدیان بەرانبەر ئیسلام

لە ئەوروپا سەدان جەریمە دەبێت ڕۆژانە تەنها یەك دانەی نی یە سیفەتی دینەکەی بداتە پاڵ جگە لە ئیسلام نەبێت، هەر کە کەسێك بزانن ڕەگەزی ئیسلامەتی پێوەیە دەڵێن کەسێکی بە ڕەگەز ئیسلام ئەوەی کرد! لە کاتێکدا زۆر لەو جەریمانە لە ئیسلامیشدا عقوبەی سەختی بۆ دانراوە.!

===

زۆر موتابەعەی ڕاگەیاندنە ئینگلیزیە ئەوروپیەکان دەکەم، بینوومە

بەچـاوی خـۆم، هەواڵـی سێکسـی بـاوك لەگـەڵ کچـی خۆیـدا، لەگـەڵ دایکـی خۆیـدا، لەگـەڵ زۆر لـە کەسـە نزیکەکانـی خۆیـدا، بینوومـە کوشـتن بەهـۆی ئـەو کارانـەوە، بینوومـە خۆکوشـتنی یەکجـار زۆر، بینوومـە سـەدان و هـەزاران جەریمـەی جـۆر بەجـۆر بـەڵام تەنهـا یـەك جـار نەمبینـووە بڵێـت مەسـیحیەك ئـەوەی کـرد یـان جولەکەیـەك، یـان هـەر ئەدیانێکـی تـر، زۆرینـەی جاریـش پاسـاوی بـۆ دەهێننـەوە کـە توشـی نەخۆشـی دەروونـی بـووە! سـەرخۆش و بێ ئـاگا بـووە!! بـەڵام یـەك مسـوڵمان یـەك کار لەوانـە بـکات سـیفەتی ئیسـلام بوونـی دەدەنـە پـاڵ، لـە کاتێکـدا خـودی کارەکـە پێچەوانـەی شـەریعەتە! وە ڕاگەیاندنەکـەی ئەوانیـش پێچەوانـەی ویـژدان و پرۆفیشـناڵیەتە.

## حەلاوەی ئیمان

شـیرینی پەیوەنـدی دینـداری لەگـەڵ دۆسـتاندا ئەوەنـدە بـە سـوودە هەتـا زیانـی بـۆ ددان و نەخۆشـی شـەکرەش نـی یـە.

===

خەڵکـی هەیـە خواردنەکانـی هەمـووی شـیرینیە، هەشـە دۆسـتەکانی، سـڵاو لـە دۆسـتانی شـیرین.

===

خۆشەویسـتی چەندیـن جـۆری هەیـە، یەکێـك لەوانـە خۆشەویسـتیەکی درۆینـەی جنسـیە کـە گشـت خۆشەویسـتیەکانی تـری کـراوە بـە قوربانـی، هـەر کـە باسـی خۆشەویسـتی کـرا، کـوڕو کچێکـمان دێتـە پێـش چـاو کـە بەناشـەرعی پەیوەندیـان هەبێـت.

===

خۆشەویستی خوای گەورە یەکێکە لەو نیعمەتە هەرە گەورانەی کە مسولمانە مولتەزیمەکان زۆر دەوڵەمەندن پێی.

===

خەڵکانێك تاوانی گەورە دەکەن بۆ ئەوەی لای ئاغاکانیان خۆشەویست بن! خوای گەورەش داوات لێ دەکات دووربیت لە تاوان بۆ ئەوەی لای ئەو خۆشەویست بیت...تۆش ئازادی چ خۆشەویستێك هەڵ دەبژێریت.

===

مرۆڤی وا هەیە خۆی لە یەك هەڵە خۆش نابێت کە بەرانبەری بکرێت، کەچی ڕۆژانە دەیان هەڵەو بێ ئەمری خوای گەورە دەکات!

===

وتم بۆ خوا ناپەرستی؟ یەك لیستی داواکاری بۆ ووتم ئەگەر خوا ئەوانەی بۆ بکات ئەوسا دەیپەرستێت! ئەوەندەش بە حەماسەتەوە قسەی دەکرد کە قەناعەتم پێ بکات هێشتا زۆر مەغدورە! ووتم ناهەقی ناگرم لە دونیادا جاشایەتیەکەیان بۆ کرد بە پێشمەرگە دەیەوێت هەمان شت بۆ قیامەتیش دووبارە بکاتەوە.

===

وتم بۆ کوێ دەچیت؟ وتی دەچم فەحسی عامی خۆم دەکەم، وتم ئەی بۆ فەحسی دینەکەت ناکەیت؟ وتی کورە هەزاران کەس هەیە لەمن خراپترو واو وا دەکات ! وتم ئەی بۆ تەندروستیەکەت بۆ ناڵێیت هەزاران کەس هەیە لە جێگەدا کەوتووە جەڵدە لێی داوە!

===

محەمەدی کوڕم لە سکی دایکیدا بوو دکتۆرەکان دەیانگوت چیرۆکی بۆ بخوێنەرەوە زانستیەن ئەو دەبیستێت و توانای تێگەشتنیشی هەیە،

دواتـر کـە لـە دایـك بـوو دەڵێـن وازی لـێ بهێنـە تـا دەبێتـە ١٨ سـاڵ و خـۆی بڕیـاری خـۆی دەدات! باشـە هـەژدە سـاڵ مەعقولـە مـن هـەر چیرۆکـی تتیلـەو ببیلـەی بـۆ بگێڕمـەوە، ئـەی بـۆ چیرۆکـە قورئانیەکانـی بـۆ بـاس نەکـەم.

===

گـەر منـداڵ بـە منداڵـی ئەزیەتـی لەگەڵـدا نەکێشـیت کـە گـەورە بـوو خەڵکـی ئەزیەتـی پێوە دەکێشـێت!

===

شـاخێك دەبینـی بـەو گەورەیـی و باڵایەوە، هێزێکـی زۆری دەوێت تا بەشـێکی کەمـی بـۆ پێداویسـتی لـێ ببڕدرێـت، کەچـی دەبینـی بـە بچوکتریـن هێـزی خـوای گـەورە کـە بارانـە یـان بومەلەرزەیـە خـۆی پـێ ڕاناگیرێـت و وردوخـاش دەبێـت!

سبحان للە چ دەستەڵاتێکە کە ئەقڵیش لە ئاستیدا دەستەوسانە.

===

بیـری لـێ بکـەرەوە گـەر زەوی چەنـد دەقیقەیـەك بجوڵێتـەوە بـە تونـدی! خـۆ هەرچـی حـەزارەت هەیـە هەمـووی سـفر دەبێتـەوە!

سبحان اللە لە ڕەحم و توانای خوای گەورە.

## مزگەوت یان کەنیسە

دەیانەوێـت مزگەوتـەکان بکـەن بـە کەنیسـە تەنهـا ڕۆژانـی هەینـی چالاکـی هەبێـت، وەك چـۆن کەنیسـەکان تەنهـا ڕۆژانـی یـەك شـەممەیە.

===

ژن مارەبڕیـن دەبـوو لـە مزگەوتـدا بکرایـە ئێسـتە لـە هـۆڵ و بـە دەهـۆڵ و

زوڕنایـە بۆیـە کێشـەی خێزانـی ئەوەنـدە زۆرە.
===
سـوڵحەکان لـە مزگـەوت برایـە دەرەوە بۆیـە ئێسـتە دوای سـوڵحیش هـەر خوێـن دەڕێژرێتـەوە.
===
پرسـیارە شـەرعیەکان لـە خزمـەت مامۆسـتایانی ئاینـی و لەنـاو میحرابـدا دەکـرا ئێسـتە بـە تەلەفۆنـە بۆیـە لێـك تێگەشـتن نارەحـەت بـووە.
===
خوێندنـە دینیـەکان لـە مزگـەوت دەرهێـنران بۆیـە بەرەکەتـی تێـدا نەمـاوەو بـەس بـۆ شـەهادەو دامەزراندنـە.
===
مزگـەوت لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامدا پاکتریـن جێگـەو کاریگەرتریـن جێگـە بـووە لـە ڕۆڵـی پێگەیانـدن و تێگەیاندنـی کۆمەڵگـەدا.
===
خەڵکـی ڕێگەیەکـی دوور دەبڕێـت بـۆ بـەژداری لـە ئاهەنگێکـی ناشـەرعیداو پارەیەکـی زۆریشـی لـە پێنـاودا سـەرف دەکات!
هەموو ئەوە بۆچی؟
تەنها بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش!!
سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە کـە کاتەخۆشـەکانی نـاو مزگـەوت بـێ بەرانبـەرەو لـە نزیکـی ماڵەکانمانـەوە بـە ئاسـانی دەسـت دەکەون.
===
چەنـد خۆشـە تـۆ بەرێگـەدا دەڕۆیـت و گوێـت لـە بانـگ دەبێـت لـە هەمـوو لایەکـەوە، لـەوەش خۆشـتر بـە ئارامـی دەسـتنوێژێکی بـۆ دەگریـت و

نوێژەکـەت لـە مزگەوتـدا دەکەیـت، چ نیعمەتێکـەو ڕۆژانـە بـە بـەلاش دەسـتمان دەکەوێـت.

===

خەڵکـی زۆر هـەوڵ دەدات لـە چەنـد جێگەیەکـی جیـاوازەوە پشـکی لـە بازرگانیـدا هەبێـت و ژیانـی دونیایـی خـۆش بێـت، چەنـد خۆشـە پشـکی خێریشـت لـە مزگەوتـدا هەبێـت بـۆ ئـەوەی ژیانـی دواڕۆژیشـت خـۆش بێـت.

===

٣٠سـاڵ لـە فەرمانگەیەکـدا کار دەکات و دەڵـێ موسـتەقبەلی هەیـە! موسـتەقبەل بـە لۆژیکـی کـوردی واتـە تەقاعـودی و دوای تەمەنـی ٦٥ ساڵیەوە، کەچـی موعەدەلـی مـردن لـە عێراقـدا ٥٣ سـاڵیە، موسـتەقبەل قیامەتـەو خەڵکـی لەبیـری کـردووە.

## درۆی ڕاستی

برادەرێکـم هەرچـی لەگەڵـدا دەکەیـن ژن ناهێنێـت! ڕۆژێـك بـۆ ئـەوەی حەماسـەتی بـەرز بکەمـەوە پێـم وت دەمەوێـت ژنێکـی تـر بهێنـم، دوای ماوەیـەك بڵاو بوویـەوە کـە مـن ژنێکی تـرم هێنـاوە! وتم خـۆ شـتەکە هەرچەند درۆیـە خۆزگـە بەنـاوی ئـەوەوە بکرایـە بەڵکـو ببوایـە بـە قسـەی خۆیـەوە.

===

جـاری وا هەیـە درۆی وات بـە دەمـەوە هـەڵ دەبەسـتن خۆشـت بـاوەڕی پـێ دەکەیـت.

===

دکتـۆر کام دەرمانـە تاڵـە بـۆ نەخۆشـی بنووسـێت گەرچـی حەزیشـی لـێ

نەکات هەر دەیخوات، کەچی ئەو دەرمانە شیرینانەی کە خوای گەورە بۆی نووسیووە ڕەدی دەکاتەوە!

===

هەموو عیبادەتەکان جۆرێکی تایبەتی فیتامینی تێدایە، نوێژ زۆرترین و پێویستی ترین فیتامینی تێدایە، بۆیە ڕۆژانە دەبێت ٥ جار دووبارە ببیتەوە.

===

تۆ سەیر خوای گەورە چ مامۆستایەکی بە ڕەحمە! هەرچی پرسیار لە تاقیرکردنەوەکاندا دێتەوە پێمانی داوە! دواتر هیچ بیانوی گلەیی نی یە بڵێی خوایە گیان من سەعیم لەوەدا نەکردبوو!

===

مرۆڤە ژیرەکان کارە گرنگەکان پێش دەخەن لە ئیشوکاری ڕۆژانەیاندا، چ شتێك لە دین گرنگترە وا دای دەنێیت بۆ پیری و دەیخەیتە دوای هەموو کارەکانەوە! ئەوە نیشانەی ژیری نی یە!

===

کە وازت لە دین هێنا دەبێت تا مردن بە دوای ئارامیدا بگەڕێیت و دەستیشت ناکەوێت! بەڵام سبحان للە ئەو ئیسلامە ئارامیەکە لەگەڵت سەفەر دەکات بۆ گشت جێگەیەك، جگە لە جێگە خراپەکان نەبێت، ئامان تۆش خۆت لەو جێگانە بپارێزە...

لەگەڵ زۆر دکتۆرو پرۆفیسۆری بیانی دانیشتووم و قسەم لەگەڵیان کردووە بە ئارامی، وێڕای زیرەکیان لە بوارەکانی خۆیاندا بەڵام لەولاوە بەدەست زۆر پرسیارەوە دەناڵێنن کە وەڵامەکانیان دەست ناکەوێت! ئیسلام تاکە

دینـە وەڵامـی گشـت پرسـیارەکان دەداتـەوە.

===

پرۆفیسـۆر عەبـاس تۆفیـق، نزیکـی ٤٠ سـاڵ خزمەتـی کـردووە لـە چەندیـن زانکـۆو وڵاتـی جیـاوازدا، دکتۆراکـەی لـە بـواری ئـەدەب و نەقـدی عەرەبیـدا بـووە، چەندەهـا کتێبـی هەیـە بـە زمانەکانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی، کـە باسـی قورئانـم بـۆ دەکات دەڵێـی نەخوێنـدەوارە لـە ئاسـتیدا، کەچـی کەسـی وا هەیـە نەقـد لـە قورئـان دەگرێـت ئەلفوبێـی عەرەبـی نازانێـت!

===

هەندێـك خەڵـك بۆیـە ڕقیـان لـە قورئانـە تەنهـا لـە تەعزیـەدا گوێیـان لێـی بـووە، قورئـان بـۆ ژیانـە نـەك بـۆ مـردن.

===

کـە قورئـان دەخەیتـە سـەری هـاوار دەکـەن دەڵێـن لایبـەرە خـۆ تەعزیـە نـی یـە! هەرگیـز لەگـەڵ ئـەوەدا نیـم قورئـان لـە تەعزیـەدا بخوێنرێـت.

===

قورئـان لـە تەعزیـەدا دەخوێنرێـت و پـارەی زۆری لەسـەر وەردەگیرێـت! کەسـی عەلمانـی بەنـاوی شـارەزە لەبـواری ئیسـلامی سیاسـی باسـی قورئـان بـۆ خەڵکـی دەکات.

## ئەندامێتی ڕاستەقینە

هیـچ پەیـڕەوی حیزبێکـی دونیایـی نـی یـە قبوڵـی بـکات ئەندامەکانـی لـە حیزبێکـی تریشـدا ئەنـدام بێـت، ئەگـەر کەسـێك ئەندامێتـی لـە دوو حیزبـدا هەبێـت ئـەوا ئـەو کەسـە بـە کەسـێکی سـیخوڕو خۆفـرۆش دادەنرێـت و

ئەنجامەکەی یان کوشتنە یان دەرکردنە بەلانی کەمەوە...کەچی بۆ دینی خوا بە پێچەوانەوە سەیری دەکەن! خۆی بە ئەندامی پلە یەکی ئیسلام دەزانێت و لە حیزبێکیشدا کار دەکات لەگەڵ پەیڕەوی دینی و قورئاندا پێچەوانەیە! ئەمە چەندی بە چەند؟ وە کامیان هەڵ دەبژێریت؟

===

هیچ یاسایەك نی یە لە دونیاداو وە ناشبێت کە تەنها لەسەر بنەمای خۆشەویستی بنیاد بنرێت و کۆمەڵگە بە خۆشەویستی لە تاوان دوور بخاتەوە، دەبێت غەرامە هەبێت، دەبێت زیندانی هەبێت، دەبێت سزای جۆر بەجۆر هەبێت، کەچی بۆ دینی خوا دەڵێت چۆن دەبێت ئێمە لە خوا بترسین؟! ترسان بۆ کەسی سەرپێچکارو لاسارو سەرەڕۆیە، تۆ خوات خۆش بوێت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەو هەردەم خۆشت بووێت ئەوسا پێویست ناکات لێی بترسین. بەڵام کە سەرەڕۆیت کرد سزاکە دەتگرێتەوە با لێشی نەترسیت!

===

ئەو خەڵکە خۆی بۆ نان دەفرۆشێت و نانیش بە دەستی خوایە، ئەگەر فەزڵی خوای گەورەش نەبێت تەنەکەیەك شلەو برنجیش بخۆیت هەست بە تێری ناکەیت و زگت لە توندیدا دەتەقێت! داوای ڕزق لە خوای گەورە بکە، ئەوانەی خۆیان کردووە بە وەکیلی خوای گەورەو سەرچاوەی ڕزق وەکیلگەلێکی گەندەڵن.

===

هەر لە خۆتەوە بە چەپ و ڕاستی ئیسلامدا بێرە خوارەوەو دەمی لێ مەپارێزە! دوای ماوەیەك هەر لە خۆتەوە دەبیتە شارەزا لە بواری ئیسلامی سیاسیدا!! بۆ زانیاریتان شەهادەشی ناوێت!!!

===

کە لەسەر ئیسلام هەر لە خۆتەوە قسە دەکەیت بەلانی کەمەوە قسەکانی خۆت لەبیر بێت با دواتر دووجار نەکەویتە درۆوە.

===

بە دەستێکت بتلێ مەشروب بگرەو دەستەکەی ترت جگەرەیەك، بە دەم خەیاڵەوە بڵێ جا قورئان چی یە؟ یەك دوو قسە فڕە بدە! هەندێك کەناڵ بازاڕیان دەکرێتەوەو ناڵێن خۆ ئەم کابرا هۆشی نیە بە خۆیەوە جارێ!

===

ئەگەر لە مەکتەبدا سەرکەوتوو نەبوویت و بۆت تەواو نەکرا لەبەر تەمەڵی، بە ئارەزووی خۆت جوێن و تەشهیر بە ئیسلام و ئیسلامیەکان بدە ئیتر ئۆتۆماتیکی دەبیتە پسپۆرو شارەزا لە بواری ئیسلامی سیاسیدا! ئەگەر حەزیشت کرد پسپۆڕیەکەت عالەمیەن بێت بڵێ بڕیاری لە سێدارەدان و زیندانی مورسی و مورشیدەکانی ئیخوان یاساییە!

## ئازادی و لەشفرۆشی

گەر خانەی لەشفرۆشی لە هەرکوێ هەبێت ئەوسا پیسەکان لە پاکەکان جیا دەبنەوەو چەند کەسێك ناتوانێت بەناوی کۆمەڵگەوە قسە بکەن، ئەوەی بەرگری لە لەشفرۆشی دەکات با خۆی و ژن و خوشك و دایك و کچەکەی لەو جێگەبن کە بە ئازادی دەخەملێنن!

===

بەژداری سەدان سوڵحی نێوان پیاو و ژنم کردووە بە دەگمەن تێدا هەبووە پابەندیان بە دینەوە بەهێز بوو بێت، بە ئەزموون بۆم دەرکەوتووە

مولتەزیمـەکان خۆشـبەختن.

## دەرمانی بێ غیرەتی

کابرایـەك دەیگـووت ئـەو بەرهەمانـەی کـە لـە ئێـران و تورکیـاوە بۆمـان دێـت دەرمانـی بـێ غیرەتـی تێکـراوە، نابینـی ئـەم خەڵکـە غیرەتیـان نـی یـە!؟ منیـش گووتـم بـە قوربانـە قسـەی وا مەکـە بـا حکوومـەت نەزانێـت, نـەوەك دواتـر خۆشـیان لـەو دەرمانانـە بهێنـن بـۆ بەرهەمـە ناوخۆیەکانیـش!

===

وڵاتـان کاتێـك خەڵکـی ڕووی تێـدەکات زمانەکـەی خۆیـان بەچەندیـن شـێوازی جۆربەجـۆر فێـری خەڵکـی دەکـەن، ئێسـتە کوردسـتان پڕ بـووە لـە عـەرەب، لەبـری کردنـەوەی خولـی کـوردی بۆیـان خولـی جلڧـەی عێراقـی بـۆ کـوردەکان دەکرێتـەوەو چەندەهـا فەرهەنگـی جلڧـەی عێراقـی چاپکـراوە، حـەق وایـە خولێکـی زمانـی بەنگلادیشیشـمان بـۆ بکەنـەوە! ئـەی ئـەو هەمـوو کرێـکارە دامـاوە چـۆن لێـمان تێبگـەن ئەگـەر ئێمـە بەنگلادیشـی نەزانیـن؟!

## کـورد و دەوڵـەت

بـۆ بـوون بـە دەوڵـەت بـاوەڕ بەخـۆ بوونـی دەوێـت، نابینـی گەنجـی وا هەیـە هیچیشـی نـی یـەو ژنیـش دەهێنێـت.

===

ناخۆشـترین هەسـت لـە دەرەوە ئەوەیـە لێـت دەپرسـن خەڵکـی کوێیـت؟ چونکـە دەبێـت بـۆی شـی بکەیتـەوە کـە خەڵکـی کوردسـتانیت و کوردسـتان

چۆنە! ئەو فەقیرە تەنها پرسیارێك دەكات تۆدەبێت بەحسێكی پێشكەش بكەیت!

===

ساڵی پار بە سەفەر ڕۆشتمە ١٨ وڵات، كە پرسیاریان دەكرد خەڵكی كوێیت؟ منیش بۆم شی دەكردنەوە كە خەڵكی كوردستانم و كوردستان چۆنە، ڕۆژێكیان زۆر هیلاك بووم لە ئیسپانیا كابرایەك ووتی خەڵكی كوێیت؟ منیش وتم بەریتانیا! وتی ئەی ئەسڵ خەڵكی كوێیت؟ وتم دەی دانیشە تا بۆت شی بكەمەوە بەخوا دیارە تۆش حەزت لە بەحسەكەیە! دوای گلەی نەكەیت ئەگەر زۆری خایەند.

===

بەقاڵەكانی ئێستە تاقەتی هاواركردنیان نی یەو هەموو شتەكانیان تەسجیل كردووەو بۆ هاواركردن لێی دەدەنەوە، ئەو فكرەم پێ باشە بۆ شیكردنەوە لەسەر كوردستان بۆ كاتی سەفەر, هەركەس وتی خەڵكی كوێیت دەستی پێدا بنێیت.

===

سوپاسی خوای دەوێت كە ماوەی حوكمڕانیەتی ئەم هەرێمە حوكمێكی ئیسلامی نەبووە! گەرنا پەلەیەكی ڕەشی گەورە دەبوو لە مێژووی ئیسلامیدا.

# چ مەملەکەتێکە

مسـولّمانانی کـۆن کتێبیـان بـە مەتـن نووسـیووە بـۆ ئێمـە، کەچـی ئێمـە لـە شەرحەکەشـی تـێ ناگەیـن! ئـەوان کۆنـن و ئێمـەش تـازە

===

تەنهـا فەتاواکـەی ئیـبن و تەیمییـە گـەر بـە پێـوەری زانسـتی ئەمـڕۆ بیپێویـن بریتیـە لـە بیسـت دکتۆرانامـە، واتـە تەنهـا یـەك کتێبـی ئـەو زاتـە یەکسـانە بـە بیسـت بڕوانامـەی دکتـۆرا.

===

چاوپێکەوتنێکـم لەگـەڵ مـەلا حسـێن دا کـرد زۆر قسـەی بـە شـێخ الأسـلام ابـن تیمییـە دەکـرد، وتـم باشـە تـۆ ئەوەنـدە قسـەی پـێ دەڵێیـت کتێبەکانیـت خوێندووەتـەوە، وتـی نەخێـر!

===

ئەگـەر کەسـێك باسـی ئیلحـادی و بـێ بـاوەڕی بـۆ کـردی پێـی بڵـێ سـوێندم بـۆ بخـۆ بـە قورئـان ئەوسـا بـاوەڕت پـێ دەکـەم، کـە سـوێندی خـوارد بـە قورئان ئیـتر بـاوەڕی پـێ بکـە.

===

بــە وەعــدی درۆ دەنــگ دەدات بــە حیزبێــك و دونیــای خــۆی پــێ خــراپ دەکات، وەعــدی ڕاســتیش پشــتگوێی دەخــات و قیامەتیشــی پــێ خــراپ دەکات، ئــەوەش ســیحری ئەقــڵ.

===

کتێـب باشـترین هاوڕێیـە، بـەڵام نـەك کتێبـی نوکتـەو پێکەنیـن و خـواردن دروسـت کـردن!

===

باوەڕم بە فلیمی هیندی نەدەکرد تا گەڕامەوە کوردستان، ئێستە بۆم دەرکەوت ئەو فلیمانە هەمووی دیکومێنتری بووە!

===

خۆمان خراپین و چاوەڕێین کوردستان چاك ببێت!

===

دەیان توێژینەوەی زانستی لە ژێر دەستی چەندین قوتابی دڵسۆزدا پێشکەشی زانکۆکانی جیهان دەکرێت لەسەر کوردستان و هیچ جێگەی بایەخی ئەم حکوومەتە نی یەو نابێتە مایەی ناسینی کوردو بەرەوپێشچوونی!

بەڵام!

موعتادێك ئەگەر لەشفرۆشی بکات بە ڕەسمی کەس لێی ناپرسێك کەچی لەشولاری عەرز دەکات و زۆرترین گرنگی پێ دەدرێت لەلایەن حکوومەت و دەزگا ئەهلیەکانیشەوە!

===

بە پێچەوانەی هەندێك کەسەوە من کە بە ڕۆژوو دەبم فەقیرم ناکەوێتە بیر! بەڵکو نەفرەت لەو ستەمکارانە دەکەم کە زۆرترین پارەیان لا کۆبووەتەوەو بەهۆیانەوە هەژاری زۆر بووە!

===

چ میهرەبانیەکە هەرکات بتەوێت لەگەڵ خوای گەورەدا قسە بکەیت ئەو تا کۆتایی گوێت بۆ دەگرێت، نە پێت دەبڕێت و نە پەلەشت پێ دەکات.

===

## چەند خراپین بەرانبەر یەکتر

قـەرز لـە دوکان و خەڵکـی دەکەیـن دواتـر دوکانـدارو کابـرای خـاوەن قـەرز مەمنونـن بـەس پارەکـەی خۆیـان دەسـت بکەوێتـەوە، کەچـی قـەرز لـە وڵاتـان و بانکـەکان دەکەیـن و بـە زیـادەوە دەیـان دەینـەوە. ئەمـەش مۆدیلێکـی نوێـی نۆکەرایەتیـە!

## ئەخلاق

ئەخـلاق بۆنـی مـرۆڤ خـۆش دەکات نـەك تەنهـا عەتـر، عەتـر تەنهـا بـۆ ڕووکەشـە! مرۆڤـی وا هەیـە ئێسـتە لـە ژیانـدا نەمـاوە مـن بۆنـی خۆشـی هەسـت پـێ دەکـەم. کەواتـە بـە ئەخلاقتـان بۆنتـان خـۆش بکـەن.

===

حەیفـە هەندێـك حەیـوان دەبەسـترێتەوەو هەندێـك مرۆڤیـش بـەرەڵا دەکرێـت!

===

ئەگـەر یاسـای دەسـتبڕین لـە دەسـتوردا بچەسـپێت ئـەوا لەبـری گەنجـەکان مەسـولەکان ڕوو لـە ئەوروپـا دەکـەن.

===

لـە لەنـدەن بـووم زۆرجـار پرسـیاریان لـێ دەکـردم خەڵکـی کوێیـت؟ منیـش دەمگـوت کوردسـتان، دەیانگـوت کوردسـتان کوێیـە؟ دەمگـوت عێـراق! هـەر نەیـان دەزانـی!! بـەڵام ئێسـتە هەمـووی دەزانێـت کوێیـە، خۆزگـە هـەر نەیـان زانیایـە وەك جـاران! چونکـە وێنایەکـی زۆر ناشرینـمان لـە مێشـکیاندا هەیـە!!

هەمــوو ناســینێکیش بــاش نــی یــە، هــەروەك زۆرکــەس نــاسراوە بــەڵام بــە خراپــی.

===

کــە منــداڵ بوویــن بــە ئەفــلام کارتــۆن دڵــی خۆمــان خــۆش دەکــرد! کــە گەورەبوویــن خۆمــان بوویــن بــە ئەفــلام کارتۆنــی بەرپرســەکان!

===

ســۆزی کــورد بــۆ پەکەکــە بــۆ لایەنــە نەتەوەییەکەیەتــی نــەك فکریەکــەی، بــەڵام بەداخــەوە خواســتی کــورد لــە مێــژە بــە قوربانــی فکــر کــراوە.

===

گەورەتریــن هــۆکاری خۆشــبەختی لــە کوردســتاندا ئەوەیــە ئەنــدام و کارگوزاریــی حیــزب و حکوومــەت نەبیــت.

===

وڵاتــی وا هەیــە زۆرێــك لــە هاوڵاتیانــی نــەك وەزیــرو ئەنــدام پەرلەمانــەکان هەتــا سەرۆکەکەشــیان ناناســن، کەچــی ئێمــە کەســانی لایەنگــرو میدیــا سـێبەرەکانیش دەناسـین! ئەگــەر قەیرانــی سیاســی نەبێــت زۆرکــەس کــەی شایســتەی ئــەوەن ئێمــە کاتــی خۆمانــی پێــوە بکوژیــن!

===

جــاران خەڵکــی داوای نەوتــی دەکــرد ئێســتە بــە ئاویــش مەمنونــە، جــاران داوای کارەبــای نیشــتیمانی دەکــرد ئێســتە بــە مۆلیــدەش مەمنونــە.

===

گــەر قەیــران بــەم شــێوەی ئێســتە بــەردەوام بێــت ماوەیەکــی تــر ئەوەنــدە ناشریــن دەبیــن لۆمــەی داروین نەکەیــن کــە وتوویەتــی ئەســڵی ئینســان لــە مەیمونــەوە هاتــووە.

===

بــە جەســتە گــەورە بوویــن، بــە کــردار هــەر منداڵیــن، ئــەوە باســی ئەقــڵ ناکــەم...

===

لەگــەڵ کابرایەکــدا دەمــمان تێگــرا لەســەرکار! وتــی بــڕۆرەوە بــۆ وڵاتەکــەی خــۆت! منیــش وتــم ئەگــەر وڵاتــم هەبوایــە نەدەهاتــم بــۆ لای تــۆ!

===

گەڕەکەکانــی کوردســتان زۆربــەی نــاوی شــەهیدانە بۆیــە حســابی مردوومــان بــۆ دەکــەن!

===

دەبێــت کێشــەکان بــە عەشــایەری حەلــی کەیــت ئەوســا قانونەکــە ئاســانە، هەمووموــان عەشــایەرین!

===

کابرایەکــی یۆنانــی دەیگــوت ئــەم کوردانــە زۆر چــاك و ئیشــکەرن تەنهــا یــەك عەیبیــان هەیــە لــە ترافلایتــدا ناوەســتن.

===

کاتــی هەڵبژاردنــەکان داوایــان لێکــردم خــۆم کاندیــد بکــەم بــۆ ئەنــدام پەرلەمــان، منیــش ڕەدم کــردەوەو نەمکــرد، جــا گــەر قبوڵــم بکرادایــەو دەرچوایــەم دەبوایــە ئێســتە هــەر وەڵامــی وێنــەی فۆتۆشــۆپم بدایەتــەوە.

===

گــەر ڕۆشــتی بــۆ ئەوروپــاو وتیــان لەبــەر چــی هاتوویــت؟ بڵــێ جــا لەبــەر چــی نەهاتــووم!

===

زۆر سەیره عەلمانیەکان لە کاتی ئاسایدا پشتگیری لە لەشفرۆشی دەکەن و بە ماف و ئازادی شەخسی دەزانن، کەچی لە کاتی تەنگانەدا وەك چەك بەرانبەر یەکتری بەکاری دەهێنن!
مەبەستم تەنها کوردستان نی یە لە دەرەوەش هەر وایە، کلینۆت چیان پێ نەکرد!
کەواتە ئەوەی بە ماف و ئازادی شەخسی دەزانن خۆشتان باوەڕتان پێی نی یە!
ئیسلام لە کاتی ئاسایشدا دەڵێ ئەو کارە نا ئاساییەو نە مافەو نە ئازادی شەخسیشە!

## حەج

حەج هەموو ساڵێك گشت چین و ڕەنگەکان کۆ دەکاتەوەو یەك کاریان پێ ئەنجام دەدات، هەمووی یەك شیعار دەڵێنەوە، یەك جۆر جل دەپۆشن، گەورەترین ڕاهێنانە کە بە چاوی بەرزو ڕێزەوەو وەك خوشك و دایك خۆمان سەیری ئافرەتانی بێگانە بکەین و هەتا دەستنوێژیش لەیەك ناشۆرنەوە.

===

لە کرێکارێکی پاککەرەوەوە بگرە تا دەگاتە سەرۆکی وڵات، لە هەژارترین مرۆڤەوە تا دەگاتە دەوڵەمەندترین مرۆڤی جیهان، ڕەش پێستێکی ئەفریقی و سپێ پێستێکی ئەوروپی، خاوەن پێداویستیەکی تایبەت و پاڵەوانێکی جیهانی، هەر زوبانێکی تری دونیایی، ئیسلام لە حەجدا ڕێکیان دەخات و بە چاوی پر فرمێسك و دڵێکی پڕ ئیمان و ڕۆحیەتیەکی

زۆر بـەرزەوەو بەبـێ پرۆڤـەی پێشـینە هەموویـان دەڵێن:لَبَّیْـكَ اللَّهُـمَّ لَبَّیْـكَ، لَبَّیْـكَ لاَ شَرِیـكَ لَـكَ لَبَّیْـكَ، إِنَّ الْحَمْـدَ، وَالنِّعْمَـةَ، لَـكَ وَالْمُلْـكَ، لاَ شَرِیـكَ لَـكَ

===

هیـچ هێزێـك نـی یە لـە دونیـادا بتوانێـت کۆبوونـەوەی وەك حـەج بە خەڵکـی بـکات، ئەگـەر زەبەلاحتریـن بودجەشـی بـۆ سـەرف بـکات، ئەگـەر هەرچـی ڕێگـەی ڕێـکلام هەیـە بیگرێتـە بـەر، ئەگـەر هەتـا زۆرو زەختیـش بـەکار بهێنێـت، کەچـی ئیسـلام بەبـێ هیـچ لەوانـەو نـەك بـۆ تەنهـا جارێـك هەمـوو سـاڵێك حـەج دووبـارە دەبێتـەوەو گـەر ڕێـژەی دیـاری کـراو نەبێـت دەیـان ملیـۆن کـەس سـاڵانە حـەج دەکـەن.

===

کاتێـك ئەنجامـی تاقیکردنـەوە وەردەگریـت و دەبینـی نمرەکانـت بـەرزن زۆر خۆشـە، کاتێـك داوای کچێـك دەکەیـت و ڕازی دەبـن زۆر خۆشـە، کـە لەسـەفەر دەگەڕێیتـەوە بـە دایـك و بـاوك و کەسـوکار شـاد دەبیتـەوە زۆر خۆشـە، کـە لـە زینـدان بەردەبیـت و دێیتـە دەرەوە زۆر خۆشـە، کـە زاڵمێـك دەبینـی تۆڵـەی لـێ دەسـتێننەوە زۆر خۆشـە، چرکـە سـاتەکانی ژیـان زۆر خۆشـی تێدایـە بەڵام هیچـی وەك ئـەوە خـۆش نـی یە بـۆ یەکەمجـار دەچیتـە نـاو حەرەمـی مەککـەی پیـرۆزەوە، هەسـتێکت لا دروسـت دەبێـت پێکەنیـن و گریـان و خۆشـی و عەتـف و هەرچـی بەهـای بـەرز هەیـە هەموویـت تێـدا کـۆ دەبێتـەوە لـەو کاتـەدا.

===

کـە شـەو لـە موزدەلیفـە دەخەویـت و بەیانـی جـەژن بـەرەوە مینـاو جەمـەرات بـەڕێ دەکەویـت، هەرچـی وشـەی جوانـی دونیـا هەیـە کـۆی بکەمـەوە ئێسـتە لەسـەر ئـەو دیمەنانـە، ناتوانێـت تەعبیـر لـەو سـاتە خۆشـیە بـکات کـە بـە

عەمەلـی لەوێـدا دەیبینیـت!

===

ئـەو ئاسـودەییە دەرونیـەی لەپـاڵ ئیسـلامدا دەسـتت دەکەوێـت ئەگـەر بـە پـارە بوایـە هیـچ بەرنامەیەکـی خێرخـوازی نەیدەتوانـی بـۆت بەدەسـت بهێنێـت.

===

ئیسـلام چ دڵخۆشـکەرە، دەڵـێ هەتـا ئـازاری دڕکێکیـش پاداشـتی لەسـەر وەردەگریـت لـە قیامەتـدا، دەبێـت ئـازارە گەورەکانـی ئـەم وڵاتـە چەنـد پاداشـتی بـۆ دانرابێـت...

## قـورئان

لـەو پـەڕی بێتاقەتیـدا دوو ڕکات نوێـژو خوێندنـی لاپەڕەیـەك لـە قورئـان و نزایەکـی پەنهانـی ئاسـودەییەکت پـێ دەبەخشـێت قیمەتەکـەی مەگـەر ئـەو کەسـە بیزانێـت کەلـەوە زیاتـری کردبێـت.

===

ئـەو ئاسـودەییەی بەهـۆی ئیسـلامەوە دەسـتت دەکەوێـت هـەر لـە دونیـادا قیمەتەکـەی لـەو ئەزیەتـە زیاتـرە کـە بـۆت کێشـاوە، پاداشـتی قیامەتیـش هەر فەزڵـی خۆیەتـی، سـوپاس بـۆ تـۆ ئیلاهـی...

===

دەڵێـن خۆشـترین کاتەکانـی ژیـان قۆناغـی منداڵیـە، کـە قورئـان دەگـرم بـە دەسـتمەوەو چـاو بـە دێڕەکانیـدا خەشـێنم هەسـت بـە بچوکـی و منـداڵ بوونـەوەی خـۆم دەکـەم لـە ئاسـت گەورەیـی قورئانـدا.

===

هەوڵ مەدە ناوت بچێتە کتێبی گینسەوە، هەوڵ بدە کردارەکانت بچێتە ناو ناوەڕۆکی قورئانەوە.

## مزگەوت

کابرایەك دەیگوت حەز دەکەم عەیادەکەت بزانم و کاتژمێر چەند بۆ چەند کراوەیە؟ منیش وتم عەیادەکەی من لە مزگەوتەو پێنج فەرزە کراوەیە.

===

هەر مزگەوتێك لە ئەوروپا سەردانم کردبێت و دوای ماوەیەك هەم دیسان ڕێگەم کەوتبێتەوە ئەوێ بینوومە ڕێژەی نوێژ خوێنان تێیدا زیادی کردووە، زۆرێکیشی لەبەر زۆری نوێژ خوێنان فراوانیان کردووە.

===

گوێ مەدەنە قورئان حالتان دەبینین، وا ئەمساڵیش گەنمە دزراوەکان بە کەڵکی خواردن هات ساڵی ئایندە هەمووی ئیکسپایەر دەبێت، خوای ئەو میللەتە ستەمدیدە لێتان دیاری دەدات، چونکە بە شێوەیەکی حەڵاڵ و دروست پارەکەتان هەڵ نەگرتووە، هەر خوای گەورە فەرمووی (کن) یەکسەر دەبێت و پارەکانتان بلۆك دەکرێت و تەخت و تاجتان تا گەورەتر بێت خراپترە چونکە بەسەری خۆتاندا دەکەوێت.

===

دەمێکە قورئانم وەك دەستوور لە دڵمدا ئیمزام کردووە، تەنها ساتانێك زەرەرم کردووە کە غافڵ بوو بێتم لە ئیمزاکەم، داوای لێخۆشبوون لە تۆ دەکەم خودایە لە گشت غافڵ بوونێك.

===

هەندێـك كـەس زۆر سـەیرن دەرگای ئیسـلام كراوەیـە، كەچـی ئـەو بـە چەكـوش و داس دەیەوێـت دەرگای تـر بشـكێنێت یـان بەسـەر دیوارەكـەدا ئەودیـوو كەوێـت، قوربـان گیـان لـە ڕێگـە ڕاستەكەوە بـڕۆو دەست و قاچێكی خۆشـت مـەدە بـە شـكاندا، خـۆ دكتۆرەكانیشـمان ئەوەنـدە لێهاتوونیـن دوای بەچاكـی تیـمارت كـەن.

## غەمی نیشتمان

كـە نیشـتمانم جـێ هێشـت بـۆی گریـام! كـە گەڕامـەوە دیسـان بـۆی گریـام!! ئێسـتەش كـە تێیـدا دەژیـم هـەر بـۆی دەگریـم!!! ئـەو چاوانـە بـە ئارامـی نەنوێـت كـە مایـەی گریانـی ڕۆڵەكانیەتـی.

===

دەڵێـن ڕێكخراوێكـی نێودەوڵەتـی هاتووەتـە كوردسـتان و داوایـان كـردووە خەڵكـی سـكاڵای داواكاریەكانـی خۆیانـی لا بكـەن، كـە خەڵـك ڕۆشـتووە بۆلایـان داوای ئـاو و كارەبایـان كـردووە! ئەوانیـش وتوویانـە جـا ئـەوە كـەی داواكاریـە ئـەوە مافـی سـەرەتایی خۆتانـە!

===

پێشـتر دەگوتـرا قەیرانـی كارەبـا چەندیـن شـێوازی جـۆراو جـۆری هەیـە بـۆ چارەسـەركردن، وەك هێنانـی كۆمپانیـای جیهانـی و سـود وەرگرتـن لـە خـۆرو هەوا،كەچـی هەرچـی وەزیـر دێـت هـەر باسـی گاز دەكات!

===

زۆر سـەیرە بـە كـوردی لـە خۆمـان تێناگەیـن و دەمانەوێـت جیهـان لێـمان تێبـگات.

===

کە ڕۆشتمە ئەوروپا ئەوسا هێشتا منداڵ بووم، لەوێ لە کۆلێژو زانکۆو گشت جێگە گشتیەکان و کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بەسەر کورددا هەڵم دەداو شانازیم پێوە دەکرد، کە هاتمەوە زانیم چەند درۆی زل زلم کردووە، ئێستە لە ڕووم نایەت دیسان بگەڕێمەوە، دەترسم بە دەنگ و ڕەنگ کارە قێزەونەکانی ئەم وڵاتەم نیشان بدەن و ئارەقی شەرمەزاری بکەم.
تۆبە خودایە.

===

لە دەرەوە بینیم کۆمەڵێك سیاسی بوو بوون بە قوربانی بۆ گەلەکەیان، گەل بۆ خۆی ژیانی ئاسایی دەکات، لە کوردستانیش بینیم گەل بووە بە قوربانی چەند کەسێك و یاری بە چارەنووس و مافەکانیان دەکرێت.

===

ئەوەندە دەمانکێشنە ناو سیاسەت و قەیرانەکان ناهێڵن مومارەسەی کاری خۆمان بە ئاسایی بکەین، ئەگەر هەموو ساڵێك حەجێك بکەین هێشتا تەپوتۆزی سیاسیەکانمان پێوە دەمێنێت، کەچی هەندێك کەسیش دەڵێن ئەو پارەی دەیدەی بە حەج بیدەن بە فەقیر، کاکە مسوڵمان هیچ نەبێت زەکاتەکەی دەردەکات و خێرو سەدەقەی زۆریش دەکات، ئەوە سیاسیە بێوژدانەکانن نە ئاگای فەقیر و نە حەج و نە ئاگای زەکاتیش دەزانن.

===

پێویستە بەلانی کەمەوە بڕێك قورئانت لەبەر بێت، تا بتوانیت خەمەکانی پێ بسڕیتەوە چونکە ئەمە دونیایە لەوانەیە لە جێگەیەك بیت و قورئانت دەست نەکەوێت لەو کاتەدا.

===

مەسـەلێکی عەرەبـی هەیـە دەڵـێ (یـداك أوكتـا وفـوك نفـخ) واتـە بـە دەمـی خـۆت فـوت تێکـردووەو بـە دەسـتی خـۆت بەسـتووتە! ئیـتر لۆمـەی کـەس مەکە، دەبێـت هەندێك لـە دەنگـدەران بـە بەخۆیانـدا بچنـەوە لـەوەی دەنـگ بـە کـێ دەدەن.

===

تەنهـا بـە یـەك شـێوە دەتوانرێـت ڕێگـری لـە کۆچـی نایاسـایی بکرێـت ئەویش باشـکردنی گوزەرانـی خەڵکەکەیـە، هـەرکات گوزەرانـی خەڵکـی خـۆش بـوو ئـەوکات خـۆی کـۆچ نـاکات.

===

زۆر سـەیرە تـا نەمریـت کـەس شـینت بـۆ نـاکات! مـن ڕۆژانـە منـداڵ دەبینـم بـە ڕۆح مـردوو بـە جەسـتە نیـوە مـردوو لەسـەر جـادەکان.

===

دەسـتەڵاتی ئەوروپـی ڕووی هاوڵاتیانـی سـپی کردووە، دەسـتەڵاتی شـەرقیش ڕووی هاوڵاتیانـی ڕەش کردووە.

===

بەرپرسەکان پارەی میللەت دەدزن و لە ئەوروپا سەرفی دەکەن!
هەژارەکانیش لە ئەوروپا پارە پەیدا دەکەن و بۆ کوردستانی دەنێرنەوە.

===

وام زانـی هـەر مـردووەکان تەمەنیـان درێـژە لـە کاتـی دەنگدانەکانـدا، کەچـی هەندێـك لـە زیندووەکانیـش تەمەنیـان درێـژ دەبێتـەوە لـە کاتی کەشـفکردنی خیانەتدا.

===

لـە ئەوروپـا لـە چەندیـن ڕێکخـراو و دەزگای جیـاواز کارم کردووە بە خۆبەخشـی

(Voluntary Work) کـە گەڕامـەوە کوردسـتان باسـی کاری خۆبەخشـیم دەکرد خەڵکـی گاڵتەیـان پـێ دەکـردم، کەچـی ئێسـتە کاری وڵات هەمـووی بـووە بـە خۆبەخشـی.

===

قەیرانـی ویژدانـە نـەك موچـە! گـەر ویـژدان بێـت هەمـوو پێداویسـتیەکان دەبێـت.

===

جامی نا دادگەری دەستەڵات و سەبری هاوڵاتیان هەردووکیان پڕ بووە.

===

مـن هەقـم نـی یـە کـێ لەسـەر هەقـەو کـێ لەسـەر نـا هەقـە بـەڵام شـەڕو پشـێوی وڵات تەنهـا دوا ناخـات بەڵکـو لـە قـوڕدا دەیچەقێنێـت.

===

باشـترین جـۆری ڕجیـم ئەوەیـە هـەم خـۆت لـە خـواردن بگریتـەوەو هەمیـش وەرزشیشـی لەگـەڵ بکەیـت: حکوومەتـی هەرێمیـش بەیەکجـار هەردووکیـان بـە هاوڵاتیـان جـێ بەجـێ دەکات.

موچەی لێ دەگرێتەوە ئەوە بۆ خواردنەکە!!

ئەوانیش ناچاری خۆپیشاندان دەکەن ئەوەش وەرزشەکە!

خەفەتەکەش زیادەیە...

===

بیرکردنـەوە ژیـان جـوان یـان ناشریـن دەکات، بـەڵام هەرگیـز زگ تێرنـاکات، نەخێـر بـۆ دواکەوتنـی موچـەو سـتەم لـە هـەژاران.

===

سسـتمی سـەرمایەداری ئەمـڕۆ بـۆ ئـەو کەسـانەی عەرەبـی دەزانـن، جـا وەرە

لێـی تـێ بگـە، بۆیـە حالمـان جوانـە.

===

جـاران ئەمەریـکاو ڕۆژئـاوا، تاقیکردنـەوەی دەرمـان و چەکەکانیـان لەسـەر حەیوانـات دەکرد، کـە ئێمەیان دەسـتکەوت دەسـتیان کـرد بـە تاقیکردنەوەی لەسـەر ئێمـەو ئیـتر لـەو کاتـەوە یاسـای مافـی حەیوانیـان دانـا لای خۆیـان.

===

گەورەتریـن کۆمپانیـای ئەڵغـام دروسـتکردن لـە سـوید دایـە، سـوید دایکـی ئـازادی و مافـی مـرۆڤ!

===

بەهـای مرۆڤایەتـی و ئەخلاقـی لـەم وڵاتـەدا خرایـە تـەرازووی مـادەوە، هەرکـەس و لـە هـەر ئاسـتێکدا بـە پارەکـەی هـەڵ دەسـەنگێنرا، وا ئێسـتە خەریکـە بەهـاکان سـفر دەبنـەوە، بەبـڕوای مـن بـۆ زۆرێکـی هەقـی خۆیەتـی و لـە بنەڕەتـدا مـادام بەهـا مرۆڤایەتـی و ئەخلاقیـەکان بـۆ مـادە واز لێهێـنرا پێـم خۆشـە ئاسـتی ڕاسـتەقینەی خـۆی دەرکەوێـت کـە یەکسـانە بـە سـفر دۆلار.

===

هیـچ شـتێك بەقـەدەر ئـەوە ئـازاری نـەداوم کـە هەندێـك جـار بەرژەوەنـدی مـادی خراوەتـە بەردەسـتم لەبـەر ڕاکێشـانم بـۆ لایەنێـك و منیـش ڕەدم کردووەتـەوە، دواتـر خەڵـك لۆمـەی کـردووم کـە هەڵـەم کـردووەو دەبوایـە قبوڵـم بکردایـە!

===

گەورەتریـن کێشـە لـە ئیسـلامدا ئەوەیـە دەڵـێ ئەگـەر دزی بکەیـت دەسـتت دەبڕدرێـت، ئـێ ئەگـەر تـۆ فێـری پـارەی حـەرام و دزی بیـت و تاقەتـت نەبێـت کار بکەیـت و حـەزت لـە بـەر خـۆر نەبێـت، ناچـار دەبێـت ڕەخنـە لـە قورئـان

بگریـت و بیخەیتـە ژێـر پرسـیارەوە!

===

گەورەتریـن ناخۆشـی بـۆ ئەمـڕۆ فەرموودەکانـی پێغەمبـەرە درودی خـوای لەسـەر بێـت کـە دەڵـێ ئەگـەر کەسـێك کاری بـۆ کردیـت پارەکـەی بـدەرێ پێـش ئـەوەی ئارەقـی ناوچاوانـی وشـك بێتـەوە، ئـێ ئەگـەر تـۆ حـەز نەکەیـت پارەکـە بدەیـت و کاری تـرت پێـی هەبێـت و بتوانیـت بـە درۆ خەڵکـی هەڵخەڵتێنیـت لـەوەی بەغـداد بودجـە نانێرێـت و نەوتەکـەی خۆشـمان قیمەتێکـی وا نـاکات ناچـار دەبێـت دوو کـەس بێنیـن ئـەم فەرمودانـە ناشریـن بـکات، گرنـگ ئەوەیـە عەمامـەی بەسـەروە بێـت یـان ڕیشـی هەبێـت بـۆ ئـەوەی خەڵکـی بـاوەڕ بـکات.

===

گەورەتریـن سـەر ئێشـە لـە ئیسـلامدا ئەوەیـە دەڵـێ نابێـت زینـا بکەیـت ئەگـەر بیکـەت پشـتت دەشـکێنن بـەدارو ئەگـەر ژنـت هەبێـت سـەروملۆقلت دێرنـە خـوارەوە تـا دەمریت...ئـێ ئەگـەر تـۆ کەسـێی شـەهوانی و شـەڕواڵ پیـس بیـت و نەتەوێـت بـە حەلاڵـی ئافرەتێـك بکەیـت بـە هاوسـەری خـۆت ناچـار دەبێـت ڕەخنـە لـەم یاسـایە بگریـت.

===

گەورەتریـن موسـیبەت لـەم قورئانـەدا ئەوەیـە دەڵـێ ئەگـەر ویسـتت لەگـەڵ کەسـێکدا ڕابوێریـت ڕێگـە نـادات و دەڵێـت دەبێـت بـە شـەرعی بێـت و مـاف بدەیـت بـە ئافرەتەکـەو عەقـد بکـەن، ئـێ تـۆ ئەگـەر حـەز بکەیـت بـە دزیـەوە بێـت و هـەر ڕۆژەو یەکـێ بگۆڕیـت دەبێـت پشـتگیری لەشـفرۆش بکەیـت بەنـاوی ئـەوەی کاکـە ئێسـتە فەحسـی بـۆ دەکرێـت و کێشـەی نـی یـە، دەی کێشـەی نـی یـەو ڕاسـت دەکەیـت دایـك و خوشـك و ژن و کچەکانـی خۆشـت

بنێـره بـۆ خزمـەت و خاتریشـیان بگـره کەمـتر پارەیـان لـێ وەرگـره.

===

گەورەتریـن ناخۆشـی لـە ئیسـلامدا ئەوەیـە دەڵـێ نابێـت مـەشروب بخۆیتەوەو ئەگـەر بیخۆیتـەوەو پێـت زانـرا ئـەوا بەینـی خۆمـان بێـت دارکاریـەك دەخۆیت، ئـێ ئەگـەر تـۆ حـەزت لـە مـەشروب و ڕابـواردن بێـت و گـوێ نەدەیتـە سـودی گشـتی و ئالـودەی ئـەم کاره بـوو بیـت ناچـار دەبێـت دینەکـە ناشریـن بکەیت.

===

لەهەمـووی ماڵوێرانـی تـر ئەوەیـە دەڵـێ دەبێـت گرنگـی بـە زانسـت و خوێنـدن بدەیـت و یەکـەم ئایـەت بەنـاوی بخوێنـەوە دەسـتی پێکـردووە، جـا تـۆ ئەگـەر تاقەتـی ئـەو سـەر ئێشـەت نەبێـت یـان تەمـەڵ بیـت و دەرنەچیـت و ناچاریـت بڕێـك منـداڵ و مـەزم لـە قورئـان کۆکەیتـەوە کـە کاکـە ئـەم قورئانـە عەرەبیـەو دەبوایـە بـە بادینـی بوایـە یـان سـۆرانی و کرمانجـی!

===

گەورەتریــن کارەســات لــە ئیســلامدا ئەوەیــە دەڵــێ ئەگــەر حوکمــت کــرد دەبێـت دادگـەر بیـت، ئـێ ئەگـەر تـۆ کەسـێکی نادادگـەر بیـت و خـۆ سـەرت دەکات بـە قـوڕا ئـەم ئیسـلامە، ناچـار دەبێـت بڵێیـن کاکـە گیـان قورئـان کۆنەو بـۆ ئـەم سـەردەمە ناگونجێـت! ئێسـتە سـەردەمی زانسـت و تەکنەلۆژیایـە، یەکـێ نەزانێـت دکتـۆرای لـە زانسـتی زەڕەدا لـە کالیفۆرنیـا هێناوەتـەوە بـۆ کوردسـتان.

===

قورئان دەڵێ جگەره تەرك بکە ئەو قورئان تەرك دەکات.

===

بـە کورتـی پوختـی بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە ئیسـلام لەگـەڵ دزو، حیـزو، نـا

دادگـەرو، هـەواو ئـارەزوو پەرسـتدا هەرگیـر گونجـاو نەبـووەو نابێـت.

===

گەورەتریـن کێشـە لـە ئیسـلامدا ئەوەیـە تاوانەکانـی دەستنیشـان کـردووەو بـە ڕوونـی عقوبەکەشـت پـێ دەڵـێ کـە چـی یـە، ئـەوان دەیانەوێـت تاوانـەکان بشـارنەوە لەژێـر نـاوی یاسـاو بـە بەرژەوەنـدی خۆیـان تەفسـیری بـۆ بکـەن.

===

ئاخـر ئـەم ئیسـلامە چـۆن کێشـە نـی یـە! تەرازوویەکـی هەیـە لـە تـەرازووی ئاڵتـون فـرۆش زیاتـر تاوانـەکان دەخوێنێتـەوە، لـە کاتێکـدا ئـەو نایەوێـت کێشـانە هەبێـت و دەیەوێـت بـە گۆتـەرە بـۆ خـۆی لـێ بـدات و تاوانەکانیـش بـە کوردایەتـی و پاڵەوانیەتـی بـۆ بکێشرێـت.

===

ئەگـەر مـن ڕاوێـژکاری ئـەم ووڵاتـە بومایـە وام دەگـوت دەمگـوت بەیـان نامەیـەك بـڵاو بکەنـەوەو بڵێـن گەلـی کـوردی قارەمـان و خۆڕاگـرو مسـوڵمان! ئێمـە بـە قورئـان حوکمتـان دەکەیـن و میللەتـی کوردیـش لـە سـەدا ٩٩ی مسـوڵمانە، بۆتـان نـی یـە باسـی کارەکانمـان بکـەن، ئـەوە سـڕی شەخسـی خۆمانـە، مەگـەر لـە شـەرعدا نەهاتـووە ئـەوەی سـڕی کەسـێك بپۆشـێت خـوای گـەورە سـڕی دەپۆشـێت! لـە دوای ئـەوەش ئێـوە ناهەقیـمان پـێ دەکـەن ئەوەتا هەمـوو قورئـان بگـەڕێ باسـی نەوتـی کەرکوکـی تێـدا نـی یـە، باسـی یـەك تەنکـەر نەوتـی تێـدا نـی یـە کـە لـە کوێـوە بـۆ کـوێ دەڕوات، ئەگـەر تێیدایـە کـوا ڕەقەمـی یـەك لۆریـمان لـە قورئانـدا بـۆ بدۆزنـەوە، باسـی گومرکەکانـی تێـدا نـی یـەو یـەك دەروازە نـی یـە ناوەکـەی لـە قورئانـدا هاتبێـت، خـۆ ئەگـەر باوەڕیشـیان نەکـرد، دوو مـەلای ڕیشـداری خۆمـان بنێـرن لـە کەناڵەکانـی خۆمـان بۆیـان بسـەلمێنێت، بـەڵام کـە مەلاکەتـان نـارد بڵێـن ٢٤ سـەعات

پێش ئەوە نان و ئاو نەخوات تا بە بە تەقواو فەقیر دەربکەوێت لای میللەت، دوای ئەوەش مێزگردێك بۆ یەك دوانێك لە بندیوارەکان بکەن بەناوی شارەزا لە ئیسلامی سیاسی و کاتی تەواویان بدەنێ بۆ خۆیان قسە بکەن و دواتریش بیان بەن بۆ مەتعەم و بیان گەیەننەوە ماڵ. خۆ میللەت ئەوەندە ساویلکەیە بەمانە زۆر بە ئاسانی باوەڕ دەکات.

===

هەر وا دابنێ کە فەیسبووك نامەی کردەوەکانی تۆیە، سەیر بکە بزان چیت تێدا چاندووە...؟

===

پۆڵەندا یەکەم وڵاتە لە جیهاندا کە ڕێژەی خۆکوژی تێدایە! هەر ٤٠ چرکەو کەسێك لە دونیادا خۆی دەکوژێت!! گەورەترین سزا دانراوە بۆ کەسێك کە خۆی بکوژێت لە ئیسلامدا، جەستەو ڕۆح ئەمانەتێکی خواییەو پێویستە حەقی خۆی پێ بدەیت تا خاوەنەکەی خۆی لێت دەستێنێتەوە...

===

کە وڵات بەسەر ئایدۆلۆژیدا دابەش بوو، کەس دان نانێت بە شکستی خۆیداو دونیایەکی تر لە خەیاڵ بۆ خۆیان دروست دەکەن.

===

دان بەوەدا دەنێن کە وڵاتان سودیان لە دین وەرگرتووە بۆ بوون بە وڵات، بەڵام دان بەوەدا نانێن شکستی خۆیان بەهۆی بێ دینیەوە بووە.

===

هەرکەس توشی نەخۆشی نەفسی بوو با نەچێت بۆ لای دکتۆرو

موراجەعـەی ئیمانـی بکاتـەوە.
===
ئـەم حیزبانـە وەك منداڵـی لاسار وان! دەبێـت میللـەت پێیـان بڵێـت دانیشـن بـەس شـەڕ مەکـەن و خۆتـان پیس مەکـەن هیچـمان ناوێت!
===
دەڵێـن حکوومـەت گۆڕانـکاری نەکـردووە لـە مـاوەی ٢٤ سـاڵی ڕابـردوودا! مـن دەڵێـم وا نـی یـە هەرکەسـەو بـا سـەیری خـۆی بـکات بـزان چـی بەسـەر هاتـووە، کەسـی وا دەناسـم قـژی هەمـووی ڕەش بـوو ئێسـتە پـاك سـپیە!
===
میللەتێکـی سـەیرین ئێمـەش لـە پـاڵ بەحرەکـەی دەربەندیخاندایـن و ئاومـان نـی یـە، کەچـی داوای نـەوت دەکەیـن!
===
ئـەم قەیرانـە هەتـا کاریگـەری لەسـەر فەیسـبووکیش هەبـووە، جـاران دەتگوت ئـەم فەیسـبووکە تایبەتـە بـە پیشـانگای خواردنـی کوردەواریـەوە، ئێسـتە کەوچکێـك چێشـتت بەرچـاو ناکەوێـت.
===
بەنـاوی جـۆراو جـۆرەوە دەتوانـن هەندێـك خەڵـك فریـوو بـدەن! بـەڵام دەبێـت ئـەوە بـاش بزانیـن فریـوو خـواردووەکان گێلەکانـی نـاو کۆمەڵگـەن.
===
زۆر سـەیرە کـە باسـی دیموکراسـی دەکـەن، مـن کوشـتن و زینـدان و تونـدو تیـژی بـە زهنمـدا دێـت... پێویسـیت نـی یـە پێناسـەی نـوێ بـۆ ئـەو وشـە بکرێتـەوە؟
===

دەڵێن دەعباکە ڕووەك دەخوات، ترسام وامزانی ئەویش نەوت دەخوات.

===

بۆ بنبڕکردنی دەسدرێژی سێکسی دەبێت پەرە بە پەروەردەی ئیسلامی بدرێت.

===

کاتێك ئیسلام حوکمی دەکرد کەسێك زینای بکردایە خۆی دەهاتە بەردەم حاکم و داوای دەکرد عقوبەی لەسەر جێ بەجێ بکەن، بەڵام کە ئیسلام لەسەر حوکم نەما کوڕم دەوێت و تاوانبار بدۆزێتەوە.

===

تاوانەکان ئەوەندە زۆرن لەم ڕۆژگارەدا یاساکان فریایی ناکەون، جا دێن یاساکان دەگۆڕن و لەگەڵ تاوانەکاندا دەیانگونجێنن.

===

کێشەی حەقیقی خودی کەسەکان لەگەڵ تاوانەکانیاندایە نەك قورئان و ئیسلام، ئەوان ئەگەر ڕەوشتیان جوان بوایە قورئانیشیان جوان وێنا دەکرد.

بۆ نموونە سەیرکە کەسێك هەم دز بێت و هەمیش شەرواڵ پڵیت بێت، بیری لێ دەکاتەوە عقوبەکەی دەستبڕین و جەڵد لێدانە یان ڕەجمکردنی، جا کارەساتەکە لە دزی و شەرواڵ پڵیتیەکەوە دەست پێ دەکات نەك لە عقوبە قورئانیەکە، عقوبە قورئانیەکە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکە دانراوە.

===

ئافرەتێك کە سنگی سەرەطان لێی دەدات دکتۆر زۆر بە پەلە بۆی دەبڕێت نەوەك تەشەنە بکات، لە کاتێکدا سەرچاوەی ژیانی کۆرپەکانیەتی...دزی کردنیش سەرەطانی دەستە بۆیە قورئان دەفەرموێت دەبێت ببڕدرێت، تا

سەرەطانی مەعیدەشی نەگرتووە.
===
کە کۆنگرەی ئیسلام و دیموکراسی لە ئامەد بەسترا ئەندامی ئەو کۆنگرەیە بووم، کاتێك کۆنگرەکە تەواو بوو لە دەرەوە کوردەکان پەلاماریان دەداین دەستمان ماچ بکەن، ئەوکات بۆم دەرکەوت کورد هەم تینوی ئیسلام و هەمیش مافی نەتەوەیی خۆیەتی.
===
خوا بکات لەم کاتە ناسکەدا دەجال نەیەت چونکە ترسم هەیە خەڵکی هەمووی شوێنی بکەوێت، ئاخر ئێمە ئیمانەکەمان بای ئەوەندەیە بە درۆو فێڵ و شتی بچوك دەخەڵەتێین نەخوازەڵا بە شتی گەورە.
===
لە ناخی هەرکەسێکدا حەزێکی بە گەورەزانین هەیە دەبێت (اللە) لەو جێگەیەدا دابنێیت، وە بۆشاییەك هەیە دەبێت بە (پەرستن) پڕی بکەیتەوە...
تۆش سەرپشکی کێ لە جێگەی (اللە) دادەنێیت و وە چیش (دە پە ر ستیت ) . )
===
ئاسایش و پۆلیس و زۆرێك لە کارمەندانی دەزگا ئەمنیەکان ساتانێك بە ناچاری دەبێت هەستن و بە ئاگاییەوە بڕواننە دەوروبەر...با لەوەوە فێربین ئێمەش ساتانێکمان هەبێت لە شەودا هەستین و تەنها ئاگامان لە خۆمان بێت.
===
زەلیلی بەرانبەر خوای گەورە گەورەیی هەردوو دونیات پێ دەبەخشێت،

بـە پێچەوانـەوە پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە.

===

لەوانەیە یەکجار خەڵەتاندنت لە ژیاندا هەموو ژیانت باجەکەی بدەیت.

===

هەندێـك لـە مرۆڤـەکان لـە وەفاداریانـدا لـە سـەگ دەچـن! هەرکـەس نانیـان بداتـێ بـۆ ئـەو دەوەڕن.

===

هەندێـك لـە مرۆڤـەکان ڕەنگیـان وەك خـۆت لـێ دەکـەن بـۆ ئـەوەی نەزانـی پێیـان تـا پێـوەت دەدەن.

===

مرۆڤایەتـی بەدەسـت کـردەوە حەیوانیەکانـەوە دەناڵێنێـت و بـە ڕووکـەش بڕیـار دەدات.

==

سـەیرە هەندێـك کـەس دینەکـەی بـۆ دونیـا دەفرۆشـێت، بـەڵام لـەوە سـەیر تـر ئەوەیـە دینەکـەی هـەر بـە بـەلاش و حـەلاش پێشکەشـی بەرانبـەر دەکات!

===

کـە بـاوەڕت بـە ڕەزاقـی خـوای گـەورە لاواز بـوو، دەبێـت تـا مـردن هەمـوو غەمێکـت هـەر نـان بێـت، ئەگـەر خاوەنـی سـەروەتی دونیـاش بیـت.

===

هەرچـی ناعەدالەتـی هەیـە دەیکـەن تـا تڵپـی تەڕیـان تیـا نامێنێـت و دواتـر یاداشـتەکانیان دەنووسـنەوەو ڕەخنـە لـە خۆیـان دەگـرن! لـە کاتێکـدا لەسـەردەمی خۆیانـدا لەسـەر ڕەخنـە خەڵکیـان دەکوشـت، جـا جیلـی تازەیش دەڵێـن بەخـوا بـە ویژدانـن... تـۆ سـەیر چـۆن ڕەخنـە لـە خۆیـان دەگـرن!

===

کەسی وا هەیە لەو دونیا نامەی کردەوەکەی بدەن بە دەستی بۆنی نەوت دەدات...جا خوێندەواریشی نەبێت هەر خۆی تێدەگات.

## ڕۆحی ئاینی

گشت ئاین و پەیڕەوانی دین و فکرە جیاوازەکان هۆشیار دەدەن لەوەی کە ئاینی ئیسلام نەخوێننەوە، هەتا لەسەردەمی پێغەمبەریشدا کافرەکان بە پیاوە زاناکانی خۆیان دەوت گوێتان بگرن کاتێك محمد قسە دەکات، یان قورئان دەخوێنێتەوە!!! بەڵام من دەڵێم بۆ ئەوەی ئیسلام باشتر بناسیت بڕۆ دیراسەی دین و فکرە جیاوازەکانی تر بکە ئەوسا بگەڕێرەوە بۆ ئیسلام و خۆت بڕیار بدە.

===

گەر بتەوێت محمد صلی الله علیه وسلم بناسیت دەبێت قورئان و سونەتیش بناسیت.

===

پارە دەدەن بە تەلفریك بۆ بەرزبوونەوە لە زەوی و ساتێك خۆشی، كە پارە دەدەیت بە هەژار هەست دەكەیت لە تەلەفریکەکان زیاتر بەرز دەبیتەوەو خۆشیەکانیشی لە دڵدا زیاتر دەمێنێتەوە، خوا بۆ خۆشی دەزانێت چ پاداشتێکیش لەبریدا چاوەڕوانت دەکات.

===

سیفەتێکی جوانە ئەگەر شتی دەرونی تێکەڵ نەبێت و بۆ یارمەتی و لەبەرخوای گەورە بێت کاتێك شتێك دەکڕیت لەسەر عەرەبانەیەك

یـان دوکانێـك و دەزانــی کابـرا هــەزارە باقیەکــەی لــێ وەرنەگریتەوە...لەنـاو ئینگلیزیشــدا ئــەوە هەیــەو دەڵــێ:

Keep the change

===

چەنـد بەهایەکـی بـە نرخـە کاتێـك کەسـێك ژن دەهێنێـت یارمەتـی مـادی بدەیـت، نـەك هەمـووی هـەر بەتانـی بـۆ ببـات.

===

هەندێـك کـەس عیزەتـی نەفسـی زۆر زۆر بەرزتـرە لـەوەی داوای یارمەتـی لـە خەڵکـی بـکات، یـان خـۆی وا نیشـان بـدات کـە هـەژارە، بـەڵام کـە تـۆ حاڵـی دەزانیـت توخـوا مەهێڵـە ئـەو عیزەتـەی لەکـەدار ببێـت و بـە نهێنـی یارمەتـی بـدە.

===

مــەرج نــی یــە ئــەو مەبلەغــەی کــە دەیبەخشــی زۆر بێــت، نیــەت شــتی بچوکیـش گـەورە دەکات، خـۆ ئەگـەر توانـای زۆریشـت هەبـوو مانـای وا نـی یـە مەعەدەلەکـە پێچەوانـە بێـت.

===

هیـچ وڵاتێـك چـاك نابێـت تەنهـا لەسـەر بنەمـای ویـژدان و ئیمانـی خەڵکـی، بـۆ نموونـە دەڵێـن فـڵان کـەس نوێـژ دەکات بـۆ ئـەو خراپـە دەکات، فـڵان لـە خۆیـا خوێنـدەوارە بـۆ دزی دەکات، ئـەو کەسـە خـۆ ڕیشـی سـپیە بـۆ قۆڵـی خەڵـك دەبڕێـت، ئـەی خـۆ سەرکردەکانیشـمان خۆیـان بـە مسـوڵمان دەزانـن بـۆ قوتـی خەڵکـی دەخـۆن، دەبێـت یاسـایەك هەبێـت گشـت سـەرپێچیەکان بەیـەك چـاو سـزا بـدات، لـە هـەر جێگەیـەك چاوپۆشـی کـرا لـە هەندێکـی ئـەو هەندەکـەی تریـش گەندەڵـی دەکـەن.

===

لە قورئانـدا چەندیـن سـزای جـۆراو جـۆر دانـراوە بـۆ سـەرپێچی کاران، ئەگـەر تەنها ئیسـلام بـوون بـەس بوایـە بـۆ نەکردنـی تـاوان نەدەبـوو لـە قورئانـدا ئـەو سـزایانە دەستنیشـان بکرایـە، کەوابـوو دەکرێـت کەسـێك مسـوڵمان بێـت و تاوانـی جۆربەجـۆر هەتـا گـەورەش بـکات، لـە بەرانبـەری ئـەو تاوانانـەدا دەبێت عقوبـەی دونیایـی هەبێـت و نابێـت سـەرپێچیەکان لێگەڕییـن بـۆ ئیـمان و ویژدانـی خەڵکەکـە خـۆی.

===

ئەگـەر دڵـت ژەنگـی گـرت بەهـۆی تاوانـەوە، ئـەوا پێویسـتە جـوان بیخوسـێنی بـە شـەو نوێـژ، ئەسـپەرتۆی لێدەیـت بـە نوێـژی بەیانـی، جـوان جـوان وشـکی کەیتـەوە بـە دوعـا و اسـتغفار، دواتـر بۆیاخێکـی تـازەی بکەیـت بـە خێـرو چاکـە لەگـەڵ خەڵکیـدا.

لەبیـرت نەچێـت دوای ئـەوەش پێویسـتە ڕۆژی ٥ جـار بیشـۆی بـە ئـاوی دەسـت نوێـژ، بـۆ ئـەوەی دیسـان ژەنـگ نەیخواتـەوە.

===

لەوانەیـە ئەمـڕۆ دەوروبـەرت قەرەباڵـغ بێـت و زۆرێکـی پشتگیریشـت بکـەن، بـەڵام بیـر لـەو ڕۆژە بکـەرەوە کـە بـە تەنهـا لـە قەبـردا دەمێنیتـەوە.

===

وتـەو هـزرەکان زۆر زۆرن، دینەکانیـش هـەم دیسـان زۆرن، کەناڵەکانیـش زۆرن و زۆریـش لەسـەر شـتەکان دەدوێـن، بـەڵام ڕاسـتیەکان تەنهـا یەکـن و یـەك سـەرچاوەیان هەیـە.

===

چیرۆکـە قورئانیـەکان ئـەم مەشـهەدانەی ئێسـتەی خۆشـمانی تۆمارکـردووە،

خۆشبەحاڵی ئەوەی دەزانێت لە کوێی قورئاندایەو خۆی بۆ تاقیکردنەوەکان حازر دەکات.

## ڕۆحیەتی قەومی

کە باسی گەندەڵی و خراپەی ئەم وڵاتە دەکرێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا دواتر دەڵێن کاکە خەڵکەکە خۆشی خراپە، بۆ نموونە شت فڕێ دەدەنە سەر جادەکان، باوکی باوکەکەم بەخوا هیچ شتێکیش فڕێ نەدرێت پینەی ئەو هەموو کەلەبەرە ناکات، لە ئەورووپادا شەممان و یەك شەممان هەر بەهۆی مادەی هۆشبەرەوە سەدان تاوان تۆمار دەکرێت و هەموو شەممەو یەك شەممەیەکیش دووبارە دەبێتەوەو وڵاتیش بەو بتڵ فڕێدان و سەرپێچیانەو پیسو پۆخڵیە لە وڵاتداری نەکەوتووە.

===

کە دەچیتە دامو دەزگایەکی ئەورووپی و کارمەندەکە بە باشی مامەڵەت لەگەڵ دەکات ئەوە باشی خۆی نی یە بەڵکو باشی ئەو سستمەیە کە ناچاری کردووە بەو جۆرە مامەڵەکردنە.

کە دەچیتە دامو دەزگایەکی کوردستانیش و کارمەندەکە وەك مرۆڤ سەیرت ناکات ئەوە خراپی تەنها خۆی نی یە بەڵکو خراپی ئەو سستمەیە کە دەهێڵت ئەو کارانەی بەسەردا تێپەڕێت.

===

ئەو بەها جوانانەی لە ناخ و تاك بە تاکی خەڵکی کوردستاندا هەیە زۆر بەرزترە لە تاکی ئەورووپی، بەڵام ئەوە دەستەڵاتە ئێمەی لێرە ناشرین کردووەو هەر دەستەڵاتیشە ئەوانی جوان کردووە.

===

مونافیـق واتـه ٢ ڕوو، بـەڵام لـه كوردسـتاندا ٣ ڕوو ٤ ڕووشـمان هەیـە، خۆزگـه ئەوانـه چ ناوێـك بۆیـان شـیاوه؟ وه چ سـزایەك دەیانگرێتـەوه؟!

===

گوناحـه بـه هەندێـك بەرپـرس و سـەرۆك بڵێـی كافـر و مونافیـق، ئاخـر كـەی كافـر و مونافیـق میللەتەكـەی وا لێـدەكات بێـزی لـێ بكەنـەوه.

===

گەشـتمه قەناعەتێـك ڕەخنـه گرتـن لـەم حكومـەت و حیزبانـه خـۆ بچـوك كردنەوەیـه، ئاخـر ئـەوان هـەر بـه درۆ خۆیـان گـەوره كـردووه.

===

به درۆو نیفاق فوو دەكەنه بەرپرسەكان، ئەوانیش میللەت دەفسێننەوه.

===

پێشـینان دەڵێـن: گـۆم تـا قـوڵ بێـت مەلـەی خۆشـه، واللـه قوربـان گیـان ئـەوه بـۆ كەسـێكه مەلـه بزانێـت و لیاقـەی هەبێـت، هـاكا گەلـی كـورد لەنـاو گۆمـی گەندەڵیـدا خنـكا.

===

كێشـەی گـەورەی ئێمـه ئەوەیـه دونیـای دەرەوەمـان بینیـووه بۆیـه بـه ئەمـەی ئێـره ڕازی نیـن، ئەگـەر كـەس دەرەوه نەدیتبـاو ئـەوەی لـه تەلەفزیـۆن دەشـی بینیـن بـه درۆمـان بزانیایـه ئێـره بـۆ خـۆی عەیبـی نەبـوو، دەمانگـوت جـا چیـه دونیا هەمـووی هـەر وایـه، یـان هـەر دەمانگـوت دونیـا هـەر ئەمەیـه خـوا نەیبـڕێ و الا اللـه و بڕایـەوه.

===

حەبلی ئارامی خەڵكی له پچڕاندایه.

===

عەزابی لێدوانە سیاسیەکان ئەوەندە سەختە دەبێت عەزابی قەبرو قیامەت چۆن بێت؟

## ئەتەکێتی کوردایەتی

کابرایەك چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەریم کابانـدا دەکرد، پرسیاری لێکرد پرۆژەی داهاتووتان چی یە؟

ئەویش وتی: پرۆژەی چی واللە بە تەمای خواین، فەقیر ئەوکات بەحاڵ قسەی دەردەهات و لە سەرە مەرگا بوو!

ئەتەکێتی ڕۆشنبیری

لەسەر قەبرەکەی کەریم کابان گۆرانی وتن

ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی

بۆیە گرنگیان بە کەریم کابان دەدا چونکە حیزبی نەبوو.

ئەتەکێتی تیڤیەکان

پەیامنێرم دەوێت و زووتر فریای بکەوێت.

ئەتەکێتی فەیسبووك

زیادکردنی قەیرانێکی تر.

===

خەڵك و حکوومەت شەرعەن هەر ۳ تەڵاقەکەیان لەیەکتر کەوتووە، تاوانی دادوەرە هەر ئەمسەر و سەریان پێ دەکات.

===

موچە زیادکردن شتێکی ئاساییەو خۆشیشە... کەمکردنەوەشی گونجاوەو

لـه وڵاتانـی پێشـکەوتووش ئـەوە ڕوو دەدات بـەڵام ناخۆشـە...نیوە موچـە کەمکردنەوەیـە بـەڵام تاکتیکـەوە.

===

تـۆ سـەیری ئـەم شـەریعە بکـە چەنـد جوانـە، دەڵـێ: ٣ چیـن نابێـت پارەیـان بدرێتـە دەسـت و بـە ئـارەزووی خۆیـان مامەڵـەی پێـوە بکـەن، چونکـە دواتـر کەتنێـك دەنێنـەوەو زیانـی بـۆ خۆشـیان دەبێـت، ئـەو سـێ چینـەش ئەمانـەن:
منداڵ
شێت
گەلۆروپارە بە فیرۆ دەر
منـداڵ دەفتەرێـك دۆلاری بـدەرێ تـا ئێـوارە هەمـووی دەدات بـە چپـس و میـزەڵان و شـتی قـۆڕو بـێ مەعنـا، شـێت لفەیەکـی خـواردوو تێربـوو مانعـی نـی یـە ئەوەکـەی هەمـووی بـدات بـە دەمـی بـاوە، گەلۆریـش بیرلـە داهاتـوو ناکاتـەوە بـە فیـڕۆی دەدات.
ئـەم دەسـتەڵاتدارانەش هـەر ٣ مەرجەکەیـان تێدایـە، ئەقڵیان منداڵـە، هەیانە هـەر شـێتەو دەسـتیش دەوەشـێنێت، ئـەوە خاڵـی سـێهەم هـەر باسـی مەکە.
﴿ وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا ﴾ النساء: ٥

===

دڵـە ڕاوکـەی ڕێگەوبـان و گەشـتن بـە ئەوروپـا یەکجـار سـەختە، لـەوە سـەختر چاوەڕوانـی ئیقامەکردنـە، لـە هەرهەمـووی ناخۆشـتر ئەوەیـە کـە دەگەڕێیتـەوە هەندێـك لـە خەڵکـی دەڵێـی بـە پـارەی باوکـی ئـەو ڕۆشـتووی بۆ خـارج ئەوەندە بـە نەوعێـك سـەیرت دەکات و باسـت دەکات بـە تایبـەت لـە فەرمانگەکانـدا!

===

کـە ڕۆشـتیتە ئەوروپـاو بوویـت بـە خاوەنـی جنسـیە ئـەوا هـەم ئـەو وڵاتـەوە

هەمیش وڵاتەکەی خۆشت لە دەست دەچێت، لەوێ پێت دەڵێن بێگانەو لە کوردستانیش پێت دەڵێن ئەوروپی، عاسمانگ بەرزو زەوی سەخت.

===

کابرا لە کەمپایە لە ئەڵمانیا هێشتا ماندووی ڕێگەی دەرنەچووە، دەڵێ: واللە ئەوروپا قیمەتی نی یەو دەگەڕێمەوە، جا قوربان گیان تۆ هێشتا بازاڕەکەت نەبینووە چۆن ئەم تەحلیلە وردەت کرد بەم خێراییە، ئەی ڕاستیەکەی بۆ ناڵێی بڵێ بیری دایکم دەکەمەوەو تاقەتی ئیش و خوێندنم نی یەو تەواو!

===

کە لە ئەوروپا دەژیت ناوێریت یەك قسە بکەیت لە کوردستان پێت دەڵێن ئەگەر ڕاستەکەیت وەرەوە کوردستان! کە دەگەڕێیتەوە کوردستانیش دەڵێن بەخوا کەم ئەقڵیت من جنسیەم هەبێت لەم وڵاتەدا دادەنیشم! لە هەمووی ناخۆشتر دانە دانە هەیە نازانێت لە کوردستانیت و لە کۆمێنتا هەر دەنووسن ئەگەر ڕاستەکەی وەرەوە بۆ کوردستان!

===

تێگەیاندنی هەندێك کەس لە گەڕاندنەوەی پارە دزراوەکانی ئەم میللەتە قورسترە.

===

ئەو نێرینانەی کە دیفاع لە دەستەڵاتی زاڵم دەکەن دەمیان وەك جێگەی مێینە لەشفرۆشەکان وایە، چوون هەمان ئامانج دەپێکن، خۆزگە ئەوانیش وەك مێینەکان بە حورمەت بوایەن و ئەندامە فرۆشراوەکانیان بشاردایەتەوە.

===

## مامۆتا شەماڵەکەم

ژیانت قوتابخانەیەکی گەورە بوو، نەخۆشیەکەت پەیامێکی گەورە بوو، مردنەکەشت وانەیەکی گەورە بوو مامۆستاکەم.

===

خۆشبەحاڵی ئەوەی سەروەتەکەی لە بانکی خوای پەروەردگاردا پاشەکەوت دەکات، هێز نی یە بتوانێت بلۆکی بکات.

===

ووشەکانیش تووشی شۆك و قەیران بوون لە وەسفی مامۆستا شەماڵ دا.

===

خەڵکی ترسی ئەوەی هەیە کە شتێکی کڕی بە نرخی ئەسڵ و دواتر نا ئەسڵ دەربچێت! بەڵام لەوە ناترسێت شتێکی بە نرخی ئەسڵی ئیسلام پێ بفرۆشرێت و دواتر تەقلیدو نا ئەسڵ دەربچێت.

===

مەلاکانیش هەمووی ئەسڵ نین! بە کڵاو ڕیش مەخەڵەتێن، هەندێك شتی تەقلید هەیە لەمڕۆدا ئەگەر مرۆڤەکان زۆر لێی ورد نەبێتەوە، یان زیرەك نەبێت، بە نرخی ئەسڵ دەیخەڵەتێنن و دواتر نە شتومەکەکە نە فکرەکە بە کەڵکی فلسێ نایەت.

===

با هەرکەسێ و مامۆستایەکی زۆر باش و بۆ خوا سوڵحاوی بۆ خۆی هەبێت، کە لە زانست و دین و ئەخلاقی ئەمین بێت، هەرکەسێك بەناوی دینەوە یان بە جبەو مێزەرەو ڕیشەوە فکرەیەك یان فەتوایەکی بە ناوی ئیسلامەوە پێ فرۆشت بیبات بۆ لای مامۆستاکەی خۆی، ئەم کارە پێی

دەوترێـت پرۆفیشـناڵیەت بـە زمانـی سـەردەم.

===

هـەزار دوکان دەگەڕێـت بـۆ دۆزینـەوەی شـتوومەکێکی ئەسـڵ و زۆرتریـن پـارەی پـێ دەدات! بـەڵام بـۆ دینەکـەی تاقەتـی نـی یـە تەلەفۆنێـك بـکات.

===

ئەمـڕۆ دینـە ئەسـڵەکە دەخرێتـە بـەردەم نـا حەزانـی ئیسـلام تـا ڕای کۆتایـی لەسـەر وەرگرێـت.

===

دەتوانیـت کاری خـراپ و نـا شـەرعی بکەیـت و هـەزار بیانوشـی بـۆ بهێنیتەوە، دەشـتوانیت خۆشـت لـە دادگا دەربـاز بکەیـت و خـۆت لـە سـزا دونیایـەکان بدزیتـەوە، بـەڵام سـەرئەنجام هێزێـك هەیـە کـە ئـەم فـرت و فێڵـەی بەسـەردا تێناپەڕێـت... وە ئـەو هێـزەش توانـای ئـەو خوایـە کـە دەبێـت بـاوەڕت پێـی هەبێـت.

===

مـرۆڤ لـە قـوڕ دوسـتکراوە، بـەڵام هێزێکـی وای پێـدراوە دەتوانێـت قیمەتـی خـۆی لـە گەوهـەرو ئەڵـماس و مـرواری بەرزتـر بکاتـەوە، حاجـی گیـان بـاس نەکردنـت وەك سـاتی وەفاتەکـەت مانـای لەبیرکـردن نـی یـە، ئاخـر شـتی بـە قیمـەت لـە جێگـەی باشـدا هەڵدەگیرێـت و زۆرجـار مرۆڤـەکان حەزناکـەن کەسـانی تـر پێـی بزانـن.

نـاو هێنانـی حاجـی شـەماڵ کەعبـەی پیـرۆزو میحرابـی پێغەمبەرمـان بیردەخاتـەوە، لـە خـوای گـەورە داواکارم گـۆڕت پـڕ نـوور و تاعەطتـان قبـوڵ بـوو بێـت.

===

## هەڵەبجە

هەڵەبجە کیمیاوی بە جیهان ناساند.
هەڵەبجە، گەورەتر لە وشەو پیاهەڵدان.

## بەخۆداچوونەوە

چەنـد خۆشـە هـەر بـە گەنجـی هەڵەکانـت بدۆزیتـەوەو تەمەنـت بەشـی قەرەبووکردنـەوەی خۆتـی بـە بـەرەوە مابێـت.

## پێکەوە ژیان

ئێستـەودوا گـەر بتەوێـت عـەرەب و کـورد لـە مانـای پێکـەوە ژیـان تێبگەیەنیت بـە پێـی قورئـان، دەبێـت بـە شـێوەیەکی تـر تێیبگەیەنیـت، بـۆ نموونـە بڵێـی کاکـە گیـان ئەوەتـا خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆزدا دەفەرموێـت (وَالتِّـينِ وَالزَّيْتُـونِ.) تینەکـەی داوەتـە ئێمـەو زەیتوونەکەشـی داوەتـە ئێـوە، زانسـتی نـوێ دەری خسـتووە خواردنـی تیـن و زەیتـوون پێکـەوە سـودی چاکـی هەیـە، جـا ڕێبکەویـن هـەم فیتامینـی تینەکـەو هەمیـش زەیتونەکەشـمان بـۆ دەبێت، گـەر ڕێنەکەویـن دارەکانمـان وشـك دەبێـت و سەروگوێلاکیشـمان دەشـکێت.

===

سـەدان بیانـو دەدۆزنـەوە بـۆ ناشرینکردنـی مـەلاکان و هـەزاران پاسـاو دەهێننـەوە بـۆ مولحیـدەکان!

===

چیتر شەرمنانە خۆیان لە بەرگری کردنی مامۆستایانی ئاینی ببورێنن، پێویستە ڕاستەوخۆ دەخالەتیان لەو چەمکەدا هەبێت، چوون هیچ گومانی تێدا نی یە گێچەڵکردن بە مەلاکان نە ئیداریەو نە هیچ، بەڵکو تەنها کارێکی سیاسیە، ئەوان سیاسەت دەکەن مەلاکان ناشرین دەکەن! ئێوەش دینداری بکەن و پشتگیری مەلاکان بکەن.

===

ئەگەر پرسیاریان کرد لە مەلاکان کە ئایا کاکەیی، جولەکە، زەردەشتی، گاور چێن؟ دەبێت بڵێت مسوڵمانن، برامانن، فیردەوسی ئەعلا جێگەیانە ان شاء الله، ئەگینا دادگای دەکرێت، ئەگەر بڵێن ئەوان کافرن.

ئەگەر کافربوون ئەوەندە ناشرین و خراپە ئەی بۆ مسوڵمان نابن، ئەگەر ئاساییەو تۆ لە دینی خۆت ڕازیت با کافر بیت بە دینی ئیسلام قەیچێکا!

===

دادگایی کردنی مامۆستا اسماعیل بەتۆمەتی کافرکردنی کاکەییەکان! یانی دەبوو مامۆستا ئیسماعیل بڵێت کاکەییەکان نەك هەر موسلیمن بەڵکو موئمینیشن بۆ ئەوەی دادگای نەکرێت! ئەی دادگاری خواو قیامەت؟

===

ئەگەر کەسێك پرسیاری کرد کە ئایا زەردەشتیەکان یان مەسیحیەکان، یان جولەکەکان، یان کاکەییەکان، یان هەرکەسێکی تر کە بانگەشەی هەر ئاینێك دەکات جگە لە ئیسلام کافرن یان مسوڵمان، باشترە بڵێت هەموویان مسوڵمانن، ئەگەر وتی ئەی خۆیان دەڵێن ئێمە مسوڵمان نین! وەڵامی ئەوەش بڵێ نا کاکە سوعبەت دەکەن هەموویان مسوڵمانن ئەوە بۆ خۆشی و ئیعلام وا دەڵێن.

===

هـەر ڕۆبۆرتێـك بـە ڕۆبۆرتـی خـۆی بهێنـەو عەمامـە بكـەرە سـەری و جێگـەی سـیدی بـۆ بكـەن بـۆ ووتـاردان دوای ماوەیـەك دەشـكێت و كەڵكـی نامێنێـت، چـوون هــەر مەسـولێك دەیەوێـت سـیدیەكەی خـۆی بخاتـە سـەری، هـەر سـیدیەك و بـە فۆڕمەتێـك گۆرانـی و بابەتەكانیشـی تێكـراوە، ئـێ كاكـە هـەر ئالـەش بێـت هەمـوو ڤێرژنـەكان ناخوێنێتـەوە.

===

هەمـوو شـتێك سـنوری هەیـەو تـا ڕادەیـەك دەتوانرێـت كـپ كرێـت، گریـان ئەگـەر دەنگەكەشـی كـپ كـرا ناتوانیـت ڕێگـری لـە فرمێسـكەكەی بكەیـت، تـوڕەی گـەر دەرنەبـڕا زۆرجـار جەڵـدەی لـێ دروسـت دەبێـت، خەفـەت ئەگـەر هــەر دەریشــی نەبڕیـت دوای ماوەیــەك بـە ڕەنگـدا دەردەكەوێـت، زوڵـم و سـتەمیش زۆر ئارامـی لەسـەر گیـرا دواتـر بـە تەقینـەوەی خەڵكـی بـەڕووی دەسـتەڵاتدا دەبێـت و زۆرجـار تـەڕو وشـكیش پێكـەوە دەسـوتێت، ئارامگرتـن لەسـەر سـتەم زیلەتـی بـەدوادا دێـت.

===

ئەگـەر ڕێگـری لـە خەڵكـی بكەیـت بـۆ ڕۆشـتن بـۆ مزگـەوت چ تاوانێكـە، جـا ئەگـەر ڕێگـری لـە ئیمامـی مزگەوتەكـە بكەیـت دەبێـت چـۆن بێـت!

## شـوكری خـوای گـەورە

كابرایـەك میـزی بـۆ ڕاناگیرێـت و دەچێتـە لای دكتـۆر، دكتـۆر پێـی دەڵێـت ئـەو پارچـە گۆشـتە چكۆلـەی كـە بەرپرسـە لـە ڕاگرتنـی میـز ئیعـاز نـادات بـە مێشـك كاتێـك میزەكـە دێـت بـۆ ئـەوەی ڕایبگرێـت، وەلحـاڵ بـە ١٨٠ وەرەقـە بـۆی دروسـت دەكـەن و دكتـۆر پێـی وتـووە بەشـی ٥ سـاڵ دەكات، ئیـتر وەك

دوگمە وایە دەبێت ماوەیەك جارێك بچێتە سەر ئاو و دەستی پێدا بنێت و خاڵی بکاتەوە...
کەسێك نەخۆش دەکەوێت ئامادەیە ئەگەر پارەشی نەبوو سواڵی بۆ بکات بۆ ئەوەی چارەسەری خۆی بکات، کەچی خوای گەورە ئەو هەموو ئەندامەی داوە بە مرۆڤ و سوپاسگوزاری ناکات.
سوپاس بۆ تۆ خودایە

## کورد و فەیسبووك

هەر ئەوەندە بەحاڵ پەڕێکت لێ بێتەوەو ناوت بچێتە فەیسبووکەوە ئیتر پەڕت پێوە ناهێڵن و خۆت بە سولەقەتەی دەبینیتەوە.
===
لە وڵاتان خەڵکی بەهۆی زۆری سەعاتی ئیشکردنەوە دەناڵێنن و خوا خوای ئەوەیانە تەنها تێر بخەون، لای خۆشمان خەڵکی بەدەست سەعاتی زۆری بێکاریەوە دەناڵێنن و حقدی خۆیان لە فەیسبووکدا بەسەر یەکتردا دەڕێژن.

## دەوڵەت یان ماقڵە

بینایەکیان دروستکردوو بڕێك کورسی و مێزیان بۆ کڕی و هەندێك مایك و وێنەیەکیان پێدا داکوتاو ناویان نا پەرلەمان! وتیان ئیتر ئەوەتا پەرلەمانمان هەیەو حەقی خۆمانە ببین بە دەوڵەت!! کاکە گیان دەوڵەت نە بە بیناکەی ئێوە دەبێت و نە بە خێمەکەی قەزافی، وڵات بە ئەقڵ

دەکرێت نەک بە مادە یاخود بە سادەیی.

===

بە منداڵی سمێڵمان بۆ خۆمان دروست دەکردوو دەمانگووت بووین بە پیاو! کە گەورەبووین و بووین بە پیاو سمێڵمان تاشی!! کاکە گیان بەخوا نە پیاوەتی بە سمێڵەو نە حکوومەتیش بەناو.

===

کە دەیان پرسی خەڵکی کوێن لە ئەوروپا دەمانگووت کوردستان! سەریان سوڕدەما کە وڵاتێک نی یە ناوی کوردستان بێت، ئێمەش تورە دەبووین لەوەو هەر ئینکاریمان دەکرد، کە هاتینەوە بۆمان دەرکەوت چەند ناحەقیمان بەو خەڵکە دەکرد.

===

شەرع و قانون و دەستور و پەرلەمان و حیزب و باڵی فلان و فلان سەرکردە لێگەڕێ، ئەوەی لەم خاکەدا دەگوزەرێت شورەییە بەناوچاوی ئەوانەی بەرپرسیاریەتیان لە ئەستۆدایەو وادەکەن لەم خەڵکە.

===

بینیوومە بە هەردوو چاوی خۆم قەفی سمێڵی چەپکێک بووە کەچی منداڵی داماوی داوە بە شەڕو سەیری دەکردن، ئێستە ئەم دەستەڵاتەش ڕێک وایە، خۆیان بۆ خۆیان دانیشتوون و خەڵکەکەیان داوە بەشەر لەناو یەکتریدا.

===

حکوومەتێکمان هەیە نەهیچ حکوومەتێک دەتوانێت تەقلیدمان بکات، نە ئێمەش دەتوانین تەقلیدی هیچ حکوومەتێک بکەین.

===

میللەتێکیـن لـە گوناهـی گـەورە دەبووریـن و لـە گوناهـی بچـوك نابووریـن، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر ویسـتت تـاوان بکەیـت لـەم کۆمەڵگـەدا دەبێـت زۆر گـەورە بێـت، کوردەواریـش جوانـی وتـووە گـۆم تـا قـوڵ بێـت مەلـەی خۆشـە.

## ئەوروپا و ئەمەریکا

دونیایـی سـەرمایەداری ئێسـتە بـەوەوە نەوەسـتاوە مرۆڤایەتـی بـکات بـە عەبـد بەڵکـو لەگـەڵ عەبدایەتیەکەشـدا قەرزاریشـی کـردووەو کۆڵێـك خەفەتیشـی هەیـە.

===

لولـەی دەمانچەشـیان لـە ئاسـتی خۆیـان گرێـداوە! لولـەی تـۆپ و تەیـارەو ئەڵغامەکانیـان کردووەتـە ئێمـە، دیموکراسـیان بـۆ خۆیـان قبوڵـە پشـتگیری ئینقـلاب دەکـەن بـۆ سـەر ئێمـە.

===

ئـەم دەسـتەڵاتە دەیەوێـت بـە سـیناریۆیەك بیسـەلمێنێت بـۆ مـەڕ و مانـگاکان کـە مـرۆڤ شایسـتەی قوربانیـە نـەك مـەڕو مانـگا.

===

ئێمـە نەشـچین بـۆ ئەمەریـکا هیـچ لـە مەوزوعەکەمـان ناگۆڕێـت بـەڵام گـەر ئـەوان نەیـەن بـۆ وڵاتەکانـی ئێمـە زۆر لـە مەوزوعیـان دەگۆڕێـت!

فیـزەی ئەمەریـکام هەبـوو بـۆ مـاوەی ٢ سـاڵ، هـەرکات بمویسـتایە بـڕۆم تەنهـا بلیـت کڕینەکـەم دەویسـت نەڕۆشـتم، ئاخـر کاکـە ئـەوان تێچـووی سەفەرەکانیشـیان لـە نەوتەکەمـان دەردەکـەن، بـەڵام ئێمـە لـە چـی دەرکەین!

===

# چەك

باسی حوکمە شەرعیەکەی ناکەم ئەوە لێدەگەڕێم بۆمامۆستایانی لە خۆم شارەزاتر بەڵام عەیبەیەکی گەورەیە چەکێکت لە شان بێت خاوەنەکەی یەکیەتی و پارتی بێت...

===

خەڵکی لەبری خاکەناز تفەنگ دەکەنە بانی شانیان، هەردوکی هەر وەسائیلی بژێویە لەم ڕۆژەدا، خۆشبەحاڵی ئەوەی نانی خاکەناز دەخوات نەك تفەنگ...

===

جاران دەیانگوت کەم ژیان و کەڵ ژیان! واللە ئێستە کەم ژیان و کەر ژیانە لە پێناو سستمێکدا لەناو بچیت کە خۆشت باوەڕت پێی نی یەو تەنها هۆکار بۆ لەگەڵ بوونی ڕوبعە موچەیەکە کە وەك سواڵ پێت دەدەن...

===

تۆ وەرە بەشەر لەبەر موچە ئامادەیە برای خۆی بکوژێت! کەچی دەڵێن واللە خەڵك باش نابێت تا زبڵ فڕێداتە سەر جادە! بزان کەس باسی ڕژانی خوێنی بەناحەق ڕژاو دەکات؟ وەك وا بێت هێشتا خوێن ئەرزشی زباڵەشی نی یە!

===

مسوڵمانانی پێش ئێمە لەسەر شانی خۆیان دەژیان و ئیسراحەتیان نەبوو، شەویش شەونوێژیان دەکرد! کابراش بە قورئان خواردن و شاهیدی درۆ موچەیەکی بڕیوەتەوە بۆ خۆی و بەیانی تا ئێوارە لە چایخانە بەسەر

دەبات و دەڵێ جا ئێمە چیمان کردووە! واللە کاکەبرا گیان ئەوەی پێت کراوە لە خراپە کردووتەو زیاترت پێ نەکراوە گەرنا زیاترت دەکرد! خوا گەورەیە خەمت نەبێت!

## خزمەت بە هاونیشتمانی

ئەو جەوەی لە ئەسکەندەنافیا هەیە لە کوردستان بوایە بە ساڵێك بەشەری تیا نەدەما هەمووی دەمرد ئەگەر ڕاینەکردایە! چوون ئەو دوو حیزبەی دەستەڵات کە ناوی خۆیان ناوە حکومەت و نیوەی ئیعتراف بە نیوەکەی تریشی ناکات! کارێکیان نەکردووە خزمەتگوزاری بە گوێرەی پێویستی و سەردەم بێت!

جا چی من دەکوژێت لە وڵاتانی دەرەوە کە دەڵێن خەڵکی کوێین: ئێمەش دەڵێین کوردستان! ئیتر دەبێت هەر پینەو پەڕۆی قنی ئەوانە بکەین!

خۆزگە بەنگلادیشیم بزانیایە تا لە دەرەوە بموتایە **I am from Bangladesh**.

ئەوە کێ زانیاری لەسەر زمانی بەنگلادیشی هەیە قورسە یان ئاسانە؟

===

زۆرن ئەو کەسانەی لە گۆگڵدا وێنەیەکیانت دەست ناکەوێت و لە گۆگڵ خۆشی گەورەترو بە قەدرترن.

هەندێك کەس بە مردوویش هەر مەعنەویەتە!

===

سیاسەت هەندێك کەس لە قەبارەی خۆی گەورەتر دەکات و هەندێکیش بچوك دەکاتەوە!

م كرێكار و م عەلی باپیر دوو زانای گەورەی كوردن، گەر ئاڵۆزی و بۆگەنی دۆخەكە نەدەبوو ئەم دوو كەسایەتیە بەس بوون بۆ مەرجەعی سەدەیەك! ئەو خۆشەویستیەی كە هەمە بۆیان وشەم پێ نیە كە پڕاوپڕی بێت!
===
هەندێك كەس نە هاوشێوەی وەك خۆیان هەیە وە نە كۆپیش دەكرێن!
تا ماون ئەو كەسانە قەدریان بگرن! بوركانێكی خۆشەویستی لە دڵمدایە بۆ ئەو جۆرە كەسانە!
===
لە زانكۆ لە وانەی زانستە سیاسیەكان، مامۆستاكەمان جارێكیان وتی: زۆرێك لە سەرۆكەكان ژنەكانیان حوكم دەكات بەڵام خەڵك ئەوان نابینن! جا كەس دەنگی بەویش نەداوەو ڕەنگیشی نازانێت، توخوا ئەوە وەزعە!
===
حكومەتی هەرێم چارەنووسی ١ نەفەری بۆ یەكلایی ناكرێتەوە چ جای میللەتێك!
مریەم هەڵەبجەیی بە نمونە!
===
ئەگەر لە كوردستان دەردەچیت بۆئەوەی نەجاتت ببێت زۆرهەڵەیت! بشچیتە باوكی ئەمەریكاش هەرنەجاتت نابێت مەگەر كورد نەبیت!
===
كە چاوەڕێی دەستی كەسانی ترت كرد, ئەوسا جارێك پێت دەدات، جارێك دەستی دەگەڕێنێتەوەو یاریت پێ دەكات! جارێكی تر دەدات بە دەستتدا!!
ئەڵبەت یاری منداڵانە بەو شێوەیە، بەڵام سەركردەكانیش لاساییان

دەکەنــەوە!
خۆشبەحاڵی ئەوەی تەنها چاوی لە دەستی خۆی و بەرەکەتی ئاسمانە...

## دەردە دڵی بە ووشـە!

لـە وڵاتـان سـەدان ئالەتـی خۆشـبەختی بـۆ هاوڵاتیـان دەسـتەبەرکراوە، دەیان بەرنامـەی جـۆراو جـۆر ڕۆژانـە هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرنامـەی تایبەتیـان هەیـە بـۆ ڕابـواردن بـە سـەرۆك و کاربەدەسـتەکانیان، کەچـێ لای ئێمـە هیـچ نـی یـەو بـە ڕەواشـی نابینـن بـە نوسـین قسـەی لەسـەر کـەس بکەیـت!
ئاخـر کاکـە ئەگـەر ئـەوان ئیدعـای دیموکراسـی دەکـەن ئەمـە دیموکراسـیە، ئـەوان لـە دونیـای دیمکراسـیدا تەنهـا نێـر لـە نێـر مارەکرنەکەیـان بـۆ ئێمـە هێنـاوە!!
کـوردەواری دەڵـێ ماڵـی قەڵـب سـەر بـە سـاحێبیەتی! نێـر بـۆ نێرەکـە بـۆ خۆتـان و ئەوەکەشـی. بـۆ ئێمـە
===
پۆستێکم کرد ٥ دەقە بە دیاریەوە گریام!
کەچی زۆرترین عەلامەتی پێکەنینەکەی بۆ هاتبوو!
===
وتیان:بخوێنـە چەکـداری مەکـە بانەتکـوژن. ئێستەدەڵێن:مەنوسـە بـا نەتکـوژن! چ وڵاتێکـە قەڵـەم لەچـەك ترسـناکترە.

## له سیاسه‌ت سه‌رده‌رناکه‌م

ئـه‌و ڕسـته زۆر كـه‌س ده‌ینوسـێت! كاكه‌بـرا گیـان نـه‌ك چـوار شـاهید به‌ڵكـو چـوار ملێـون خه‌ڵـك شـاهیده ئه‌مانـه دزن! ئـه‌وه كـه‌ی سیاسـه‌ته!
خـۆ دزه‌كان علـوم سیاسـه‌یان تـه‌واو نه‌كـردووه! تـۆ هـه‌ر سـه‌ری لـێ ده‌رمه‌كـه تـا سـه‌رت بـه ته‌واوه‌تـی لـه قـوڕ ئه‌چه‌قـێ...

===

كۆیله‌كانـی قه‌دیـم دانـه دانه‌یه‌كـی نه‌بێـت ده‌وڵه‌مه‌نـده‌كان كڕیـان و ئازادیـان كـردن باقیه‌كـه‌ی تـر خۆیـان خۆیـان كڕیـه‌وه‌و خۆیـان ئازادكـرد
ئـێ كاكـه خـۆ ئێمـه حه‌مـه قـه‌دوه‌ی موصـڵ نیـن هه‌مووتـان بكڕیـن و ئازادتـان كه‌یـن، هه‌ركه‌سـه‌و پـاره‌ی خـۆی بـدات و خـۆی ئـازادكات!

===

ئاخـر سـه‌یر نـی یـه ئافـره‌ت بیـت و سـه‌رت ڕووت بێـت و سـته‌مت قبـوڵ نه‌بێـت!
به‌ڵام مه‌لا بیت و عه‌مامه‌ت به‌سه‌ره‌وه بێت و سته‌مت قبوڵ بێت!
كێ ئه‌و مه‌عه‌ده‌له بۆ من حه‌ل ده‌كات؟

===

كێشه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تیش سوچی ده‌سه‌ڵاتی نا دادگه‌ره!
ده‌سـه‌ڵات ئه‌گـه‌ر دادگه‌ربێـت ده‌بێـت خـۆی حـه‌ق لـه سـته‌مكار ده‌كاتـه‌وه نـه‌ك كابـرا خـۆی بـاوه‌ڕی بـه ده‌سـه‌ڵات نه‌بێـت و خـۆی حه‌قـی خـۆی بكاتـه‌وه.

===

مـه‌لا خـۆی لـه ماڵـدا دانیشـتووه‌و لـه تـه‌ڕ ئه‌خـواو لـه وشـك ئه‌نـوێ! كه‌چـی كه‌سـێكی وه‌ك نه‌وشـیروان مصطفـی هه‌ڵده‌سـتێت بـه گۆڕانكاریـش واللـه

کاکە ئەمە کاتی خۆی قەدیم مارکسی بووە! کورە فلّقە فلّق! دەی با تۆ بتکردایە کە مسولّمانیت و پاشەڵت پاکە
دەی وەرە ئێستە لەم فەراغی سیاسیەدا بیکە خۆ دەستت نی یە لە هەویرا...
===
هەرچی مەلایە باسی قازی محمد دەکات، کەچی کەسێك نی یە قازی ئاسا ببێتە پێشەنگی خەڵك و گۆڕانکاریەکە!
مامۆستایانی بەڕێز، قازی محمد غیرەتەکەی کردی بە قازی محمد نەك جۆرو مارکەی عەمامەکەی!
تۆش گەر دەتەوێت قازی ئاسا بژیت دەبێت باکت نەبێت و ئامادەبیت قازی ئاسا لە سێدارە بدرێیت.
مامۆستایان و عەزیزانی من، ئێمە ئاشکرایە ژیانی دونیامان هەڵبژاردووە! لە شەرعدا هەر مەسەلەی ٤ ژنەکەمان بە دڵە، بەڵام لە سەردەمی پێغەمبەردا درودی خوای لەسەر بێت، ئەو صەحابانەش کە ٤ ژنیان دەهێنا ژنی ئەو صەحابانە بوون کە مێردەکانیان شەهید بوو بوون، ئەمان هەڵدەستان بە بەخێوکردن و پشت گرتنیان بۆ ئەوەی پەکیان نەکەوێت، نەك وەك ئێستە کچێکی جوان و خانومان کە لە ژێرە دەڕوات و وەك کورد دەڵێ برای خۆی حەیرانی دەبێت بیهێنین.
ئێمە مەسەلەکانمان لای خەڵکی شێواندووە! بۆیە خەڵکی حەزی بە چارەمان نیەو بووین بە نموونەیەکی ناشرین لە پێش چاوی خەڵکی، بەخوا قەسەم مەسەلەی واجبێتی جومعە نەبێت خەڵکی کەیفی بە گوێگرتنیشمانی نەماوە! نابینن ئەو مزگەوتانەش زیاتر قەرەباڵغە کە زووتر جومعەکەش لە کۆڵ دەکەنەوە.

===

مەلاكان جاران دەیانوت، نەحو صرف نەزانیت نیوەی ژیانت فەوتاوە!
بەڵام ئێستە دەبێت بڵێن سیلاحێكت پێ نەبێت هەموو ژیانت فەوتاوە.

===

سـبحان اللـە هەرچـی شـت هەیـە لـەم وڵاتـی ئێمـەدا بەبـێ بەرنامەوپلانـە كوشـتن نەبێـت!
د هوشیار بە نموونە.

## لـە دوعـای مزگـەوتدا!

خوایە گیان دوژمنەكانمان لەناو ببەی! ئێ باشە چی تر؟
بیاندەیـت بـە گـژی یەكتریـاو ئێمـە لـەم بەینـەدا سـەلامەت بكەیـت! ئـێ باشـە چیـتر؟
سەرمان بخەی بەسەریاندا! ئێ باشە چی تر؟
تـەواو فاتیحـەو بڕۆنـەوە بـۆ ماڵـەوە لەبـەری سـپلیتا بخـەون! ئەگـەر كارەبـا هەبێـت تەبعـەن!
كاتـی خـۆی تەمسـیلی ڕەجەبـی دەكـرد، ئـەم ڕەجەبە لـە بنـی دار هەنجیرێكدا پـاڵ كەوتبـوو، دەمـی دادەچەقانـدوو دەپاڕایـەوە لـە خـوای گـەورە هەنجیرێـك بكەوێتـە خـوارەوەو ڕێـك بكەوێتـە نـاو دەمـی ئەمیش.
ئـەوەی كەمێـك تەمەنـی هەبێـت ئـەو تەمسـیلەی بینیـوە سـەردەمی بەعـس دەیكـرد..
ئەو دوعایانە ڕێك ڕەجەبم دەخاتەوە بیر...
ئەی نەیخۆی تاڵە...

==

مەلایەکـی شـیعەی وەك خومەینـی شۆڕشـێك دەکات و میللەتێکـی زەبەلاحـی وەك ئێـران دەهەژێنێـت، کەچـی سـونە چاوەڕێیـە بـە دوعـای قنـوت سـتەمکارەکانی لـە کـۆڵ بێتـەوە!

===

بزووتنـەوەی ئیسـلامی هەمـووی مـەلا بـوو لەسـەرەتاوە، دژی سـتەمی بەعس وەسـتایەوە!

پێویسـتە مەلاکانـی ئێسـتەش هەمـووی دەسـت لەنـاو دەسـت بـن بـۆ دژی سـتەم!

مەلا ئەگەر مەلا بێت دەبێت سەرۆکیش لە دوایەوە بڕوات.

زیـن العابدیـن کـە دەچیتـە کەعبـە خەڵکـی ڕێگەکـەی بـۆ دەکەنـەوەو فەرمـوو فەرمـووی لـێ دەکـەن تـا بـە ئیسراحـەت دەچێتـە لای بـەردە ڕەشـەکەو لەوێشـدا دوو ڕکات نوێـژ دەکات، لـە کاتێکـدا سـەرۆکی ئـەو کاتـە سـەری سـوڕ دەمێنێـت ئـەوەی کـە بـۆ ئەویـان کـرد بـۆ ئەمیـان نەکـرد.

وتی بۆ ئەو خەڵکە وادەکەن بۆ تۆو وا ناکان بۆ من.

فەرمووی: تۆ گەردنیانت بە دەستە منیش دڵیانم بە دەستە.

تـا زانـاکان دڵـی خەڵکیـان بـە دەسـت بـوو سـەرۆکەکان لەبەردەمیانـدا دەلەرزیـن، ئێسـتە مـەلاکان دەبێـت لەبەردەمـی منالێکیشـدا بلـەرزن و بـە ڕۆژی نیـوەڕۆ خوێنیـان لەبەرچـاو عالەمـدا بڕێژێـت.

===

شـەو کاتـی ئیسراحەتـە، ئێسـتەودوا مـەلاکان بـەڕۆژ بکـوژن، وتمـان مەلەفـی نـەوت شـەفاف کـەن کەچـی کوشـتن و تیرۆریـان شـەفاف کـرد.

===

پێویستە فلیمی مارمولەك گشت تاكێكی كورد ببینێت تا لە هەندێك جۆری مەلا تێبگەیەت.
بە كورتی كابرایە لە سجندایە، مەلایەك دەچێتە سەر ئاو جبەو مێزەرەكەی دەدات بەدارا، كابرا دەیكاتە بەری و بەهۆی جلەكەوە لە زیندان دەردەچێت و ئیتر خەڵكی فەقیری پێ دەخەڵەتێنێت!
===
ئەی بە زیادی خەیرمان نەكرد، وتمان كێشەی قەیرەیی چارەسەر بكەین و شو بۆ ئافرەتەكان بدۆزینەوە كەچی هەندێك نێریشی هاتە سەر، بیر لەوە ئەكەمەوە ئێستەودوا بێن بە شوێنمانا بۆ داوای نێر بۆ نێر!
جاران بۆ ژنهێنانەكە تا مەوزوعمان دەكردەوە قیر دەبوو بە شیر جا ئێستە نۆرەی ئەمەیە!
===
ئاخر بێژە من چیم كردووە وا هەر گەرەكتە هاكم بكەی؟! ڕۆژی وا هەیە دە نامەم بۆ دێت دەڵێ دەیانەوێت پاسۆردەكەت بگۆڕن!
هەر بێژە وە خۆم پاسۆردەكەت ئەدەمێ بەڵكو كرمی قنت بتۆپێ!
===
هاتووە بۆ ئەوروپا لەبری ئەوەی چاكسازی لە مێشكیا بكات كەچی لە لوتیەوە دەست پێ ئەكات!
ئاخر كاكەبرا گیان تۆ كێشەی ئەقڵت هەیە بۆ بەربویتەتە لوتی خۆت!
جا دەشڵێ مسوڵمان پارەی حەج بدات بە هەژار باشە! كەچی باسی پارەی لوتی ناكات بیدەی بە كێ باشە!
===
ڕۆشتووە بۆ دیسكۆ وا ئەزانێت یارمەتی دەری ئەبێت بۆ وەرگرتنی ئیقامە،

توشـی شـەڕ بـووەو ئێسـتە دەبێـت حەفتانـە لای پۆلیـس ئیمـزا بـكات، وتـم باوكـی باوكەكـەم بەخـوا ئاقڵانـە بچـۆ بـۆ مزگـەوت ئیقامـە وەرەگـری و وا نیـە كـە تـۆ تێیگەشـتووی.

كاكـە بـرا گیـان ئـەوان خۆیـان ئەزانـن ئێمـە چیـن، خەڵكـی لای خۆمـان بـە مزگـەوت خـۆی پاكەكاتـەوە تـۆ لێـرە گەرەكتـە بـە دیسـكۆ خـۆت پـاك بكەیتـەوە، مامۆسـتا گیـان تـۆ بڵێـی نەمنێرنـەوە، وتـم یاخـوا نەتنێرنـەوە بەخوا بـە كەڵكـی وڵاتـی خۆشـمان نایەیـت...

===

پاكسـتانی دوو قەڕنـە لـە بەریتانیـان و وڵاتیـان ئـاوەدان كـردووە بـە مزگـەوت و دوكانـی حـەڵاڵ و زۆر شـت كـە بـۆ ئێمـە بـە كەڵكـن!

كـوردی فەقیریـش تـازە خەریكـە چـاو ئەدرێتـەوە بـە دوو شـەریكەو غەسـلێك دائەنێـن! جـا ئەڵێـن واللـە ئـەم پاكسـانیانە تـەواو ناخۆشـیان كـردووە! وتـم كـورە بـڕۆ پاكسـتانی نەبوایـە ئێسـتە ئینگلیـز شـەقی بـۆ دەكـردی بـە پێنـج فلسـی!

كەچـی زۆریشـی پـێ ناچێ لەگەڵ شـەریكەكەیدا دەكەنە شـەڕو غەسـلەكەش دادەخەن!

===

دەسـتی ئافرەتێكـی پیـری گرتبـوو وتـم زۆر پیـاوێ چاكـە دیـارە لـە جادەكـە دەیپەڕێنێتـەوە!

كەچی بۆم دەركەوت گێڵ فرێندنی بوو!

===

كـوڕە پانتۆڵێكـی كوتـە كوتـەی كردووەتـە پێـی و قنـی دیـارەو لـە مەتـارەوە ڕۆشـتەوە كوردسـتان وەو شـێوە!

دایك هەربینــی دای وە ناوچــاوی خۆیــا وتــی دایكــت بمــرێ یاخــوا خــۆ لێــرە بچوكتریــن پینــەی پێــوە وایــە نەیەكــردە پێــی ئێســا بنــوا چــی لــێ هاتــووە! وای زانــی مەســەلە فەقیــری گیرفانــە نەیزانــی هــی ئەقڵــە!

===

خانــم لــە ئەوروپــا گەڕاوەتــەوەو عەینەكێكــی ڕەشــی كردووەتــە چــاوی و خــۆی تەســك كردووەتــەوە، ڕێــكلام بــۆ بەرنامەكــەی دەكات! وتــم حەتمــەن زانســتێكی زۆر دەگمەنــی بردووەتــەوە كوردســتان، ئــێ ســەرتان نەیەشــێنم تــا هاتــە گــۆ نكــم كــرد! ئەمــن لــە زووەوە خولیــای ئــەوەم هەبــوو خزمــەت بــە وڵاتــی خــۆم بكــەم و بگەڕێمــەوە كوردســتان، ئــێ باشــە بــرێ بزانیــن چــی یــە؟ مــن دەمەوێــت میــكاپ بكــەم! میــكاپ چــی یــە باوكــە گیــان؟ ئــا تــۆ وە كــوردی قســە بكــە! تومــەز هــەر ئینگلیزیەكەیــەو بــە كــوردی دەیــرێ. واتــە میكیــاج كــردن بــۆ ئافــرەت.
ئای وە خەیر نەیەیتەوە وتم نەجاتمان. لەم قەیرانە كەچی میكاپ دەرچوو پیكابێك بوایە باشتر بوو لە میكاپ.

===

كابــرا لــە دەرەوە گەڕاوەتەوە كوردســتان و قــات و ڕیباتێكی تــازەی لەبەر كردبوو وە موقابەلــەی تەلەفزیۆنــی هەبــوو، تــا ئێــرە قەینــا، كەچــی ســەیر ئەكەم باســی هاوڕەگــەز بــاز ئــەكات! ئــەی وە خێــر نەچیتــۆ بــۆ خــۆت و عیلمت!
پیــاوێ لامــا بــوو وتــی: مامۆســا گیــان هاوڕەگەزبــاز یەعنــی چــی؟ وتــم وە هەولێــری پێــی یــەژن بیــژی و بــە ســلێمانیش ئەڵێــن قونــدەر!
فەقیرە دای وە ملی سەریاو وتی چاك حەیای بردین!

===

كابــرا جنســیەی ئەوروپــی هەیــەو لەنــاو ئــەم هەمــوو حەشــاماتەدا ئــەژی و

دەمـی پڕکـردووە لـە فـوو وە باسـی پێکـەوە ژیـان ئـەکات! کەچـی لەگـەڵ باوکیا قسـە نـاکا لەگـەڵ براکانیـا لەسـەر زەوی دەڵـێ مەگـەر ئەمجـارە نەیەمـەوە هـەر ئەتکـوژم!!

وتم برا وا ناوێ خەسارێ مەدە!

===

لـە ئەوروپـاوە دژی بەنگلادیشـیەکانی کوردسـتان قسـە ئـەکات! لەبیـری چـووە خۆشـی لێرە بەنگلادیشـیە!

پۆڵەنـی و لاتیڤـی و پرتوگالـی و زۆر وڵاتـی تـری ئەوروپـی بـە بـێ فیـزە دێـن بـۆ بەریتانیـا کەچـی کـوردی خۆمـان پێیـان دەڵێـن علوج!

وتـم خـۆ ئێمـە بـە ئەکسـلی لـۆری هاتیـن بـۆ لەبیرتـان چـوو! ئـا ئێسـتەش بـە پاسـەپۆرتی عێراقیـەوە بتگـرن ئەونـە شـەقت تـێ هەڵئـەدەن ڕیفراندۆمـت لـێ ئەبێتـە لۆتـەری!

===

کابـرا خـۆی پەنابـەرەو دە وڵاتـی بڕیـوە تـا گەشـتووەتە ئێـرە کەچـی دژی سـەر ڕەشـە! ئەمـە چیـە ئیقامـەی هەیـەو خـۆی لێگـۆڕاوە! کـە پیریـش دەبـێ و سـەری سـپی دەبێـت بۆیاخـی ڕەشـی ئـەکات!

خوا ئەقڵ بداتە عەولاوەکانت!

==

مەسولێ ئەیوت: تۆ ئێمەت زۆر سوك کردووە!

وتـم بـۆ؟ وا ئەزانیـت فـرە قورسـی! سـەیری زگـت مەکە کاکە سـەیری مێشـکت بکـە تـا قورسـی خۆتـت بـۆ دەرکەوێت!

===

بـە بەرچـاوی میللەتـەوە دزی دەکـەن و دوکەڵـی تەنکـەرەکان ڕۆژانـە ئەچێتـە

لوتمانـا!
درۆ ئەکـەن ڕاسـتەوخۆ بـە ئێـچ دی ڕۆژانـە گوێـی لـێ دەگریـن و سەتەلایتەکانیشـمان گـۆڕی تـا وەری بگرێـت!
دەست بۆ ناموس دەبەن و ڤیدۆکەی خۆمان شێری دەکەین!
دزی+درۆ+طوت=
والله پەتاتەی ئۆردگا بخۆی لە نانی ئەمانە باشترە!
شیمال حلو ها.
ئەوەنـە وتمـان خوایـە سـەبری ئەیوبمـان بدەیتـێ دوعاکەمـان قبـوڵ بـووە دیـارە.
حەق بوو داوای غیرەتی عومەر بکەین نەك سەبری ئەیوب.
===
ئەوسـا سـمێڵ ئەونـە موهیـم بـوو شـتێ خەڵکـی بـاوەڕی نەکردایـەو یەکـێ سـوربوایە لەسـەری ئەیـوت: وەعـد وێ ئەگـەر جێوەجـێ نـەو سـمێڵی خـۆم بتاشـم!
ئێستە سمێلیش نەماوە بۆیە وەعدەکانیش ئاساییە جێ بەجێ نەون
جـا کەسـی وا هەیـە وەعدیـش ئـەداو جێوەجێـش نـاوێ و هێشـتا هـەر سمێڵیشـی هەیـە، نـاوی نـاوەم بەینـی خۆمـان وێ.
===
لـە کوردسـتان مەسـولەکان یـەژن یـەوە بمـان ناسـێنن بـە وڵاتـەکان مـادام زمـان دەزانـن و لـەوێ ئەژیـن
منیـش لەگـەڵ هـەر ئەوروپیەکـدا بکەومـە قسـە ڕێـك وەك خۆیـان ئەیـان ناسـێنم...
===

خەڵکـی قـژی زەرع دەکات مـن لـە داخـا هەمـووی هەڵەکێشـم! ئاخـر بڵـێ هەندێك ئافرەت لەبـەر جوانیەکـەی دەنگیـان پـێ دەدان ئـەی سـەرۆکەکان لەبەرچـی!؟

## خۆی حـەڵاڵەکـانی حـەرامکـردووەودواترڕەخنـە دەگـرێت بۆحـەرامـە!

حەرامکـراوەکان لـە ئیسـلامدا زۆر زۆر کەمـە، ئـەوەی کـە زۆرە حـەڵاڵ و موباحەکراوەکانـە، ئێمـە خۆمـان موباحەکانمـان لـە خۆمـان حەرامکـردووەو دواتـر دەڵێیـن بەخـوا شـتی حـەڵاڵ نەمـاوە.

===

تـۆ دەڵێـی لەبەرخـوا! ئەویـش هـەر دەڵـێ لەبـەر خـوا! هـەردوو ئامانجەکـەش جیایـە!! کەواتـە دەبێـت ئێمـە بـەدوای خـوای ڕاسـتیدا بگەڕێیـن!

===

ئێسـتە فکـر جێگـەی بتەکانـی سـەردەمی قورەیشـی گرتۆتـەوە! ئـەوەش هـەر بـە هەمـان مەبەسـت و بـۆ نزیـك بوونـەوە لـە خـوای گـەورە!

===

ئێمـە دینەکەمـان موهیمـە بـەڵام خۆمـان هیـچ نیـن! ئـەوان دینەکەیـان هیـچ نییـە بـەڵام خۆیـان موهیمـن.

===

پەلە لە جەژنی ڕەمەزاندا مەکە خۆی هەردێت ئەگەر تۆ هیچیش نەکەیت!
پەلـە لـە جەژنـی سـەرکەوتندا بکـە بەسـەر دزو سـتەمکاردا کـە بەبـێ هەوڵـی تـۆ هەرگیـز نایـەت..

===

گەلـی ئەوروپـی کۆمەڵێکـی چاکـی تێـدا هەڵکەوتـووە کـە هـەم خۆیـان و هەمیـش گەلەکـە بخەنـە خۆشـگوزەرانیەوە!

گەلـی شـەرقیش کۆمەڵێکـی تێـدا هەڵکەوتـووە کـە سـەری گەلەکـەی بنێتـە قـوڕو سـەری خۆشـی بداتـە بڕینـدا.

## خەو یان بێداری

ئـەوەی پشـتگیری لـە زاڵـم و دزو سـتەمکار دەکات لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی دونیایـی خۆیـدا خێـری شـەوانی قەدریـش فریایـی ناکەوێـت، بخـەوە هـەروەك چـۆن خەوتوویـت.

===

شـەوانی قـەدر خێـری لەهـەزار مانـگ زیاتـرە. پشـتگیری لەزاڵمیـش شـەڕی لەهەزارسـاڵ زیاتـرە. نـەك ==

====

ئەگـەر سـەدام هەشـتاکان بمردایـە تـا قیامـەت قائیـدەی عوزمـای دەوڵەتانـی عەرەبـی دەبـوو! خـوای گـەورە ڕیسـوابوون و مردنـی دواخسـت تـا خەڵکـی باشـتر بیناسـن!!

===

تـۆ وەرە عەومـەت قەناتـی تایبـەت بـە قونبادانـت هەبێـت کەناڵێکـت نەبێت لە کاتـی موعاناتـا تەعبیـر لـە رای شـەقام بـکات و بـە زمانـی بێگانـە نارەزایـەکان بگوازێتـەوە! خەڵکـی خۆپیشـاندان بـکات لـە دەرەوە بـە ڤیسـتیڤاڵ لێـی تێدەگـەن.

===

مەلاکانـی کوردسـتان ئەوقـاف هـەر ماوەیـەك جـاریَ گەڕێکیـان پـێ ئەپێچێـت و تاقیکردنەوەیەکیـان پـێ ئـەکات، کەچـێ کەسـی وا هەیـە خـۆی کـردووە بـە پسـپۆڕو پرۆفیسـۆری ئاینـی بەبـێ ئـەوەی هیـچ حوجـرەو عیلمێکـی شەرعیشـی خوێندبێـت و بـە ئـارەزووی خـۆی لەسـەر کەناڵـەکان طـوط ئـەکات.

===

کاکـە گیـان تـۆ ئەگـەر خـۆت خاوەنـی دیـن و فکـری خۆتـی عـەرزی بکـە، ئیـتر خنـە خـن و گێلـە گێلـی چیتـە وە دەوری ئیسـلامداو ئیسـلام واو ئیسـلام ئەمـە، ئـێ باشـە گریـمان ئەوەمـان زانـی دوای ئـەوە چـی یـە؟ ڕەحمـەت لـە پێشـینان شـتێکیان بـە دڵ نەبوایـە دەیانـوت کـورە فلّتـە فلّـت.

===

لـە ئیسـلامدا دەڵـێ ئەگـەر سـیرو پیـازت خـوارد مەچـۆ مزگـەوت بـا بۆنەکـەت خەڵـك ئیزعـاج نـەکات، کەچـی کەسـی وا هەیـە ڕۆژ تـا ئێـوارە هیـن ئەخـوات و لەسـەر شاشـەو لـە نـاو مەجلیشـدایە، ئـەرە کەسـێك نـی یـە بڵـێ کاکـە بۆنەکـەت وەڕەسـی کردیـن.

===

ئـەوەی تـۆ نـاوت نـاوە ئـازادی ڕادەربڕیـن فلّقـە فلّـق و ژاکـە ژاکـە! ئەگـەر لـە وڵاتێکـی تـر بوایـە وا ئەیانـدا بەنـاوی دەمتـا هەرچـی دان لـە دەمتـا هەیـە هەمـووی فۆڕمـات دەبویـەوە، نـەك بتهێننـە سـەر شاشـەو قسـە بکەیـت، نوقتـە سـەری دێـڕ.

===

خۆی قنی هاوە دەرۆ کەچی وە دوای کچی موحاجەبەدا ئەگەڕێ!

یـەژێ ژنێکـم گەرەکـە موحاجەبـە بێـت و سـەری بـڕوات نوێـژی نـەڕوات، کەچـی خـۆی ساکسـوکەیەکی قەیتانـی دانـاوەو لـە نێرگەلـە خانـە دوکەڵەکـەی ڕۆژە ڕێیـەك دەڕوات، دەسـڵاتم بوێـت هەرچـی گیانـت هەیـە وە داری نێرگەلەکـە ئەیهـەڕم وە یـەکاو ٢ سـاڵ گاوانیـت پـێ دەکـەم وەك تەعزیـر.

===

حسـاباتی دونیـا نیـو موچـەو ڕوبعـە موچـەو هەڵخەڵەتانـدن و ماڵوێرانیشـی تێدایـە، بـەڵام حسـاباتی قیامەتـی هـەردەم دە قـات و تـا حەوسـەد قـات خوای گـەورە بـۆت زیـاد دەکات، چ وات لـێ دەکات متمانـەت بـە خـوای گـەورە لاواز بێـت و کەمتەرخـەم بیـت لـە ئاسـت ئەنجامدانـی واجباتەکانـت، بندیـواری لـە دینـدا ناخـوات! هەسـتن دەسـتنوێژەکانتان بگـرن و بـە ڕاسـتگۆییەوە ڕووبکـەن لای خـوای گـەورە.

## پەیامی بەندە وەك بەکارهێنەرێکی فەیسبووك:

فەیسـبووك پێگەیەکـی کۆمەڵایەتیـە، دەبێـت ئێمـەش کۆمەڵایەتیانـە بـەکاری بهێنیـن، تـۆ لـە مەجلیسـێکدا دادەنیشـیت، مامۆسـتای زانکـۆ، مامۆسـتای ئاینـی، مامۆسـتای سـەرەتایی، کاسـب، خوێنـدەوار، نەخوێنـدەوار، چەندیـن ئاسـتی تـری جیـاوازی تێـدا بێـت دەبێـت بـە زمانـی گشـتی قسـە بکەیـت. نوخبـەکان لـە کۆمەڵگـەدا کەمینـەن، نابێـت ئێمـە غـرور بمانگرێـت و لەبـەر ئـەوەی نەڵێـن ئاسـتی نزمـە وتـاری گشـتی لەنـاو ببەیـن، تـۆ گـەر بە ئاسـتێکی زۆر سـەرەتایی قسـە بکەیـت ئـەوکات زۆرینـەی خەڵکـی لێـت تێـدەگات، بۆیـە دەبێـت زۆرجـار زمانـی بەرانبـەر بـۆ تێگەشـتن بـەکار بهێنیـت.

خـۆ مـن دەتوانـم بـە ئینگلیـزی بنووسـم بـەڵام دواتـر چەنـد کـەس لێـم تێــدەگات؟

مەجلیســی کۆمەڵایەتــی مێــزی گفتوگــۆ نــی یــە لەســەر تەوەرێکــی دیــاری کــراو قســە بکەیــت، تــۆ ســەیرکە چــۆن لــە شــەرقەوە بــۆ غــەرب دەیبەیــن لــە دانیشــتنەکانماندا.

مامۆسـتای بـرادەرم هەیـە هـەم لـە زانکـۆ و هەمیـش لـە مزگـەوت دەڵێـن: دڵـمان خەریکـە ئەتەقێـت ناتوانیـن بـە دڵـی خۆمـان قسـەیەك بکەیـن لـە فەیسـبوك! ئاخـر بـۆ؟

من ئەم فەیسبوکە ڕێك وەك دانیشتنێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکەم.

هەرکــەس هاوڕابــوو لەگەڵــم خۆشــحاڵم کــە زۆرتریــن خاڵــی هاوبەشــمان هەبێــت.

هەرکەس هاوڕا نەبوو لەگەڵم خۆشحاڵم بتوانین حیواری لەسەر بکەین.

هەرکەسـیش قسـەی ناشرینـی وت دەڵێـم قوربـان تـۆ بـۆ ئـەم مەجلیسـە ناشـێیت یـان بـێ دەنـگ بـە یـان بـاش گۆبـە.

گـەر ئەوەشـی هـەر نەکـرد، بـۆ ئـەوەی مەجلیسـەکەمان تێـك نەچێـت دەبێـت بـۆ خۆمـان بیکەینـە دەرەوە.

هەیەلـە دانیشـتنەکاندا ڕەخنـەی دونیـا لـە سیاسـیەکان دەگرێـت بەهـۆی سیاسـەتە چەوتەکانیانـەوە بـەڵام لـە فەیسـبوك بـە شـان و باڵیانـدا دێتـە خـوار، ئاخـر کاکـە نازانـم بـڕوا بـە دانیشـتنی مەجلیسـەکەت بکـەم یـان بـە فەیسـبوك! ئەوکەسـانە بێگومـان هاگـکراون نـەك فەیسـبوکەکانیان بەڵکـو مێشـکیان هاگکـراوە..

لـە شەرعیشـدا بەرژەوەنـدی گشـتی لـە پێـش بەرژەوەنـدی تاکەوەیـە، ئـەو هـاواری مسـڵاحەتی خـۆی دەکات و منیـش مسـڵەحەتی عـام.

مەجلیسی کۆمەڵایەتیش پێویستە قسەی خۆشی زۆر تێدا بکرێت، جا مەردی خوابن مەیبەنە سەر خۆتان با مەجلیسەکەمان تێك نەچێت، کورە ئەگەر تێکی بدەن من زمانی تریش ئەزانم و مەجلیسی تر هەیە بڕۆم بۆی بەس حەزم لەناو ئێوەیە, قوڕ بەسەری ئەوەی حیزبایەتی نەبێت هیچی تر نازانێت.
ئەڵبەت شتی تر هەیە بۆ وتن بەڵام بەئەوەندە تێنەگەین بە زیاتریش تێناگەین...

# شارستانیەتی ئیسلام

ئیسلام تاکە هێزە لە تەواوی دونیادا بەبێ هەبوونی دەسەڵات و حوکمڕانیش هەر لەبەرەو پێشچووندایە! سەرەڕایی هەموو ئەو زەختەی لە زانایان و شوێن کەوتووەکانیان دەکرێت!
ئیسلام ڕۆشتبێتە هەر وڵاتێك تا ئێستەش ئاسەواری شارستانیەتەکەی پێوە دیارە!
ئەتاتورك بەو هەموو هێزو کەلە پوتیەشیەوە نەیتوانی نە ئیسلام و نە شارستانیەتەکەی لە تورکیا دابڕنێت.
ئەو بیناسازی و مزگەوت و جێگانەی بەدەستی عوسمانیەکان دروستکراوە تا ئێستەش جێگەی سەرسامی دونیایەو وەك گەشت لە تەواوی دونیاوە بە تکت ئێستەش سەیر دەکرێت!
دەتەوێت تەواوی جوانیەکانی دونیا ببینی لە بەرزاییەوە سەیری مزگەوتەکانی ئەستەنبوڵ بکەن.

===

مـەلا محمـدی موصەنیـف وتوویەتـی: ئەگـەر خۆشـی دونیـات دەوێـت لـە تورکیـا بـژی، ئەگـەر قیامەتـت دەوێـت لـە سـعودیە بـژی، ئەگـەر دونیـاو قیامەتـت دەوێـت لـە میـصر بـژی، ئەگـەر نـە دونیـات دەوێـت نـە قیامـەت لـە کوردسـتان بـژی...

===

حسـاباتی دونیـا نیـو موچـەو ڕوبعـە موچـەو هەڵخەڵەتانـدن و ماڵوێرانیشـی تێدایـە، بـەڵام حسـاباتی قیامەتـی هـەردەم دە قـات و تـا حەوسـەد قـات خـوای گـەورە بـۆت زیـاد دەکات، چ وات لـێ دەکات متمانـەت بـە خـوای گـەورە لاواز بێـت و کەمتەرخەمبیـت لـە ئاسـت ئەنجامدانـی واجباتەکانـت، بندیـواری لـە دینـدا ناخـوات! هەسـتن دەسـتنوێژەکانتان بگـرن و بـە ڕاسـتگۆییەوە ڕووبکـەن لای خـوای گـەورە.

===

ئیسـلام موڵکـی شـەرقی نـی یـە تا لەوێـوە بۆ غـەرب بچێـت، ئەوەندە وەسـائیل ڕەخسـاوە بـۆ گەیاندنـی ئیسـلام دەبینـی لـە گشـت لایەکـی دونیـاوە ئیسـلام چەکـەرە دەکات و وەك گـوڵ لـە هەمـوو لایەکـەوە سـەر دەردەهێنێـت...

===

ئیسـلام هێزێکـی لۆجیکـی و مەعنـەوی وای هەیـە گـەر ڕێگـەی بدرێـت وەك ئـاو بـە گشـت قوژبنێکـی دونیـادا دەڕوات، ئـەوان دێـن نـاوی جۆربەجـۆی بـۆ دەتاشـن تـا وانیشـان بـدەن ئاوەکـە بـۆ خواردنـەوە ناشـێت...

==

کێشـەی ئێمـە ئەوەیـە ڕەشـەکان لێـك ناکەینـەوە لەگـەڵ صینیەکانـدا! هەتـا زۆرجـار دەڵێیـن وێنـەی کەسـێکیان بـۆ پاسـەپۆرتی هەموویـان دەبێـت! ئەوروپیەکانیـش وان بـۆ خۆمـان! هەموومـان بـە سـەر ڕەش سـەیر دەکـەن!

جا هـەر ئەوەنـدە یەکـێ تاوانێکـی گـەوەی کـرد ئیـتر هەمـووی موعـەرەزە بـۆ باجەکـەی!

===

هـەر ئـەو دەقـەی کـە مـردی هەرچـی شـەهادەت هێنـاوە لـە دونیـاداو قونـە دڕەت کـردووە هەمـووی سـقوط دەکات و هیچـی ناخـوات، تەنهـا یـەك شـەهادە دەردی قیامەتـت دەخـوات ئەویـش پێـی دەوترێـت (أشـهد ألا إلـه إلا اللـه وأشـهد أن محمـد رسـول اللـه)

سا خوایە لەسەر ئەو شەهادەتە بمان بمرێنیت و زیندوومان بکەیتەوە.

===

ڕۆژێك دێـت تێبینـی لای هاوڕێکانمـان دروسـت دەبێـت کـە بـۆ هیـچ چالاکی نیـە! کـورە هەتـا تاقەتـی لایکێکیشـی نەمـاوە! باشـە ئیـتر فەیسـبووکی بـۆ چیـە؟ کـورە هەتـا جوابـی نامـە تایبەتیەکانیـش ناداتـەوە!! لـەو کاتـەدا کەسـێ دەڵـێ مـن دەیناسـم مـردووە!

# کۆتایی

لە کوردەواریداو لە ناو مەجلیسەکاندا زۆرجار لە ئەوپەڕی جدیەت و باسێکی دیاری کراودا کەسێك خۆی هەڵدەقورتێنێت و دەڵێ قسە دێ و قسە دەبڕێ! جا ئیتر باسێك دەکات و بە تەواوی باسەکەی پێشوو دەگۆڕێت، یان یەکێ هەڵدەداتە ناو باسەکەو دەڵێ قسەکەت وەك شەکر دەبڕم ئیتر باسەکە بەلایەکی تردا دەبات، یان زۆرجار یەکێك دێتە ناو مەجلیسەکەوەو سەلام دەکات و مەشغوڵی بە سەندنەوەی سەلامەکەی دواتر باسەکەی پێشوو لەبیر دەچێت، فەیسبووکیش هەمان شتی تێدایە، زۆرجار پۆستێك لەسەر شتێك دەکەیت و یەکسەر کۆمەڵێك کۆمێنیت بۆ دێت وا دەکات پۆستی داهاتوو لەسەر بنەمای وەڵامی ئەو کۆمێنتە یان بەشداریە بێت، بە گشتی و بەم شێوەیە گفتوگۆکان گەرم و گشت گیر دەبێت و هیوادارم سودیشی هەبێت.

# پێڕست


پێشەکی ---------- ٣
دەنگ بەکێ دەدەیت؟ ---------- ٥
ئەنجامی فێڵ ---------- ٦
شەڕ بە کوکو ناکرێت ---------- ٧
ناسۆری کورد بوون ---------- ٧
گفتوگۆیەکی هێمنانە لە نێوان قیبلەو مەسیحیەکدا ---------- ٨
نا بۆ دژایەتی و بەڵێ بۆ پێکەوە ژیان ---------- ١٦
کردار شەرتە ---------- ٢٠
قەدری گەورەکان بگرن و پۆزیان بەسەردا لێ مەدەن ---------- ٢١
بە شتی کەم شوکربە ---------- ٢٢
مافی کەمینە ئاینیەکان ---------- ٢٢
دین یان ئیقامە یان هەردووکیان! ---------- ٢٣
کورد دەڵێ بیشمری هەر لاشەت قاق وێ! ---------- ٢٣
دۆستی وات هەبێت دوژمنت بۆ چی یە! ---------- ٢٤
فەراغی ڕۆحی و ژیری ---------- ٢٤
ئەوەش عەلمانی کوردی ---------- ٢٤
برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە ---------- ٢٥
ئیشی گران و خەو بینین ---------- ٢٥
ئەرێ بەهەشتی بندیواریش هەیە؟ ---------- ٢٦
هەیە زۆر خۆشبەختە بەڵام خۆی بەخۆی نازانێت ---------- ٢٧
ئەوە بۆچی لەناو کورددا هەر کوشتن و لەناوچوون بەچارەسەر دەزانن؟ ---------- ٢٨
ان شاء الله دەعامی کردووە! ---------- ٢٨
تەقەی خۆشی چی بەبیرهێنامەوە ---------- ٢٨
ئاوارەیی و کێشەی زمان و واقعی کۆمەڵگە... ---------- ٢٩
تێگەشتن تەنها بە ڕواڵەت نابێت ---------- ٣٠
ناوی بنێ فیرعەون ---------- ٣١
بە ڕیش نی یە بە ئیشە ---------- ٣١

تەعمیریان دەوێت ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣١
ئەو ناشرین دەکەم بۆ ئەوەی خۆم جوان دەرکەوم، ئەمە فەلسەفەی زۆرێکە! ---------------------------------------------- ٣٢
خوێندەواری بۆ هەموو شتێك گرنگە، بۆیە ئیسلامیش بە بخوێنە دەستی پێکردووە. ---------------------------------- ٣٢
جلکت جوانە ناخت ناشرینە ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٣٣
بەخێربێن بۆ کوردستان... ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٣٣
هیچ هێزێك وەك ئیسلام یارمەتی و کۆمەڵکاری تێدا نی یە -------------------------------------------------------------------------------- ٣٤
دین خۆشە بەس لێی بزانی، ئافرەتەکانی خۆمان بە نمونە ---------------------------------------------------------------------------------- ٣٤
دەردی نەزانی -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٥
دەردی نەزانی کۆمەڵگە -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٦
نەگۆڕان لەسەر ڕێگەی ڕاست ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٣٦
بە جل و بەرگ هەڵمەخەڵەتێن ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٧
ئێمەو زانست لە گەشتەکانماندا ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٧
ناسینی ڕاستی گرنگی خۆی هەیە ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٣٧
وتی وتی و خۆشباوەڕی لەناو کورددا ------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٣٨
عەلمانی خۆماڵی و عەلمانی بیانی ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٨
هەژاری نیعمەتی خوایە -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٨
دەنگ و بۆن پێکەوە زەحمەتە بشارێتەوە ------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٣٩
دەبێت غیرەتت هەبێت تا مەڕی خۆت بەرکەوێت ----------------------------------------------------------------------------------------------- ٣٩
باوکم خنکاوە! -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٠
هەندێك تەپڵ دەنگەکەی دەرەنگ دێت ---------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٠
قەیرانی سیاسی و خوێندن ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤١
کەسە چاکەکان لە دەست مەدەن ----------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤١
دەبێت داوای حەقی خۆت بکەیت و شەرم نەکەیت و نەشترسیت ----------------------------------------------------------------------------- ٤٢
موبایلەکەم ون کرد ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٤٢
کردار گرنگە نەك ڕوخسار ---------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٣
خۆمنا خەڵکی وا دەڵێت! ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٤٤
دەردی تێنەگەشتن ------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------ ٤٥
ئای ژن! -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٥
کرەریش تاوانبارە -------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٦
توندوتیژی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە ---------------------------------------------------------------------------------------------------------- ٤٨

بۆ پارە ئازان----------------------------------------------------------------------------------------------------٤٨
میللەتێکی زۆر سەیرین، ڕەش و سپی و تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنین... ------------------------------٤٩
کابرایەك دەیگوت بەچیدا دەزانیت مەسولەکان دزن؟ ------------------------------------------------------٥٠
جوزەلە لێدەرو مەسول لێك جیا بکەنەوە-------------------------------------------------------------------٥٠
بۆیلەرو حکومەت------------------------------------------------------------------------------------------------٥١
فێری زمان بن نەك درۆ -----------------------------------------------------------------------------------------٥١
رزق لای خوایە---------------------------------------------------------------------------------------------------٥٢
بزەو ترسی ڕاپەڕین... ------------------------------------------------------------------------------------------٥٢
پسپۆڕی بە زانست نەك بە جەستە -------------------------------------------------------------------------٥٣
دانیشتن لەسەر کورسی هەڵە-----------------------------------------------------------------------------------٥٤
عەرەبی ئاسانترە تا کۆد ----------------------------------------------------------------------------------------٥٤
نازانم لە ئەزانم بە درۆوە باشترە --------------------------------------------------------------------------------٥٥
شوکری خوا...---------------------------------------------------------------------------------------------------٥٥
کوردو هەڵپەڕکێ ------------------------------------------------------------------------------------------------٥٦
ناهێڵین چاو بکەینەوە--------------------------------------------------------------------------------------------٥٦
دڵت لە کوێی خۆت چووە---------------------------------------------------------------------------------------٥٧
ڕۆژێك شەهادە دەوری هەیەو ڕۆژێك مانگا ---------------------------------------------------------------------٥٧
کۆپان و میللەت--------------------------------------------------------------------------------------------------٥٨
بۆ سابونیش ناشێین ---------------------------------------------------------------------------------------------٥٨
نەبووەتە دختۆر ئێمە هەڵەین--------------------------------------------------------------------------------------٥٩
شەڕواڵەکەی ناسنامەیە-------------------------------------------------------------------------------------------٥٩
بندیوارەکان -------------------------------------------------------------------------------------------------------٦٠
ژن هێنان و دەوڵەتداری------------------------------------------------------------------------------------------٦٠
ڕێکەوتن لە ژووره تاریکەکاندا -------------------------------------------------------------------------------------٦١
بێ ئیش و کوردایەتی----------------------------------------------------------------------------------------------٦٢
تەکلیفی قورستر لە ئەرك دەکەن --------------------------------------------------------------------------------٦٢
خودناسی و گۆڕانکاری -------------------------------------------------------------------------------------------٦٢
غیرەتی دەوێت---------------------------------------------------------------------------------------------------٦٣
تەکلیفی قورس دەکەن ------------------------------------------------------------------------------------------٦٣
دەردی تێنەگەشتن و زمان -----------------------------------------------------------------------------------------٦٤

مل لەقاندن و بازگەکان---------------------------------------------------------------------------٦٤
کەیسی کورد و کێشەی کورد ---------------------------------------------------------------------٦٥
نوێنەرایەتی کردنم وەك قەومی کورد لە لەندەن -------------------------------------------------------٦٥
کێشەی ژن و دەوڵەت---------------------------------------------------------------------------٦٦
ئای قەومی کورد یەژی قەومی موساین------------------------------------------------------------٦٧
نازانین چ بکەین لە دەستی قسە --------------------------------------------------------------٦٧
خزمێکمان سیلاحێکی کڕی بوو!-----------------------------------------------------------------٦٨
داربەرزکەرەوە سەگی دز خۆی ڕادەکات ---------------------------------------------------------٦٨
ئەوە حاڵمانە -----------------------------------------------------------------------------٦٩
خارج و ژن هێنان ---------------------------------------------------------------------------٦٩
حەزم لە ٤ ژنە!----------------------------------------------------------------------------٧٠
ژن مارەبڕین و شاهیدی فاسق!------------------------------------------------------------------٧٠
دەردی مەشروب و شپرزەیی خێزان-------------------------------------------------------------٧١
ژن و ئیقامە ------------------------------------------------------------------------------٧٢
باشە مامۆستا مەشروب بۆ حەرامە؟ ---------------------------------------------------------------٧٣
کوردو ئەوروپا---------------------------------------------------------------------------٧٣
ڕیفراندۆم -------------------------------------------------------------------------------٧٦
دەوڵەتێك دروست دەکەن لە هیچ دەوڵەتێکی تری دونیا نەچێت! ------------------------------------٧٧
کێشەی تێگەشتن و ناوەکانمان -----------------------------------------------------------------٧٧
دەنگدانی ئێمەو دەنگدانی ئەوان -------------------------------------------------------------٧٨
نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب ------------------------------------------------------------٧٨
حەقیقەت و موجامەلە -------------------------------------------------------------------٧٩
ژن هێنان و قورسکردن--------------------------------------------------------------------٧٩
کوردبون خێریشی تێدایە! -------------------------------------------------------------------٧٩
ژیان و مردن لە کوردستاندا--------------------------------------------------------------٨٠
مەهزەلەی حیزبایەتی و هەڵبژاردن -------------------------------------------------------------٨١
نەوت گۆڕینەوە! ------------------------------------------------------------------------٨٣
خەڵك و حکومەت-----------------------------------------------------------------------٨٣
پەرلەمانی کوردستان جیاوازە -----------------------------------------------------------------٨٧
عەرەب ئایدڵ و سەرکردەکانمان!----------------------------------------------------------------٨٨

مەلایەتی ----------------------------------------------------------------------------------------------- ٨٨
دیاردەیەکی سەیری جیهانی ----------------------------------------------------------------------------- ٨٩
ئافرەت و فەیس بووك و مەرامەکان ----------------------------------------------------------------- ٩٠
فەلسەفەی کوردایەتی -------------------------------------------------------------------------------- ٩٢
ئیسلامی (..........) --------------------------------------------------------------------------------------- ٩٢
کوردانی هەندەران گەڕانەوەیان بۆ وڵات ئاگاداری ------------------------------------------------ ٩٣
کوردایەتی و ئیسلامەتی -------------------------------------------------------------------------------- ٩٧
ئیسلام و سیاسەت، لە ڕوانگەی عەلمانیەتەوە ------------------------------------------------------- ١٠٠
دەڵێن کورد سودی لە ئیسلام وەرنەگرتووە! ئەوەش وەڵام... ------------------------------------------ ١٠٢
خوێندنەوەی دروست ----------------------------------------------------------------------------------- ١٠٤
پەیامێك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی کوردستان ----------------------------------- ١٠٦
وەڵامی میدیاکان ---------------------------------------------------------------------------------------- ١٠٩
لە میدیاکانەوە:- ----------------------------------------------------------------------------------------- ١١١
لە بارەی هەڵبژاردنەوە ---------------------------------------------------------------------------------- ١١٢
مافی منداڵ ------------------------------------------------------------------------------------------------ ١١٢
هاوڵاتیەکی سەر ڕاست بە ------------------------------------------------------------------------------- ١١٣
کرداری مرۆیی خۆشەویستی دروست دەکات ----------------------------------------------------------- ١١٤
بەناوو ڕوکەش هەڵنەخەڵەتێن -------------------------------------------------------------------------- ١١٥
با خۆمان خۆمان سزا بدەین ------------------------------------------------------------------------------ ١٢٣
ناسۆری تێنەگەشتن -------------------------------------------------------------------------------------- ١٢٧
لە یادی یەکگرتوودا --------------------------------------------------------------------------------------- ١٢٩
ئەی فێڵباز! ------------------------------------------------------------------------------------------------ ١٣١
مردن و ژیان ------------------------------------------------------------------------------------------------ ١٣١
دەبڵێن وا نی یە --------------------------------------------------------------------------------------------- ١٣١
کوردو فەیسبووك ------------------------------------------------------------------------------------------- ١٣٣
بیانوی تڕ نانی جۆیە ---------------------------------------------------------------------------------------- ١٣٣
شەو ڕۆژیان بۆ حسێب کردووە! ------------------------------------------------------------------------- ١٣٣
وڵاتی چاوەڕوانی -------------------------------------------------------------------------------------------- ١٣٤
هەرگیز خۆزگە بۆ ڕابردوو ناخوازم -------------------------------------------------------------------- ١٣٤
تێگەشتن گرنترە لە خوێندنەوە ------------------------------------------------------------------------- ١٣٥

واقعی کۆمەڵگەی کوردی ---------- ١٣٥
پارەی سۆسیال و ئیشی ڕەش و حکوومەتی هەرێم ---------- ١٣٦
کارەساتە ---------- ١٣٧
بە ڕاستی یان بە درۆ خەوتووە؟ ---------- ١٣٧
کێ باشترینە؟ ---------- ١٣٨
بەدبەختی چی یە ---------- ١٣٩
ئێمەو ئەوان ---------- ١٤٠
هەڵیت و پڵیت و ڕاگەیاندنی کوردی ---------- ١٤٠
زانستی ڕاست چۆن پشتگیری قورئان دەکات؟ ---------- ١٤١
یان زاناوە یان پرساوە ---------- ١٤١
کۆمەڵگەیەکی سەیرمان هەیە ---------- ١٤٢
ژیان وەك فەیسبووك وایە ---------- ١٤٤
زۆرترین کتێبی دینی بکڕن ---------- ١٤٦
بەخۆدا چوونەوە ---------- ١٤٦
نوێژ ---------- ١٤٧
دین و سیاسەت ---------- ١٤٩
زانین و نەزانین ---------- ١٥٠
یەکتا پەرستی ---------- ١٥٢
ئیعلامی ئەوروپی و حقدیان بەرانبەر ئیسلام ---------- ١٥٢
حەلاوەی ئیمان ---------- ١٥٣
مزگەوت یان کەنیسە ---------- ١٥٥
درۆی ڕاستی ---------- ١٥٧
ئەندامێتی ڕاستەقینە ---------- ١٥٩
ئازادی و لەشفرۆشی ---------- ١٦١
دەرمانی بێ غیرەتی ---------- ١٦٢
کورد و دەوڵەت ---------- ١٦٢
چ مەملەکەتێکە ---------- ١٦٤
چەند خراپین بەرانبەر یەکتر ---------- ١٦٦
ئەخلاق ---------- ١٦٦
حەج ---------- ١٦٩

قورئان ---------- ١٧١
مزگەوت ---------- ١٧٢
غەمی نیشتمان ---------- ١٧٣
ڕۆحی ئاینی ---------- ١٨٦
ڕۆحیەتی قەومی ---------- ١٨٩
ئەتەکێتی کوردایەتی ---------- ١٩١
ماموٚتا شەماڵەکەم ---------- ١٩٤
هەڵەبجە ---------- ١٩٦
بەخۆداچوونەوە ---------- ١٩٦
پێکەوە ژیان ---------- ١٩٦
شوکری خوای گەورە ---------- ١٩٨
کورد و فەیسبووك ---------- ١٩٩
دەوڵەت یان ماقڵە ---------- ١٩٩
ئەورووپا و ئەمەریکا ---------- ٢٠١
چەك ---------- ٢٠٢
خزمەت بە هاونیشتمانی ---------- ٢٠٣
دەردە دڵی بە ووشە! ---------- ٢٠٥
لە سیاسەت سەردەرناکەم ---------- ٢٠٦
لە دوعای مزگەوتدا! ---------- ٢٠٨
خۆی حەڵاڵەکانی حەرامکردووەودواترڕەخنە دەگرێت بۆحەرامە! ---------- ٢١٥
خەو یان بێداری ---------- ٢١٦
پەیامی بەندە وەك بەکارهێنەرێکی فەیسبووك: ---------- ٢١٨
شارستانیەتی ئیسلام ---------- ٢٢٠
کۆتایی ---------- ٢٢٣

عەولەمەو گۆڕانکاریە جیهانیەکان زۆرجار گۆڕانکاری سەرتاسەری بەسەر فۆڕم و پەیوەندی و کۆمەنیکەیشنەکان دەهێنێت، لە ناویاندا فەیسبووك وەك سۆشیاڵ میدیایەکی کاریگەر پانتاییەکی زۆرو فراوان و خێرایی هێنا بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا و بوو بە بەشێك لە کاتەکانی تاکی کورد بە خوێندەوارو هەتا نەخوێندەواریشەوە، هەرچەند خۆشبەختانە هۆکارێکیش بووە بۆ خوێندەواریی خەڵکیش، ناتوانرێت بشاردرێتەوە فاکتەرێکی گەورەش بووە لە جوڵان و هۆشیاری کۆمەڵگەدا، هەرچەند ناشتوانرێت نەوترێت بەشێوەیەکی خراپیش سود لەم دەزگایە ببینرێت.

شەوچەرەی فەیسبووک

# پەیامی گوشراو

چیرۆک و ڕاوبۆچوون و پرسەکانی ڕۆژدا

زنجیرەی ١٢

د.عومەر عەلی

٢٠١٨